# ویژدان و ئازادی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ویژدان و ئازادی

فەلەکەدین کاکەیی

ناوی کتێب: ویژدان و ئازادی
نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٤
پیت لێدان: رزگار ساڵح
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٣ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ
لەسەر ئەرکی یارانی نووسەر چاپ کراوە

# پێڕست


لەجیاتی پێشەکی – چیمان ........ 9

**دەفتەری یەکەم** – ویژدان ........ 13

ویژدان و ئـازادی ........ 15

نوێترین زانست لەبەر رۆشنایی کۆنترین فەلسەفەدا ........ 17

پەیامی کوردستان چییە؟ ........ 27

روانگە و یادەوەری ........ 30

ئەم رۆژگارە تۆبەی زەردەشتییانەی گەرەکە ........ 34

هەر کەسێ چرای خۆی بێت ........ 44

هیچ شتێک نافەوتێ... کۆنترین تیشکی رووناکی لەگەڵمانا ماوە ........ 47

پیرشالیار ........ 50

سەمیرە ........ 56

عاشقانی دیوار، دیوارن! ........ 60

ئەخلاق، راستگۆییە ........ 64

ژن لە ئاینی زەردەشتدا ........ 67

زایەڵەیە ........ 74

هەندە...! ........ 77

کەپرە شینە ........ 80

بازنەکـان ........ 83

ژیاننامە ........ 86

ژیان ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا دەژین! ........ 92

**دەفتەری دووەم** – رۆشنبیری ........ 95

رۆشنامەگەری ........ 97

یەشار کەمال ........ 101
دارا تۆفیق ........ 106
شەوکەتی مەلا سمایل ئێستگەی بێتەلی ئاراس ........ 111
نەورۆز.. شارێکی دیکە لە مەملەکەتی ئاسمانی کوردستاندا ........ 121
هونەر بە هانای میللەتێکەوە دێ ........ 125
دەستی بێدەسەڵاتی ........ 132

**دەفتەری سێیەم** – ئیقلیمی چوارەم ........ 139
ئیقلیمی چوارەم ........ 141
خنێرە "خونارەث" ........ 145
جوانان ........ 149
ئومێد چاندن ........ 152
بیری ئازادی... مرۆڤی ئازاد ........ 156
ئازادی پێشکەوتن ........ 160
نیگەتیڤکاری بهاوێژە ........ 169
خاوەنی ماڵ.. خاوەنی شار ........ 174
رۆژی نوێ ........ 178
مرۆڤ و درەخت ........ 182
بڕوا و متمانە ........ 186
بڕوا و ئومێد ........ 194
لەخۆ پرسینەوە ........ 198
ژیانەوە ........ 203
هونەری سرەوت بە خۆدان ........ 207

**دەفتەری چوارەم** – هونەری شادی ........ 215
دالایی لاما.. هونەری شادمانی ........ 217
تۆ بڵێی بۆچی؟ هەموو هەڵەیەک خراپ نییە ........ 221
ژینگە ........ 225
رێزنان لەسروشت ........ 233

شاكر فەتاح.. باخچەی ماڵ ........ 241
وەزیری ژینگە ........ 245
گوڵ مامۆستای مرۆڤە ........ 249
دڵڕاگرتن چۆن بووم بە ئامۆزا "پسمام"ی "ئۆجەلان"؟ ........ 253
دڵدانەوە ........ 257
ناڵەی جودایی ........ 261
ئازادیی ویژدان ........ 266
خۆت ناسنامەی ........ 271
ئەوەی، کە هەمیشە هەیە.. ........ 275
ئاهیمسا ........ 284

**دەفتەری پێنجەم** – رۆشنایی ........ 289
رۆشنایی ........ 291
رازی پەندەکان، لەسەر شێوەی فاڵی حافز! ........ 296
پرسیار، پرسیار رادەکێشێ.. پەند گێڕانەوە بۆچی؟! ........ 301
دەفتەری بەرایی ........ 305
دیوانگۆڕن ........ 310
سفرە ........ 313
خۆڕاهێنان ........ 321
بەرەبەیانی رۆشنبیری ........ 326
وانیار کێیە؟ چەند وانیارمان هەیە؟ ........ 330
سروشتی بەشەر ........ 338
ئارامگەی عەشق ........ 345

لەجیاتی پێشەکی

# چیمان پێیە؟

کانوونی دووەمی ٢٠٠٨

لە تۆی ئەم کتێبەدا کۆمەڵێک وتاری بڵاوکراوەم لە گۆڤاری "هەرێمی کوردستان"دا هاتووە. لەسەر پێشنیاری سەرنووسەر و دەستەی گۆڤارەکە، لێرەدا، وتارەکان بە کۆمەڵ پێکەوە بڵاو دەکەمەوە. پرسیارم لەخۆ ئەوە دەبێ: ئایا وتاری جیاجیا، لە هەلومەرجی جیاواز نووسرابێ، چ شتێک دەگەیەنێ؟ ئایا ئەوە وەڵام دەداتەوە کە «چیمان پێیە؟».

هەندێ لەم وتارانە بەخۆی پرۆژەی کتێبێکە، چونکە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دەوێ. وتار نووسین ئاسان نییە، چونکە هەندێجار نووسەر ناچار دەبێ کۆمەڵێک زانیاری و بۆچوون لە یەک دوو ستوونی گۆڤار و رۆژنامەدا چڕ بکاتەوە. رەنگە، بەوەش، نەتوانێ هەقی بابەتەکە بدات.

لە سەرەتای ئەزموونی نووسین، بەر لە ٤٠–٤٣ ساڵ بە وتاری کورت نووسینەوە خووم گرتووە. هەندێجار ویستوومە درێژە بە وتار بدەم تا کرۆکی مەبەست بگەیەنم، بەڵام کەمی وەخت و تەسکبوونی کێڵگەی گۆشەکە وەهای کردووە بەنیوەچڵی بینووسمەوە. ئەوەش سوودی هەیە و زیانیشی هەیە. سوودەکەی ئەوەیە کەم بابەت و بیرۆکە و بۆچوون بە زەینما هاتووە و نەمخستووەتە سەر کاغەز، چونکە ئەو دەرفەتەم بۆ خۆم رەخساندووە تا بابەتە بە پەلە بخەمە بەرچاو و، چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی درێژخایەن نەبم، زیانەکەشی ئەوەیە بەهۆی چڕنووسی و کورتنووسیوە نەمتوانیووە لایەن و زانیارییەکانی دیکەی بابەتەکە دەرببڕم.

لە دەسپێکی ئەزموونی نووسینەوە هەزاران وتارم نووسیوە، هەندێکی کاتی و زوو گوزەر بوونە، پەیوەندییان تەنیا بە سات و کاتی بڵاوبوونەوەیان هەبووە. ناشتوانم بڵێم وتاری وەهام نووسیوە ماوەیەکی درێژ تەمەن دەکات. ئەمەیان بۆ هەڵسەنگاندن و قەزاوەتی رۆژگار و خوێنەوار دەمێنێتەوە، هێشتاش نازانین جیهانی ئەلیکترۆنی چاپ و بڵاوکردنەوە و زانیاری، چۆن لەگەڵ کەلەپووری دوور و نێزیک مامەڵە دەکات و، نازانرێ ئەرشیفی گەنجینەی هەزاران ساڵ لە کوێ و چۆن هەڵدەگیرێت؟

ئەوەی، کە تاڕادەیەک، لەلام روونە، رەوشی دیالێکتیانەی نەشونما و پێشکەوتنی ماریفەت (مەعریفە) و زانیاری و رۆشنبیری گشتییە، هەر شتێک بگوترێ و بنووسرێ، لە هەر کێڵگەیەکدا بڵاو ببێتەوە دەمێنێتەوە و کار لەوەی دادێ دەکات، خۆ ئەگەر دەقاودەقیش نەمێنێتەوە ئەوا بیرۆکە و بۆچوونەکەی کار لەم و لەو دەکا و، دەچێتە ناو ئاخنی بابەتی خەڵکی دیکەوە. ئەو بیرۆکە و بۆچوونانە کە بڵاو دەبنەوە، لە بابەتی نووسینی و گوتاری یەکێکی تر رەنگدەداتەوە. جاری وا هەیە راستەوخۆ ناوی سەرچاوەی پێشوو ناهێنن، بەڵام بیرۆکەکە (یا رەنگدانەوەی بیرۆکەکەی پێشوو) دەهێننەوە و دەیکەنە تەوەری بابەتێکی تازە.

هەر بۆیەش دەڵێم کە زۆربەی نووسینەکانمان (بەدەگمەن نەبێ) دووبارەکردنەوەی واتەکانی یەکدیە. بەدرێژایی هەزاران ساڵی نووسین و دانان، دەبینین بابەتی تازە دەگمەنە. دەیان هەزار کتێب رەنگە لەبارەی جۆینەوەی یەک دوو بابەتی ئەوتۆ بێ و، هیچی تر لێرەدا بابەتی دۆزینەوەی زانستیی لێ دەربکە، ئیتر شتی تازە زۆر کەمە.

ئێستا بڕواننە بابەتەکانی سایتەکانی کۆمپیوتەر، دەبینن زۆربەی هەرە زۆریان دووبارەکردنەوە و وەرگرتن لە یەکتر. ئەو جۆر کارلێکردنە یاسایەکی دیالێکتیانەیە. ژیان، بەگشتی، لەسەر بنەمای کارلێکردن نەشونمای کردووە. سروشت کاری راستەوخۆی لەسەر مرۆڤ هەیە، مرۆڤیش هەروەها کاری لەسەر سروشتی دەورووبەری کردووە، کارلێکردنی ژیانی ئاژەڵ و رووەک و

ئادەمیزادو ئاو و هەوا، شتێکی روونە.

کەواتە، وتن و نووسین و هەر جۆرە دەربڕینێک، هەرچەندە کاتی و رۆژانە و زوو گوزەر بێ، لە ئەنجامدا رەنگە بچێتە مەیدانی بیرکردنەوەی یەکێکەوە، بەشێوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە. لە راستیشدا زەحمەتە بزانین کام بیرۆکە و بیروبۆچوون دوورتر و درێژتر دەمێنێتەوە. ئەگەر هەمووی نەبێ، بەشێکی هەر دەمێنێتەوە.

ماریفەت و گەنجینەی زانیاری، بەرهەم و (خەرمانی) رەنجی دەیان هەزار بیرمەند و هۆشمەند و دانا و داهێنەرە، چ بە نووسین یا بە زارەکی بابەتی خۆیان دەربڕیوە. هەندێجار، رەنگە واتایەکی زارەکیی یەکێک شاکارێکی نووسراوی لێ بکەوێتەوە. کەواتە؛ هەموو خەڵک لە دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زانیاری و ماریفەت بەشدارن، لێ بە ناوی هەندێ کەس دێتە نووسین. ئەو نووسەرانەش ئامرازی دەربڕین و هیچی تر. رەنگە ناچارین مل بۆ ئەو راستییە کەچ بکەین کە مرۆڤ شمشاڵێکە و ئاوازی گەردوون دەڵێتەوە... بەڵام بەخۆی دانەری ئاوازەکە نییە و خاوەنی لەرەلەری دەنگەکەش نییە. ئەگەر ئەم چەمکەتان پێ نەگونجاوبێ، ئەوا بەمجۆرە راستی دەکەمەوە کە هەر مرۆڤێک شمشاڵی دەستی ئەوانی ترە، ئەوە دەڵێتەوە کە دەگوترێ (لە ئەنجامدا و بەگشتی دەگوترێ).

ئیدی، وەڵامی پرسیارەکە (چیمان پێیە؟) لە کوێ مایەوە؟

دەتوانم بڵێم: هەمووشت، بە مەرجێک هیچ کەس وەها بیر نەکاتەوە کە خۆی تاکانەیە و، خۆی هەموو شتە و، هەمووی تەنیا لە خۆیدا هەڵدەقوولێت، جیا و دوور لە هەر کەسێکی تر!

دەفتەری یەکەم

# ویژدان

# ویژدان و ئازادی

لەبەر ئەوەیە کە نووسەر و هونەرمەند و، هەر بیردۆزێک، لە دەروونەوە دەرد و ژانی تاڵ و دژوار دەچێژێ، لە ناخەوە خۆی دەخواتەوە، چونکە ئەو رووناکبیرانە، لەوانەش نووسەری رۆژنامەنووس، زەحمەتترین پیشەیان هەڵبژاردووە، ئەویش نووسین و بیرکردنەوەیە.

پرۆسەی بیرکاری و بیرکردنەوە بەرزترین پلەی پرۆسەی ژیانی مرۆڤە، بەدرێژاییی مێژووی کۆمەڵگەکاندا ... هەر وەها بووە. پرۆسەی نووسین، راستەوخۆ لە ویژدانەوە هەڵدەقوڵێت. هەر بۆیەش دەڵێم: هەرچی بڵێن بە رۆژنامەوانان و، هەر سووکایەتییەک پێیان بکەن، ناتوانن لە پلەی بەرزی مرۆڤانەیان کەم بکەنەوە.

نووسینم ئەوەندە، لەلا گرینگە حەزم دەکرد، بریا تاکە رۆژێکیش بە کاروباری کارگێڕیی فەرمیی رۆژانەوە خەریک نەبام، بگرە هەموو دەمژمێرەکانی رۆژگارم بۆ ئەرکی نووسین تەرخان کردبا ... بگرە نووسینم، لەلا لە پلەوپایەی وەزارەت بەرزتر و مەزنترە... زۆریش مەزنتر.

لە کەلەپووری ئاڤێستای زەردەشتیدا (دین، یا دەئینا. دەینا) بە مانای (ویژدان) بەکار هاتووە یەک دوو جاری تر ئاماژەم بە ئەو خاڵە کردووە، هەر لەو کەلەپوورەدا بایەخی هەرە گرینگ بە (ویژدان) و رۆڵی ویژدان لە پاکتاوی روحی و رەهایی ئینساندا دراوە، لەو ئاینە کۆنەی کوردستان و رۆژهەڵاتدا هاتووە کە ئینسان ئازادە، ئازادە لە هەڵبژاردنی رێگەی چاک یا رێگەی خراپ، پێوەر و تەرازووش، ویژدانە. هەر لەوێوە بەو ئەنجامە دەگات کە یەکەمین پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ) لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ئازادیی ویژدانەوە، سەرهەڵدەدات.

کەواتە، ئازادی ویژدان پەروەرییە، کەسێک ویژدانی ئازاد نەبێت نە بەخۆی ئازادە و، نە ڕێز لە ئازادی دەگرێ و، نەش لە بیروڕادا ئازادە، بیری ئازاد لە ئازادیی بیروڕا زۆر گرینگترە. ئەگەر بیری ئازاد نەبێت ئەوە کەڵک وەرگرتن لە ئازادیی هەروەک کردەوەی تێکدەرانەی منداڵە لە ژووری نووستنیدا، چونکە نافامێت چۆن بەرزترین چێژ لە ژوورەکەی وەربگرێت، بنیاتی پێشکەوتن لەسەر (یاسای ڕاستی و داد) دادەمەزرێت، کە (دانایی)ی پێی دەڵێن، بەهێزترین دەسەڵاتدار ئەوەیە کە وەکو سەلاحەدین ئەیوبی، هەم بە توانا و دەسەڵات و بەهێزبێت، هەم دادپەروەر و ڕاستگۆ.

ئاینی ئیسلام، هەر وەها لەسەر بناغەی دادپەروەری و ویژدان دامەزراوە، فەرمایشی (ئەوەی بۆ خۆتی ڕەوا دەبینی، بۆ خەڵکیش بە ڕەوای بزانە) لە یاسای دروستکاریی ویژدانەوە، هاتووە. هەروەها ئاینی مەسیحی و ئاینەکانی تریش بۆ پەروەردەی گیانی دروستکاریی ویژدان پەیدابوونە، لەم قۆناغە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەی کوردستاندا پەروەردەی ویژدانی پاک و دروست، دەکەوێتە پێش ئەرکەکانی تر. ئێستا گوزەرگای ڕاگوێزانەوە بەرەو ئاستێکی تری کۆمەڵایەتی، تێدا چەمک و بۆچوونی چەواشەی جۆربەجۆر بڵاودەبنەوە، وەکو ئەوەی «بەخۆتا بگە! خۆت پێ بگەیەنە!» ئیتر بێ گوێدان بە ویژدان و ڕەوشتی دروستی کار.

ئا ئەوەیە یەکێک لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان، کە پەیوەنددارە بە کولتووری کارەوە، کولتووری دروستی و پاکی، وردبینی و جوانکاری و دڵسۆزی لە ئەنجامدانی هەر پیشە و کارێکدا، چ بگات بە پیشەی ڕۆژنامەگەری کە پرۆسەیەکی بیردۆزی و ویژدانییە. لێرەوەیە... دەچینە سەر بابەتێکی کورت و پوخت، ئەویش ئازادیی نووسین و دەربڕین و بڵاوکردنەوەیە، کە دەبێ مافی هەردوو لا بپارێزیت: مافی نووسەر و ئازادیی لە سەرێکەوە، مافی تاک و کۆمەڵ و، دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنییەکان لە سەرێکی ترەوە. گرینگترین یاساش، کە ڕۆژنامەنووس دەبێ پابەندی ببێت، یاسای ویژدان پەروەری و دروستکارییە. شارستانی، یا ژیاری ئەوروپا سەرتاپا لەسەر

دروستکاری و، راستی لە وتە و کردەوەدا، پەیدا بووە. ئەوەی کە ماڵی ئێمەی، لە رۆژهەڵاتدا، وێران کردووە... درۆ و فریوکاری و گزی و، خۆ لە راستی شاردنەوەیە، لێرەدا (درۆ) ئەوەندە باوە کە بەدەگمەن یەکێک دەدۆزینەوە لە درۆ شاخدارەکانی شەرم دایبگرێت.

شەرم لە ویژدان، رەوشتی بەرزی پێشکەوتنە، کەواتە رۆژنامەنووس بەرامبەر دوو یاسا بەرپرسە یەک: یاساکانی کۆمەڵ و حکومەت و قەزاو داد، کە یاسای دەرەوەیەتی، یاسای بابەتیی دەوروبەر، دوو: یاسای ویژدان، کە یاسای ناوخۆیەتی، یاسای دەروونیی زاتی، کە گرینگترینیانە.

رۆژنامەنووس، هەروەها بەرپرسە لە پاراستنی داد و یاسا، هەموو یاساکان و دەبێت بەر لە هەمووان پابەندیان بێت. ئەگەر برێک بە دەنگی ویژدانی مرۆڤانەو، ویژدانی پیشەیی و کولتووری خۆیەوە بچێت، ئەوە قەت تووشی سزای یاساکانی دەوڵەت و کۆمەڵ نابێتەوە. بەڵکو بە چاکی و هۆشیاری و بڕواوە مافی خەڵک دەپارێزێ، چ تاک یا کۆمەڵ و، تانەی ناڕەوا بە کەس ناگرێت و، درۆ دەرهەقی کەس و هیچ دەزگایەکی کۆمەڵ و دەوڵەت، هەڵنابەستێت و، کەسایەتی و ئابڕووی هیچ کەس لەکەدار ناکات.

ئەرکی ویژدانیی رۆژنامەنووس ئێجگار قورسە، هەر بەو ئەندازەیەش دەبێ مافەکانی بپارێزرێت، هەر بۆیەش بۆ گیراوەکان لەسەر بیروڕایان بە (گیراوی یا بەندکراوی ویژدان) ناو دەبەن.

٢٠٠٦/٧/١١

# نوێترین زانست

# لەبەر رۆشنایی کۆنترین فەلسەفەدا

فەلسەفە کۆنەکە، (کارما)ی بوودایییە، کە ناوەکی حیکمەت و فەلسەفەی هەرە کۆنی هیندوستانی و چینی و رۆژهەڵاتی ئاسایییە.

وشەی (کارما)، نیوەی یەکەمی هەمان وشەی (کار)ی زمانی کوردییەو، لێرەدا هەمان مانا و ناوەڕۆک دەدات. سادەترین پێناسەی (کارما) لە چەمکی (کاروکاردانەوە)دا چڕ دەبێتەوە...

کە هیچ دوورنییە فیزیازانی گەورەی دووسێ سەدەی پێش، واتە (ئیسحاق نیۆتن) یاسای (هەر کارێک کاردانەوەی هەیە) لە چەمکی (کارما) وەرگرتبێ.. چونکە گەلانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستی زاینیدا بایەخی زیادیان بە وەرگێڕان و زانین و فێربوونی کەلەپووری زانستی و فیکریی رۆژهەڵاتی دەدا و لێیان وەردەگرت. بۆ نموونە رەوش و رێبازی (دیالکتیکی) هیگل و مارکس، دەیان سەدە بەر لەم دوو فەیلەسووفە، لە کولتووری چینی و هیندوستانیدا هاتبوو، ماتریالیستییەکەش لە کولتووری چینیدا هەیە. رێباز و رێنوێنیی و وانەکانی (کۆنفوشێوس)ی فەیلەسووفی چینی لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی سروشتی ماتریالیستی دامەزراوە.

(کارما) یاسای یاساکانە. بیرمەندە تیژهۆشەکانی هیندۆسی و بوودایی دەڵێن کە کارما، یاسایییەکە هەموو بوونەوەر و شت و جووڵە و بوون و بوون و نەبوون، دەگرێتە بەر.

(کارما)، کە لەڕیشەدا وشەیەکی زمانی سەنکسریتییە (کە خوشکی زمانی ئاویستایی، پەهلەوی، کوردی کۆنە، سەرەتا و سەرەنجامی رەفتار و

کرداری مرۆڤەکان، بە چەمکێکی سادە شی دەکاتەوە، کە هەر بیر و خەیاڵ و هزر و خەون و، وتەو، کردارێک، کاردانەوەی هەیە. لە ئەنجامدا... مرۆڤ لە بازنەی (بیر و وتە و کردارەکانی) خۆیدا دەخولێتەوە. ناتوانێ لە سێبەری کردەوەکانی دەربازببێ. ناتوانێ لە ئەنجامی هیچ بیر و وتە و کردەوەیەکی خۆی، بەدەربێ.

ئادەمیزاد زەوی دەکێڵێ، ئاو دەدا، لە کێڵگەدا ماندوو دەبێ، لە ئەنجامدا بەروبوومی تازەی دێتە دەست. کارگەی ئۆتۆمبێل سازی دادەنێ، لە ئەنجامدا دەیان هەزار ئۆتۆمبێلی لێ دروست دەبێ، ئەو ئۆتۆمبێلانە ئەگەر لەکارگە دەرچوون و کەوتنە دەستی خەڵک ئیتر لە ژێر کۆنترۆڵی خاوەن کارگەکە دەردەچن. هەموو بەرهەمەکانی ئادەمیزاد وەکو دروستکردنی ئۆتۆمبێلە کە بوونەوەرێکی تازەی دەسکرد، ژیانی مرۆڤگەل دەگۆڕێت زووتر دەگوازێتەوە، خێراتر دەگاتە سەر کار. ئەمجا شتی تازەتر دەخوڵقێنێ. بەرهەمی تازە (کاردانەوەی) کاری پێشووە. کریستۆف کۆلۆمبس چەند سەدە بەر لە ئێستا، نەخواستەو نەزانستە، خاکی قارەی ئەمەریکای دۆزییەوە. کاردانەوەی ئەم (کارە) ئێجگار مەزن و سەرسوڕهێنەر دەرچوو. ڕەنگە، کۆلۆمبس، ئەبەد بیری لەوە نەدەکردەوە کە خاکێکی دۆزیوەتەوە تا کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دەوڵەتێکی مەزنی مۆدێرنی، لەسەر دابمەزرێت.

بازنەی کاردانەوەی هەندێ کار، هەندێ جار، ئێجگار دوور و سەیر و بۆ جێگەی چاوەڕوان نەکراو دەڕوات کێ دەیزانی کە لە ئەنجامی (کاری گەیشتنی کۆلۆمبس بەخاکی ئەمەریکا) دەوڵەتێکی زلهێز پێک دێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان دیکتاتۆری ستەمکاری عێراق و جیهان، لە ناو دەبات و، بەخۆی، پەیکەری ئەو ستەمکارە دێنێتەوە خوارێ؟

هەر دۆزینەوەیەکی زانستی و جوگرافی و مەعریفی (کارە)...

هەر داهێنانێکی هونەری و زانستی، (کارە)...

هەر کارێک کاردانەوەی دەبێ، کە بریتییە لە ئەنجامی بەکارهێنانی

بەرهەمی داهێنان و دۆزینەوە. کەواتە: بەرهەمی دەسکردی مرۆڤ و کۆمەڵ لەسەر خودی ئەم مرۆڤ و کۆمەڵە رەنگ دەداتەوە... وەرچەرخانی نوێ و چاوەڕوان نەکراوی لێ دەبێتەوە، رەنگە جیاواز بێ لەگەڵ سروشتی کارەکە، یا هەر ئێجگار جیاوازبێ.

لە جیهانی سیاسەتیشدا، دیاردەی وەها دەبینین سەرکردەیەک چاکسازییەکی بچووک ئەنجام دەدات لە ئەنجامدا سیستەمی ژیانی خودی سەرکردەکەش دێتە گۆڕین، بۆنموونە: لە وڵاتی سۆڤیەتی کۆن میخاییل گوربا شۆف بزووتنەوەی (پروسترۆیکاو گلاسنۆسێتی) بەڕێ خست، مەبەستی چاکسازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤیەت بوو. بەڵام (پرۆسترۆیکا) و رێبازی ئاشکرا گۆیی و ئازادیخوازیی گورباشۆف گۆڕانکارییەکی تری لێ کەوتەوە، ئەویش دارمان و نەمانی سیستەمی سۆڤیەتی و هەڵوەشانەوەی کەمپی (ئۆردوگای) گەورەی سۆسیالیستی بوو، کە لە چەندین وڵات و حکومەت پێکهاتبوو، تا وەهای لێ هات گورباشۆف بەخۆی لەسەر دەسەڵاتی (رووسیای دوای سۆڤیەت) لادرا... تەنانەت دوای ماوەیەکی کورت، گورباشۆف لە شاری مۆسکۆدا بەشوێن ژوورێکدا دەگەڕا تا بیکات بە ئۆفیسی خۆی... تەنیا ژوورێک!!

یا نموونەیەکی تر: سیاسەتوانێکی سەرکردە دەیەوێ سیستەمی هەڵبژاردن و دابونەریتی دیموکراتییانە لە وڵاتەکەیدا دابمەزرێنێت کەچی لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی بەخۆی ئەو سەرکردەیە، دەدۆڕێنێ و لەکار لادەچێ. ئەمانەو هەزاران نموونەی ریالیستی لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشتدا دەبینین.

لەوەدا، دڵ بە دڵا مەدە- هەرچی بێتە رێگەت ئەوە کردەوەی خۆتە تۆ، بۆ ئاواتێک، رەنجی زیادی دەدەی، رەنگە دڵی سەدان کەس دەشکێنی، یا ناخواستە.. خەڵک لەخۆت دەرەنجێنی، بەڵام کاردانەوەی کارەکەت شتێکی تری لێ دەردەچێت وەکو ئەوەیە، هەوڵ دەدەی چاکە بکەیت، کەچی بەخراپە بۆت دەگەڕێتەوە.

کەواتە، یاسای (کارما) لە هەموو بوارێکی ژیان و گەردوون و بوونەوەرەکانا، کاری خۆی دەکات. کەس ناتوانێ، بە ئاسانی، پێشبینی کاردانەوەی کارەکانی خۆی بکات.

ئا.. مەبەستم، لەم لێدوانە، گەیشتن بە ئەم خاڵەیە، کە چەمکی ئایندە نیگەرییە (داهاتوو بینینە)... کە زانستێکی تازەیە، زانایان هەوڵدەدەن، لە رووی زانستییەوە، ئایندە بخوێننەوە، و داهاتوو ببینن. رەنگە هەندێ جار بە ئەنجامگیریی دروست بگەن، بەڵام هەمیشەش سەرنەکەوتوونە.

گوتمان کە مەبەست لە کۆنترین فەلسەفە، چەمکی (کارمایە: کارو کاردانەوە) کە لە کولتووری کۆنی هیندستانی و رۆژهەڵاتی ئاسیادا هاتووە.

ئەمما تازەترین زانست و دۆزینەوەی زانستییانە، کە مەبەستمانە، چەمکی وەرچەرخانێکی مێژوویی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە لە ئەنجامی «زاووزێی تەکنۆلۆجیای» داهاتووی نزیک، دێتە کایەوە.

بەپێی زانستی (ئایندە نیگەری، یا: داهاتووبینین)ی زانایانی ژیرو ئاگاداری جیهان، لە دوای ٢٠-٣٠ ساڵی تر، ئیتر بوونەوەری تازە دەخولقێن، کە لە سەرێکەوە دەسکردی ئادەمیزادن، لە سەرێکی ترەوە بەشەرە تازە (ئەگەر بەشەریان ناوبەرین) دەبن بە پۆست بەشەر، یا (دوای بەشەر) ناویان ببەین. ئەویش لە کاتێکدا دەبێ ئیتر کەمپیوتەرو تەکنۆلۆجیای وەها پەیدا دەبێ، کە خۆی بەخۆ کۆپی دەکاتەوە، واتە: ئۆتۆکۆپییە... یا بە واتەیەکی تر زاوزێ دەکات و، بوونەوەری تەکنولۆژی ژیرو زیرەک و هۆشیار دەخولقێت، کە لە کۆنترۆڵی دەستی بەشەر دەردەچێت، هەرچەندە لە ئەسڵدا بەشەر دروستی کردووە.

دەڵێن، هەمووی ٢٥-٣٠ ساڵمان ماوە تا بە ئەو جیهانە تازەیە بگەین.. کە زەحمەتیشە ناوی تازەی لێ بنێین، چونکە ڕەنگە لە جیهانی ئێستا (کە کۆن دەبێ) خراپتر بێت. مەبەست لە تازە، تەنها جیاوازیکردنەوەی لە ئێستایە.. واتە جیهانێکی (تر) دەبێت...

ئەو قـۆناغـە، زانـايانی ئەمـڕۆ ناوێکی ناوازەيان بۆ دانـاوە، چونکە هـەمـوو شـتێکی نا ئاسـايی و ناباو دەگمـەن و ناگونجـاو (لەگـەڵ چەمک و تێگەيشـتن و دابونەرێتی زەينی و کۆمەڵايەتی ئێستا) دەبێت.

لەو زەمەنەدا ئامرازی تەکنۆلۆجيی ژيرو بەهۆش و زانا پەيدا دەبێ، کە ئيتر بەخـۆی هـەمـوو کـارەکـان ئەنجـام دەدات و، ڕەنگە ئەوەندە زاڵ بێت، بتـوانێ کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکات، بە ژيان و کارو خواستی بەشـەرەوە.

ئەگەر وەهای لێ بێت، ئەوا ئيتر... ڕەنگە باشتربێ بيری لێ نەکەينەوە!

بەڵام زانايان لە دوا دانيشتنی تۆپ (سـەران) لە شاری سـان فرانسيسکو، هەرێمی کاليفۆرنيا لە ئەمەريکا ٨و٩ی مانگی ئەيلوولی ڕابردوو، دەڵێن کە لە داهاتووی نزيکدا گۆڕانکاری وەها بەسـەر دەزگا کـەمـپـيـوتەرەکانا دێ، کـە بتـوانێ بـەخـۆی بەرنامـەی خـۆی ڕێکبـخـات، واتە: ئۆتۆ بـەرنامـە ڕيزی، خـۆ بەرنامە ڕيزی و بەخۆی دەزگای پێشکەوتووتر بخولقێنێت، کە وەکو جۆرێک «زاوزێيـە»... لەوێوەيە، ئيتر دەزگـای کـەمـپـيـوتر سـەربەخـۆيی وەردەگرێت و لە کۆنترۆڵی ئادەميزاد «ڕزگاری» دەبێ.

لەو کـۆبوونەوە تـۆپەدا سـەدان زانـاو شـارەزای تـەکنۆلـۆجـيـاو، (ژيـريی دەسکرد) بەشداربوون، لەوانەی کە لەو کۆمپانيا ئەلکترۆنييە نێو دەوڵەتييانە کـار دەکەن کە بارەگايان لە دۆڵی (شـێوی) بەناوبـانگی ئەمەريکی (سـيليکون) دايە. (بڕوانە ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٧/٩/١٨)

دانيـشـتنەکـەيان لە ژێر ناوونشـانـی (ژيريی دەسکردو ئـايندەی کۆمـەڵگەی مرۆڤايەتی) دا بووە. بەڵام ناوی دانيشتنەکە لەيەک وشـەی تازە پێکهاتبوو، کە هێشـتا لە زمانی کـورديدا، بەرامبـەرەکـەی دانەنراوە، خـراپ نيـيـە لەم وشـە زاراوەيە ورد ببينەوە، چونکە زاراوەکە دەبێ بە ناوی وەرچەرخـانە مـەزنەکـەی جيهانی تەکنولۆجيای دەسکردی ئادەميزاد..

وشە- زاراوەکە بە ئينگليزی:

singularity (سـينگولرێتـی)يە، بە عـەرەبی کـردوويانە بە (الفرادة، التـفرد)

کە لە راڤەی چەمکی ئەم زاراوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەستیان ئەم واتایانەیە:

نا ئاسایی، نا ئاسایی بێ هاوتا، نا ئاسایی نا باو و ناگونجاو،... چونکە وەرچەرخانەکە لەگەڵ هیچ زانیارییەک و تێگەیشتن و بۆچوون و دابونەریتێکی ژیانی ئاسایش ئێستا، ناگونجێت... بەڵکو شتێکی (ناباو) و (ناوازە) دێتە کایەوە.

هەموو شتێکی ژیانی کۆمەڵگەو ئامرازەکانی لە بازنەی باری ئاسایی و باو دەردەچێت و دەکەوێتە دۆخێکی نا ئاسایی و ناشیاو...

– خۆ ئەگەر مانای سادەی وشەی ئینگلیزی و (singularity)، بەزمانی کوردی وەربگێڕین، ئەوا دەبێتە: یەکانێتی، تاکانەیی، تاکانێتی نائاسا، یەگانەیی... تاد!

خولاسە، مەبەستی زانایان لەو زاراوەیە، ناونانی بوونەوەری ژیری ئامرازی تەکنۆلۆجی ئایندەیە، کە یەگانە بوونەوەرێکی نا ئاسایی دەبێ...

لە بەشی پێشوودا روونمان کردەوە کە زانایانی تەکنۆلۆجیاو زانست پێشبینی پەیدابوونی بوونەوەرێکی نائاسایی یەگانە، دەکەن، کە بەرهەمی دەسکردی ئادەمیزادە، لێ ژیرترو بەهێزترو زاناترە... بەڵکو رەنگە (بە پێوەری ئەو سەردەمە) جوانتریش بێ!

هەروەها دەڵێن کە ئەو رووداوە هەرە گرینگەی مێژووی مرۆڤایەتی لە خۆڕا نایەتە کایەوە، بەڵکو زادەی پێشکەوتنە لە ٣ بواری زانست و تەکنۆلۆجیادا:

١– بواری ژیریی دەسکردو، رۆبۆتەکان.

٢– بواری نانوتەکنۆلۆجیا، واتە ئامرازە هەرە چکۆڵەکانی تەکنۆلۆجیا.

٣– بواری زانستی ژینەتیک (Genetic).

ئەو سێ بوارە زەمینەی پەیدابوونی بوونەوەرە (ئامرازە) نائاساییە یەگانەکە، دەڕەخسێنن... کە سەرانجام ماددەی وەها دروست دەکرێت کە خۆ بەخۆ کۆپی و زاووزێ دەبێ... ئیتر لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، با ناوی

(کەمپیوتەری ژیرو زیرەکی) لێ بنێین.

بێگومان جیهانێکی ئیجگار جیاواز پەیدا دەبێ، گشت ئەخلاقیات (ئەتیک و مۆرال)ی کۆمەڵایەتی باو و ناسراوی بەشەر تێکدەچێ و بیرو بۆچوونەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن... چونکە نازانرێت ئەو بوونەوەرە تەکنۆلۆجییە تازانە، ئایا چۆن بیر دەکەنەوە؟ چۆن هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکەن؟

چۆن لە ئازارو دەردو ویست و ئارەزووی بەشەر، یا خۆیان، تێدەگەن؟ ئایا شتێک بەناوی ویژدان و چاکەو خراپە و، حەرام و حەڵاڵ، دەزانن؟ ئایا بەزەییان بە یەکا، یا بە ئادەمیزاد، دێ؟ ئایا ئەگەر دەسەڵاتی سەر ئەرزیان کەوتە دەست، چۆن لەگەڵ گیانلەبەرانی تر دەجووڵێنەوە؟ ئایا سنوورێک دادەنێن بۆ شەڕو جەنگ و چەوسانەوەو خراپەکارییەکانی مرۆڤگەل؟ ئایا ژینگە دەپارێزن؟و... دەیان پرسیاری رەوای تر، کە پرسیاری ئەمڕۆی ئێمەیە، ئیتر نازانرێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن دەبێ کە لەسەردەمی یەگانە بوونەوەری نائاسایی تەکنۆلۆجیدا، دەژین؟! ئایا بوونەوەرەکان هەموو پاشماوەی بەشەر ناخەنە بەندیخانە گەورەو ئەرزو ئاسمانیان لە دەست رزگار ناکەن؟

زانایان دان بەوەدا دەنێن کە زەحمەتە ئێستا بتوانن وەڵامی شێوەو رەنگی دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە ناوازەیە بدەنەوە. تەنیا ئەوە دەڵێن، کە ئەگەر شتێکی وەها لە دەستی بەشەر دەرچوو، ئیتر مەحاڵە بزانین دوای ئەوە چی دەبێت.

کەواتە: سەردەمی ناوبراو دەسکردی بەشەرە... کە بەخێراییەکی زیاد خەریکی پێشبردنی زانست و تەکنۆلۆجیان، بەتایبەتی لەو سێ بوارەدا کە ئاماژەمان پێکرد. جا، رەنگە، لە ئەنجامی پێشکەوتندا، ئادەمیزاد رۆژێک ئامرازێکی هەرە چکۆلانە بخاتە دەروونی دەزگایەکی کمپیوتەرەوە، ببێتە مایەی ئەو بوونەوەرە یەگانەیە، کە بەخۆی، خۆی کۆپی بکاتەوەو لە پڕدا وەها زیاد بکات، ئیتر لە کۆنترۆڵی ئادەمیزادا نەمێنێت.

خۆش ئەوەیە کە ئەو زانایانە قسەشیان لەوە کردووە، گوایە هەوڵبدەن

پێوەرو دیسپلینی ئەخلاقی دابنێن تا تەکنۆلۆجیا هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی بەشەرو خزمەتی ژیانی مرۆڤدا، بمێنێ... بەڵام هەر بەخۆیان دەڵێن: رۆژێک دێ رەنگە ئەو وەرچەرخانە روویدات.

کەسیش ناتوانێ پێشکەوتنی هەرە خێرای زانست و تەکنۆلۆجیا رابگرێت.

کەواتە، بەپێی فەلسەفەی (کارما)، مرۆڤ رووبەڕووی کاردانەوەی کاری خۆی دەبێتەوە. هەموو پێشکەوتنەکانی بواری زانست و تەکنۆلۆجیا رەنگدانەوەی (کاری)ی خودی مرۆڤ و دەسکردی خۆیەتی. لە ئەنجامیشدا، ئەگەر رووداو گەلی وەها هاتە پێش، ئەوا کاردانەوەی (بیرو، وتەو، کردار)ی خۆیەتی.

کەواتە... هیچ!

مرۆڤ، لە بەرزترین پلەی پێشکەوتنی زانست و هۆش و ژیریدا، بە سەرەتای نادیاری فەوتانی سیستەمی کۆمەلایەتی و کلتووری و شارستانی خۆی دەگات... ئینسان، بە راستی سەرسەخت و کەللەڕەقە... دیارە، کە سوورە، بە دەستی خۆی کۆتایی بە قۆناغی بەشەریەت دێنێ... هەموو ئەوەی ئینسانی نیاندەرتال و باو و باپیرانمان و خۆمان، کردوومانە... بێهوودە بووە. هیچ! هەر هیچی هیچە! سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە، بەبێ بەزەیی پیاهاتن و درِندانەش شەرِی، یەکتر دەکەین!... ئایا بوونەوەرە نائاساییە یەگانەکانی ئایندەش بەزمی جەنگ و شەڕو زۆرو زۆرداری، دادەمەزرێنن؟

بیری (کارما)... بە ئاقاری هیچستانمان دەگەیەنێ. تازەترین دۆزینەوەی زانست و تەکنۆلۆجیاش بەرەو نەهامەتی بێهوودەیی دەمانبات. هەرچیمان کردووە (لە ملیۆنان ساڵدا چی رەنجمان داوە) بۆ ئەوە بووە کە بوونەوەرێکی جیاوازو بەهێزتر، لە خۆمان ژیرتر، لە خۆمان بە تواناترو، رەنگە جوانتریش پەیدا ببێ، بە ئاسانی جێگەمان بگرێتەوە.

واتە: کۆمەڵگەی ئادەمیزاد «کاردانەوەیەکی کاری خۆی» هەڵدەگرێتەوەو هیچی تر!... هیچ!

- بوونـەوەرە ژیرە تازەکــەش رەنگە تووشـی کــاردانەوەی کــردەوەی خــۆی ببێتەوە، لە ئێمـەی خـراپتری بەسەر بێت. کەواتە: دڵمـان بەخـۆ نەسـووتێت و گــــوێی پیّ نـەدەین، چونکە، لـە چاوی گــــەردووندا، تـەنیــــا (کــــار)و (کاردانەوەیەکە)... زۆر چکۆڵەشە!

بەلای منـەوە، ئەوە دەرەنجـامی لێکۆڵینەوەو رەنج و دەسکردی زانایانە، کـە لە خـۆمـانن، واتە: مـرۆڤن. ئـەوەش سـەرەنجـامی فـەلسـەفـەی (کـارمـا)یە کـە بە هێـمنـی کـاری خـۆی دەکـات. ئـیتـر، لـەوە بەدەر، خـوای پەروەردگـار بەخـۆی دەزانێت.

٢٠٠٧/١٠/٩

## پەیامی کوردستان چییە؟

دەبێ ببەینەوەو، پێشیان بکەوین.

هیچ نەبێ ئەو «پەیامە» بۆ خۆمان دابنێین

گەرنا پەیامی ئێمە چییە؟

هەر میللەتێک پەیامێکی هەبووە.

هی وا هەیە ئاینێکی بەجیهان بەخشیوە.

هی وا هەیە زانست و هونەری بە مرۆڤایەتی داوە.

تایلەندییەکان، هەر چەندە هەژارو دواکەوتوون، بەڵام پەیامێکیان داناوە، خەریکە بەجیهانی دەگەیەنن. دەڵێن لە رێگەی (لەخۆدا رامان) و خۆ پاڵاوتن و بیرکردنەوە دەتوانن پەیامی ئاشتی جیهانی بڵاوبکەنەوە.

بەشێک لە هیندییەکانیش خەریکی چاندنی ئەو پەیامەن، سەدان ڕەبەنی رووحپەروەریان لە ئەمەریکاو ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە، لە رێگەی فەلسەفەو رێبازی عەشق و دڵپەروەرییەوە، دەیان مەکتەب و گرووپی پەیڕەویان، لە خەڵکی ئەو وڵاتانە، پێکهێناوە. ئەمەریکا، هیچ نەبێ، لە رێگەی (ئەدیسۆن)ی دۆزینەری کارەباوە، رووناکی شێوەی کەلکوەرگرتن لە وزەی کارەبایان شارستانی ئێستایان ئاوەدان کردووەتەوە، ئەمە جگە لە دەیان دۆزینەوەو داهێنانی زانستیی تر.

میللەتانی تر بلیمەتی مەزنیان وەک (ئانیشتاین) و (نیوتن) و (باستوور)یان پەروەردە کردووە.

ئەدی، پەیامی ئێمەی کورد چییە؟

ئەگەر نەتوانین پەیامێک بەجیهان بگەیەنین، خۆ دەبێ پەیامی خۆماڵیمان هەبێ؟

«پەیام»... مانای ئەوەیە کە میللەتێک یا توێژو گرووپێکی خەڵک، ئامانجی سەرەکی و ستراتیجییان هەبێ، هەوڵ دەدەن پێی بگەن.

ئێمە چ ئامانجێکمان هەیە؟

بێگومان، کەسانێکی زۆر وەڵام دەدەنەوە کە رزگاریمان دەوێ. دە باشە! ئەوە رزگاریمان دەوێ لێی دەپرسم: رزگاری لە چی؟ و چۆن و؟ کەی؟

ئێمەی کە هێشتا گیرۆدەی نەخۆشییەکانی سەدەکانی ژێردەستین و، بەکەمدەزانین، دەترسێین، دوودڵین، بە گومان و بەدگومانین.. چۆن دەتوانین، یەکەم جار، لەو نەخۆشییانە رزگار ببین.

وەڵامێکی ئاسان هەیە، کە دەبێ یەک بین، یەک بگرین. باشە، یەک بگرین، بەڵام لەسەر چی؟ لە دەوری چ تەوەرێک؟ کەواتە: پەیامێک، ئامانجێک، هزرێک، خواستێکی مەزن.. یەکمان دەخات.

کورد فرۆکەو دژە ئاسمانی تازەی نییە تا وەڵامی فرۆکەکانی دەوروبەر بداتەوە. هەروەها مووشەک و تۆپی دوورهاوێژی نییە تا بەرپەرچی هێرشی ئەوان بداتەوە.

کورد، بەڵام، هەیە.

بەدەستی پەتی تێدەکۆشێ... تا دەوڵەتانی پرچەک بهێنێتە سەر مێزی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە.

کەواتە، کورد (هەقی) هەیە، تەنیا (هەقە) و، هیچ هێزێکی ماددی نییە بۆ پاراستن و سەرخستنی هەقەکەی.

رێگەیەک دەمێنێتەوە، کورد کۆببنەوە (جەم ببن) و عەقڵ و بیرو هۆشی خۆیان بخەنەگەڕ.

ژیرو داناو زانایانی کورد کۆنگرەیەکی فراوانی هەمەلایەنە، ببەستن و، بیربکەنەوە. بەبێ مشتومڕۆ کێ بەر لە کێ و، کێ باڵاتر لە کێ، بیربکەنەوەو

هیـچی تر... ئەو وزەو توانا بـەرزەی کە پەروەردگـار پێی بەخـشیـون، ئەویش وزەو توانـای بیـرکـردنەوەیە، بە ئارامی و لـە خـۆداڕامـان، بۆ یەکـەمین جـار (بۆجـارێک هـیچ نەبێ) بەکـاربهـێنن.. بەڵکو بەو سـەرەنجـامـە دەگـەن کـە مەبەستمە، ئەویش شێوەی سوودوەرگرتنە لە توانای بیرو هۆش و عەقڵ، ئەو توانایەی کە تا ئێستا بەلایا نەچووینە.

بەندە، بەوە گەیشتم.. ئێمەی داماو بەجێماوی جیهان، دەرفەتی تازەمان لە پێشە، ئەویش دەرفەتی زانست و تەکنەلۆجیاو هونەرو، هەر بابەتێکی فیکری و رۆحیی و داناییە، کە ئێستا موڵکی هەموو کەسێکی سەر ڕووی هەسارەی زەمینە هەمیشەش وەها بووە. بۆ هەرکەسێک بووە کەڵک لە توانای عەقڵی خـۆی وەربگرێت. ئەوانەش کـە ئەم وانە سـادەیان وەرگـرتووە بە ئاسـانی بەپەیژەی پێشکەوتنا سـەرکـەوتوون.. هـەر میللەتێک پەیامی گـەورەی خـۆی بەگوێی دنیادا داوە.

لەم خـەونە خـۆشـەی مندا، کورد دەبێ بەوە بگات، بە عـەقڵ و هۆش و بڕواو بڕیارەوە بڵێ: دەبێ پێش میللەتانی تری ناوچەکە بکەوم.

زانست و تەکنۆلۆجیاو هونەرو بارودۆخی جیهانگیری ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێنێ، تا بڕیاری ئەوە بدەین: لەو گەل و حکومەتانە پێشبکەوین.

دەتوانین پێشیان بکەوین. بەڵێ! کارێکی کردەنییە. سڵی لێ نەکەینەوە.

هیچ کـەس بە دوودڵی و ڕاڕایی و ترس و لەرزەوە، بە ئەنجام نەگەیشتووە. کـورد دەبێ لەو بیـرۆکەیە نـەترسێ، کـە دەتوانێ دابەزێتـە مـەیدانی زانست و هونەرو، لە دەوروبەر پێشبکەوێ.

ئەوەش: ئازادکردنی ئیرادەی گەنجان و تەرخـانکردنی بودجەی گەورەیە بۆ پشـتگیری لێکۆڵینەوە و زانستی داهێنانی گەرەکەو بەر لە هەر ذشتێکیش بڕیاری دەروونی و عەقڵی دەوێ.

دەتوانین پێشبکەوین. نزیکترین ڕێگەمان بۆ بردنەوە، ئا ئەوەیە.

٢٠٠٨/١/١

## روانگە و یادەوەری (*)

١

ئەو وێنەیەی من لای خەڵک هەمە وەک وێنەی هەر مرۆڤێکی تر، جیایە لەو وێنەیەی من لەبارەی خۆمەوە لامە، ئێستا نازانم وێنەم لای خەڵک چۆنە، هەوڵی ئەوەش نادەم هێما بۆ وێنەیەکی دیاریکراو بکەم یان بەڕواڵەت وێنەیەک بە ئارەزووی خۆم پێشان بدەم، تا خەڵک ئەو وێنەیان لا دروست بێت، بەو شێوەیەی هەمە رازیم.

هیوادارم وەک خۆم چۆنم وام ببینن پێویستیم بە وێنەیەکی تر نییە، مەگەر حاڵەتی دەرەوەم بگۆڕێت (هەرچەند ئارەزووی ناوەخۆی ترم هەبێت) ئەو کات دەشێ وێنەم لە هزری ئەواندا بگۆڕێت. جارێکیان لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا، لێیان پرسیم گەر (فەلەکەدین نەبوومایە) دەمخواست ببم بە چی، گوتم: هەر هیوای ئەوەم دەخواست، ئەوەی ئێستا تیایدام، هەر فەلەکەدین کاکەیی بم هیچی دیکە نا.

بەخۆم نانازم، لەوەش ناڕازی نیم کە تیایدام، هێشتا راوێژکاری سیاسیم، ئەندامێکی سەرکردایەتیم لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچ نەسازی و دژایەتی لە نێوان کاری حزبی و سیاسیم لەلایەک و کاری رۆشنبیری و ئیداریم لەلایەکی تردا نابینم، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار تووشی دڵەڕاوکێ دەبم لەبەر ئەوەی لایەنە (سیاسی)یەکە لایەنی (رۆشنبیری) یەکەم تیادا خەفە دەکات یان هەوڵدەدات بێدەنگ و پەراوێزی بکات.

---

(*) لە گفتوگۆی رۆژنامەی (ئەلەسار) لەگەڵ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری پوختە کراوە.

بڕوانە وێنەی کوردستان لە هزرو بیرماندا پێش (٤٠) ساڵ، بڕوانە هەمان وێنە لە هزری بارزانی نەمر، لەگەڵ ئەمڕۆ بەراوردی بکە. وێنەی راستەقینە زۆر جیاوازە، ئەم پێشکەوتنەی کێشەی کورد تا پێش چەند ساڵێک نەبێت لە لێکدانەوەی ئێمەدا نەبوو، پێش چل ساڵ واقیعێکی دژوار، گەلێکی بەندکراو، نیمچە نائومێد، توێژێکی بچووکی دیاریکراو نەبێت لە رۆشنبیرانی وشیار و پێشمەرگە تێکۆشەرەکان و دڵەڕاوکێ لە خۆبەختکردن، هەموو ئەو وێنەیە دوای شۆڕشی ئەیلول ١٩٦٠ گۆڕا. ئەم شۆڕشە بوو کوردستانی گەیاندە ئەو بارەی تیایەتی، پێشکەوتوو لەسەر ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی.

گەلی کوردستان بڕوای بەخۆ پەیدا کردەوە و بڕیاری داوە ژیانی خۆی بنیات بنێت و پاشەڕۆژی خۆی دروست بکات. بارزانیی نەمر ئەم باوەڕ بەخۆبوونەی دەردەبڕی، هیوای بە ئێمە دەبەخشی. لە ئاخاوتنەکانیدا، لە وتە چڕوپڕەکانی. لە نیو سەدە تێکۆشاندا، ئەو دیمەنەم لەبەرچاوە کە وێنەی کوردستانی ئەمڕۆی لەهزردا بوو.

شێوازی بارزانی لە ئاخاوتن زۆر کورت و ئاشکراو قووڵ بوو، بلیمەتانە لەیەک دێڕدا واتاکانی دەردەبڕی ئەو واتایانەی لێکدانەوەی پێویستی بە دەیان لاپەڕە هەبوو بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجانە.

بەم شێوازە ناسرابوو، کەم وابووە ئەم دیاردەیە شی کرابێتەوە، لە رووی زمانەوانی یان ئەدەبی یان هزری، لەهزردا قووڵ و پێشبینی دووری دەکرد. گەر ئاخاوتن و دوانە دڵسۆزانەکانی کۆکەینەوە دەگەینە ئاکامێکی گرینگ ئەویش ئەوەیە بارزانیی نەمر وێنەی ئایندەی کوردستانی لەبەرچاو بوو، بۆ ئەوە ئامادەی دەکردین، هانی دەداین کاری بۆ بکەین.

بەتایبەتی لەو وتە گرینگەی بارزانیی نەمر لە ساڵی ١٩٤٧ لە باکۆ دوای ئەوەی خۆی و یاوەرانی گەیشتنە یەکێتی سۆڤیەت لەم وتەیەیدا (نزیکەی پێش ٦٠ ساڵ) دیمەنی بارودۆخی کوردستانێکی هاوشێوەی ئەمڕۆی دەکێشا، تاڕادەیەکی زۆر نزیک، لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستانی خوارووی پێی گەیشتووە. بارزانیی نەمر ئاسۆی دووری دەخوێندەوە....

## ٢

هەمیشە هەوڵمداوە لە قاڵبەکانی خۆگونجاندن و یەک روانگەیی یان تاک روانگەیی خۆم رزگار بکەم. بەردەوام خۆم دزیوەتەوە لە کەوتنە تەڵەی یەک فەلسەفەی دیاریکراوەوە.

سەرچاوەی بنچینەیی چێژو خولیام، لە رابردوو و ئێستاش، ئەمەیە، بەدوای نوێی زانیاریدا وێڵم، بۆ ئەوەی روانگەم یان فەلسەفەم سەبارەت بە ژیان قووڵتر بێت..

یەکەم سەروکانی کە پشتی پێ دەبەستم زانستی فیزیاو دۆزینەوەکانیەتی، نەک هزرو تیۆریزەکردنی نووسەرێک، هەر چ کەسێک بێت. عەوداڵی تیۆرییە هزرییەکان نیم، بایەخ بە دەمەتەقێی فەلسەفی نادەم، زۆربەیان، سفستائین، بێ ئاکامن، قسەو کاوێژکردنەوەی کەسانی بێکارو تەوەزەلن.

بۆ دڵخوازە فەلسەفەییەکەم، بەپلەی یەکەم، لەنێو دۆزینەوەو داهێنانە جوانکارییەکانی زانستی فیزیاو ئاسمانگەریدا دەگەڕێم، بە پلەی دووەم، لەنێو زانستە سروشتییەکانی ترو، بە پلەی سێیەم لەنێو رامانی گیانیدا.

بۆ ئەوەی خاڵی سێیەم روون بکەمەوە دەڵێم: رۆژهەڵات ئەزموونێکی گیانی زۆر قووڵی هەیە، بە پشت بەستن بە پەندیاری (حکمە)و هەر بە ئەویش کۆتایی دێت. ئەم ئەزموونەی زۆر کاری کردۆتە سەر رۆژئاواو کاریگەری بەسەر رۆژئاوادا دیارە. بەدەستەواژەیەکی تر: شارستانییەتی رۆژئاوا (یان ئەوەی بە شارستانییەتی رۆژئاوا ــ ئەوروپی و ئەمەریکی ناسراوە) سەر بە پەندیاری (حکمە)ی رۆژهەڵاتییە.

ئەو رۆژەش دادێت تیایدا ئەم ئەڵقەیە تەواوبێت لەرێگەی بەیەکگەیشتنی رۆشنبیریی هۆش (ئەقڵ) (یان زانستە سروشتییەکان) لەلایەک و رۆشنبیریی گیان (یان گیاناسی) لەلایەکی تر.

دەستکەوتی من لە فەلسەفە یان پەندیاریی رۆژهەڵاتی لە دەرهاوێشتەی رێبازە بنچینەییە فەلسەفییە گیانییەکان (یان ئاینە رۆژهەڵاتییەکان)ەوەیە،

ئێستا لەگەڵ دوایین دۆزینەوەی زانستی فیزیاو فەلەکناسیدا یەک دەگرنەوە.

رەنگە نەتوانم بەئاسانی بۆچوونەکانم لەم بارەیەوە، بەچەند رستەیەکی کورت و خێراو لەم کاتە کەمەدا بۆ خوێنەر بگوازمەوە. بەوەندە وازدێنم، بڵێم روانگەم بۆ ژیان و بوون بە گشتی (رەنگە مەبەستمان لە ژیان، تەنیا ژیانی مرۆیی یان ئەندامەکی بێت، کەچی بوون فرەوانتر و قووڵترە لەوەی دەیبینین و دەیبیستین و دەیزانین).. دەڵێم: روانگەم هیچ کاتێک چەسپاو (یان وەستاو) نەبووە، بەڵکو هەمیشە روو لە گۆڕان بووە. ئەمڕۆ بوون جوانترو شکۆدارترو بالاتر دەبینم لەهەر کاتێکی تری پێشتری ژیانم یان ژیانگەلی پێشووم.

ئەو جوانییە دڵڕفێنەی گەردوونی تێدا دەبینم و، لە هزرمدا خۆی دەنوێنێت، لەو زانیارییانەوە هەڵقوڵیوە کە زانستی نوێی فیزیا پێی بەخشیوین – لە روانگەی منەوە فیزیا زانستی مۆسیقاشە، زانستی گیان و هونەرە.

من سەیرم پێ دێت رۆشنبیران لە عێراق و دەوڵەتانی تری رۆژهەلات، هەوڵ نادەن لە پەندیاریی رۆژهەلاتی نزیک بنەوە، خۆیانی لێ نەبان دەکەن، لەم دواییەدا هاوشێوەی (حەنەفی) و (عەلەوی) دیار نین، بۆ ئەوە رۆبچن لە پەندیاری رۆژهەلاتی، کە پەندیارییەکی قووڵ و زۆر دەوڵەمەندە.

* لە گفتوگۆی رۆژنامەی (ئەلمەسار)ی عەرەبی لەگەڵ نووسەر پوختە کراوە.

٢٠٠٦/٨/١

## ئەم رۆژگارە تۆبەی زەردەشتییانەی گەرەکە

چی دەڵێی وەختێک کارێکی چاکت لە دەست دێ و، ئەنجامی نادەی؟

لە ئاینی یەکتاپەرستانەی زەردەشتیدا، بۆ ئەو جۆرە هەڵوێستەش تۆبەنامە هەیە، لە زمانی زەردەشتییەکاندا بەو تۆبەنامەیە (پەتیت) دەڵێن.

پەیڕەوێکی زەردەشت ئەگەر پاشگەز ببێتەوەو، لە یەزدانی پاک بپاڕێتەوە تا بیبەخشێت، سێ رستە بەم مانایە دەڵێ:

«ئەهۆرامەزدا:

«بمبەخشە ئەگەر کارێکی چاکم پێ کرابێ و ئەنجامم نەدابێت».

«بمبەخشە ئەگەر وتەیەکی چاکم پێ دەگوتراو، نەمگوتبێ».

«بمبەخشە ئەگەر بیرێکی چاکم بەبیرا دەهات و، بیرم لێی نەکردبێتەوە».

واتە: ئاینپەروەریی زەردەشت نەبەس لە (کرداری) خراپ و (وتە)ی خراپ و (بیری) خراپ، تۆبە دەکات و پاشگەز دەبێتەوە، بەڵکو ئەو چاکانەش کە بە (کردار)، یا (وتە)، یا (بیر) ئەنجامی نەدابێ داوای لێبوردن دەکات، چونکە ئەنجام نەدانی چاکەش (بە تایبەتی ئەگەر لە توانادا بووبێت)، خراپە، ئەوەیە جەوهەری ئازادیی هەڵبژاردنی چاکە و خراپە لەم ئاینەدا.

ئیمڕۆ کە کێشەی رزگاریی کۆمەڵایەتی بەردەرگای لێ گرتووین، دەبێ بیر لەو کردارە پێویست و چاکانە بکەینەوە، کە تا چەند ساڵی رابردوو دەمانتوانی پیادەی بکەین و، پشتگوێمان خستووە، یا بەهەندمان نەزانیوەو، بەلایا نەچووینە.

هیچ شتێک نییە ئێستا روودات و لە رابردوودا یەکێک بۆی نەچووبێ، یا بە بیریا نەهاتبێ.

مـەسـەلەی رزگـاریی کـۆمـەڵایەتی پلـەیەکی سـروشـتـیی دوای رزگـاریی سیاسییە.

سـاڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ سـەرۆک بارزانی لە وتـارێکی گـرینگ لـە دهـۆک دا، ئەمجـا لە هـەولێرو، دواتر لە کۆنگرەی دوازدەی پارتیـدا، زەنگی ئەو کێشـەی لێدا، پوختەی وتەکانی ئەو کاتەی، دەربارەی چاکسازی و لەناوبردنی گەندەڵی و گەڕانەوە بۆ ئامانجە سـەرەکییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ئـامـانجی دەپێکا ئـەویش ئـامـاژەی بوو، بـەوەی کـە قـۆناغی رزگـاریی کۆمـەڵایەتیش گـەیشـتووە، هەرچەندە رزگاریی سـیاسـی نـەتەوەییمـان بە دوا پلەی سەرکەوتنی نەگەیشتووە.

جەماوەری چەوساوەو هەژاری خـەڵک چاوەڕوانی بەشی خۆیان لە سامان و خزمەتگوزاری و ژیانی چاکترن.

خۆپێشـاندان و یاداشت و دروشم و فریادەکانی چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمـەڵگەی کوردەواری، مانیفێسـتی جووڵانەوەی رزگاریی کۆمـەڵایەتییـە، هـەر چەندە وەکو گوتمان، رزگاریی سیاسیمان هێشتا ناتەواوە.

قەیرانەکەش لە بێدادی (بێ عەدالەتی)یەوە هاتووە، یا هیچ نەبێ، هەست بە بێدادی، کە لە خودی بێدادی خراپترە.

خۆپێشاندانەکانی یەک دوو ساڵی دوایی، لە شارە جیاجیاکانی کوردستان، هەروەها خـۆ پێـشـاندانەکـانی (رەنگە) رۆژان و مـانگانی داهاتوو، دەبێ لە چوارچێوەی سروشـتیی کۆمەڵایەتییـەوە ببین، کە کۆمەڵێک پێشـهاتی فیکری و یاسایی و کارگێڕی و لایەنی تری بەدواوەیە.

کورت بینییـە ئەگـەر، تەنیا هۆکاری دەرەکیی بۆ دابتاشین و بڵێین کە ئەم سـەرهـەڵدانە کۆمـەڵایەتییە بەهـاندان و دەستی بێگانە و لایەنە توندڕەوەکانە، رەنگە ئـەوەش تا رادەیەک دروست بێ، بەڵام ریشـەی کـێـشـەکـە قـووڵتـرەو بۆ ناخی کـۆمـەڵگەکـەمـان و بۆ دامـودەزگـای سـیـاسـی و حکومـیـیـەکـانمان دەگەڕێتەوە.

له ئاستی هۆکاری دەرەکیدا دەتوانین بڵێین دەوڵەتێکی ناسراو بەرژەوەندی له ئاژاوەو بەرپابوونی ئاستەنگی پێش پرۆسەی هەرێمی کوردستان و فیدرالیزم و دیموکراتی هەیە. رەنگە جێگە پەنجەی یەک دوو دەوڵەت شاراوە نەبێ و ئاشکراکردنی ئاسانە.

هەروەها دوور نییە هەندێ هێزی توندڕەوی ناوەکی هەوڵی تێکدانی باری هەرێم و حکومەت و دەزگاکانی بدەن، خۆی، عاجبات ئەوەیە، ئەگەر هەوڵی وەها نەدەن و هەر هەلێک نەقۆزتەوە!

لێ، لەم میانەدا، وەکو ئاینی زەردەشتی دەڵێ، لە خۆمان وردببینەوەو بزانین ئایا له چ چاکەیەک لامان داوەو، چ ئامانج و رێچکەیەکی چاکمان فەرامۆش کردووە.

کەواتە، هۆکاری بنەڕەتی، ناوخۆییە. ئەی کامانەن؟

گەر هەموو وەڵام بدەینەوە بە سەدان لاپەڕە لێی نابینەوە، جا بە کورتی دەڵێین:

١- سیستەمی نالەباری کۆمەلایەتی و ئابووری کە لە رژێمی بەعسەوە بۆمان مایەوە، ژێرخانی وێرانی ئابووری و باری شێواوی کۆمەلایەتی، هەژاری و بێکاری و، پەروەردەی چەواشە و، کلتووری دواکەوتوو (بۆچوونی دواکەوتوو) بەرامبەر بە (کار)و (بەرهەمهێنان) و خزمەت بە نیشتمان و کۆمەڵ و دەوڵەت.

هەر یەک لە پەرەگرافەکانی ئەم خاڵە شەرحی زیادی دەوێ، بۆ نموونە: رژێمی بەعس هاوولاتی فێرکردبوو، بە تەنها چاوی لە دەستی حکومەت بێ، خەڵکی بە تەمەڵی راهێنابوو، لە بەرهەمهێنان دووری خستبوونەوە. جووتیاری کوردستان کە بەچالاکی و بەرهەمهێنان و رەنج و ژیانی سەربەرزانە ناسراو بوو، بوو بوو بەکۆیلەیەکی بێ دەسەلات و بێ ورەو بێ ئومێد، خۆی بە خاوەنی هیچ نەدەزانی، ئینتیمای نیشتمانی و کۆمەلایەتیی ئەوەندە لاواز کرابوو، کەسایەتیی تێکشکاو بوو، ئامادەی قبوڵکردنی هەر بارێکی نالەبار بوو. توێژو

چینەکانی تریش، وەکو جووتیاران، بەو دۆخە نامۆیە گەیشتبوون.

٢- دوای راپەڕینی ١٩٩١ گەمارۆی ئابووری و فشاری رژێم و دەوروبەر ئەوەندەی تر باری کۆمەڵگەی ئاڵۆزو باڵۆز کرد. لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام، ساڵی ٢٠٠٣یش حاڵەتێکی تری خراپ هاتە کایەوە، کە ئێستا ئاکامەکەی دەبینین لەگرانی و قات و قڕی و قەیرانی سووتەمەنی و کارەباو توندو تیژی و تیرۆرو شەڕوشۆڕ.

لە ماوەی ١٥ ساڵی دواییدا، هەر چەندە ئازادیی سیاسیمان بەدەست هێنا، بەڵام نەمانتوانی برێک پشوو بدەینەوەو بحەسێینەوەو لەسەرخۆ بیر لە هەلومەرجی کۆمەڵگە بکەینەوە. لەو تۆزە دەرفەتەش، ناوبەناو، بەدەستمان کەوتووە وەکو پێویست نەمانتوانیوە ستراتیژیەتی درێژخایەنی ئاوەدانی و گەشەپێدان و ئاییدەمان، دابڕێژین. ئەمجا نەمانزانیوە، یا نەمانتوانیوە یان نەمانکردووە، ئەنجامەکەی یەکە، کە ئیمڕۆ دەبینین، هەندێ جار دەمانتوانی شتی چاکتر ئەنجام بدەین بەڵام خولاسەی کەلام، ئەوەیە کە ئیمڕۆ لەبەرچاوە.

چاکترین شت کە نەمانکردووە، دەبێ بیکەین، ئەوەکە، وەکو لە (بەرەی کوردستانی) دا بڕیارمان دابوو، لە سەر رێبازی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەی ناوخۆ بڕۆین، نەک بە چەک و توندوتیژی هەوڵی لەناوبردنی یەکتر بدەین چاکترین کار، کە نەمانکردووە، ئەوەیە خۆمان لە شەڕی ناوخۆ بپارێزیبا..

٣- کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەی گواستنەوە نەبوو لە سیستەمێکی داخراوی تەمەڵی بەرهەمنەهێنەرو دواکەوتوو و دەست و زمان شەکەتدراو لە کۆت و زنجیری ستەم و قەدەغەدا، بۆ سیستەمی ئازاد، سیستەمی کراوەو پێشبڕکێی ئازادانە، سیستەمی جیهانێکی نوێ، دوای تەواوبوونی شەڕی سەروو، سەرهەڵدانی سەردەمی جیهانگەری و شۆڕشی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ.

راپەڕینی کوردستان ساڵی ١٩٩١ هاوکات بوو لەگەڵ پەیدابوونی کوتوپڕی

ئەو سیستەمە نێو دەوڵەتییە تازەیە. کۆمەڵگەی کوردستان، وەکو زاراوە لاتینییەکە دەڵێ، «شۆک» بوو، تووشی گەشکە و سەرسامی و سەرگێژی بوو... لە ژیانی کۆمەڵایەتی شوانکارەیی و خێڵایەتی و کۆنترین داوونەریتەوە، بۆ سیستەمی مۆدێرنی تەکنەلۆجیای نوێترین دۆزینەوی زانستی... وەکو بڵێی لە دەمەو ئێوارەی چاخی بەردین و راوو خۆڕسکییەوە بەرەو چاخی پڕ لە سەیرو سەمەرەی سەدەی بیست و یەکەم.

کۆمەڵگەمان هێشتا ئەو وەرچەرخانەی نەهەرسیوە (هەزم نەکردووە)، ئاشکراترین دیاردەی کۆمەڵایەتی ئەم قۆناغە لە دوورکەوتنەوەی (بەڵکو دوورکەوتنەوەی هەرە زیادی) نەوەکانی تازە لە نەوەکانی کۆن، کە لە دوو دۆخی ئێجگار جیاواز دەژین دوو ئاستی بیرو بۆچوون، دوو تێگەیشتنی زۆر لەیەک جیاواز، دوو ئامانج و دوو داخوازی و حەز. هەر بۆیەش زۆربەی هەرە زۆری خۆپێشاندەرانی ئەم دواییە لە گەنجەکانی نەوەی تازەن، بەتایبەتی ئەوانەی دوای راپەڕینی ١٩٩١، واتە لە ژێر سایەی ئازادیی بیروڕا و مافی مرۆڤ و تەکنەلۆجیای تازەی مەعریفەت و گەیاندن چاویان کردۆتەوە. ئەمانە نەوەی بیست و یەکن..

ئاوات و داوای ئەم نەوەیە بەرزو زیادە، بەرزتر و زیاترو دوورتر لە ئاوات و داوای نەوەکانی پێشوو، کە سادەو ساکارو بچووک بوون.

بەخۆمان، ١٠-١٥ ساڵە منداڵان و لاوان بەمافی خۆیان دەناسێنین کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە. هەر مرۆڤێکیش لە مافی خۆی تێگەیشت، ئیتر دەستبەرداری نابێت دیالێکتی پرۆسە کۆمەڵایەتی، بەو جۆرە، کێشەکانی بەرەو تەقینەوە دەبات، ئێمە کە خەڵکمان بە مافی خۆیان ناساندووە، کردارێکی چاکمان ئەنجامداوە، بەڵام بەقەبارەی مافەکان لە رووی پراکتیکەوە هەلومەرجی پیادەکردنی مافەکانمان نەڕەخساندووە.

٤- ئاکامی شەڕی ناوخۆ: ململانێی حزبایەتی ناوخۆ بارێکی سەیری خستەوە، ئەنجامەکەی ئەوەبوو، هەر لایەک تا توانی (بۆ ڕاکێشانی خەڵک بە دەوری خۆیدا) بەڵێن و ئامانجی گەورەتری خستە ئەستۆی خۆی و،

جەماوەری خەڵکی چاوەڕوانی ئاواتی بەرز راهێنا، تا وای لێ هات، کە رادەی چاوەڕوانی و ئومێدی گەورە (بەڵام بێ ئەساسی واقیعی) بە پلەیەکی بەرز گەیشت و، ئیستا ئیتر زەحمەتە ئەو کەلێنە لە نێوان واقیع و توانا لەلایەک، بەڵێن و چاوەڕوانی خەڵک لەلایەکی ترەوە پڕبکرێتەوە.

ئیمڕۆ خەڵک، چ لایەنگرانی حزبەکان، یا هاووڵاتییان بەگشتی، داوای بەدیهێنانی ئەو سۆزو بەڵێنانە دەکەن.

لەهەر کۆمەڵگەیەکا، لەوە خەتەرتر نییە کە توانای ئاستی واقیعی بەدیهێنانی ئامانجەکان نزمتر بێ لە رادەی بەڵێن و چاوەڕوانی.

ئیمڕۆ بەو شێوەیە (کە تەنیا شێوەیەکی ئاکامی شەڕی ناوخۆیە)، باجی ئەو شەڕە، دەدەینەوە و، کە هێشتا ئاکامی تری بە دواوەیە، دانیش بەو راستییانەدا نانێین!

دەسەڵات وەکو جامی شەڕابە، بڕێک زیاتری لێ بخۆیتەوە مەست و سەرخۆش دەبی، ئێمەی کورد بە دڵۆپێکی شەڕاب تەنیا دڵۆپێکی بچووک، سەرخۆش بووین.

زوو لە خۆبایی بووین، بەر پێی خۆمان نەدەدیت.

فەلسەفەی ئەم باسە هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێ. لە بەشی دووەمی وتارەکەدا بەڵکو بە سەرەنجامی بگەین... ئەگەر بگەین!

بە سەرکەوتنێکی بچووک سەرخۆش بووین– راپەڕین و ئەنجامەکانی مەزن بوو، لێ سەرسام و گێژبووین، هەوای ئازادی سەرمەستی کردین.

میللەتانی ژێردەست و دواکەوتوو بە کەمترین دەسکەوت لە خۆبایی دەبن، خۆیان ون دەکەن، لە هۆش دەچنەوە.

هەرچەندە راپەڕین و هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و فیدرالیزم، بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، دەسکەوتگەلی گەورە بوون، بەڵام دەرکەوت هێشتا زیادمان ماوە، رێگەکەمان سەختترە. ئەو سەرخۆشییە هۆکارێکی (تەنیا هۆکارێکی) کێشەو ململانێی نالەباری ناوخۆیە.

ئەوەتا تازە چاو دەکەینەوەو، تازە بەتازە هۆش بە بەری کۆمەڵگەی کوردەوارییا دێتەوە. ئیمڕۆ ئیتر دەبێ قەرەبووی هەندێ، یا زۆربەی، ئەو زیانانە بکەینەوە کە ساڵانی نەهاتی و نەگبەتی بەرمان کەوتوونە... زیانی وەها گەورە هەیە کە قەرەبوو نابێتەوە، ئەویش بە فیڕۆچوونی وەخت و تەمەنە، جگە لە گیان و تواناو وزەی نەوەیەک.

لێ نابێت ئومێدبڕ ببین، بەڵکو هەوڵ بدەین بۆ پڕکردنەوەی زیانی ماددی و، ژیانی باشتر بۆ چین و توێژە هەژارو کەمدەرامەتەکان و، جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵایەتی کەم بکەینەوە.

بێگومان، ئێستاش، لە توانادا هەیە کرداری چاک و بەرز ئەنجام بدەین. ئەو توانایە بە فیڕۆ نەدەین، بۆ ئەوەش نەخشەو پلانی زانستییانەی گەرەکە، لەگەڵ چاکسازی لە شێوەی کارگێڕیدا.

بۆ هەموو ئەوانە... چاکسازیی بیرکردنەوەی گەرەکە. کەوایە، رەنگە بشێ، چەند خاڵ بە ناونیشانی رێچکەی سەرکەوتنی داهاتوو، دابنێین:

١- خاکەڕایی، واتە: لە خۆبایی نەبوون. بەڵکو دەبێ تۆزێک لە هەوای سەرکەوتن دابەزین و، لە خاکی بەرپێ ئاگادار ببین، بزانین لە کوێداین. خۆمان بخەینە جێگەی سادەترین و نەدارترین توێژی کۆمەڵگەو، بە هێمنی بیر بکەینەوەو بە خۆمانا بچینەوە، تا ئەو رادەیە لە تێڕوانین و رامانی (بۆدایی) نزیک ببینەوە.

٢- شێوەی بیرکردن بگۆڕین، ئەم پرۆسە فەلسەفییە، رەنگە بە بڕوای هەندێ کەس، تەنیا شیاوی بیرمەندان و رووناکبیرانە... بەڵام هەر کەسێک بۆی هەیەو، دەتوانێ، ببێ بە خاوەنی بیرو دەسەڵاتی فیکری خۆی و، خۆی بگۆڕێت.

هەر گۆڕانکارییەک لە بیرو ئەندێشەوە دەست پێدەکات.

لە زماندا کێشەی زاراوەی شایستەمان هەیە. بۆ نموونە بە چ پرۆسەیەک (بیر) بڵێین، یا (ئەندێشە)، یا (هۆش).

ئەدەبیاتی کۆنی کوردی و زەردەشتی هەندێ کلیلی بیرکردنەوە بە دەستمانەوە دەدەن.

لە زاری گۆران (هەورامی) کۆندا وشەی (ئۆشۆ) بۆ عەقڵ و دانایی بەکارهاتووە. لە شیعری (ئەڵماس خانی کەڵهوڕی) بەر لە ١٠٠-١٥٠ ساڵدا، بەو مانایە هاتووە. وشەی (ئۆشۆ) لە (هۆش)ەوە نزیکە. لە کلتووری زەردەشتیدا وشەی (ئەشا) مانای: راستی و دادو یاسایی پەروەردگاری دەدا و، وەکو تەرازوویەکە بۆ پێوانەی خێرو شەڕی مرۆڤ. واتە: ئینسان دەبێ خۆی لەگەڵ یاسای (ئەشا) بگونجێنێ، کە ئەگەر چاکەی نەکرد، چاکەی نایەتە رێ. واتە: (ئەشا) جۆرە ویژدان، یا جۆرە هۆشدەرێکە، لەوێوە ئینسان ئازادە چاکە بکات یا خراپە. هەڵبژاردن بەدەستی خۆیەتی، دەتوانێ بە دەنگی (ئەشا)ی خۆیەوە نەچێت. (ئەشا) لە دانایی یەزدانەوە هاتووە. لە جێگەیەک دەڵێ: (ئەشاوە هێشتا)، واتە: راستی والا و گەوهەری داد، ئاینی زەردەشتی ئاینی داد و راستییە و، لە هەموو جێگەیەک دژی (درۆ)یە.

٣- راستی و دوورکەوتنەوە لە (درۆ). درۆ ماڵی وێران کردین. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان میللەتانی رۆژهەڵات و رۆژاوا دواکەوتوو و (پێشکەوتوو)، رەفتاری ئەخلاقیانەیە لە نێوان (راستی) و (درۆ). ئەوان ئەگەر ستەمیش بکەن یاسایەک لە ژیاندا زاڵە ئەویش (راستگۆیی یە). لای ئێمە (درۆ) زاڵە. نەخۆشییەکانی تر لە (درۆ)وە دێ... وەکو: فرت و فێڵ لە کار و پێوەندییەکان و سەراپا ژیاندا. خۆ دزینەوە لە کارو وەزیفە دەردێکی کۆمەڵایەتیی تەشەنە سەندووە، ماکەکەشی (درۆ)یە.

لێرەدا مرۆڤ درۆ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکدا دەکات و فێڵ لە ویژدان... ویژدان رێگە بە (درۆ) نادات. هەروەها (ئەشا) و هۆش و عەقڵ رێگە بە (درۆ) نادات. بەلام ئێمە ویژدان و عەقڵ و هۆشی خۆمان خنکاندووەو تاساندووە. نازناوێکی زەردەشت (ئەشۆ زەردەشت)ە، واتە: زەردەشتی راستگۆ و دادپەروەر.

٤- کاری دروست، بەمانای کاری جیدی و پوختەو وردو دڵسۆزانە، مرۆڤ

تێدا بەهرەو توانای بە خەرج دەدات و هەوڵ دەدات بە چاکترین شێوە دەری بهێنێت. گرفتێکی ریشەیی سیستەمی کۆمەڵایەتیمان (کار نەکردنە). بەلای منەوە لە بواری (کار)دا سێ کێشەمان هەیە:

أ- بێکاری، کە لە بەر چاوەو، توێژێکی فراوانی لاوان دەگرێتەوە.

ب- کارنەکردن، واتە: ئەوانەش کە کاریان هەیە بە تەواوی کار ناکەن، زۆربەیان خۆیان لە کار دەدزنەوە، (درۆ) دەکەن، رازین (؟؟) کە مووچە وەربگرن و کار نەکەن. ئەمە چ دارِمانێکی ویژدانییە کە ئادەمیزاد قایل بێ نانی تەمەڵی بخوات و، بەبێ کۆشش و رەنج دەسمز وەربگرێت، ئەمە دزێوترین وێنەی (درۆ)یە کە ئاین رەتی دەکاتەوە. واتە نە بەس بێکاریمان هەیە، بەڵکو کارنەکردنیش سەربارە.

ج- کەمتەرخەمی و وردنەبوونەوە لە کار. هەر پیشەسازو هەر کرێکارو کارمەندو هەر کەسێک لە هەر کارو وەزیفەیەکدا، دەبێ راستگۆ بێ و هەوڵ بدات بە دیقەت و وردکاری و هۆشیاری و ویژدانەوە کارەکەی ئەنجام بدات. ئەمەشمان کەمە. سیمایەکی سەرەکیی شارستانیی پێشکەوتن دیقەت و وردکاری و دڵسۆزییە لە کاردا. لە رێگەی (درۆ) و خۆ خەڵەفاندن و خۆ فریودانەوە هیچ کەسێک و هیچ کۆمەڵگەیەک پێش ناکەوێت و بە ئەنجام ناگات.

رێگەی سەرفرازی و رزگاری پەیرِەوکردنی ویژدان و عەقڵ و راستگۆیی و دروستکارییە. ئەشۆ زەردەشتی پەیامبەر لە رێگەی ئەندێشەو ویژدان و دیدی دەروونییەوە پەروەردگاری ناسیوە و پەیامی ئەوی وەرگرتووە.

٥- سۆشیال: سیستەمی ئابوری و ئیداری و تەندروستیمان نە سوسیالیستی تەواوە، نە سەرمایەداری لیبرالە. شتێکە لەو نێوانەدا. بارێکی قورسی حکومەت ئەوەیە کە لە سیستەمی رژێمی پێشوو ماوەتەوە: حکومەت دەبێ شتی ئەساسیی هاووڵاتییان دابین بکات. هەر بۆیەش رێژەیەکی بەرزی خەڵک مووچە وەردەگرن بەبێ ئەوەی بەرهەمیان هەبێ،.

تاقیکردنەوەی سوسیالیستی لە بواری تەندروستی و پەروەردەوە باش بوو، هەر بۆیەش دەبێ سیستەمێکی تازەی دڵنیایی (تەئمین) بەتایبەتی بۆ تەندروستی دابڕێژین. پەرەپێدانی دڵنیایی بۆ ژیان و تەندروستی و ماڵ و موڵک و شتی تر، زۆر پێویستە، چونکە دڵنیایی کۆمەڵایەتی سەقامگیر دەکات.

دەبێ هاوسەنگی لە نێوانی بەشداربوونی کەرتی حکومی (سوسیالیستی) و کەرتی تایبەتی (دروست بکەین) هەروەها لە نێوان دڵنیایی حکومی و کەرتی ئازاد بۆ نموونە، ئەگەر سۆشیال (کۆمەکی دەوڵەتی -حکومی) بۆ نان و خۆراک نەمێنێ قەیرانی گەورە دەنێتەوە. ئەگەر نەخۆشخانەی حکومی نەمێنێ دیسان گرفتی زیاد بۆ زۆربەی خەڵک دروست دەبێ (چونکە نەخۆشخانەی حکومی جۆرە سوشیالێکی دڵنیاییە). مەترسی لەوەدایە پزیشکان روویان لە دانانی نەخۆشخانەی تایبەتییە، کە باجەکەی هەژاران دەیدەن، چونکە کرێی تیمار زۆر گران دەبێ.

ئێمە هەموو شتێکمان بازو ئازاد هێشتووە بەبێ کۆنترۆڵ، هەروەکو نرخی کاڵاو شتومەکی بازاڕ. تەوەرێکی گرفتەکە ئەوەیە: کەی لەجیاتی ئەوەی حکومەت هەموو شتێک بکات، هاووڵاتییان فێر ببن چۆن هەوڵ بدەن و بەرهەمهێنەر بن؟؟

کارو، دروستکاری، مەزنترین سەرمایەیە، نەک تەنیا پارەو سامانی سروشتی. میللەتانی تر، وەکو کۆری و ئەڵمانی و ژاپۆنی، بە دروستکاری وڵات و ژیانی خۆیان دروست کردەوە.

٢٠٠٦/٨/١٥

# هەر کەسێ چرای خۆی بێت

کەس، پەنا بۆ پەناگای هیچ کەسی تر نەبات، جگە لە پەناگای خۆی.

جیهانی ئەندێشە بێ سنوور و بێ کۆتاییە.

(بوودا)ی دانا دەڵێ: کەس بە شوێنی (بوودایی بوونا) نەگەڕێ، چونکە هەر کەس بە خۆی بوودایە./ بوودایی‌بوون، یانی: رۆشن بوونەوەی دەروون (بوودا)، یانی: رۆشن بووەوە، پێگەیشتوو، بە هیچ گەیشتوو، بەوەی کە لە هیچەوە بۆ هیچ دەڕوات.

ئەو، ئادەمیزاد بە چرای خۆی دەزانێت، بە رۆشنکەرەوەی خۆی ناو دەبات.

ئەسڵی مەبەستیش لە ئاینی بوودا دا گەیشتن بە ڕۆشناییە، هەروەها مەبەستی گشت ئاین و فەلسەفەو مرۆڤایەتی و هزرە بەرزەکان... فەلسەفەی (ئاهێسما)ی مەهاتما گاندی لەوێوە هاتووە کە گەوهەری پێگەیشتن و رۆشنایی دەروونی (یا دەروون- رۆشنی و رۆشن- بینی) ئەوەیە کە ئینسان بە پلەی رزگاری لە (حەزی ئازاردان) بگات. واتە: ئیتر بەو بڕیارە ویژدانییە بگات کە ئیتر ئازاری هیچ گیاندارێک (جان دارێک، زیندەوەرێک) نەدات، هیچ... هیچ... ئیتر چی بگات بە رەگەزی ئادەمیزاد لەم ئاینەدا رەنجاندنی دڵ و رۆحی ئینسان گەورەترین ئازارو تاوانە، ئیتر چی بگات بە کوشتنی یا تاراندنی و تاڵانکردنی.

رۆحی ئینسان، هەروەها رۆحی هەر گیاندارێکی زیندوو، لە پەڕەی گوڵ ناسکترە. رۆح وەکو پەپوولەیە و گوڵیش هەر گوڵە. گاندی دەڵێت کە لەگەڵ هەموو گیاندارانی تری سەر ئەرزدا پێکهات و گونجاو پەیمانی دۆستایەتی بەست لە هیچیان نەدەترسا... تەنیا ئەفسووسی ئەوەی دەخوارد کە نەیتوانی لەگەڵ مارو دووپشک هەڵ بکات. دەیگوت: نازانم بۆچی هێشتا ترسی مارو

دووپشک لە دڵما ماوە.

دەرکەوت مار، ڕق و کینەی خەوتووی دەروونی شەڕخوازانە، هەروەها دووپشک ژاری دڵی ئەو کەسانەیە کە لە ئیرەییدا خنکاون!

ئەوە بوو گاندی بە پێ دەڕۆیشت، سەدان هەزار کەس لە تەکیا رووی لە پاکستان بوو کە تازە جیا بووەوەو شەڕی ناوخۆی هندۆسی و موسڵمان گەرم بوو، (گاندی) دەیویست پێڕا بگات تا ئاگری ئەو شەڕە دابمرکێنێت...

بەڵام هاوڵاتییەکی خۆی، لە پڕ لەناو حەشاماتا خۆی بە گاندی گەیاندو تەقەیەکی لێ کردو، کوشتی. بۆچی؟ هێشتا روون نییە. بەڵام، رەنگە مارو دووپشکی رقی دەمارگیریی ئاینی و نەتەوەیی بووبێت کە لە سنگی ئەو بکوژەدا جووڵاونەتەوەو بە گاندیانەوە دابێت، ژاریان پیا پژاندبێت. دیارە هەقی بووە کە ترسی مارو دووپشکی لە دڵا دەرنەچووە.

زۆرکەسی تر پێڕا ناگەن، چونکە ماری رق و دووپشکی دەروونیی ئیرەیی ئەم و ئەو ژاریان بەجەستەدا دەکات.

هەمووی هیچە.

لە دەشتایی ئەم هیچستانەدا، کۆتایی بە ژیانی ئینسانگەل دێت و، چراکەیان دەکوژێتەوە. تۆ هەوڵ بدە هەمیشە چراکەت هەڵکراو بمێنێت، دەوروبەرت رۆشن بکاتەوە. پەنا بۆ هیچ کەسی تر مەبە، چونکە نازانی مارو دووپشک لە هەناوی کێوە چزوو دەردەهێنێ و دەستی خۆی دەوەشێنێت.

(بوودا) دەڵێت: تۆ خۆت: بوودای. تۆ لەهەر کوێ ببیت ئەوە بوودا لەوێیە. خۆت بوودای، چرای خۆت بمێنە، کەسی تر چرات بۆ هەڵناکات.

دەیانەوێ دەوری شاری بەغدا بە هەڵکۆڵینی خەندەق (خەندەک/کەندەک/ کەندال) بپارێزن، ئەگەر مارو دووپشکی دەمارگیری و خۆپەرستی کوێرانە لە ناوەوە بن و، لەناخی دەروونا گەرایان دانابێ، ئەوە شوورەو خەندەقی دەرەوە بە کەڵکی چی دێن؟

لەدەرەوە مەترسە. دوژمن قەت ناتوانێت لە دەرەوە هێرش بهێنێت بەڵکو لە

ناوەوە بنکوڵی دەکاو هەرەسی پێ دەهێنێ.

شاری بەغدا لە ناوەوە هەرەسی هێناوە، پووکاوەتەوە، رمیاگە، کەفتگە، خەندەق و شوورەو تۆپ و هێزی دەرەکی تر، ئیتر دادی نادات.

بەغدا چرای کوژاندووەتەوە رووی لە چرای دووری خەڵکی ترە.

پەنای بۆ پەناگەیەکی پڕ لە دووپشک و مار بردووە

وریا بە وەها نەکەیت بەخۆت. وریا بە...

مار و دووپشکەکانی بەغدا لە سەردەمی دروستکردنیەوە، لەوێدا پەروەردەبوونە و مۆڵیان خواردووە و چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئاوەهان تا ژارەکەیان فڕێ دەنە دەرەوە، لەوێدا کانیاوی ژارو چڵکاو و ڕق و کینە تەقیوەو بڵق دەدات، دەبێتە لافاوێک پڕ دەکات دەبات و، جادەکان دەبەستێت تۆ بۆ خۆت، هەمیشە چرای خۆت ببە... هۆشیار بە جیهانی ئەندێشە بێ هاوتایە. هەمووی لەو جیهانەوە سەر هەڵدەدات.

لە سارای ئەم هیچستانەدا چرایەکی ترم لێوە دیار نییە مەگەر چرای خۆم نەبێت. بە هەزاران کەس بەبێ چرا، دەخولێنەوە، چونکە لە مێژە چرای خۆیان فڕێ داوەو پەنایان بۆ تیشکی کزی مۆمی خەڵکی تر بردووە.

بوودا، یانی رۆشنایی دەروونی خۆت. بوودای دانا، لە ژێر درەختی هەنجیردا دانیشت و لەگەڵ خۆیا پەیمانی بەست : گوتی، ئەمجارەیان لێرە نابزوێم، هەڵناسم، تا بە ڕۆشنایی دا، گەڕاو..گەڕا، بە جیهانی ئەندێشەی خۆیدا گەشتی کرد (گەشتیا) تا بەپلەی ڕۆشنایی گەیشت. دیتی کە خۆی رۆشناییە و رۆشناییەکە خۆیەتی گوتی: هەر کەسێک، بۆخۆی، ڕۆشناییە، چرای خۆیەتی، لەهیچ جێگایەکی تر بە شوێنی چرادا سەرگەردان و وێڵ مەبە هەمووی لە ئەندێشەوە بۆ ئەندێشەیە، لە هیچەوە بۆ هیچە، لە هیچ هیچی تر، هیچە؛ لە ئەو دیوی هیچستانەدا هیچ نییە، تەنیا خۆت نەبێ کە چرایەکی گەشی..... ئیتر تاد!... تاد!...تاد!

٢٠٠٦/٩/١٩

## هیچ شتێک نافەوتێ...
## کۆنترین تیشکی رووناکی لەگەڵمانا ماوە

(هیچ)، نافەوتێ.

هەر شتێک بفەوتێ، ئەوە (هیچ) هەر دەمێنێ.

رووناکی شتێکە، لە هیچ زیاترە، بەڵام هەر دەمێنێ.

خەڵاتی (نۆبل)ی ئەمساڵ، بۆ زانستی فیزیک، بە دوو زانای فیزیکی ئەمەریکایی بەخشێنراوە کە مرۆڤایەتییان لە تێگەیشتنی نهێنییەکانی دروستبوونی ئەم گەردوونە نزیکتر خستووەتەوە.

لە بەرە بەیانی بە ئاگاهاتنی ئادەمیزادو ترووسکەی هۆشیاری و تێگەیشتنی، هەمیشە عەوداڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بووە:

- من کێم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ؟ ئەم گەردوونە چییە و؟ چۆن و کەی پەیدابووە، یا خوڵقێنراوە؟ و چەندین پرسیاری هەمیشەیی تر.

دوو فیزیکزانی ئەمەریکایی، جۆن ماسەر و جۆرج سمۆت، پاشینە (خلفیە)ی ئەو شەپۆڵە بچکۆلانەی گەردوونییان دۆزیوەتەوە کە بە «کۆنترین تیشکی رووناکی لە گەردووندا» دەژمێردرێت.

ئەم رووناکییە هەرە کۆنە، لە هەموو جێگایەک، لە دەوروبەرماندایە، و لە زەمەنی دوا بەدوای تەقینەوە گەورەکەوە، دێ، کە بە (بانگی گەورە، Big Bang) ناسراوە.

واتە: ئەم رووناکییە دێرینە نیشانەی سات و کاتی دوای تەقینەوەی گەورەی لەگەڵدایە، کە هەڵگری سەروسیماو تایبەتمەندییەکانی شەپۆڵە بچکۆلانە گەردوونییەکەیە. زانایان دەڵێن: سەروسیمای پاشینەی ئەم شەپۆڵە، شێوەی

پەیدابوونی گەردوون ئاشکرا دەکات.

پاشینەی ئەو شەپۆڵە بچکۆلانە، ناوی «دەنگدەرەوەی تەقینەوە گەورەکەی»، لێنراوە ئەوەش لەو تیۆرییەوە هاتووە کە گەردوون بەر لە نزیکەی ١٤ ملیارد ساڵ، لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی هەرە مەزن، پەیدابووە. دوا بە دوای تەقینەوەکە پلەی گەرمای گەردوون ئێجگار زیاد بووە.

دوای ساردبوونەوەی گەردوون، تا ئەوکاتەی زەرەی هایدرۆجین پەیدا دەبێ، ئیتر ئەو تیشکەش دروست دەبێ، کە بە«شەپۆلی بچکۆلانەی گەردوون» ناودەبرێت.

زاراوەی «کوب» کورتکراوەی دەستەواژەی «دۆزینەرەوەی پاشینەی گەردوونییە»، و مانگێکی دەستکرد، بەو ناوە، لە پاشینەی شەپۆلە بچکۆلانەکەدا «لەرە لەری» بەدی کردووە، کە وەها پێدەچێ ئەوە لەرینەوەی پێکهاتە سەرەتاییەکانی گەردوون بووبێت. بەو پێکهاتە سەرەتاییانە «تۆ و ماکی کاکێشانەکان» دەڵێن.

کەواتە، ئادەمیزاد خەریکە لە لەرەلەری پێکهاتەی سەرەتایی ماددەو، لە سەرچاوەی کۆنترین تیشکی رووناکی گەردوون، نزیک دەبێتەوە. لە مێژە تیۆرییەک پەیدابووە بەناوی «داو، یا وەتەری» هەرە باریک، کە گوایە ئەسڵی پەیدابوونی گەردوون بۆ ئەو داوە هەرە بچووکانە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە لە«لەرینەوەدان»، واتە: لەرینەوە، سەرەتاترین بزووتنەوەی ئەم گەردوونەیە، هەر بۆیەش دەڵێن کە گەردوون مۆزیک و ئاهەنگە، وەکو (فیساگۆرس)ی فەیلەسووف باسی لێوە دەکات. لە نێوانی ئاهەنگ و لەرینەوەی ماددەی سەرەتایی گەردوون و کۆنترین تیشکی رووناکی کە هەمیشەو لە هەموو جێگایەک لەگەڵماندایە، خەریکە بەو ئەنجامە بگەین و، بە زانایانی پایە بڵندو هێژا بڵێین:

– تکایە، بەسە! لەوە دوورتر نەمانبەن، لەوەش قووڵتر نەچن... دەترسێین لە بنی هەمانەی (هیچەوە) دەرمان بکەن! بهێڵن، با بەو هەندە بۆچوون و وێنەی

ڕەنگاوڕەنگی گەردوونەوە بژێین، کە تائێستا لە مێشک و دەروون و ڕۆحماندا نەخشیان بەستووە.

ئەو وێنانەمان لێ تێک مەدەن! تائێستاش، ئەوەندەمان بەسە کە بزانین هیچ شتێک نافەوتێ. ئەوەتا پێمان دەڵێن: مرۆڤ و گشت بوونەوەرێک تەلێکی داوی هەرە بچووکی بچووکە کە هەمیشە دەلەرێتەوەو، لە جفتێکی ئەلکترۆن پەیدا بوون! کەواتە هیچ!

هەر ئێوەش (زانایان) بە ئێمەتان گوتووە کە (ئەلکترۆن) تاکە هەڵگری هەست و هۆش و ڕۆحە، ئەویش نافەوتێ. جەستەی ئادەمیزادیش بمرێ و لە کاربکەوێ و دابڕزێت، ئەو ئەلکترۆنانە هەر دەمێنن... ئەم پەڕو ئەو پەڕی گەردوون دێن و دەچن... بەخێراترین خێرایی، خێراتر لە تیشکی ڕووناکی، دەڕۆن و... دەڕۆن!!

تێبینی: داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر زاراوە فیزیکییەکانم دروست لێک نەدابێتەوە. هەواڵی خەڵاتەکەی نۆبلم لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە. هەوڵمداوە ماناو ناوەڕۆکەکە بگێڕمەوەو بەس.

٢٠٠٦/١٠/١٧

# پیرشالیار

رۆمانی (پیرشالیار) داهێنانی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی، کە بەم دواییە دەستم کەوت و خوێندمەوە، وەکو رۆمانی (دەربار)ی مامۆستا خوسرەو جاف، جیهانی ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەن دکردووە.

رۆمانی (دەربار) لە گۆشەنیگایەکی هونەری و فیکری بەرزەوە نەتەوەی کورد دەخاتە چەقی رووداوە گەرمەکانی مێژووی هاوچەرخ، واتە، جگە لە چەندین هێمای تازەی رۆشنبیری کورد کە خوسرەو جاف، لە تۆی رۆمانەکەیدا، دەیانچێنێت، دەتوانین، بە مانایەکی تر، ناوی رۆمانی ریالیستی ی مێژوییش لە (دەربار) بنێین.

رۆمانی (پیرشالیار)، بە شێوەیەکی تر پەل بۆ گۆشەیەکی فەرامۆشبووی مێژووی کەلەپووری کوردستان دەهاوێژێ و بۆ بەرەبەیانی رۆژە دێرینەکانی هەورامان دەمانباتەوە، وەکو بڵێی کورد تازەبەتازە، خەریکە خۆی دەناسێتەوە، تا ئێستا پشتی لە سومبول و هێما جوانەکان و رەگەزە رەسەنەکانی خۆی، کردبوو، یا نەیدەزانی، یان شەرمی پێدەهات بە لایانا بچێت.

نامەوێ خوێنەری هێژا وا تێبگات کە من رەخنەی ئەدەبی دەنووسم، هەرچەندە ناتوانین لە جۆرێکی هەرەگرینگی ئەدەب، وەکو رۆمان، بەبێ دیدی رەخنەگرانە، بکۆڵینەوە.

من لێرەدا مەبەستم ئاماژەی مێژوویی و چەمکی ناسنامەی ناوەرۆکی ئەو جۆرە رۆمانە بڵندانەیە، وەکو (پیرشالیار) و (دەربار).

ئێستا وەکو بڵێی پتر لە هەر وەختێکی رابردوو پێویستمان بە دۆزینەوەو ناسینەوەی خۆمان، رەگەزە رەسەنەکانی کلتووری و سەرچاوە کۆنەکانە، هەرچەند کۆن بن.

د. جـەمـال ڕەشـیـد لەو چەند بەرگـەی کـە بـەزمـانـی عـەرەبی لە چاپی دا دەربارەی (مێـژووی پەیدابوونی کورد) ئەوەندە ورد و بوێرانە و زانسـتـییـانە، بەناخی وردە زانیاری و شوێنەوار و نووسینی سـەر دار و بەردی کوردستانا دەچێتـەوە، وەکو بڵێی مێـژووی ئەم خـاکە لەبەردەسـتیا بە لۆکـە و بە بیری ئازادەوە هـەلاجی دەکـا و دەیگوشـێت و هێـمـاو مـاناو ڕەگـەزی تـازەی لێ هەڵدەنجـێنێ. ڕەنگە هەمـوو کـەس لەگـەڵ دکـتـۆر جـەمـال ڕەشـیـد نەبێ و کـەسـانێک هـەبن ڕەخنەی توندیشی لێ بگرن، بـەڵام ئەو ئەوەندە بابەتـی نوێی ورد و گرینگ دەورووژێنێ، کە خـوێنەری بڕێک هۆشـیار و دڵ ڕۆناک بەگـەرمی پەسنی کارەکانی بداتەوە.

ئاخر ئەو زۆر شتی ڕاستەقینەی ڕابردووی دوورمان بە یاد دەخاتەوە، کە بە ڕابردووی نزیک و ئێستاوە گرێ دراون.

لە بەرگی دووەمی کتێبـەکەیدا ئاماژەی بۆ میـسیـۆلۆجیـای کۆنی کورد لە بارەی خـەڵقبـوونی (ئەفراندنی) گـەردوون و ژیانەوە. ئەفسـانە و چەمکە هـەرە کۆنەکانی زانستییانە، بەرامبەر بە میسیـۆلۆجیای سۆمەری و بابلی و یۆنانی و میسری و هی تری دانا، کە دەرکـەوت نەتەوەی کوردیش بەش بە حاڵی خۆی خوڵقێنەری چەمکێکی هزر و میسیـۆلۆجیا و باوەڕی یەکتاپەرستی و کلتووری و مرۆڤایەتییە ئەو میسیـۆلۆجیا و بۆچوونانەی کورد کە مامۆستای شادڕەوان مـەلا شـوکـور مـسـتـەفـا بـە جـۆرێک گـاڵتـەوە، دەربارەیـان دەینووسـی، دکـتـۆر جەمال ڕەشید هـەمووی خستەوە چوارچێوەی شایان و سروشـتیی ڕەوڕەوەی هزر و خەیاڵ و بیرو باوەڕی کۆمەڵی مرۆڤایەتی.

د. جەمال دەیەوێ بڵێ کە ئەو ئەفسانە و بیر و بۆچوونانەی کە باپیرانمان دەریان دەبڕی، هـەرچـەندە بە ڕواڵـەت سـاکـار بن، لە جـەوهـەردا بەشـێکی زیندووی کـەلەپووری ئادەمیزادن و هیچیان لە میسـیـۆلۆجی گـەلانی تر کـەم نییە. بەڵکو شان بەشانی ئەوانن.

دیارە ئەو ئـەنجـامگیـرییـە دەبێ بە ڕەگـەزێکی فـەلسـەفـەی نووسـینەوەی مێـژووی کورد کە وەکو نەتـەوەکـانی تر دەبێ بیسـەلمێنێت کە لەمێـژە لەسـەر

خاکی خۆیدا دەژی، خاوەنی مێژوو و کلتووری تایبەتمەندی خۆیەتی. ئەدی مێژووی کەلەپووری نەتەوەیی یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی سەلماندنی بوونی هەر نەتەوەیەک نییە؟

کەواتە، بۆچی بە پیری ئەو کۆشش و هەوڵدانە دڵسۆزانەوە ناچین کە مێژوو نووسان و رۆمان نووسان رەنجی بۆ دەکێشن.

تەماشای خەڵکی وڵاتی (میسر) بکەن چۆن بە مێژووی فیرعەونی خۆیانەوە دەنازن.

میسر وڵاتی زانکۆی ئیسلامیی ئەزهەر و لە ئاینپەروەریدا خۆی بە پێشەنگ دەزانێ و بەڵام ئەوەندەی خەریکی رازاندنەوە و دەرخستنی شوێنەوار و مێژووی سەردەمی فیرعەونەکانی بەر لە ئاینی ئیسلامە، ئەوەندە خەریکی ئەم ئاینە نییە.

هەندێ میللەت لە هیچەوە ئەفسانە و بەڵگەنامە بۆ مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام هەندێ کورد حاشا لە مێژووی نزیک و حاشا هەڵنەگری خۆیانیش دەکەن و ئەڵقەیەکی گرینگی وەکو مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی کورد رەسەن بە ناهەق دەپچڕێنن، رۆمانێک وەکو (پیرشالیار) رابردوویەکی زیندوو، کە شوێنەواری ماوە دەبووژێنێتەوە.

لە یەک دوو هەفتەی بەرێدا (جەژنی پیرشالیار) لە پێشگای گۆڕەکەی لە هەورەمان وەکو نەریتی جاران، کرایەوە، خەڵکی ئەو دەوروبەرە گرد بوونەوە، نان و خواردنیان دابەشی و زەماوەندی خۆیان گێڕا و بەوێرد و پاڕانەوە درووديان بۆ رۆحی (پیرشالیار) نارد و، چوونە چەند پریشکێک لە بەردی (کۆمسا) یان، لەبەر پیرۆزی هەڵگرت. ئەو بەردە نزیک گڵکۆی (پیرشالیار)ە.

ئەم جەژنە کە ئێستا کۆمەڵێکی بچووک دەیکەنەوە، بۆنەیەکی مێژوویی و ئاینی و کلتووریی کۆنە، بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، رەنگە لە سەرەتادا بۆ ٢-٣ هەزار ساڵ (بەر لە پەیدابوونی پیرشالیاریش) بگەڕێتەوە. چونکە وەکو نەورۆز بەکەش و هەوای سروشتەوە بەندە، دوور نییە پیرشالیاری یەکەم دواتر هاتبێ دەڵێن کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا پەیدابووە. لێ

ڕێوڕەسـمـەکە وەهـای پێدەچێت کە لـەو مـێـژووەش کۆنتـر بێ، دانەری ڕۆمـانـی (پیرشـالیار) بە زمـانێکی پاراوی ئەدەبی، ژیانێکی تازەی بە بـەرا دەکا و دەڵێ کە ڕەنگە ناوی (سـیـمـیـار) بووبێ، منـیش لەگەڵ ئەو باوەڕە دام، بـەهـەر حـاڵ (پیـرشـالیـار) بە هـەست و بیـر و ڕەگ و خـوێنی خـەڵکی هەورامـاندا چووە و، بەشێکی لە جیهانبینییانی ئەو پیرە دانایە مـاریفەتدار بووە، زانـا و ڕۆشـن دڵ بووە، لە پزیشکی گـیـاناسـیدا شـارەزا بووە، ڕەوشت بەرز و لە خـۆبردوو وەکو پیـرێکی مـەزنی زەردەشـتی ناسـراوە و کتـێبی هـەبووە. کـەواتە پیـرشـالیـار هێمایەکی گـەشـاوە و مەزنی مێژوو و کلتووری هـەورامـانە، نەبەس هـەورامـان بەڵکو هی گشت کـوردستـان. ئەفسـانەیەکی جێگیر و ڕیشـەدارە هـەر بۆیەش ناوی دووبارە بووەتەوە، مـێـژوو باسی پیرشـالیـاری سێـیـەمیش دەکات، واتە پیرشالیاری دووەمیش هەبووە.

جـەژن و بۆنەی بەڵگەداری وەها هـێمـایەکی گرینگی نەتەوەییـە ڕەنگە جگە لە جەژنی نەورۆز دوو سێ بۆنەی مێژووی وەهـامان هـەبێ.

هـەر میللەتێکی تر هەبا لە جیاتی کورد ئەو بۆنەیەشی دەقـۆزتەوە و دەیکرد بە کـەرنەڤـاڵ و زاخـاودانی مـێشکی نـەوەکان، بۆ زانیـاریی زێدەتـر لە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە باسی پیرشـالیـاری یەکەم هـاتووە، وەکو: - (بە فـارسی) تاریخ مردوخ، تألیف آیة الله مردوخ، تهران ١٣٢٤ کۆچی هەتاوی. (بەفارسی) کرد و پێویستگی نەژادی و تاریخیدا، تالیف ڕەشید یاسمی، تهران ١٣١٦ ک. هـ (بەعـەرەبی)، معجم البلدان، تالیف یاقوت الحموی، لایبزک ١٨٧٣ی زاینی. پیرشـالیاری زەردەشـتی، دانەر: محـمد صـاحب - بەغدا١٩٦٨ زاینی شـاخی هـەورامـــان، (هـۆنراوەی قـــانیع) بـەغـــدا ١٩٥٤ی زاینی، - مـــاریفـــەت و پیرشالیاری (دەسخەت)، دکتۆر سدیق بۆرەکەیی، (صەفی زادە) دەڵێ: کە ئەو دەسخەتە لە لای ئەوە.

مـێـژووی وێژەی کـوردی بەرگی یەکـەم، دانـانی: دکـتـۆر سـدیق بـۆرەکـەیی (صـەفی زادە)، بانە، کوردستـان، ١٣٧٠ی کۆچی هـەتاوی.

هـەندێ لە ڕێوڕەسمی جەژنی پیرشـالیار بەم شێوەیەیە:

له هەورامـانـدا هەمـوو سـاڵێک سی و پێنج رۆژ کـه ئەمـێنێـتـه زسـتـان، هەورامییەکانی دانیشتووی ئەو دێیەی کە گۆڕستانی پیرشالیاری یەکەمی تێدایە، لە خانووەکەی خۆیدا هەموو ساڵێک سێ رۆژ جەژن دەگرن، لەم جەژنەدا، خواردن هەر ئەو خواردنەیە کە لەو سەردەمەدا خواردوویانە وەک گۆشت و برِوێش.

هەروەها لە یەکەم رۆژی بەهاردا هەر کەسێک بە گوێرەی توانای خۆی بەرخ بێ یان کار (گیسک) یان گوێرەکە نیازی خێری پیرشالیاری لێ دەهێنێ بۆ ئەوەی لەو رۆژەدا سەریان ببڕن.. (بڕوانە: مێژووی وێژەی کوردی لە ل ١١٤ سەرچاوەی ناوبراو لەسەرەوە)..

هەمان سەرچاوە دەڵێ:

-رۆژێک بەر لە جەژنی (پیرشالیار) گوێزی باخی (ملەمارفا)، کە مەبەست ماریفەتی پیرشالیارە.. بەش دەکرێتەوە بەسەر خەڵکدا و بەوە ئاگادار دەبن کە سبەینێ جەژن دەست پێ دەکات و منداڵان بەیانی زوو لە رۆژی چوارشەمەدا دەست دەکەن بە گەڕان بە کۆڵاندا بە دەنگی بەرز دەڵێن: (کلاوڕۆژنە) خەڵکیش چی لەبەر دەستیاندا هەبێ منداڵان بێبەش ناکەن وەک گوێز و مێوژ و هەنجیرە وشکە و دانەوێڵە..

پیاوان هەموو لە خانووەکەی پیرشالیار کۆدەبنەوە کە ئەم خانووە لە ساڵێکدا سێ رۆژ دەرگای دەکرێتەوە و لە پێشەوە بە دوو ریز و بە نۆرە دەست دەکەن بە هەڵپەڕکێ.. لە دواییدا دەست دەکەنە نان خواردن.

سەرچاوەکە لەسەری دەڕوا و دەڵێ کە: ٤٥ رۆژ کە لە بەهارا دەڕوا زۆربەی خەڵک نیازی چوونە هەوارگەکان (کوێستان) دەکەن و دووبارە لەسەر گۆڕستانی پیرشالیار خۆراک دەخۆن و داوای سەرکەوتنی لێ دەکەن و ئەوسا روو بە هەوارگەکان بڵاو دەبنەوە ئەم هاتوچۆیە بەرەو گەرمیان و کوێستان نەرێتێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەرەکۆنە. پیرشالیار وێستگەیەکی گرینگیان بووە. لە کوردستاندا دەیان گرد و گۆڕ و جێگەی وەها هەیە کە

نازناوی (پیر)ی هەیە، دیارە هەموو پەرستگا و شوێنەواری پیرۆزی (پیرانی زەردەشتی) بوونە.

کوردستان ئاوەدانە، بە هێماو سومبولی گەشی مێژوویی، ڕووناکە. پیرشالیار (سیمیار) نیشانەیەکی بڵندە کە هێشتا بەرامبەر بە ستەمی دوژمنان و گەرداوی زەمانە، خۆی ڕاگرتووە و نایەوێت بفەوتێ.

٢٠٠٦/١٠/٣١

# سەمیرە

١

منی، منالّی پیر،

من، پیـری منالّ... جـەلالەدینـی روومی گـوتـەنی، زوو بە زوو بەو مـەقـامـە دەگەم، چەندیش خۆشە کە بەویَ دەگەم... (وەکو ئەو دەلّیّ):

-....« نەمەن، مەنەم»

«نەمەنەم، مەن.»

بەخۆی، بە فارسی وەها دەنووسریّت:

«نە من، منم

نە منم، من»

من بە دیکتـەی کـوردی هیّنامـەوە، کـە ئەگـەر فـارسـیـیـەکـەی بە کـوردی بخویّنریّتەوە ئەوەی لیّ دەردەچیّت کە«نەمەن، مەنەم»

«نەمەنەم، من».

وتەکەی جەلالەدینیش لەوەوە هاتووە، کە لە عیشقی خواناسیدا هەندیّ جار بەو دۆخە دەروونییـە (یا ویژدانی و رۆحییە) دەگات ئیتر نازانیّت کیّیـە؟ چییە؟ ئەویتر کیّیە؟ ئایا ئەو ئەمەیە ؟ یا ئەم بەخۆی ئەوی ترە؟

کامەیانە؟ هەربۆیەش بە سەرمەستییەوە دەلّیّت: خـودی خۆیی لیّ ون دەبیّ، لەگەلّ ئەودا دەبیّت بەیەک.

نەمن، خۆمم،

نەخۆم، منم...

مـەلای جـزیری و مـەحـوی و مـەولەوی لەو جـۆرە دەربڕینەیـان هەیە لیّـرەدا

دەرفەتی هێنانەوەیان نییەو، مەبەستم بەراوردکاری نییە، بەڵکو ئاماژەیە بە هەندێ حاڵەتی دەروونی هەر ئادەمیزادێک، کە لە هەندێ چرکەساتدا، بەبێئاگا، بەو دۆخەی روومی دەگات.

من (ناشڵێم لە ئاستی هەستی روومیدام) گەلەک جار دیمەن و شتی زۆر بچووک و سادەو ئاسایی وەها دەمهەژێنێ وەکو بڵێی لەخۆم چوومە، یا مەست و حەیران بوومە، دەست و پێم بزر کردووە، دەبم بە ئەو دیمەنە... لەوێدا دەتوێمەوە.

جاری وا هەبووە گەڵایەکی درەخت بەسەر ئاو کەوتووە، هێمن و لەسەرخۆ دەیبا... لەپڕدا وەهام بەهەست و خەیاڵدا دێت کە گەڵاکە پەیامێکی هێناوە، یا دەچرپێنێ و ماڵاوایم لێ دەکا... و وادەزانم... ژیان هەر هەندەیە، ئەو لەحزەیە، پەڕینەوەی گەڵایەکی درەختە، ماڵاوایییەکی ئەسپایی بێ هەراو ژاوە ژاوەو شین و فریادە. ماڵاوایییەو... هیچی تر.. هیچ!

لەو پلەیەدا دیسانەوە بە هیچستان دەگەم. وا دەزانم ئەو گەڵایە منم...

هەندێ جار لە ناخی دەروونەوە حەز دەکەم کە ئەوە من بم... ئیتر تێکەڵاوبوونی بوونەوەرەکانی وجود (کە من و گەڵاو ئاو و ئاسمان و بێدەنگی و چرپەی نەبیستراو و.. هی ترە)...

بوونەوەرەکانی وجود یەک دەگرنەوە... لێم ون دەبێ: کامەیان منم؟

ئاوەکە؟ گەڵاکە؟ ئاسمانە بێ ورتەکە؟ هەوا بێیەخەکە؟

گرینگ نییە بزانم. چونکە دەزانم: هەموویان منم... منم هەموویان.

تەنیا خۆمم

بۆ پەیدا نابێتەوە، نا دۆزێتەوە، مەگەر مەولەوی جەلالەدینی روومی، لەخۆمی نادیار بکەم و بڵێم: نەمن منم. نەمنم من.

٢

گەڵای درەختم بۆ نموونە هێنایەوە... تەنیا نموونەیەک لە سەدان نموونەی وجود کە رووبەڕووم بووەتەوە: لێزمەی هێمنی باران، بڵقی سەرئاو (ئەو بڵقە

جــوان و پڕ لە مــانايە، كــە دەڵێت: ژيان بڵــقی ســەر ئاوە)، يا: رەزێك، خاڵخاڵۆكێك، دابەزينی رێبوارانی فڕۆكە، پۆلێ منالان بەرەو قوتابخانە، ئافرەتێك چاوەڕوانی باسە، پەڵە هەورێك...

چوزانم! دنيا پڕە لە جوانی و ديمەنی دەروون هەژێن.

ئەو شــەوە خــاتوو (ســەمــيــرە) هێنامــيــە جــۆش، ســەرمــەســتی كــردم. ســەرگــوزشــتــەی (ســەمــيــرە) تراژيدييايە، كــارەســاتێكی مــرۆڤــە، دەردێكی كۆمەڵايەتييە، دەردی تەنيايی ئينسان، وەختێك كەس نەبێ گوێبيستی بێت، بيدوێنێت و، وەڵامی بداتەوە.

كەس نييە گوێی لە (سەميرە) بێت.

زيندووان، لە ئاستيا، گوێيان كەڕە.

(سەميرە)، كە لە زيندووان نائومێد بووە، هانای بۆ مردووان بردووە.

دەچێتە گۆڕستان، گۆڕە (چۆڵ و پڕەكان) دەدوێنێ. بۆيان قسان دەكات.

بۆيان دەگرێت... پێدەكەنێت. گۆڕەكانيان ئاوڕشێن و پاك دەكاتەوە.

خاتوو (سەميرە) لە رواندز، بە تەنيا لەگەڵ دايكی دەژی.

رەنگە لە دەوروبەری ١٥-١٦ ساڵە بێت. خــووی داوە لە گــۆڕســتــان، لەگەڵ مــردووەكــان دەدوێت. لەبەرنامــەی (پشــووی هەفــتــە)ی كــە پێــشــانـی دا ديارە (ســەمــيــرە) ژير و لەســەرخــۆيە. گــەسكی بەدەســتــەوەيە دەوروبەری گــۆڕەكــان خــاوێن دەكــاتــەوە، بە ئاو دەيانشــوات. دەڵێت: تەنيــا. زيندووان گــوێم لێ ڕاناگرن. تەنيا لە گۆڕســتــان دەحــەســێــمــەوە. هەندێ جار دوای نيوەشــەويش دێمە ناويان. ناترسم. (وەكو ئەوەيە بڵێت كە مردووان بێ ئازارن)... دەڵێت:

(دڵم تەنگ بوو، لە پای گۆڕەكان دەگرێم... زياد دەگرێم)...

ئەوەندە لەبەرنامەكە تێگەيشتم.

٣

ئەوشەوە تا بەيانی مەستی ئەو ديمەنە بووم. دەزانم كە مەينەتی (سەميرە)

تراژیدییە، گریانهێنەرە، خەمهێنەرە... لێ بیرو خەیاڵی من بۆ دیوەکەی تری دیمەنەکە چوو... بۆ دووری دوور... ئەوەتا کیژێک. زیندوو نایدوێنێت. پەنای بۆ رۆحی مردووان بردووە، گۆڕستان بە هیچ جێگەیەک ناگۆڕێتەوە هەست و دەروون و رۆحی (سەمیرە) لەوێدا ئۆقرەی گرتووە. لەو کات و ساتانە کە بۆیان دەگرێ، مەگەر چ نەهێنییەکە وجود لە ئارادا بێ کە هۆگربوونی گۆڕستان وەلامی رۆحی بداتەوە؟

(سەمیرە)، فەیلەسووف ئاسا، دەڵێ کە زیندووان پشتیان لە ژیان کردووە، زیندووان مردوون، مردووان زیندوون.. ئارامبەخشی ئەون...

لە لەحزەیەکی سیحراویدا (سەمیرە) دەبێتە نهێنییەکی قووڵ لە سارای هیچستانی وجودا. ئەو لە هیچەوە رووی لە هیچ ناوە. هیچستانی ئێمەی بڕیوە بەلێواری چەقی وجود گەیشتووە. بەرز رۆیشتووە. ئێمەی لەم زەڵکاوە گەنیوەدا بەجێ هێشتووە. ئەو لە هەمووان بەرزترە. ئەمشەو مەستم. مەستی مەستم.

(هەرچەندە تەنیاییەکەی دەردێکی کۆمەلایەتییەو کۆمەڵگە تاوانبار دەکا)...

ئەو چۆڵەوانیی هیچستانی بڕیوە... بوێرانە بەرەو ئەودیو دەڕوات.

٢٠٠٦/١٢/٥

# عاشقانی دیوار، دیوارن!

١

بەهاری ٢٠٠٦

هەرچەندە جاری یەکەم نییە سەر لە بەرلین دەدەم، ئەمجارەش لە شوێنی (دیوارەکەی بەرلین) رامام و، لە مۆزەخانەیەک چەند پارچە بەردی ئەو دیوارەم کڕی، ئەڵمانەکان بۆ نموونەی جیهانێکی رووخاو بە دنیادا بڵاوی دەکەنەوە.

لە ئەنجامی شکستی سوپاو رژێمی هیتلەر لە دووەمین جەنگی جیهانیدا (١٩٤٠–١٩٤٥)، بەرلین کەوتە ژێر دەستی هاوسوێندەکان: ئەمەریکا و ئینگلیزو فەڕەنسا و رووسیا، شاری بەرلین (پایتەختی ئەڵمانیا) کرا دوو کەرتەوە، رۆژهەڵاتەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت (رووسیا)و لەتەکەیتری بۆ ئەمەریکاو ئینگلیزو فەڕەنسا مایەوە.

دوای ١٩٤٥ یەکسەر جەنگی سارد لە نێوان هەردوو بلۆکی سوسیالیزم (رۆژهەڵات)و سەرمایەداری (رۆژئاوا) دەستی پێ کرد، لەو سەرەوە زلهێز بەرامبەر یەک راوەستان: یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا، ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم جەنگی سارد خەریک بوو گەرم ببێ، تا یەکێتی سۆڤیەت دیتی ململانێیەکە لە رادە دەچێتە دەرو، جەنگەکە لەسەر دەسەڵات و کارلێکردنی جیهانی لە شاری بەرلین بەتایبەتی و شارەکانی تری ئەڵمانیا بوو.

سەرەتای شەستەکان، لە پڕدا، دانیشتووانی بەرلین رۆژێک کە لە خەو رابوون دیتیان دیوارێکی ئەستوور و بڵند بە ناو جەرگی شارەکەیان دامەزراوەو، هاتوچۆ بۆ (ئەودیوی دیوار) قەدەغە کراوە. هەزاران کەس بوون بە قوربانی کۆشش و تەقەلای پەڕینەوەو هەڵاتن بەرەو «بەهەشتی

سەرمایەداری».

من ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ بە خزمەتی ئەو دیوارە گەیشتم، کە لە سەرەوە بە سیمی دڕکدار چێنرابوو و هەزاران سەربازی رووسی و ئەڵمانیی (رۆژهەڵات) پاسەوانییان دەکرد.

من وەکو مێوانێک بۆم هەبوو، لە رێگەی دەرگایەکی تایبەتەوە، بە قەتار، یا بە فڕۆکە، بەرەو رۆژئاوای ئەڵمانیا بڕۆم و بگەڕێمەوە، کە ئەو هاتوچۆیە لە ئەڵمانەکان قەدەغە بوو.. لەگەڵ پەنابەرانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا ئەم دیو و ئەو دیوم دەکرد. یەک دوو جار بۆ ئامادەبوونی کۆنفراس و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بوو، کە لە رۆژئاوای بەرلین بارەگای دانا بوو.

٢

دیواری بەرلین وەها دامەزرابوو تا سەدەها ساڵ بمێنێ... دیواری نێوان دوو جیهان و دوو جۆرە ژیانی یەک میللەت بوو، کە ئەڵمانە. پایزی ساڵی ١٩٨٩ بارودۆخی سەرانسەری دنیا هاتە گۆڕین، ئەویش بەهۆی سیاسەتی گۆرباشۆف، رێبەری ئەو سەردەمەی سۆڤیەت، کە هەر بە دەستی ئەو دیوارەکەی بەرلین هاتە رووخان، ئەو دیوارەی کە کاتی خۆی خرۆشۆف، رێبەری پێشووی سۆڤیەت ئەمری دامەزراندنی دابوو.

زەمان وەهایە... ئەوەی خرۆشۆف دروستی کردبوو گورباشۆف تێکوپێکی دا.

رمانی دیواری بەرلین، لە گەوهەردا، رووخانی سیستەمێکی نێودەوڵەتی نارەواو ناهەمواربوو. لەگەڵ دیوارەکە ١٠-١٥ رژێمی تر کەوتن و گەلان رزگارییان بوو. بەر لە ١٩٨٩یش دەمنووسی (وەکو لە کتێبێکمدا هاتووە) کە رۆژی کورد وەختێک هەڵدێ بزانێ و دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێت، تا بە ئاشتی و یاسایی داوای مافەکانی بکات و، بە خۆپێشاندان و مانگرتن و دەربڕینی ئازادو تێکۆشانی جەماوەری، شێوەی خەبات بەڕێوە ببات.

دەرکەوت کە دەبووا ١٥-١٦ ساڵ دەرباز ببێت تا ئەو رۆژە سەرهەڵبدات، وەکو ئیمڕۆ سەری هەڵداوە. ئێستا دیوارە ئەستوورەکانی دەوروبەری کوردستان تووشی بوومەلەرزە بوونەو، وردە وردە دادەتەپێن. هەرەسهێنانی ئەم دیوارانە لە راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ەوە، لە باشوور، دەستی پێ کردووە، تازە بە باکوری کوردستانیش گەیشتووە.

٣

لە وەختێکدا دیوارەکان دادەڕووخێن، هەندێ کەس هێشتا بە ترس و دوودڵی و گومانەوە دەڕوانن و، لەرزۆکانە هەنگاو دەنێن، دەڵێن کابرایەک، بۆ ماوەیەکی زۆر دەست و پێ زنجیرکراو، لە بەندیخانەدا مابوو، لە تاریکیشدا دانرابوو، دوای ساڵانێکی درێژ کە ئازاد کرا نەیدەزانی چۆن هەنگاو بنێ. دەڕۆیشت وەکو بڵێی هێشتا قاچی بە زنجیرە نەیدەتوانی بە روونی تەماشا بکات.

چەند بەندکراوێکیش، دوای ساڵانی تاریکی بەندیخانە، ئازاد بوون، بەڵام نەیانتوانی بە ئازادی بژین، رانەهاتن لەبەر هەتاوبن، گەڕانەوە بەندیخانە، تکایان کرد وەریانبگرنەوە.

کەسانێکیش هەن بە (دیوار) راهاتن. بەبێ (دیوار) هەڵناکەن، ناتوانن ببین کە دیوارەکان رووخاون، بیروهۆش و هەستیان بە دیوار چێنراوە، عاشقی دیوارن... ناشهێڵن کەس لە دیوارەکە بپەڕێتەوە. ئەم عاشقە دیوارانە دەبن بە دیوار، رێگە لە خەڵکی دیکە دەگرن. جا دەبێ ئەم دیوارانەش بڕمێنرێن. من کە لەمێژە کەوتوومەتە ئەودیوی دیوارەکان، لەم عاشقە دیوارانە بێزارم.

٤

نهێنی تێدا نەماوە. کە چوومە سەر گردی مامە یارە، هەموو شتێک نەمابوو تەنیا یادی مامە یارەو شوێنی نەورۆزەکانی پیرەمێرد. ئالێرەوە مێژووی کورد

خۆی نوێ کردەوە...

ئەم ڕێڕەوە، تازە پاشگەز نابێتەوە، دیوارو ئاستەنگی لە پێش نەماوە. ئاستەنگ تەنیا لە مێشک و دەروونی عاشقە دیوارەکاندا ماوە... کە بەس گیرفانی گەورەو، کەوچکی گەورەیان لە بەرۆکە. چاوەڕوانی فراڤینی حازرو ئامادەو، سفرەی داخراوە!

هەی لۆ! وەی لۆ! لۆ لۆ... براله لۆ!

جەنجەڕی ئەم جۆخینە... مەییو و مەلۆ![1]

٢٠٠٦/١٠/٢٦

---

(١) مەییوو مەلۆ: بە دیالیکتی ماچۆ= دێت و دەڕوا. چونکە جەنجەڕ (یا: جەڕجەڕ) هەر دەخولێتەوە، قرچەکە دەکوتێتەوە، ئامادەی دەکات بۆ شەن و کەو. کێ دەیکوتێ و کێ بەرهەمەکەی دەباتەوە؟!
وەی لۆ! وەی لۆ!

## ئەخلاق، راستگۆییە

١

لە پرسـیـاری برادەرێک، کـە دەپرسـێ: بۆچی دەربارەی (ئەخـلاق) شـتـێک ناڵێی؟... ئـەوەتا دبێژم: ئـەخـلاق (رەوش، رەفتـار)، راسـتـگۆییـیـە، ئادەمـیـزاد ئەگەر راستگۆ نەبوو (پابەندی راستی نەبوو) ئەوە هەمیشە بە کەچڕەوشتی (بەد رەفتاری) دەجووڵێتەوە. کەسی درۆزن هەمیشە خراپەو بەدڕەوشتە.

جوانترین نازناوی زەردەشت، لە ناو زەردەشتییاندا «ئاشو زەردەشت»ە. ئاشـو «ئەشـو»Ashu واژەیەکی ئاڤـێـسـتـاییـیـە، مـانای: مـرۆڤی راسـتگۆو دروسـتکارو پاک و پاکیـزەیە. زەردەشـتـیـان، لە رووی خـۆشـەویسـتـیـیـەوە پەیامبەرەکەیان دەڵێن: ئاشو زەردەشت. واتە: راستگۆییانە خستووەتە پێش هەر سیمایەک و رەفتارێکی تر. زەردەشت بەخۆی هەمیشە باسی گرینگی «ئاشا راستی» دەکاو بە یەکەمین رەوشی پەیڕەوانی دەیژمێرێ.

راسـتی و راسـتگۆیی گـرینگـترین پایەو بناغـەی ئاینی زەردەشـتـیـیـە. زەردەشت، لـە رووی راسـتـگۆیـیـیـەوە، بە یەکـتـاوپەرسـتی گـەیشت، کـە لە (ئاهۆرا«ئەهورا» مەزدا) زیاتر هیچ کەسێک یا هیچ شتێک شایستەی پەرستن نییە.

ئەهۆرا مـەزدا Ahura mazda واتە: هـەسـتی بـەخـشی مـەزن و دانا، یا: خوای پەروەردگاری گیان (رۆح) و حیکمەت. ئەگەر لە فەرهەنگی زەردەشتی وردببینەوە بەوە دەگەین کە مەبەستی زەردەشت لە ئەهۆرا مەزدا هەمان خوای یەکتاو میهرەبانی سێ ئاینە ئاسمانییەکانە.

زەردەشت ئەوەندە زیاد گرینگی بە راستگۆیی و راستی دەدا تا بەوە دەگات

کە پاداشت و سزای ئادەمیزاد، دوای مردن، بەندە بەوەی تا چەند پابەندی راستی بووە، ئایا درۆزن بووە یان راستگۆ، کە جێگەی یەکەمیان دۆزەخ و هی دووەمیان بەهەشتە، (لەگەڵ تایبەتمەندیی چەمکی ئەو لەبارەی بەهەشت و دۆزەخەوە).

دیارە مرۆڤی درۆزن هەموو خراپی و فریوکاری و بەدڕەفتاری و ئازاری خەڵک و رەنجاندنی دڵ و دەروونیانی لێ دەوەشێتەوە. بەپێچەوانەش، مرۆڤی راستگۆ پاک و دروستکارو وەفادارو میهرەبان و خەڵکدۆست، دەمێنێ.

زەردەشت لە نوێژو نمایشەکانیشدا لە یەزدان دەپاڕێتەوە تا رێنومایی بکات و بیخاتە سەر رێگەی راستی و پاکی. لە بەشی (یەسنای ئاڤیستا)دا دەپاڕێتەوەو دەڵێ:

ئەی مەزدا (پەروەردگاری مەزن و دانا)، ئەوە دەستانم لە نوێژدا راخستووە، بەر لە هەموو شت، تکاکاری رەزامەندیی تۆم و دەمەوێ هەموو کاروبارەکانم بە راستی و پاکی ئەنجام بدەم...

هەر لە رووی راستگۆییەوە زەردەشت ئازادیخواز بووە، بڕوای تەواوی بە ئازادی هەڵبژاردنی ئینسان هەبووە، هەر بۆیەش لە رێبازی ئاینەکەیدا هیچ رێنومایییەک نابینین کە بە زۆرو زۆرداری ئاینەکە بەسەر خەڵکدا دابسەپێنێ. بەڵکو بڕوای بەوە بووە کە مرۆڤ بە ئاشتی و هێمنی ئاین رابگەیەنێت تا ئەگەر خەڵک راستی و دروستییان لە ئاییەکەدا بۆ روون بۆوەوە بە قەناعەتەوە قبووڵی بکەن. هەر بۆیەش دەڵێ: «ئەی مەزدا، دۆستی زەردەشت کەسێکە کە بە راستی و خاکەڕایی (تواضع) پەیامی خۆی بە خەڵک رادەگەیەنێ. زمانی کەسێکی ئاوەها هەمیشە بخەرە سەر رێگەی خۆت (رێگەی یەزدانی دانای مەزن)، تا ئەو لە رێگەی رەوشی چاکەوە، رێنومایییەکانم فێر بکات».

کەواتە: مرۆڤ هەرچی بکات بە راستی و راستگۆیی ئەنجامی بدات. ئەوەیە ئەخلاق، کە زانستێکی سەرەکییە بەرزترین رەوشی ئەوەیە هەر ئەرکێکی (فرمانی) رەوا بە پاکی و راستی و دروستکاری و وردەکاری، ئەنجام بدەیت.

دەڵێم: کاری رەواو دروست، نەک کاری نارەواو دزێو و ناشیرین (درۆزن).

لە (یەسنا ۲۸-٤ی ئاڤیستا) دەڵێت: «من، بۆ تۆ ئەی ئەشا (ئەی راستی) و، بۆ تۆی ئەی کرداری (رەفتاری) چاک، و بۆ تۆ ئەی مەزدا ئەهۆرا (ئەی خودای دانای گەورە) بۆ تۆ سروود گەلێک دەچڕم کە کەس نەیچڕیون».

زەردەشت بڕوای وەهایە کە ئینسانی درۆزن نە بەس خۆی بەڵکو خەڵکیش بە ڕێگەی هەڵەو بێهوودەدا رادەکێشێ. هەر بۆیەش ئەو راستی و راستگۆیی و راستکرداری (راست رەوشی) بە بەرزترین ئەخلاق دەزانێت.

جیاوازییەکی سەرەکی و بەرچاوی نێوان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە رەفتاری راستگۆیانە (یا درۆزنانەدا) خۆی دەنوێنێت. ئەوان لە رۆژئاوا (یا وڵاتە پێگەیشتووەکان) خراپەش بکەن بە راستگۆیی دەیڵێنەوە. ئەوان لە تەک خۆیانداو لە تەک بیانیشدا راستڕەفتارو راستگۆن. لە کاتێکدا درۆ و فرت و فێڵ و ساختەکاریی بچووک و گەورە ماڵی میللەتانی دواکەوتووی وێران کردووەو، وەکو مۆریانە ژیان و کەیانی لە ناوەوە پووچەڵ کردووە.

راستگۆیی و راستکرداری تەنیا بە قسە نابێ، بەڵکو دڵسۆزی و وردبینی و دەستپاکی و کارامەیی و (ئیتقانی تەواو) و جیدییەت و بەدواداچوونی بێوچانی، دەوێ. زانایانی ئەمەریکی دەڵێن کە نهێنی پێشکەوتنی ژیانی خەڵکی ئەمەریکا لە وردەکاری و کارامەیی و جیدییەت و بەدەربەستبوون و دڵسۆزیدایە لە گشت کاروبارەکاندا.

۲۰۰۷/۲/۲۷

# ژن له ئاینی زەردەشتدا

زەحمەتە لە وتارێکی سەرپێییدا هەقی ئەم بابەتە بدەین.

بە کورتی چەند تێبینی دەهێنینەوەو دەڵێین کە زەردەشتی پێغەمبەر (پەیامبەر) بەرامبەر بە ژن دادپەروەر بووەو یەکسانیی رەچاو کردووە. لە دوای خۆی، کۆمەڵگەی زەردەشتی هەندێ داوونەریتی کۆمەڵایەتیی نایەکسانی، لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و موڵکایەتی، هێنابووە ئاراوە. بەڵام، بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستیی وردی بیانییەکان و زەردەشتییەکان دەرکەوتووە کە زەردەشت لە سەرەتاوە، تەنانەت دژی هاوسەرگیری لە خزم و کەسانی نزیکەوە بووە. بۆ نموونەش بەڵگە دەهێننەوە کە «ئەشۆ زەردەشت» بەخۆی لەگەڵ خزمی نزیکی خۆی هاوسەریی نەگرتووە، هەروەها کچان و کوڕانی ئەو لەگەڵ خەڵکی دووری بنەماڵەوە، نەک لەگەڵ خزمی نزیکیان هاوسەرییان گرتووە.

زەردەشتییان تا ئێستاش ناوی بە«ئەشۆ زەردەشت» دەبەن. واژەی ئەشۆ، واتە: نیازو بیر پاک و راستگۆو راستکردار».

ناوی زەردەشت لە کتێبەکانا، بە چەند شێوە هاتووە: زەردەشت، زەرادەشت، زەرتەشت، زەراتەشت، زرەدەشت، زەردهەشت، زەرتوشت، زەرتوشترا. ناوی باوکی زەردەشت پوروشەسپ و، ناوی دایکی دۆغدو، و ناوی هاوسەرەکەی هۆوی (هۆڤی) بووە کە خزمی نییە بەڵکو کچی فەرشۆشتەرە، کە بە خوێن زۆر دووری خۆیەتی.

زەردەشت یەک ژنی بە هاوسەر گرتووە. هەموو لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە تەنیا لەگەڵ (هۆوی) ئیزدواجی کردووە، سێ کچ و سێ کوڕیان بووە، کچان بەناوی: فرەنی (فرین)، تریتی (تهرەت)، و پوروچەست

پوروچیست (پوروچیستا).

بۆ نموونە، کچە بچووکەکەی زەردەشت لەگەڵ پیاوێکی زۆر دووری خۆیان دەبێت بە هاوسەر، کە ناوی (جاماسپ/گامەسپ) زانایەکی بەناوبانگی دەورانی و شیناسپ شایە.

زەردەشت لە ڕێورەسمی پەیمانی ئیزدواجیان ئامادە دەبێت و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕێ. لەکاتی بەستنی پەیمانی هاوسەرگیریدا (وەکو لە گاتادا هاتووە کە سوورەتێکی ئاوێستایە)، زەردەشت بە پوورچیستای کچی دەڵێ: «تۆ، ئەی پووروچیست، جوانترین کچی زەردەشت، لەبەر پاکی و راستی و دروستکاریی جاماسپ، کە لە راستکرداران و پشتیوانانی ئاینی راستییە، بۆت هەڵدەبژێرم. کەواتە ئێستا برۆ لەو بارەوە رابمێنە (تێبفکرە)و حیکمەتی خۆت (ویژدانی خۆت) بکە بە رێنومایی خۆت و، دوای رەزامەندی خۆت رێورەسمی پیرۆزمەندی ئیزدواج بەرێوە ببە».

لەم تێکستە گرینگەدا، کە هێشتا وەکو خۆی (بە زمانی ئاویستایی ئەو سەردەمە) ماوە، چەندین راستی خاڵی ورد وەبەرچاو دەکەوێ:

١- هەڵبژاردنی جاماسپ لە رووی راستی و پاکی و بڕوای بە ئاینی راستی بووە نەک ماڵ و سامان و شتی تر. (زەردەشت سوور بووە لەسەر راستی و راستگۆیی و، ناونانی ئاینەکەی بە«راستی، ئەشا، یا ئەشا، بە زمانی زەردەشت».

٢- دیارە جاماسپی پەسەند کردووە، بەڵام بە زۆرو زۆرداری ناچاری پووروچیستی کچی خۆی نەکردووە تا بە هاوسەری بیگرێت.

٣- بەڵکو زەردەشت فەرموویەتی بە کچەکەی: برۆ بیر بکەرەوەو حیکمەت و زانینی خۆت رێنومایت بێ. واتە: ئازادانە بڕیار بدە. ئەگەر رازی بووی ئەوە بەخۆت رێورەسمەکە ئەنجام بدە.

٤- رێنومایییەکەی زەردەشت ئەوەش هەڵدەگرێ بڵێین کە پوروچیست ئازاد بووە لەوەی رازی ببێ یا نەبێ.

٥- گرینگترین خاڵ، بەلای منەوە، ئەوەیە کە زەردەشت بڕوای پتەوی بە عەقڵ

و حـیکمـەت و بڕیاری پووروچیـست (ژن) بـووە. هـەر بۆیـەش نەیگوتووە کە«من» دەمەوێ ئەوە بکەیت، بەڵکو ئازادیی بیری بۆ کچەکەی و حیکمەت و زانینی بەجێهێشتووە.

لە وەڵامی زەردەشـتـداو دوای ڕەزامـەندی پووروچیـست، جـامـاسپ ڕوو لە کۆڕی ڕێوڕەسمەکە دەکاو دەڵێت:

«پووروچیستـای جوان، بە ڕاستی و دروستی، بەشێوەیەک لەسـەر ڕێگەی ڕاستـەقینەی ژیان ڕادەهـێنم و لەبەر تیشکی ڕێنومـایی ئاین فێری دەکەم تا بەرامـبـەر بە باوک و دایکی و وەرزێران (بەرزیگەران)و گـشت خـەڵک وەزیفـە (فرمان) ناس و خزمەتگوزار بێ. دەبا ئەهورا مەزدا لەبەر ڕووناکیی خزمـەت بە خەڵک، باشترین پاداشتی ڕەوا ببینێ.

لە هـەردوو بڕگـەکەدا تێدەگـەین کە جـامـاسپ بەڕێزەوە قسـەی دەربارەی پووروچیـست کردووەو، هەمـوو ئاواتی ئەوە بووە لەسـەر خزمەت بـە خـەڵک و وەفاداری بۆ دایک و باوک و وەرزێران و خەڵک، پەروەردە ببێ.

داکـۆکیی جامـاسپ لەسـەر وەرزێران و خـزمـەت بە خـەڵک، دوو شـتی تر دەردەخـات: یەک ئەوەیە کە ئاینی زەردەشتی یەکەمـین ئاین بووە بایەخی داوە بە خـزمـەتگوزاری، کـە تا ئاسـتی عـیـبـادەت، بەرزی ڕاگـرتووە (ئێـسـتـاش زەردەشـتـیانی هـندسـتـان تـەنیا خـەریکی خزمـەتگوزاری و خێـرخـوازین). دووەمـیش ئەوەیە کـە زەردەشت بایەخی تەواوی بە هـاندانی خـەڵک (وەرزێران) داوە بۆ کـشـتـوکـاڵ و ئاژەڵداری و ئاوەدانی. هـەر لەبـەر ئەوەیە کـە ناوی وەرزێران هـاتووە.

لە ئاینـی زەردەشـتیـدا شکاندنی بچـووکتـرین لقـەدار و درەخت و تێکدانی کـێـڵگەو پیـسکردنـی ڕووبارو ئازاردانـی ئاژەڵ و هـەر خـراپەکـارییـەک لە سروشـتدا، قەدەغەو گوناهێکی گەورەیە. زەردەشت قەدەغـەشی کردووە ئاژەڵ بە ناوی قوربانییەوە (کە بەر لە خۆی باو بووە) سەر ببڕن.

ژنان و پیـاوانـی زەردەشـتی، تـا بە ئیـمـڕۆش یەک ژن یا یـەک پیـاو بە هـاوسـەری دەگـرن. مـەرجـی ئێـجگار سـەخت بۆ ئەو کـەسـانە هـەیە کـە لەبەر

نەخۆشی یا نازایی هاوسەری تر بگرن.

ئیدریس بارزانی شەهید هەمیشە پێی دەگوتم:

– تۆ کە قسە دەکەی تێک دەدەی، بەڵام کە دەنووسی جوان دەریدەبڕی.. کەمتر قسە بکە، زۆرتر بنووسە.

هەمیشەش راستیی قسەکەی ئەوم بۆ دەرکەوتووە، بەڵام بەناچار (بۆ تەلەڤزیۆن و رۆژنامە) قسان دەکەم و هەڵەی باشیش دەکەم!

٨ی ئادار، لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی دەربارەی مافی ژن بەشدار بووم و لەبارەی چەمکی زەردەشت لەمەڕ ژنەوە، قسەم کرد. ئەوەی لە k.tv بڵاوکرایەوە بە دەنگ و رەنگی من بوو، بەڵام لە رووی تەکنیکی پرۆگرامەکەوە پچڕپچڕ بڵاویان کردەوەو، ئەویش وەکو هەمیشە لە قسەکردن، بە دروستی بۆم نەهات!

لە بڕگەیەکدا دەربارەی هەڵوێستی زەردەشت بەرامبەر کوشتنی ئافرەت (کە دوا بڕگە بوو و لێرەدا چاکی دەکەمەوەو داوای لێبوردن دەکەم) دەمویست ئەوە بڵێم کە لە کۆمەڵگەی زەردەشتیدا ئافرەت کوشتن نییە. ئەمە تەنیا ئاینێکە کە دەڵێ ئەگەر کچێک کەوتە دووگیانیش، نابێ منداڵەکەی لەبار بەرێ. گەرنا چ خۆی، چ ئەوەی یارمەتیی دەدات بۆ لەباربردن، گوناهبارو تاوانباری گەورەن[1]. ئەرکی ئەساسی دەخاتە ئەستۆی ئەو پیاوەی کە دووگیانی کردووە، کە مەگەر منداڵەکە بەخێونەکاو بمرێ، ئەوە قورسترین سزای بەردەکەوێ. لە زەردەشتیدا سزا هەیە، بەڵام کوشتن نییە، ئەگەر ئێجگار بەدەگمەن. ئاینەکە تۆبە (پاشگەزبوونەوە) لە هەموو خەتایەک قبووڵ دەکات. خۆی دەڵێ کە ئاینی پاشگەزبوونەوەیە لە گوناهەکان. ئەم بابەتە لێکدانەوەی زیاتری دەوێ، بەڵکو لە وتارێکی دیکەدا بگەڕێمەوە سەری.

فەلسەفەی ئاینی زەردەشت، بەرامبەر بە جیهان و سروشت و ژیان، ئیجابییە (ئەرێنییە). تا لە قووڵایی و واقیعگەرایی ئەم فەلسەفەیە تێنەگەین،

---

(١) بڕوانە یاساکانی زەردەشت کە لە (ڤاندیدادا) هاتوون.

هەڵوێستی ئەرێنییانەی زەردەشت بەرامبەر بە ژن و ماف و پێگەی لە کۆمەڵگەدا بۆمان روون نابێتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی ئەم وتارە چەندین پرسیارو پێشنیارم پێگەیشت تا زیاتر لەو بارەیەوە بنووسم و زانیاریی فرەتر بهێنمەوە، رەنگە خۆم تووش کردبێ، چونکە وەختی بەدواداچوونم نییە، مەبەستی وتارەکەش خستنەرووی بەپەلەی چەند تێبینییەک بوو لەمەڕ جیهانبینیی زەردەشت و ئاینەکەی. ناتوانم بەڵێنی زیاد بدەم، بەڵام لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەم تێبینییەکانم چڕو پوخت دەرببڕم، هەر بۆیەش، بە کورتی، وتارەکەم بەو چەمکە دەست پێکرد کە گەوهەری ئەم ئاینە ئەرینیگەرایی (ئیجابگەراییە). وا بزانم ئا ئەوە کلیلی تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئاینەکە. بۆ نموونە زانای ناسراوی ئێرانی (عەلی شەریعەتی) دەڵێ: (ئاینی زەردەشت، ئاینی ئاو و درەخت و سەوزاییە)، هەروەها دەڵێ: (ئاینی زەردەشت ئاینی واقیعگەرێتییە.)...و (ئاینی زەردەشت، ئاینی فەلسەفەی موجەبی (ئەرێنیی) مێژووە.)... و «زەردەشت پێغەمبەری راست و ئاڤێستاش پەڕاوێکی ئاینییە»... (بڕوانە: ئاینی زەردەشت، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی بۆ کوردی شەهرام رەشید قادر، هەولێر ٢٠٠٥ جێگەی وتنە (د. عەلی شەریعەتی) نووسەرێکی زانای ئیسلامی گەورە بوو، بایەخی بەلایەنی چەپ لە ئیسلامدا دەداو ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی (پێچەوانەی دەسەڵاتی توێژی زانا ئاینییەکانی دیکە) هەڵدەهێنجاو دەردەبڕی.

ئەو، لە سەردەمی خۆیدا، لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی ئێران (تا ئەمڕۆ)، بزووتنەوەیەکی فیکریی چاکسازی بەهێزی لەناو ئیسلامدا، بەتایبەتی لەناو شیعە بەرێ خستووە. هەر لەبەر ئەوەش کەوتە بەر ئازارو راونان و گەمارۆدانی رژێمی شاهنشاهی (١٩٥٠-١٩٧٩).

هەر بۆیەش دەربارەی جیهانبینیی ئیجابییانەی ئاینی زەردەشت چەق دەبەستم، چونکە لەو بڕوایەدام کە هەڵوێستی ئیجابییانە دەرهەقی ژن تەنیا لەو فەلسەفەیەو رامانەوە هەڵدەقوڵێت کە بەرامبەر بەژیان و هەبوون،

بەگشتی، ئەرێنییە. ئەو کەسەی کە بە ئەرێنیی (ئیجابی)و شادومانی دەروانێتە ژیان و گەردوون، لە ئاستی ژن و منداڵیشدا ئیجابی دەبێت. دەڵێن کە سەدەی بیست و یەک و، بەدواوە، سەدەی ژنان و منداڵان و پیرو پەککەوتەکانە (واتە: بایەخی سەرەکی بەو توێژانە دەدرێت).

ئاینی زەردەشت لەسەر بنەمای راستی و پاکی و جوانی و خزمەت بە کۆمەڵگەو خێرخوازی دامەزراوە، هانی گیانی دروستکرداری و ئەمەگداری و بەزەیی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختانا، دەدات. لە هەموو ئایەت و وتەیەکیدا، زەردەشت بایەخی سەرەکی بە ئاوەدانی و چاندن و فێربوون و، رێز لە دارودرەخت و گشت گیانلەبەرێک، دەدات.

ئەم ئاینە رووی لە رووناکییە. هەر بۆیە پەیرەوانی زەردەشتی بەیانیانی زوو و دەمەو ئێواران و خۆرئاوابوون، دەست بەپارانەوە رادەوەستن و وێردی خۆیان دەخوێنن، تا دەرچوونی گزنگ و پرشنگی هەتاو، یا ئاوابوونی لە ئاسۆداو دەرچوونی زەردی ئێواران... وەکو بڵێی دەموچاوی خۆیان بە رووناکی و گەرمیی هەتاو بشۆنەوە. رۆژانە (٥) نوێژیان هەیە، لە سەحەرەوە تا دوای شێو، هەر بەو شێوەیە ناوی یەزدان دێنن و وێردو سروودی خۆیان دەخوێننەوە.

لە لێکۆڵینەوەی زانایانی بیانی و زەردەشتیدا هاتووە کە زەردەشت، لە کاتی لە دایکبوونیدا پێکەنیوە، لێوی بەخەندە بووە. تەنانەت مێژوونووسانی یۆنانیش ئەوەیان باس کردووە. لە پەڕاوی (دینکەرد) و (زات سپرەمی) زەردەشتیدا ئاماژە بەو خەندەیە کراوە. زانایان ئەوەیان بە نیشانەی پیرۆزبایی زەردەشت و رێزنانی لە ژیان و سروشت، لێکداوەتەوە. دەڵێن کە بنەمایەکی هەرە قووڵی زەردەشتی ئەوەیە، کە «ئاینی شادی و شادومانییە».
لە کلتووری ئەم ئاینەدا گریان و شیوەن و بێزاری لە مردن و کرداری ئەهریمەن و کردەوەی خراپی گەردوونی چەپگەرد، کارێکی ناپەسندە. لە ئاوێستا (ئاڤێستا)، پەڕاوە ئاینییەکانی تری زەردەشت هاتووە کە گریان و زاری بۆ مردن و نەهامەتی ژیان، کارێکی شایستە نییە، بەڵکو لە هەندێ

جێگەدا، بەتوندی قەدەغەی دەكات.

لە سەرچاوەكانی هەردوو بەشی وتارەكە (بە فارسی):

- اوستا، وەرگێڕان و لێكۆڵینەوەی هاشمی رضی، تاران، سازمان انتشارات فروهر، ١٣٦٣ كۆچی هەتاوی.
- ائین زرتشت و تأثیرو نفوذ ان در شەرق و غرب، مهرداد مهرین، تاران، هەمان سازمان، ١٣٦٠ك. ه.
- مراسم مذهبی و اداب زرتشتیان، موبر اردشیر اذرگشب، (زانایەكی گەورەی ئاینەكەیە)، تاران ١٣٧٢ك. ه.
- (بە كوردی) ئاینی زەردەشت، عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان و ئامادەكردنی شەهرام رەشید قادر، هەولێر ٢٠٠٥ز (١٤٢٦ك. ه).
- چەندین كتێبی تر بە عەرەبی و فارسی.

٢٠٠٧/٣/٦

# زایەڵەیە

١

دیسـان... (ئـەوە)، زایەڵەیە... ئـەو بانگەیە، ئۆقـرەی لێ بڕیوم... دیسـان... ئەوە... ئەو بانگە پڕ خرۆشـەیە... دەڵێ وەرە، وەرە... دەڕۆم، سـەرم لەو بەردە دەدات. بەردە. بنیـادی گـەردوون بەردە... ئەو لە دڵتـانە، کـۆمـەڵە بەردە، خـڕە بەردە، تووڕی بدە، دەس لە هـەمـووی هەڵبگرە... سـەرەنجامـەکەی بەردە. دڵی بەردەکە لە دڵی هەمووان نەرمترە. پڕە لە ئاو و هەواو بەکتریاو وزەی ژیانێکی نووستوو، مناڵێکی چاو خەواڵوو...

لە ئەفسانەکانا دەڵێن: میترا (میهر) هەتاو و خۆشەویستی، مناڵێک بوو لە سکی بەردێکدا. بەردەکە درزی برد، بوو بە دوو لەتەوە، وەکو دوولەتی شـووتی، لە ناو هەناوییـەوە، ئەو بوونەوەرە جـوانە ئەو مناڵە کـە (مـیـتـر)یە، بە دەمی پێکەنینەوە، دەرچوو، دەس بە خەنجەرو، کڵاوێکی سوور- وەنەوشـەیی لەسەرو فەرەنجی (پەستەک) لەبەر. چوو هێرشی برد گایەکی کوشت... لەو دەمەدا مارێک و سەگێک نزیکی بوون و، قەلە رەشەیەک نیشتبوە. ئەو دیمەنە دەیان پەیکەریان لێ تراشیوە... ئێستاش لە مووزەخانەکانی مەدرید، ڤییەنا، بەرلین دیمەشق و قاهیرە... چەندین نموونەی (میترا)ی خەنجەر بە دەست، واشنتۆن و تاران و هی تر (لە مووزەخانە سروشتییەکاندا) دەبینین کە خەریکی کوشتنی گایەکەیە.

دیسان... (ئەوە)، زایەڵەیە...

هەموو بخەرە ژێر پێت. دەس لە هەموو هەڵگرە.

بوێرانە ببینە، بە هەموو چاوەکانت تەماشا بکە، هەموو بانگەکان لە کەللەی سـەرتا کـۆم بکە، ئەوە (ئەوە)، بانگت دەکـا... هـەمـوو بیـخـەرە ژێر پێ... هەرچیت تائێستا زانیوە، بهاوێژە، رزگار ببە... رەهابە، بیانهێڵە لەو چاڵە

وێرانەدا«خۆ، خۆ، بخۆن...»،

کۆمەڵێک گورگ، یەکتر دادڕن، یەکدی دەخۆن... بە«خۆخواردن» مەستن... کۆمەڵێک دووپشکن، تێک ئالاون، چزوویان لە پشتی یەکدی داچەقاندووە، لێیان گەڕێ... لەم تەم و دووکەڵەیە دەرچۆ!... ناباوەڕی بە مرۆڤگەل بەردەکانت دەتوێنێتەوە. نا باوەڕ بە. درۆزنان، بێ باوەڕن، نائومێدی دەچێنن. بلا... باوەڕ نەکەن! هەزاران ساڵی تر (رووناکی ببینن، هەر نایبینن، چما؟! چونکە «نا خوازن» ببینن. لە (رووناکی) دەروونی خۆیان دەترسن. خولیای کوژاندنەوەی چرای دەروونیان، نە بە رۆژ ڕێگە دەردەکەن، نە بە تاریکە شەو. لە رووناکی خۆیان هەراسانن... ئەمشەو، دیسان زایەڵەیە. بانگی بەیانە، چەند بە خرۆش و بە ئاوازی هەرە بەرزیش بێ، ئەوان هەر نایبەن (نابیستن). ناباوەڕن.

٢

ناباوەڕی ئەوان نامخاتە خانەی نائومێدی و ناباوەڕییەوە. زایەڵەیە... دیسان، (ئەوە)... ئارەزووی ئاهەنگێکی ئێجگار گەورەمە، هەر ئەم بەهارەی دادێ (لە نەورۆزی ئەمساڵەوە بەردەکە تەقیوەتەوە، (میترا) گەڕایەوە. ئارەزووی ئاهەنگی کەرکووکم، نەورۆزی ٢٠٠٧ بە ٢٠٠٨ی دەگەیەنێ. پەیامەکەی راستگۆیانە بوو، (ئەو) هەمیشە راستگۆیە. دان بەخۆتا بگرە. هەمووی بەهارێکی ترەیە.. پەیامی میهر دەپشکوێ. تۆ و نەمانی ئەمڕۆ ئا لەو بەهارەدا شینتر دەبێتەوە لەبەر پێی میترا، بۆن و بەرامەی خۆشتر دەپرژێنێ. (ئەوان) بێ باوەڕن. بلە... وەها بێ. لە دڵی قەلای کەرکووکدا بەردە پیرۆزەکە پارێزراوە دەستیان پێڕانەگەیشتووە، ئەو نهێنییە سەر مۆر دەمێنێ. ئەوانەی نابینن... نایبینن! ئەوانەی نایبیستن، بانگەکە نابیەن. بەردە سوور– ئاڵە- هەنارییەکە لە دەروونی قەلادایە.

٣

دەیان هەورە، رەوینەتەوە. ئاسۆ پاک و ساف و زولاڵە ئێوەش پشوو درێژ بن، بێن فرە بن، بەسەبر بن... (ئەوە) وەڵامەکە بە سروەی شنەبایەکی

شەفەقی کەرکووکا، گەڕاوەتەوە.

نابینایان روونتر (لەوان) دەبینن.

لە سنگی قەڵای کەرکووکدا (دانیال) پەیامبەری داناو هێمن و بیرمەندو دووربین دیل و دەسەبەسەر بوو. دانیال لە پیاوە چاکەکانی کەرکووک بوو. ئەو لەگەڵ قەومەکەی لە فەڵەستینەوە بە (دیل) هێنابوویان. بەر لە ٢٧٠٠ ساڵ، لە کەرکووک خوای ئەرزو ئاسمانی، دەپەرست ئەو خوایەی کە بە هانایەوە دەهات و دڵ و مێشکی پڕ لە ماریفەت و حیکمەت دەکرد، چونکە راستگۆو دڵپاک و مرۆڤ دۆست بوو.

چوار هەفتە (دانیال) کەوتە نوێژو پاڕانەوە لە خوا، دەیگوت:

– ئەی پەروەردگاری مەزن. قەومەکەم و من ببەخشە. ئێمە هەڵەمان کردووە خەتای گەورەمان لە دەس دەرچووە. بە گەورەیی خۆت بڕوانە: بمانبەخشەو رێگەی رزگاریمان پیشان بدە ئینجیل، سورەتی ٨، ٩/ چاپی عەرەبی نوێ، ١٩٩١. دانیال درێژەی بە نزاو پاڕانەوە دەدا، تا یەکێک هاتە لای، مزگێنی رزگاری و سەرکەوتنی پێ ڕاگەیاند دانیالی دیل و دەسبەسەری شەیدای رزگاری و ئازادی میللەتەکەی پێشبینی بۆ کردن کە پادشایەک لە رۆژهەڵات بە هانایانەوە دەچێت، گشت بە دیل گیراوەکان دەبەخشێ و ئازادی بڕواو زمان و کەلەپوورو بیروڕایان دەپارێزێ. پادشاکە نەوەی (ماد)ەکان– میدییەکان– بوو، گوتی:

– ئەی میللەتانی زنجیرکراو و ستەمدیدەو ژێر دەست: بڕۆن. ئازادن هەرچی باوەڕتان پێ هەیە بپەرستن. بگەڕێنەوە زێدو باوانی خۆتان.

– ئەو رۆژە هات و گشت رزگار بوون.

رۆژانێکی وەک ساڵی ١٩٩١، وەک ساڵی ٢٠٠٣ وەک ساڵی ٢٠٠٧، وەک ساڵی ٢٠٠٨، وەک رۆژانی تری خوا بوون.

لەو رۆژانە بوون، ئاوابوونی هەتاویان نەبوو، نابێ.

٢٠٠٧/٤/١٠

## هەندە...!

١

پیری موغان گەڕایەوە، ببینێ چی بەسەرهات، ئەو میرات و ئەو ئەمانەتەی بۆ، بەجێ هێشتبووین.

ئەمجارەیان، پچێک رازی بوو، بە سەری کردینەوە. خۆ هەتاو لە رۆژاواشەوە هەڵدێ، نایبینین، راست ناڵێن کە رۆژ تەنیا لە یەک لاوە هەڵدێ. ئەوەتا لە هەموو لایەکەوە هەڵاتووە. (١)

چەند مەتری چوارگۆشەی (ساندیاگۆ) نیشانە بکەو، لەگەڵ چەند مەتری چوارگۆشەی خاکی (زرارەتی) (٢) بەراوردی بکە، هەمان گیاو گۆڵی کێوی و خشۆکەو مارو مۆری، دەبینی.

(ساندیاگۆ) لەو دیوی گۆی زەوییە. لە دەوروبەری هەولێرەوە تونێلێکی ئاسۆیی راستی بۆ لێبدە، لەو دیوی گۆی زەوییەوە، دەردەچی. بەرامبەر بە یەکن. لەوێش رۆژ هەڵدێ، لەوێش خاک و گەردە.

پیری موغان بە سەری کردینەوە.

ئاو کە بوو بە هەڵم، لە شێوەی باران دەگەڕێتەوە.

٢

هەندەو... بەس.

---

(١) ساندیاگۆ: شارێکی جوانی ویلایەتی (فلۆریدا)ی ئەمەریکایە، دەکەوێتە سەر کەناری ئۆقیانوسی ئارام، لەو پەڕی رۆژئاوای ئەمەریکا.

(٢) زرارەتی: ناوچەیەکی پارێزگای هەولێرە.

بەڕێزم، دەمگوت: بە دەستی خۆت نییە. لە باشوور تۆی دەدەی، لە باکور دێتە بەرهەم. بە دەستی خۆت نییە پێ دەنێیتە ئەو هەرێمەش! ئەمڕۆ، سەدەی پێکهاتنەوەیە. بە دەستی خۆت نییە کە دەکەویتە ئەم گەمەوە. چوار دەور تەماشاکە، چوار دەور چاو و گوێیە، نەبادا سنوور ببەزێنی، پەل بهاوێژی و ئەسپێکی دیکە بخەیتە ژێر رکێفەوە.

ئەسپی کێوی، تا رام دەبێ، خۆی، بە ئاسانی بە دەستەوە نادات... بەڕێزم! بمبوورە، بە قسەی من نابێ، بە دەستی خۆت نییە، هەندە بزانەو بەس.

پیری موغان، هێشتا نا ئارامە، دەپرسێ: چیی بەسەرهات، ئەو سەفەرە، کەی دەیبڕنەوە کەی باروبنە دادەنێن؟!

٣

هەندەو... بەس!

میللەتێکین، بەبێ حەزو ئارەزوو و ویستمان، لێک جودا بووینەتەوە. هونەری گۆرانی و گۆڤەندو دیلان کاری خۆی کردووە، چەپەری لەقیوی لایەکی حەوشەکە فرێدراوە. چواردەور چاو و زارە، چوار دەور گورگ و غارە (٣)... چوار دەور دیوارە. دیوارێکی داتەپیوە... شایی و گۆڤەندو گۆرانی گەرمتر دێتە جۆش.

بەڕێزم، بە دەستی خۆت نەبووە، لەو ئاقارە خۆت دۆزیوەتەوە. هێشتا دەسپێکی کارە. ئەم گەنجینەیە هی ئەوانیشە، ئەم خێوەتە بەرەو ئاسمانی ئەوانیش باڵ دەکێشێ. هەموو پارچەیەکی ئەو خاکە، بۆن و بەرامەی ئاو و هەوایەکە، لە چەقی بازنەکەدایە، پیری موغان داوێنی راخستووە، زارۆڵەکانی دەخاتە سەر سفرەیەک.

بڵێ، بەڕێزم، بەرزتر بڵێ...

---

(٣) غار: بێگانە، ناحەزو دوژمن. رەنگە لە وشەی (خار)ەوە، هاتبێ کە بە مانای دڕک و داڵە.

٤

ئەوەیان بە دەستی خۆت نییە. تۆ لەوێ دانراوی تا بانگ هەڵبدەی: وەرنەوە، برا هاوسایەکانم، هاوسا براکانم.

وەرنەوە مەنزڵ ئاوەدان بکەینەوە.

تۆ، بۆیە لەوێندەرێ دانراوی، تا ئەو بانگە بە چوار دەور رابگەینیت.

بە دەستی خۆت نەبووە بەوێ گەیشتووە.

گوتیان: وەها نییە! هونەرو مۆزیک و دیلان، چ سوود؟! ئەوەتا هونەری هونەر، ببینن، لە باکور چ موعجزاتێکە! ئەوەتا وزەو جۆشی سروودەکان، ئەوەیە هەیکەلی کارتۆنیی گومان و دوودڵییان، بە هەوادا پەرت و بڵاو، توورِ داوە. تەنیا راستییەک کە ماوەتەوە، راستگۆیی هونەرو دیلانە. دوا شێوازی خۆ راگرتنی دوایین نەتەوەی بەجێماوە.

دەڵێن: خەڵکی قارِەو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رۆژاوا، تا کەناری ئۆقیانۆسی ئەتلانتیکی و، تا نزیکیی جەمسەری سەهۆڵبەندی باکور، لێرەوە چوونە، بەو هەرێمانە بڵاوبوونەتەوە.

دەڵێن: ئێرە لانکی شارستانیی بەشەرە.

کەواتە، جەنگەکان لێرە دەبڕێنەوە. شەپۆڵەکان لە داوێنی ئەم چیایانە دادەشکێنەوەو دەکشێنەوە.

چیمان بەوەوەیە چی بووەو چی دەبێ؟!

بەڕێزم: بە دەستی خۆت نییە، ئەم بازنەیەش ببەزێنی.. هەندەو... بەس!

٢٠٠٧/٥/١٥

# کەپرە شینە

١

لە منداڵییەوە وەرزی پایزم لەلا خۆش و جوان بووە. ئێستا، دیارە ژینگەی گۆی زەوی پیس و لێڵ بووە، گەرنا جاران لە پایزدا ئاسمان ساف و زولال وەردەگەڕا، و ئەوەندە دڵگیر دەبوو کە ئادەمیزادی شەیداو دێوانە دەکردو، دەیبردە هەردوو دەشتی کپ و هێمن لەوێدا، مەستی مەست دەبوو، تا وەهای لێ دەهات، بەبێ خواست و ئاگایی، بەدەمەوە، خۆی بەسەر خاکی پایزانەدا دەدا، تێروپڕ بۆنی خاکی هەڵدەمژی.

ئا لەو دەمانەدا (سەروەختی) [1] ژوانی رۆح و عیشق و سۆزی نادیاری فێنکی قووڵ، دەهاتە پێش.

٢

ئەو کەسەی، کە زاتی هەبوو خۆی بەدەم سروەو هەستی دێوانەداری پایزیدا، بدرابا، دەیزانی کە (سەروەختێ) ژوانێکی قووڵتری لە پێشە... چەند رۆژ چاوەڕوان دەبوو تا (کەپرە شینە) [2] دەهات.. ئەو وەختە بوو ئیتر، لەگەڵ قەترەی نەرمی بارانی پێش پایز بۆنی بەهەشتاویی دەیدا لە دەماخی (ئەو)... ئایا قەت چێژو شادمانی ژوانی نمە بارانی پایزو گوڵاوی خاک و سێبەرە ئارامەکانی (بڵۆتە) [3] هەوری پایزانەتان، دیتووە؟

٣

ئەگەر لەو سەروەختانەدا، لەوێدا نەبووینەو هەست و نەستی خۆتان بەدەست (میهرەگانی) [4] پایزەوە نەدابێ و، کەپرە شینەتان نەدیبێ، ئەوا چ

ناوێک لەو جۆرە تەمەنە بنرێت؟!

داخم ناچێ کە زۆر بەتامە، هەند کوێلەدارو نائازادبوونە، تەنانەت لە ژوانی یەک پایزیشدا ئازاد نەبوونە، تا ئەو میهرەگانە (میهرەجانە) ببینن.

٤

دەگەڕێمەوە سەر چەند وشەی ئەم وتارە:

١- سەروەخت: مەوعد. وەهای لێ تێدەگەم، بەڵام لە فەرهەنگەکانماندا نەهاتووە.

٢- کەپرە شینە، واتە: کەپرە سەوزە.

لە فەرهەنگەکانماندا تەنیا یەک مانای وشەی (کەپرە شینە) لێدراوەتەوە، کە دەڵێن: جەژنێکی جوولەکانە. بەمانای ماڵێک کەپر دەکەن، بە مێوەو دارودرەخت و رووەکی سەوز دایدەپۆشن تا جەژن دەگێڕن... دوای جەژن، مێوەکان دەخۆن.

بەڵام لە هەندێ جێگەی گەرمیان... (کەپرە شینە) بەو نمە بارانە نەرمەی پێش (یا سەرەتای) پایز، دەڵێن.

بەڵام ئەم مانایەم لە هیچ فەرهەنگێکی کوردی بەرچاو نەکەوتووە...

٣- بڵۆتە هەور: بەو دیمەنە جوانە دەگوترێت کە لە پایزی گەرمیاندا هەوری سپیی تەنک دێت، هەندێ جار پارچە پارچە (بڵۆت بڵۆت) دەبێ و، بە شوێن یەکا، بەهێمنی دەڕۆن و سێبەریان رووی زەوی دەماڵن.... جاری وەهاش هەیە چەند نمێک دەنێرنە رووی زەوی و ئاوڕشێنی دەکەن... چەند خۆش و خەمڕەوێنە!

٤- میهرەگان: کە ئێستا بووە بە (میهرەجان)، جەژنێکی هەرە کۆنی کوردەواری بووە. لە ریشەی ئاینی هەرە کۆنی کوردستانەوە هاتووە کە (میتراییە)... وشەی (میترا) بووە بە (میهر= میهرەبانی). لە ئەسڵدا.. (میهر) مانای هەتاو، خۆر، خوا، و رووناکی داوە. هەر لەو رووەوە،

دواجار، بەمانای خۆشویستن و بەزەیی و دڵفراوانی و لێبوردەیی هاتووە.

خەڵکی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاتی خۆی، لە پایزدا جەژنی گەورەی پایزیان بەناوی (میهرەگان) کردووەتەوە، کە هاوتای جەژنی گەورەی بەهارانەی (نەورۆز)ب ووە. واتە: دوو جەژنی گەورەمان هەبووە.

جەژنی میهرەگان، بەڕاستی، دەکرا بەشایی و جلوبەرگ گۆڕین و کەڕنەڤال (واتە بۆ هەر کەس هەبووە دەمامک بپۆشێ) تا لە زەماوەندە جەماوەرییەکان، کەس نەیناسێ... داوونەریتی کەرنەفاڵ لەناو گشت میللەتان ماوە.

لە کوردەواریدا بەڵگەیەکی ئەدەبیی گرینگمان هەیە، کە تا وەختی (ئەحمەدی خانی)ی شاعیری مەزن، لە جەژنی نەورۆزدا کچان و کوڕان دەمامکیان دەداو، جلوبەرگی سەیریان لەبەردەکرد تا کەس نەیانناسێ... لە (مەم و زین)دا باسی ئەوە دەکرێت چۆن خاتوو زین و مەم و ئەوانی تر خۆیان وەها گۆڕیوە کەس نەیناسیون، ئەوەش داوونەریتێکی هەرە کۆنمانە.

ئاینی (میترایی= میهرو میهرەبانی)

لە ناوچەی کرماشان و لوڕستان و هەورامانەوە پەیدا بووەو بەسەرانسەری جیهانی ئەو سەردەمەدا بڵاوبووەتەوە، لە هندستانەوە تا ئەڵمانیاو نەمساو ئسپانیای ئێستا، واتە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتووەتەوە لە سەرانسەری ئەوروپادا شوێنەواری (میترا) ماوەو لە مێژوودا نووسراوە.

لە کرماشان ئاسەواری زەقی ماوە. ئێستا، لە باشووری کوردستانا، تازە شوێنەواری (میهر) دەدۆزنەوە وەکو ئەشکەوتی (چوارستوونی) دهۆک کە پەرستگای میترایی بووەو تازە دۆزراوەتەوە.

٢٠٠٧/٩/٤

# بازنەکان

١

بازنە لە ناو بازنە، لە ناو بازنەدا...

ئەوەیە شێوەیەکی پێکهاتەی ژیان و گەردوون.

کەس و، هیچ چتێک (شتێک) نییە لە بازنەیەک، یا چەندین بازنە، بەدەر بێ.

مرۆڤ، لە سەرەتای چرووданی هۆش و هزرو ئەندێشەیەوە، هەوڵی داوە گەردوون بخاتە چوارچێوەی (ئەندازیارییەوە)...

سێگۆشەیی، چوارگۆشەیی، بازنەیی، خڕو گرد،.. دیاریشە زۆربەی زاناو بیرمەندەکان لە ئاستی بازنەییدا راوەستاون. (فیساگۆرس)ی فەیلەسووف و زانای ماتماتیک، هەروەها ئەفلاتوون و، چەند بیرمەندی تر، هەوڵیان داوە وێنەیەکی ئەندازیاری بە گەردوون بدەن.

٢

کەس نییە لە بازنە بەدەر بێ.

هی وەها هەیە لە ناو چەندین بازنەی تێکالاوی یەک لە ناو یەکدایە. خۆ هیچ نەبێ... ئادەمیزاد بوونەوەرێکی فیزیاییە، کەواتە لە ناو بازنەی (ئەلکترومیگناتیسی) خۆیدایە.

هیچ چتێک (کە بە هەورامانی کۆن بە مانای «شت» بەکارهاتووە)، لەو بازنەیە بەدەر نییە.

دوای بازنەی فیزیایی سروشتی... بازنەی کۆمەلایەتی مرۆڤایەتی، بیرو کولتووری، جوگرافیایی ژینگەو، هی تر، دێ، چاپی دووەمی رۆمانی (کوێخا

سێوێ)ی بەڕێز عەزیزی مەلاڕەش کەوتەوە بازاڕ.

کەواتە ڕۆمانەکە بازنەی خۆی دروست کردووە. ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەکەوێتە بازنەکەیەوە. ئەوەش لێی دەکۆڵێتەوەو ڕەخنە دەربارەی دەنووسێ دەکەوێتە بازنەیەوە. دیسان... ئەوانەش کە ڕەخنەکە دەخوێننەوە، بازنەکەیان بەردەکەون.

٣

پرسیارەکە ئەوەیە: تۆ لە ژیانا، بازنەسازی، یا چتێکی ناو بازنەکانی؟... چاوەڕوان دەبی تا بکەویتە بازنەکەیەوە؟ سەرەنجام، تۆ لە بازنەکان دەرباز نابی. ئەگەر بازنەساز نەبێ. ئەوا بازنەکان چاوەڕوانتن.

ژن و پیاوە بلیمەتەکان ئەوانەن کە گەورەترین بازنە دەخولقێنن.

بەداخەوە جەنگفرۆشانیش بازنەی گەورە (بەلام پۆسەتیڤ/نەرێنی) دەنێنەوە، کە بازنەی مەرگ و مەینەت و ماڵوێرانییە.

لێ، بلیمەتێکی وەکو (ئەدیسۆن)ی ئەمەریکایی لە وزەی کارەبا (کە هەمیشە هەبووە) ئەو حەمگە داهێنانە دەدۆزێتەوەو، هەموومان دەخاتە بازنەی ڕۆشنایی و سوودە جوانەکانی تری وزەی کارەبا.

لە ئەسڵدا، بەشەرو گشت زیندەوەر و بوونەوەرێک هەمیشە لە بازنەیەکی گەورەی کارەباییدا بوونە. گەردوون، لەسەرێکەوە، وزەیەکی مەزنی کارەباییە، خودجۆش و خود خرۆشە. گۆی هەتاو (خۆر) کوورەیەکی مەزنی پڕ لە گازی هەیدرۆجینە، دەسووتێ و بڵێسە دەدا. هەموومان لە بازنەی تیشک و گەرمایی و وزەی هەتاوین.

هەتاو ئەستێرەکانی لە بازنەی کاکێشاندایە، ئەمیش لە بازنەی گەردوونی بێ هاوتاو بێ سنوورە. هزرو ئەندێشەم، ئا ئێستا، لە بازنەی هەبوونی ئەم گەردوونە دایە... بازنەکان، هەندێ جار، بەدەستی منالان پەیدا دەبن، هەندێ جار... گەورەکان.

بەڕاستی.. (گەورە) کێیە؟! مەگەر ئەویش منداڵەکە نییە؟ چ جیاوازییەکی هەیە، ئەگەر منداڵ بێ یا گەورە بێ، ئەوەی بەردێک فڕێ دەداتە ناو گۆماوێکی مەنگ و، دەیان بازنەی بچووک و گەورە بەناو گۆمەکەدا، دەتێننەوە؟! مەگەر هەر بەردەکە نییە؟! مەگەر هەر بازنەکە دروست نابێ؟

کەوابێ، هەمووممان، کەمو زیاد، بازنە سازین، زۆربەی جاران، بەبێ خۆ ئاگایی، بازنە دەنێینەوە، ناشزانین کێ دەکەوێتە ناوی.

بازنەی گەورەی وەها هەیە لە (وتەیەک) دەنرێتەوە... هەر وشەیەک بازنەی خۆی هەیە، سێبەری بازنەکان دیارە. ئەوەی لە سێبەری بازنەی وشەکان ئاگاداربێ... زۆربەی وەخت خۆی دەخاتە بازنەی (بێدەنگی).

٢٠٠٧/٩/١١

# ژیاننامە

## پرۆژەی چیرۆک

رۆژنامەنووسێکی بیانی لێم دەپرسێ:

– شتێک لە ژیاننامەت، تکایە، تا بینووسم.

بێدەنگ دەمێنم. دەپرسێتەوە:

– چییە؟ ژیاننامەی خۆت نەنووسیوە؟

دێمە زمان:

– ژیاننامەی چی؟! هیچم نییە بیڵێم. هیچم بە جێ نەهێشتووە باسی بکەم. پێیان گوتووم ساڵی ١٩٤٣ لە دایک بووم. ئیدی نازانم کەی بەو دیوا ئاوا دەبم و... هیچی تر.

ئەو واز لە پرسیار دێنێ. من مێشکم درووژاوە... ژیاننامە؟! مەگەر چیم کردووە، بینووسم..؟!

ئەوا منداڵم.. سەدان جار بەپێی خاوس بەناو شەتاوی باراندا دێم و دەچم. حەزم لە رۆیشتنە بەناو باراناوا، لەکاتێکدا دڵۆپە بارانی نەرم بڵند دەخاتە سەر ئاو. حەزم لە بارانە... لەژێریا بێم و بچم. لێ، شوێن پێم نامێنێ. ئاو دەیشواتەوە. ژیاننامەی چی؟!

دەگەڕێم تاکە شوێنپێیەکم نادۆزمەوە.

لە کەناری دوورگەی (سیسیل)م لە وڵاتی ئیتاڵیا. دەریای سپی لە خۆشی ئاسمانی سافی بەهارا شین هەڵگەڕاوە. دەریا کە پڕاوپڕی سەدان کەشتی و بەلەمە، هەندێ بە بایەبانی سپی وەکو بڕەکۆتری سپی سەرئاو، بە ئارامی دەچن...

جووجە سۆنەکانی گوندەکەی گەرمیانی کەرکووکم دێتەوە یاد. بیروهۆشم، ئەمڕۆ، شلەقاوە...

پوورە (...) هێلکەی سۆنەی نابووە ژێری مریشکە سوورە خەناوییەکەی. ئەوا چەندین جووجە جوانی سۆنە لە هێلکە دەردەچن. چەند ڕۆژ دوایی، نازانم چۆن دەبێ؟ ئایا مریشکەکەیە جووجەکان دەباتە سەر گۆماوەکە؟یا جووجەکان دایکیان دەبەن؟... ئەوا مریشکەکە لە قەراخی گۆماو دانەوێڵە دەدۆزێتەوەو دەخواو، چاودێری جووجە سۆنەکانە، جووجە خۆشەویستەکانی خۆی، چوونەتە ناو ئاوا، بە مەلەوانی ئەمسەرو ئەوسەری گۆماوەکە دەبڕن. دوای ماوەیەک شتێک دەڵێ... هەموو لەناو ئاو دەردەچن و دەکەونە دووی بەرەو ناو حەوشە. پشیلەیەک لێیان مۆڕ بووەتەوە، مریشک شالاوێکی بۆ دەبا، هەڵدێ و دووردەکەوێتەوە.

لە شاری مەشیگانی ئەمەریکا، بە سەیارە بەرەو واشنتۆن دەڕۆین ڕێگەمان لێ ون دەبێ. خۆمان لەناو دارستانێکی چڕدا دەدۆزینەوە. چەندین جادەی خاوێن بە هەموو لایەکا دەڕۆن. جادەیەکی دەگرین... بە گوندێکی بچووکی هیندییە سوور پێستەکان دەگەین. مریشکیان هەیە. دراوی (بەنس)ی ئەمەریکی بۆ فڕێ بدە، دێت هەڵی دەگرێ و دەیبا، لە جێگەیەکی تایبەت بەخۆی (قاسەکەی) دایدەنێ. ئەمجا بەپیانۆیەکی بچووک مۆزیکت بۆ دەژەنێ.

لە سارای چۆڵی دەوروبەری کۆنە شاری (تەدمر) لەسەر جادەی دیمەشق- قامیشلی، بە سەیارە دەڕۆین. تاک و تەرا خەڵک دەبینین. چۆڵ و هۆڵە. گەرمای هاوینە لە دوورەوە تراویکە دیارە. لە ناو میترۆ (ڕێگەی قەتاری ژێر زەمینی) لە مۆسکۆ چاوەڕوانم، لێ، خەریکە گێژ دەبم. دەیان هەزار کەس لە هاتوچۆ ڕاناوەستن... هەزاران لە تونێلەکانەوە دێنە ناو، هەزارانی تر بە توونێلا دەچن، سەردەکەون بۆ وێستگەی تر. سەدان کەس لە فارگۆنی قەتارە تیژڕەوەکان دادەبەزن، سەدانی تر دەچن جێگەیان پڕ دەکەنەوە.

درێژترین و گەورەترین ڕێگەی میترۆیە لە جیهاندا. لە کاتی بۆردومانە

چڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەیان هەزار کەس پەنایان بۆ ژێر زەویی میترۆ هێناوەو، هەر لەوێ نووستوون. سەدان شەو لەوێ بوونە.

ئۆردوگـای پەنابەرانی کـورد لە (زێوە)ی دەشـتی مەرگەوەڕ لە دیوی رۆژهەڵاتی زاگرۆس وەختێک شەش فڕۆکەی جەنگی لە عێراقەوە دەچن بۆردمانیان بکەن، خەڵکی ئۆردوگاکە پەنایان نییە، (کونە تەیارەی) بچووک نەبێ.

فـڕۆکـەکـان دێن و «ئازادانە» باری بۆمبی خۆیان هەڵدەڕێژن و بەپەلە دەگەڕێنەوە عێراق.

لە شاری نیویۆرک ئامادەی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو عێراقیم. دوای سێ رۆژ هیچم لە یاد نامێنێ، تەنها پرسیاری ژنێکی باڵا بەرزی قاوەخانەی ئوتێلەکە... ئەوا، لەکاتی پشوودانا، دانیشتووم، چاوم لە (هیچ شوێن) بڕیوە. هیچ... نازانم رووم لە کۆییەو لە کێیە. نەخواستە دەست دەبەم تەزبیحەکە دەردەکەم. ئەوا تەزبیحاتە. ژنە باڵابەرزەکە قاوەیەکم بۆ دێنێ. خۆ داوام نەکردبوو! ئەوان تا شتێک داوای نەکەی بۆت ناهێنن. چونکە پارەی دەدەی. دەڵێت: رێگە دەدەی؟! بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکەم. ماوەم نادا وەڵام بدەمەوە دەڵێت: ئەو قاوەیەم لەسەر حیسابی قاوەخانە بۆ هێناوی. بۆمی دادەنێ. من حەپەساوم. یەکسەر، بە ئارامی لێم دەپرسێ: چ گرفتێکت هەیە، وەها خەمبارو داماوت دەبینم؟

دەڵێم: خەمبار نیم، هەست بە ناڕەحەتی ناکەم. هاتووم، دانیشتووم، وەختی پشوودانە.

دەڵێت: ئەدی ئەوە چییە، بە وردی حەساوی دەکەی؟ چی لە دڵتایە کە خەریکی کردووی؟

ئاماژە بۆ تەزبیحەکەم دەکات. ئەوکات تێدەگەم کە شێوەی تەزبیحاتەکە بە دەردەدڵ دەزانێ. دەمەوێ بیشارمەوە، تازە درەنگە. وەڵامێکی دەدەمەوە؛ قسەکەم بە گومانەوە وەردەگرێ. بە زەحمەت هەوڵدەدەم تێی بگەیەنم کە ئەمە

عــادەتێکی ڕۆژهەڵاتیـــیـــەو هیـــچی تر. لێم تێ دەڕوانی و هیچ ناڵێ. لەو چرکەسـاتـەدا برادەرێکم دانیشـتـووی شـاری نیـویۆرک پێم دەگات. دەڵێم: وەڵامـەکەم بۆ ئەم خـانمە شـەرح بکە ئەویش کـە برێک دەدوێ، ژنەکـە دەڵێت: وای نابینم، دیار بوو غـەرقی ئەندێشەبوو. پێی بڵێ گرفتی چییە؟ برادەرەکەم بە کورتی دەڵێت: خـەمی ئەپۆسـۆزیۆن- بـازیی هەیە!! ژنەکە بەم نوکتـەیە دڵی خـۆش دەبێ، هـەڵدەسـتێ کـووپی قـاوەکـە ببـاتەوە، بە راوەسـتـانـەوە دەڵێت: کەواتە، لەجیاتی دانیشتن، بۆچی ناچێت خۆپیشاندانێک سازبدات؟

برادەرەکەم بە من دەڵێت: من ئیتر بەسە، ناتوانم چیتری بۆ شـەرح بکەم. وادەزانێ تۆ ئەپۆسۆزیۆنی (کۆشکی سپی)ت، کە خۆیان فێربوونە دەچنە پێش و چەند پلاکارت هەڵدەگرن. نازانێ ئێمە بەرهەڵستکاری چ کۆشکێکین (ساڵی ١٩٩٩یە...).

... ئەمــەیان سـاڵی هەزارو نۆ سـەدو شــەسـتی زاینیـیـە. لە کـەرکـووکم. قـوتابیم. شــەوی نەورۆزە. باقـەیەک بەیاننامـەمـان پێـدراوە، تا بە نهـێنی لە دیواری چەند جادەو کۆڵانی بدەین. حـەوت هەڤاڵین. دەبین بە دوو تیم. دەڵێین: وریابن نەگیرێن. ئەمشەو پۆلیس و ئەمن چاودێری هەموو شـار دەکەن. نەوەک ڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە.

من و دوو هـەڤــاڵ لە جــادەیەک بە پەلە، دەکــەوینە کــار، هـەڤــاڵێکی تر چاودێرمانە، نەوەک پـۆلیس بە سەرمان بێن و بمانگرن. هـەر بۆیەش ئامادەیە، ئەگـەر پۆلیس پەیدابوون، ئـاگـادارمـان بکـاتەوە. هەڤاڵەکـەم چەسپ لە پشـتی بەیاننـامـەکـە دەداو من لە دیواری دەدەم. سـێـهـەم جـار بە پێـچـەوانە چەسپ دەدا، لەجیاتی پشت، لەسـەر نووسینەکە دەدا. ئاگاداری دەکەمـەوە، وریا بێ، نەترسێ و پەلەش نەکات.

لە پڕدا لە کۆڵانی پشتەوە تڵپەی جزمەی پۆلیس هەڵدەستێ، راوی هەڤاڵانی ترمان دەنێن. ئەوەندەی پێ نەچوو ئێمەشیـان دەکەوێتە بەرچاو. تڵپـەو زرمەی جـزمـەیان دەبێتـەوە، ئێمـە هەڵدێین، بە زەحـمـەت لە چنگیـان قـورتار دەبین. مــاوەیەکی بـاش بە شــوێنمــانـەوەن: راوەستن! مــەڕۆن! دەرباز نـابن! هـەمــوو

لایەکتـان لێ گیـراوە...! دەیانەوێ بمانپەشـۆکێنن. ئەو شـەو دوو هەڤاڵمـان لە تیمـەکەی تر دەسگیـر دەبن، دواجـار لە قـوتابخـانە هـەتا هـەتایە دەردەکرێن... ئێسـتـاش زرمـەی راونانی پۆلیس و جـزمـەکـانیـان دێتـەوە یادم. سـاڵی هـەزارو نۆسـەدو نەوەدو سێیە. لە هـاوینەهـەواری پیرمـامم. ناسیـاوێک وتی، کوڕەکـەی دێنێ دەڵێت: بەڵکو هـەوڵمان بۆ بدەیت کوڕەکەم بە پۆلیس وەربگرن...

شـــەوی نەورۆزی کـــەرکـــووکم دێتـــەوە بیـــر. بەڵام چ ســـوود، ئەو ناســـیـــاوە تێنەدەگـــەیشت بـۆچی نـاتـوانم واسـیـتـەی بۆ بکەم. من کـە لە زۆر لـە ژیانم هـەڵاتووی دەسـتـی پۆلیس (دەسـەڵاتی رژێم) بـووم، ئەمـە چ زەمـانێکە کە خـۆم پۆلیس دابمەزرێنمـەوە؟ لە پۆسـتـاڵی ئەو پـۆلیسـەوە بە پۆسـتـاڵی ئـەم پۆلیسـە گەیشتم. دانیشتووم، وەک هـەمیشـە دەنووسـم، چەند خزم و ناسیاو دێن. دوای بەخێرهـاتن و چاکۆچۆنییان، دەگەڕێمەوە سـەر نووسـین.

مێوانێک دەڵێت: ئا دەی، بەسـی ناکەی ئێـمـە هـاتووین نەختێک بچینە دەرێ، لەگەڵمانا نایەیت؟

تەمـاشـای دەکـەم و دەنووسـمـەوە. دەزانێت، زەحمـەتە... لەگـەڵیـانا دەرناچم. مێوانەکە دەڵێت:

– تا تۆمان بینیوە هـەر دەنووسـی. ناڵێی کەی لێدەبییەوە؟

دەڵێم: ناتوانم...

دەڵێت: ئێ نایەژی... ئەوەندە دەنووسـی، چیت بە دەستکەوتووە؟

یەکسـەر... وتەکەی دەقۆزمەوەو دەینووسـم. ئەمجا دەڵێم:

– ئا ئەوەم بە دەستکەوتووە.

دەپرسێت: کامە؟ کوا؟!

ئاماژە بۆ دوایین رسـتـە دەکەم کە نووسـیومـە...

سـەر بادەدا، هـەڵدەسـتێ، بە هـاوەڵـەکـانی دەڵێت: سـوودی نـیـیـە (فـایدەی نییە). وەرن بڕۆین.

دەڕۆن... ئەوانیش دەژین. ئەزیش دەژێم. ژیاننامەی چی؟!

چما کەس هەیە بتوانێ ژیاننامەی بگێڕێتەوە؟

شوێن پێ نامێنێ. ئاو دەیشواتەوە. با دەیبا. شوێن پێی کێ ماوە؟

ئەو رۆژە لە پەراوێزی کتێبێک دەنووسم:

– کەس هەیە بە هەموو شوێن پێیەکانی خۆیا بچێتەوە؟ لێرەوە بیگرێت و بگەڕێتەوە، پێ بەپێ تا یەکەم رۆژ کە پێی گرتووەو قۆناغی منالّیی بەجێهێشتووە؟! کەس هەیە شوێن پێی خۆی بدۆزێتەوەو بناسێتەوە؟! ژیاننامە خەیالّبازی و خەرافاتە! و چەواشەکارییە.

٢٠٠٧/٩/٢٥

## ژیان ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا دەژین!

* پوختــەی وەڵامــی یەک لە پرســیـارەکــانە کــە ئاڕاســتــەی بەڕێزی کــراوە لە گۆڤاری «الصوت الآخر».

* ئەگەر پرسـیـارتان دەربارەی ژیان لـێ بکرێت... دەکرێت بە رستەیەک وەڵام بدەیتەوە؟

– سـەرسـامـی دەربارەی ئەم پرسـیـارە دامدەگرێت... تۆ ئێسـتـاکە دەژیت و ئەم پرسـیـارەش دەکـەیت تۆ لە چـرکـە سـاتێکدایت.. لە شـوێنێکـی ئەم بوونەدایت.. کـەوا بێ ژیان ئەم چرکـەسـاتەیە کـە تۆ تیایدایت.. چـرکە سـاتەکەش ئەوەیە کـە تۆ هـەر ئێسـتـاکـە لێرەیت... ئەوەش هـەر زەمـان و هـەر شـوێنێک دەگرێتـەوە.. کات و شوێنیش دوو فاکتـەری سـەرەکی بوونی ژیانن.. راستـی چرکەساتیش و گەوهـەری تام و چێژ وەرگرتن لە ژیـان لەوەدایە تۆ تایبـەتمەندی ئەوەت هـەبێت هـەست بکـەیت و درک بکـەیت و ئاگـاداری ئەو چرکـە سـاتە بیت... ئەم چرکـە سـاتەش هـەرچەندە وادێتـە بەرچاو زوو بێت و زوو بڕوات بەڵام لـە گـەوهـەرو بنـەڕەتدا چرکـەسـاتێکی بەردەوامـی هەتا هـەتاییـیـە... ئەو چرکـە سـاتەی ئێسـتـاش حـاڵەتێکی بەردەوامـبـوونە بۆ ئەو چرکـە ساتەی گـەردوون تیـایدا دەسـتـی بە ژیان کـردووە.. هـەبوونیـشت بۆ ئـەم چرکـەسـاتە دەگـەڕێتـەوە کـە گـەردوونی تیـادا دروست بووە... هـەر بەردەوامـبـوونیش بەخـۆوە دەبینی تا ئەو رادەیەی چاو و خـەیاڵ بۆی بچێ... تا دەگـاتە رۆخـەکـەی گـەردوون تا دەگـاتە کـۆتاییـیـە بەچاو بزرە نەبینـراوەکـەی.. بەڵێ چرکـەسـاتێکی سـەرمـەدیی بێ کـۆتاییـیـە.. تۆ لە هـەمـوو چرکـەسـاتێکدا لەگـەڵ گـەوهـەری جـوولەی گـەردووندا ژیان بەسـەر دەبەیت بەڵام نـاتوانیت هەسـتـی پـێ بکـەیت.. خـووەکــانـی

بیرکردنەوە مێشکی لە دەست دایت و خۆشەویستیشت و هەست و نەستت بەرامبەر چرکەساتدا ژیانی لێ بڕیوی... هەرکاتێکیش توانستی ئەوەت بۆ گەڕایەوە هەست بەبوونی ئەو هەست و نەستە ئیعجازییە مەزنە بکەیت ئەوکات بەبێ هیچ یارمەتییەک لە تواناتدا دەبێت هەر لە خۆوە لە مانای ژیان بگەیت.. گرفتیش لە تێگەیشتنی ئەو مانایە لەوەدایە ناتوانێت ئەو مانایەی تۆ بەدەستت کەوتووە بە ڕێگەی دەرکردن و پێوەری تێگەیاندن و وشە دەربڕینەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە.. پێویستە چەمک و مانا لە ناخت دروست بێت، مرۆڤیش بە فیترەتی زگماکی خۆی تام و چێژی لێ وەربگرێت. هەروەک چۆن تام و چێژ لە ترێ و هەنجیرو میوە وەردەگریت، ژیان موعجیزەیەو هەبوونیش هەر موعجیزەیە! هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ بردبوو. پەڕوپاتاڵی ئاسایی جۆری هەستکردنمان و بیرکردنەوەمان لەم چرکەساتە پڕ لە ژیانەمان جیادەکاتەوە.. چرکەساتێکە هەموو دەمێ لەناخماندایە بە ڕەنگە جوان و بریقەدارەکانیانەوە.

ئێمە بەرهەمی وەدەستکەوتووی ئەو شوێن و کاتەین، ئێمە لەهەمان کاتیشدا لاقووڵی (بعد) سێیەمی ئەو شوێن و کاتەین.. ئێمە ماددەیەکی دوور لە پێکهاتەی ئەم بوونە نین.. ماددەیەکی پەسەندکراوی سەر بە پێکهاتەی ئەم گەردوونە نین.. لەو گەردوونەش جوانتر نین.. ئێمە بەشێک و وێنەیەکی ئەم گەردوونەین.. هەر چ وێنەیەک بێت ئەم گەردوون و ئەم هەبوونە بەخۆوەی بگرێت لەگەڵ یەک باری جیاوازیدا لەگەڵ ئادەمیزاد کە تاقە بوونەوەرە خۆی لەوەرگرتنی تام و چێژی ئەم بوون و ئەم ژیانە بێبەری دەکات.. لەبەر ئەوەی خنکاوە لەژێر کاریگەری و پاڵەپەستۆی قووڵی خوو و پێوەندی و بڕواو بۆچوونی کۆمەڵایەتی تایبەت بە مرۆڤ کە ڕێگەی ڕاست و دروستی بیرکردنەوەی لێ دەگرێت و لێی ناگەڕێت تام و چێژی بەشێوەیەکی ئاسایی لەم ژیانە وەرگرێت، مرۆڤ دیل و کۆیلەی کۆمەڵگەکەیەتی ئەو کۆمەڵگانەی لە ئەو پەڕی باری نەهامەتی و پاشاگەردانی و نەبوونیدا دەژین.. (مەبەستیش لێرە کۆمەڵگەکانی ئاژەڵ و مێش و مەگەزو ئادەمیزادو ڕووەک و بەکتیریاو هی ترە)..

لەڕووی هەستکردنم بەتاوانی دەروونیشمەوە لەبەر ئەوە بووە من هەرگیز نەمتوانیوە ئەو ڕێبازەی گرتوومەتەبەر لەکارو پیشەکەمدا بیگۆڕم و جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان پێداویستییەکانی ژیانی ناو ماڵ و لەنێوان پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا دروست بکەم، لەبەر ئەوەی زۆرم هەوڵ بۆ داوەو شکستم هێناوە.. واشبزانم ژیان بەرەو قۆناغێکی دووری بردم، بۆیە هاوسەرەکەی ژیانم بەم واقیعە ڕازی بووە ئەگەر بەناڵیشی بێت.. واش بزانم ئەم جۆرە پێوەندییەی من لەگەڵ ئەودا ستەمکارییەکە دەرهەق بە ئەو.. ناتوانم بەسەری هەڵدەم کاتی بەسەرداچوو و لەدەستیش چوو..!

٢٠٠٧/٩/١٨

دەفتەری دووەم

# ڕۆشنبیری

## رۆشنامەگەری

١- ئەتێکی راگەیاندن و راستگۆیی

لە خـۆڕا نیـیــە لە خـوێندنگاو زانکۆکـانـی دنیـادا، هەروەکـو لە زەمـانـی (ئەرسـتـۆ)ی فـەیلەسووفی گەورەوە، وانەیەکی فـەلسـەفی- زانستـی بەناوی (ئەتێک/ ئاتێک Atic، واتە: ئەخـلاقیـان) هەیە، کە لە سـالانی دواییدا رۆژاوا بـابەخـــێـکـی تازە بـەم وانـەیە، دراوە. دوو جـــار، لـە ئـەڵمـــانـیـــا، لـە رێگەی پرۆفــیـســۆرێکی بەرزی وانەی (ئـەتیک)ەوە کـــە دەعـوەتی کـردم، لە کـۆڕی تـایبــەتمەندی زانـایانـی ئەم بـوارە بەشـــدار بـووم- تێـــدا چەند بیـــرمـــەند (فەیلەسووف) و پزیشک و ئەدیبێک و چەند مامۆستای زانکۆ بەشداربوون.

کـۆڕێکی ئـەو زنجـیـرە سـەمـینـارانە دەربارەی (ئەخــلاقـیــات، ئەتێک، لە پزیشکیدا) بوو. کۆڕەکە بەوە گەیشت کە پزیشکان، هێشتا پێویستی زیادیان بە فێربوون و زانینی ئەخـلاقیات لەکاری پزیشکیدا هەیە، کە مـەسـەلەیەکی کۆمـەلایەتی و ئەدەبیی و ویژدانییە. پرۆفیسۆرەکە گوتی کە (ویژدان) دەبێ رێبـەرمـان بێ... ئەخـلاقـیـاتی هەر کـارێکی شـەرافـەتمەندانە دەخـوازێ کـە ئادەمیـزاد فرمـان (واجـبی) خۆی وەکو هـەیە بەجێ بگەیەنێ واتە: ئـەنجـامی وەزیفـەو ئەرکی پێـڕاسـپـێـردراو ئەسـاسی ویژدان و ئـەخـلاقـیـاتە. ئەوەش راسـتگۆیی دەوێ. ئادەمیـزدا، بەر لەهەمـوو شت، لەگـەڵ خـۆی راسـتگۆ بێت، بەهـەمـان شـێوەش لـەگەڵ کۆمـەڵگەو دەزگاکـانی کارو پیشـەکەی راسـتگۆو سەرڕاست بێ.

من وا تێگەیشتم کە مەبەستی کۆڕەکەو بەشداربووان ئەوەبوو تا بەوە بگەن کـە دڵسـۆزی و راسـتگۆیی مـرۆڤ لەگـەڵ ئەخـلاقـیـاتی پیشـەکـەی خـۆیدا، یاســایەکی ویژدانی و ئـەخـلاقـی بەرزە، تا کـۆمــەڵگەی بەشـــەری لەم «تەنگو

چەڵەمەیە» رزگاری بێ، گریمانی کۆڕەکە ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی ئەڵمانیا بە قەیرانێکی دژواردا رەت دەبێ، ئەگەر خێرا چارەسەر نەکرێت، ئەوا دووچاری تەنگوچەڵەمەی گەورەتر دەبێت.

٢- چەند وانە لە کۆڕەکە:

لەو کۆڕەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە زانایانی هۆشیاری ئەڵمان لە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وڵاتەکەیان رازی نین. هەر بۆیەش هاتن راستگۆیانە کێشەکە شی بکەنەوە.

لەوێدا پەنجەیان خستە سەر چەند چەمکی گرینگ وەک (ویژدانی پیشەیی و ئەخلاقیاتی کار) مەبەستیان هەموو کارێک بوو، چ پزیشکی یا رۆژنامەگەری، پیشەسازی یا هونەری... تاد! هەروەها گەڕانەوە سەر چەمکی (راستگۆیی) و دڵسۆزی لە ئەنجامی وەزیفە گوتیان: «هەمیشە وەها کار بکە، وەکو بڵێی بۆ خۆتی دەکەی. خۆت سەختترین چاودێری خۆت بە» جا بڕوانن... کە میللەتی ئەڵمانیاو میللەتانی تری ئەوروپا بە راستگۆیی ناسراون و، بەڕاستیش تا ڕادەیەکی باش پابەندی راستگۆیین، ئەمجاش هێشتا داکۆکی لەسەر دەکەن. لە کۆڕەکەدا جارێکی تر بە مانای فەلسەفی ویژدانی و یاسایی راستگۆییدا چوونەوەو، گرینگییان بە (ویژدانی کارو پیشە) دا، چونکە هەر پیشەیەک ئەخلاقیاتی خۆی هەیە، لەوانەش رۆژنامەگەری و راگەیاندن کە بڕێک باسیان کرد.

بەڵام چەند لەو کوردانەی کە ساڵانێکە لە ناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا ژیاون هەوڵیان داوە لە چەمکی (راستگۆیی) و (ئەخلاقییاتی پیشە) تێبگەن؟ وەیا هەندێکیان ئەو تۆزە پرنسیپە ئەخلاقیانەی پێشووی کۆمەڵگەی کوردەواریشیان لە دەس داوەو، لەوێش فێری شتی تازە نەبوونە؟!

جاری یەکەم نییە دەربارەی (راستگۆیی) دەنووسین، کە چەند باسی بکەین، هێشتا کەمە. بەڵام دەشزانم کە زەحمەتە، مرۆڤ لە شاری کەڕولاڵاندا شتێک ببیستێ، یا کەس شتی لێ (ببیستی). لە ناو کۆمەڵگەی خنکاو

بەتەپودووکەڵی درۆو درۆزنی و یەکتر فریودان، ئادەمیزاد ناتوانێ (راستگۆ) بێ، چونکە وەکو شاری کوێرانی لێ دێ. بەقسەی نەستەقی کورد: لە شاری کوێراندا ئینسان دەبێ دەست بخاتە سەرچاوی تا ئەویش وەکو خەڵکی شار هیچ نەبینێ!...

٣- جیهانی فریشتەو مێردەزمە!

کۆمەڵگەی رۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد، وەکو کۆمەڵگە درۆزنەکانی دەوروبەرمان، یەکسان و یەک ئەخلاق نییە... تێیدا رووناکبیر و هونەرمەندی بەرز دەبینی، لە ئەخلاقیات و رەوشتدا، فریشتە ئاسان، بەرزن... چونکە (رۆشنبیرن). بەڵام هەمووو نووسەرو شاعیرو هونەرمەندێک رۆشنبیرنین... بەڵکو زۆربەیان، دەتوانین بڵێین، داهێنەری بەرزن، دەستڕەنگینن و جوانکارن، شارەزای هونەر و پیشەکەیانە... بەڵام بە بەرزیی باڵای (رۆشنبیر) نەگەیشتوون. رۆشنبیری بەرزیش هەن کە داهێنەر نین، بەڵام لەهەر بوارێکی هونەرو زانست و رۆشنبیریدا شتێک دەزانن، لە کۆمەڵایەتی و رامیاری و بوارەکانی تریش شتێک دەزانن هەمووو شتێک نازانن، لێ شتێکی لێ تێدەگەن. لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم رۆشنبیر بەو جۆرە کەسە دەگوترا کە لە هەر شتێک، تا ڕادەیەک تێدەگات و، بیرو بۆچوونی بەرامبەر ژیان و رووداوی کۆمەڵگەکەی هەیەو، هەڵوێست وەردەگرێت.

دوای ئەوە بایەخ درا بە لایەنی پسپۆرێتی گوتیان کە مرۆڤی رۆشنبیر، لە جیاتی زانیاریی گشتی و هەمەلایەنە، دروستترە تەنیا لە بوارێکدا پسپۆر بێ و بەدویا بچێ تا زۆر چاک شارەزای دەبێ.

ئێستا، وا پێدەچێ چەمکی (رۆشنبیری گشتی) دەگەڕێتەوە... بێگومان هەر کەسێک بتوانێ، بۆی هەیە بایەخ بە پسپۆڕێتی بدا، بێ ئەوەی لایەنی زانیاریی گشتی و هەمە لایەن، فەرامۆش بکات. واتە جۆرە هاوسەنگی و بەڵانسێک بۆ کەسایەتیی (رۆشنبیر) دەگەڕێتەوە.

رۆشنبیری فریشتە ئاسای پاک و بەرزمان هەیە، بەڵام کەمن. لە تەک

ئەوەشـدا، بەخـەم و داخـەوە، جـۆرێک لێکشـێـواوی و ئاڵۆزی لە رەفـتـاری ژمـارەیەکی زیادی هونـەرمـەندان و نووسـەران (بەتایبـەتی رۆژنامـەنووسـان) دەبینین... کە بارێکی ترسناکی کۆمەڵایەتی دروست کردووە.

ئەو هونەرمـەندو نووسـەرانە نازانن کـە پـەیڕەوی راسـتگۆیی و ئەخـلاقیـاتی کـارو ویژدانـی پـیشـەیـی و دروسـتکاری لایەنێکی جـوان و گـرینگی داهێنانە واتە: داهـێنـان (هـەرچـەند بـەرزبێ) بـە ئەخــلاقــیــاتـی کــارەوە گــرێدراوە. هونەرمـەندو نووسـەرە بەرزەکـانی جیـهـان، بەدرێژایی مـێژوو، نموونەی بەرزی راستگۆیی و مرۆڤدۆستی بوونە. تەنانەت لە جیهانی سیاسەتیشدا، زۆر جار لە مـێژووی گەورەکـانا پابەنـدبوون بە راسـتـگۆیی و جوامـێری و ویژدانـی کـار، دەبینـین. پێـغـەمـبـەران (د.خ)، بەر لە هـەمـوو شـتـێک، بەهێـزی مـەعنەویی راسـتگۆیـی و ویژدان و پاکـڕەوشـتی پـەیامی خـۆیان گـەیاندووە... رەفـتـاری کەسـایـەتیـیان لە دەقـەکـانی پەیامـەکـەیان، گـرینگـتـر بووە (ئەمـەیان لە بواری رامیاریشدا دەبینین).

٢٠٠٩/٨/٢١

# یەشار کەمال

١

یەشار کەمال خەلاَتی خۆی وەرگرت.

ئەو رۆماننووسێکی گەورەی جیهانە، بە رەگەز کوردەو بە زمانی تورکی دەنووسێت.

لەمێژە بۆ وەرگرتنی خەلاَتی نۆبل بۆ ئەدەب، دەیپالێون... رەنگە ئێستاش چاوەڕوان بێ. ئەمساڵ رۆماننووسی تورک، برایم بامۆک، خەلاَتی نۆبلی وەرگرت.

لێ، یەشار کەمال، کە شایانی خەلاَتی گەورەتر لە نۆبلە، خەلاَتێکی مەزنی وەرگرت، خەلاَتی سپیی ئاشتی.

ئەو لە کۆنفرانسی (تورکیا بە شوێن ئاشتیدا دەگەڕێ)، کە لە رۆژانی ١٣و١٤ی ئەم مانگە لە ئەنقەرە، گرێدرابوو وەکو گرینگترین کەسایەتیی رۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی کوردو تورکیا بەشداربوو، لە تەک سەدان رۆشنبیری گەورەو کەسایەتیی ناسراوی کۆمەڵگەی تورکیادا.

وتاری یەشار کەمال، گرینگترین وتارەکانی کۆنفرانسەکە بوو، بوو بە پەیامی ئاشتی لە تورکیا.

دوای تەواوکردنی وتارەکە ژنێکی کورد خەلاَتی سپی پێشکەش کرد، کە بریتی بوو لە ملپێچێکی سپی گەورە، بە دەوری گەردەنیا ئالاَندی و بە سەر سنگیا شۆڕەوە بوو، ئەو ژنە یەکێکە لە (دایکانی ئاشتی)ی کورد، کە لە کۆڕو کۆبوونەوەو رێپێوانەکانی ئاشتیپەروەریدا بەشدار دەبێ.

٢

بەلای منەوە، ئەو پارچە سپییە، کە یەشار کەمال وەری گرت، گەورەترین خەڵاتە، تەمەنی ئەدەبی و رووناکبیریی دەوڵەمەندی، هەتا هەتایە دەرازێنێتەوە. ئەوەتا لە دوایین سالانی تەمەنیدا بوو بە سومبوڵی ئاشتی و ئازادی بۆ میللەتەکەی، کە میللەتی کوردەو شانازیی پێوە دەکات.

ئەو، لەو وتارەدا داوای ئاشتیی بۆ کوردو تورک کردو دەوڵەتی تورکی بانگ کرد تا ئاگر بڕ قبووڵ بکاو، بە دەنگی ئاشتیخوازانەی کوردەوە بچێت. داوای کرد، ئیتر دەوڵەتی تورک خەباتی ئازادیخوازانەی کورد بە«تیرۆریزم و توندوتیژی» ناو نەبا، بەڵکو رێز لە ئەو خەباتە بگرێت.

گوتیشی کە کوردی باکور هیچ دۆستێکی نییە، مەگەر خەڵکی کوردستانی باشوور. ئەو بڕواو متمانەی بە میللەتی کوردی باشوور دەربڕی و، بەو شێوەیە بەشێوەیەکی دیالکتیکی سادەو جوان، خەباتی نەتەوەیی کوردی پێکەوە گرێدا.

ئەز ٢-٣ رۆژ، بەر لە بەستنی کۆنفرانسی ئاشتیی ئەنقەرە، لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانیی گەرم بۆ تەڤگەری ئاشتیخوازانەی گەلی کوردمان لە باکور، گوتم کە ئێمە لە باشووردا دۆستمان نییە کورد بەگشتی دۆستی نییە، تەنیا دۆستی کورد خۆیەتی، دۆستی ئێمە پشتیوانەو قووڵایی نەتەوەیی کوردە لە گشت پارچەکاندا. هەروەها لە وتارەکەمدا گوتم کە سەرکەوتنی تەڤگەری ئاشتییانەی باکور باشترین پشتیوان و گەرەنتیی گەلی کوردی باشوورە. ئەزموونی نزیکی دوای کارەساتی ١٩٧٥م بەیاد هێنایەوە، کە ئەگەر یارمەتیدان و پشتگیریی کوردی رۆژئاواو باکور و رۆژهەلات نەبا (واتە: ئەگەر قووڵایی نەتەوەیی نەبا) زۆر زەحمەت دەبوو بۆ شۆڕشی کوردی باشوور سەر هەڵبداتەوە.

٣

یەشـــار کـــەمـــال، کـــە بە زمـــانی تورکی دەیان ڕۆمـــانـی بەرزی نووســـیـــوە، نەیشاردۆتەوە کە کوردەو کورد زمانەو تەنانەت گوتوویەتی کە ئێستاش ئەگەر بیەوێ، بە کوردی ڕۆمان دادەنێت.

ئەو، هـەروەهـا لـە وتاری ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٣، لە ئـەنقـــەرەدا، بـە جـــیـــدی و ڕاشکاوی زمان و کلتوورو هونەری کوردیی، بە شانازییەوە، بەرز نرخاندو، گوتی کە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس، میللەتی کورد خاوەنی زمانی زگـمـاکی خـۆیەتی، کـە زمـانێکی ئێـجگار دەوڵەمـــەندە، دەبێ ئازاد ببـێت و هەلومەرجی بووژانەوەو گەشەسەندنی بڕەخسێت.

(بەداخـەوە کـە مـیدیاکانـی هـەرێمی باشـوور بایەخی ئێـجگار کـەمـیان بەم وتارەو بە کۆنفرانسەکە داوە).

ئێستاش، ڕۆژانە چەندین کۆڕو کۆبوونەوە لە تورکیاو لە ئەوروپادا، لەلایەنی کوردەوە، دەبەستریێت بۆ شیکردنەوەو پشتگیری لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئاشتی لە ئەنقەرە... هەوڵی ئەوە دەدەن تا بڕیارەکە تەنیا لە کۆی چەند لاپەڕە نەمـێنێ، بەڵکو بیرورا بـەرزەکانی بڕیارەکە، کـە چارەسـەری ئاشـتیـیـانەی مـەسـەلەی کـوردە لە باکـور، دابەزێتـە ناو خـەڵک و، بە دوویا بچن، تا ببـێتـە باوەڕو ڕای گـــشـــتـی و هێـــزێکی بزوێنەری مـــاددی. ڕەنگە، دوای دوو سێ هەفتـەی دادێ، دوای نەمانی بەفرو سەرما، لێشاوی ڕێپێوانی خەڵکی باکور، ژن و پیاو، گچکەو گەورە، شارەکانی باکور بگرێتەوەو، مەزن و مەزنتر بێت... کـە شـایـانی ئەوەن، گـشت کورد لـە پارچەکـانی ترش، پشت و پەنـایان بن و، دەنگ بخـەنە پاڵیـان بۆ چارەسـەری ئاشـتـیـیـانەو دیموکـراتیـیـانەی مـەسـەلەی کـورد، یەشـار کـەمـال گـوتی: «یا دیموکـراتـی ڕاسـتـەقـینە لە تورکـیـادا، یا هـیچ...!».

٤

ئەز، ئەو تەڤگەرە ئاشتییانە لە باکوردا بە راپەڕینێکی سپیی قووڵ و بەرین لە هـۆشـــیـــاری نەتەوەیی، ســـیـــاســی و کــۆمـــەڵایەتیی کــورد دەبینم. ئەم هۆشیاربوونەوە مزگێنی مەزنی سەرکەوتنی داهاتووی نزیکمانە.

بەلای منەوە، یەشـــار کـەمـــال و ئەحـــمـــەد تورک و ئاســێل و هەڤـــالانیـــان، رێچکەیەکی هەرە تازەیان لە پێش بزاڤی رزگـــاریخـــوازی مـــیللیی کـــورد، کـــردۆتەوە. ئەم رێچکەیە، بە زوویی و خـــێـــرا، دەبێ بە جـــادەیەکی بەرین و راست، کـە یەکـڕاست بەرەو ئەنجامێکی مرۆڤـدۆستـانەو رزگـاریخـوازانە دەمانبات. جادەیەکی دروست و دڵنیا بەخشە.

٥

ئەوەش کـە زیاتر سـەرنجی راکـێشـاوم گـەلی کـوردسـتـان، لە ئەنجـامـدا رێبازێکی دیموکراتی و مرۆڤدۆستانەی دۆزیوەتەوە، کە کەس ناتوانێ رێگەی لێ بگرێت و، زوو یا درەنگ دەوڵەتی تورکیاو رای گشتی جیهان، ناچار دەبێ وەڵامی ئیجابییانەی پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان بداتەوە. گرینگترین پەندو دانایی و لێهاتوویی فیکری و فەلسەفیی هەڵوێستی یەشار کەمال و گشت ئەو کەسایەتی و پارت و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە ئەو تەڤگەرە ئاشـتـیـیـانەیان بەڕێ خـسـتـووە، لەوەدایە کـە لێـوەشـاوەیی و عەبقەرییەت و بلیمەتییان پیشان دەدات... ببینن، لەم حیکمەتە بەرزو جوان و قـووڵە... کـە لەجـیـاتی ئەوەی دەوڵەتی تورکـیـا، کـە ئازاری توندی گـەلی کوردستانی داوە، داوای لێبوردن بکات و بە ئاشتی بێتە پێش و دڵی کورد بداتەوە... ئەوەتا قوربانییەکە (کە کوردە) چووەتە پێش، پەیامی ئاشتی بەرز دەکاتەوە.

هێـزو دەزگاکـانی دەوڵەتی تورکـیا هیچ نەمـا نەیکا، لە خـراپی و سـتـەم و وێرانکردنی هـەزاران گـوندو، لە سـێـدارەدان و ئەشکەنجـەو زۆرداریی تر، دەرهەقی خـەڵکی کـوردسـتـان، کـە ئەو دەبا ئالای سـپـیی هەڵگرتبا... بەڵام

دەبینین کە میللەتی ستەملێکراوی کورد پەیامی ئاشتی بە گوێی تورکیاو جیهاندا، دەدات.

لەم حیکمەتەدا وەکو بڵێی کورد رەوشی مەسیح- ئاسایی گرتووەتەبەر. وەختێک عیسا مەسیحیان بە خاچا هەڵواسی، ئەو دوعای خێری بۆ دوژمنانی دەکرد (بۆ ئەوانەی کە لە داریان داوە)، دەیگوت: «خوایە، ئەوانە ببەخشە، چونکە نازانن چی دەکەن».

- هەروەها، لە مێژووی بوودایییەکاندا هاتووە کە رەبەنێکی گەورەیان هەبووە بەناوی «دایانادا»، کە بەدەستی چێشتکەرەکەی ژارخوارد کرابوو. دیارە دوژمنەکانی پارەیان بە چێشتکەر دابوو بە ژەهر بیکوژێت. وەختێک (دایاناندا) کەوتە گیانکێشان و لێواری مەرگ، چێشتکەرەکەی بانگ کردو برە پارەیەکی پێ داو گوتی: «بەم پارەیە سەفەر بکە. برۆ هەڵبێ. چونکە ئەگەر قوتابییەکانم ئاگادار بن لەوەی چیت بەسەر من هێناوە، دەتکوژن و ئەنجن ئەنجنت دەکەن..».

- لە کۆتایییەکانی تەمەنی بەشەری زەمیندا (کە چەکی ئەتۆمی و پیسبوونی ژینگەو تیرۆرو نەخۆشیی کوشندە هەرەشەیان لێ دەکات)، کورد مەسیح- ئاسا و بە تەنیا، هاتووەتە مەیدانی جیهان!

٢٠٠٧/١/٢٣

## دارا تۆفیق

لەوەوبەر دووراو دوور دەمناسی و نامەم بۆی دەنارد.

ساڵی ١٩٧١ لە نزیکەوە ئاشنای بووم.

شەهید دارا تۆفیق مرۆڤ دۆست بوو، زوو دەچووە دڵەوە. کەسم نەدی رقی لێی بووبێت، مەگەر لە نوختە نەزەری تەسکی سیاسییەوە(١).

ئەو، کە ئاشنای بووم، سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (التآخي) بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٧ەوە بە عەرەبی، لە بەغدا، لەلایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دەردەچوو.

لە یادم ناچێ کە شەهید دارا پشتگیریی تەواوی کردم تا لە رۆژنامەکەداو، دواجار لە راگەیاندنی شۆڕشدا، پێشبکەوم. من لە ساڵی ١٩٦٧ەوە لە رۆژنامەکەدا دەمنووسی و گۆشەی نیمچە رۆژانەم هەبوو.

زوو بە زوو بە بەڕێوەبەری نووسینی لاپەڕەی (کاروباری کرێکاران و جووتیاران) دامەزرام، کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ بە سکرتێری نووسین دانرام.

تا داخستنی رۆژنامەکە لە ١٩٧٤/٣/١١دا، ئەویش بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی، کە ئیتر هەموو بەغدامان بەجێهێشت و چووینە ریزی شۆڕش لە ناوچەی گەلاڵەو چۆمان. دیاربوو رژێمی بەعس رۆژنامەکەی هەر دادەخست، چونکە بارزانی نەمر لەگەڵ رژێمی سەدام رێک نەکەوت. رژێم دەیویست پرۆژە یاسایەکی پڕ لە کەموکوڕی بەسەر گەلی کوردستانا دابسەپێنێ، کەرکووک و خانەقین و ناوچەی گرینگی تر لە سنووری

(١) لە بەهاری ٢٠٠٩دا پرۆژەیەکم دانا بۆ فلمێکی دیکۆمێنتی دەربارەی شەهید دارا تۆفیق، کاک ئاسۆ حاجی دەری هێنا و لە تەلەفزیۆن پێشان درا.

(ئۆتۆنۆمی)دا نەبێ. سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەری مستەفا بارزانی پڕۆژەی ڕژێمی ڕەت کردەوەو لە ئەنجامدا حکومەتی بەعس شەڕێکی سەختی دژ بە کوردو کوردستان هەڵایساند کە تا ١٩٧٥ بەردەوام بوو، دوا شکستی ١٩٧٥یش هێرشی ڕژێم بۆ قەڵاچۆی کوردو گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی کوردستان دەوامی کرد تا بە ئەنفال و کیمیاباران گەیشت.

دارا تۆفیق لەو دەمەدا، جگە لەوەی سەرنووسەری (التآخي) بوو، لە پارتیدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی دۆستایەتی ئاشتی لە عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی جیهانیی ئاشتی و چەندین ڕێکخراوی گرینگی تر بوو. بە کەسایەتییەکی ئاشتیخوازو دیموکرات و ئازادیخوازی نیشتمانپەروەر ناسرابوو.

ئاداری ساڵی ١٩٧٤، ئەویش وەکو ئەندامانی تری سەرکردایەتی چووە چیا، لەوێ دەزگاکانی پارتی و شۆڕش سەر لە نوێ دامەزرێندرانەوەو، بۆ یەکەمین جار ئەمیندارییە گشتییەکان (ئەمانە عامەکان) بەسەربەخۆیی، لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و چاودێریی ڕاستەوخۆی بارزانی لە ئاداری ١٩٧٤دا دامەزران.

هەر ئەمیندارێکی گشتی جێگەی (وەزیر)ی ئێستای دەگرتەوە. هەر بۆیەش دەڵێم: (وەزیر) چونکە، دوای چەند مانگ، ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەنجومەنی جێبەجێکارییش دامەزران، لە پڕۆژەیەکی تازەدا پلەی (وەزیر) بۆ ئەمیندارە گشتییەکان دانرا.

بەو شێوەیە، دەتوانین بڵێین کە لیستی ناوی هەندێ وەزیری سەردەمی شۆڕش لە ١٩٧٤دا بەم جۆرە بوو:

- شەهید دارا تۆفیق وەزیری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان، دواتر: وەزیری زانیاری (پەروەردە) بە وەکالەت.
- شەهید ساڵح یوسفی، وەزیری دادو ئەوقافی ئیسلامی.
- شەهید نوری شاوەیس، وەزیری گەیاندن و ڕێگەوبان.

- مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، وەزیری دارایی.
- د. مەحمود عوسمان، وەزیری تەندروستی.

ئەو ناوانە، بۆ نموونە، دێنمەوە، داوای لێبوردن دەکەم کە ناوی هەمووانم لەیاد نەماوە، یا دڵنیا نیم لەوەی لە یادمن. ئەوەندە دەزانم وەزیرانی: شارەوانی و کشتوکاڵ و هی تریش دامەزرابوون، لەگەڵ دەزگای دیفاعی مەدەنی و بەرگری (عەسکەری)و پەنابەران.

ئەوەش وەبیر دێنمەوە کە دواتر، ئەنجومەنی جێبەجێکاری (تەنفیزی) دامەزرا، بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان (ئەمینداریيە گشتییەکان)و، شەهید سامی عەبدولڕەحمان بە سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی دامەزرا، واتە: سەرۆک وەزیران بوو.

وەزیرە هێژاکانی شۆڕش تا ئاداری ۱۹۷٥ کاروباریان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبردن، بە شایەدی ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا لەوێ بوون، لە ماوەیەکی کورتدا دامودەزگایەکی خنجیلانەی ڕێکوپێکی یاسایی لەژێر چەتری شۆڕشدا پێکهات.

شەهید دارا، هەروەها لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی وەزارەتی (زانیاری)، واتە: (پەروەردە) بەپێی زاراوەی ئەو وەختە، بەچاکی سەرکەوت و لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا سەرەتای ۱۹۷٥، یەکەمین وەزیر بوو کە بە فەرمی لەلایەنی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندییەوە سوپاس کراو سوپاسنامەکەی ڕاگەیەندرا.

ئەو لەناو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو. لەناومانا، وەکو ئێمە دەژیا، بە جلوبەرگی سادەی خاکی و بە دەگمەن مۆڵەتی وەردەگرت. لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکەو هێرشی ڕژێمدا، چاونەترس و دلێر بوو، هەمیشە ورە بەرز بوو، کە بە ئیجابی لە دەوروبەری ڕەنگی دەدایەوە.

لەلایەکی ترەوە، لە وەزارەتدا بەشێکی گرینگی دامەزراند بۆ ڕۆژنامەنووسانی بیانی کە لە ۱۹۷٤-۱۹۷٥ نزیکەی ۱٤٥ پەیامنێرو

رۆژنامەنووسی بیانی سەریان لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دا ئەو ژمارەیە، بۆ ئەو سەردەمە زۆر بەرز بوو، چونکە شۆڕش لە چەندین لاوە ئابڵووقە درابوو. بۆ خزمەتی هاتوچۆی رۆژنامەنووسان بەنێو مەیدانەکانی نەبەردو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا، چەند تیپی وەرگێڕان و پاسەوانی دانا. جگە لەوەش بەشێکی گرینگی گوێڕاگرتن (انصات)ی دامەزراند کادیرو کارمەندانی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان، کە لە (٢٣٠) کەس زیاتر بوون، دڵسۆزانە هاوکاریی دارایان دەکرد، بەخۆیشی پێوەندیی لەگەڵیان هێمن و برایانەو دۆستانە بوو. هەر بۆیەش، جێگەی پشتگیری و متمانەمان بوو.

بەو رەوشتە بەرزە بوو بەجێگەی رێزی هەموو لایەک. شایانی باسە کە جێگەی بڕواو متمانەی سەرۆک بارزانی نەمر بوو، بەتایبەتی بۆ پێوەندیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی تر لە بلۆکی رۆژهەڵاتی ئەو سەردەمەدا. دارا تۆفیق جێگەی رێزو بڕوای کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەردەمی خۆی بوو. لە گفتوگۆکانی ئاشتی بەشدار دەبوو.

هەروەها جێگەی خۆیەتی بڵێم، کە من لەو ماوەدا کە شان بەشانی شەهید دەژیام و کارم دەکرد، وەکو هاوکارانی ترم، بۆم دەرکەوت کە دارا رووناکبیرێکی مەزنی هەڵکەوتووە، خاوەن بیری روون و قووڵ بوو، بەشێوەیەکی سادەو رەوان مەبەستی خۆی دەردەبڕی و بیرۆکەی وتارەکانی دادەڕشت.

بەداخەوە، دوای کارەساتی ئاداری ١٩٧٥، لەبەر هۆیەکی نادیار (بەلای منەوە هێشتا ئەو هۆیە نەزانراوە)، لەکاتێکدا کە دەبوو بەناوی سەرکردایەتییەوە بچێتە وڵاتی (یوگسلافیا)، کە دەعوەتیش کرابوو، بەڵام گەڕایەوە بۆ بەغدا.

تا لە هاوینیساڵی ١٩٨٠، لە چیا بووین هەواڵی گرتنی دارا بەدەستمان گەیشت وەکو ئەو کاتە گوترا: بەیانییەک لە شاری بەغدا، بە تەنیا، چووبوو کچەکەی بە قوتابخانە بگەیەنێت، بەڵام ئیتر نەگەڕایەوە ماڵ. دوای چەند رۆژ سەیارەکەی دەدۆزنەوە، بەڵام خۆی لەو کاتەوە تائێستا بێ سەرو شوێنە.

کەسوکاری، دواتر، زانیویانە کە لەلایەنی رژێمی بەعسەوە گیراوەو دەڵێن کە بارزان تکریتی لە هەموو کەس زیاتر ئاگای لە گرتنەکەیەتی. ساڵی ٢٠٠٣ ئەو بۆچوونەمان لە رۆژنامەی (التآخي) لە بەغدا بڵاوکردەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو، چارەنووسی ئاشکرا نەکرا.

چەندین جاریش چاوم بە خوالێخۆشبوو خوسرەو تۆفیقی برای و هاوسەری بەڕێز و کچەکانی کەوتووە، بەڵام هێشتا ئاگادارنیم کە ئایا هیچ نیشانەیەکیان لە چارەنووسی بە دەس کەوتووبێ، چونکە ئەوانیش و ئێمەش زۆر بە پەرۆشەوە بووین بۆ زانینی چارەنووسی.

بەهەرحاڵ، وەزارەتی رۆشنبیری ئەمساڵ، لەکاتێکی گونجاودا، دوو رۆژ بۆ یادەوەریی دارا تۆفیقی مەزنی شەهید دەکاتەوە، دڵنیاین کە ئەو برایانەی دەیانناسی و هێشتا ماون، بەشدار دەبن لەو یادەوەرییە. شەهید دارا تۆفیق کەسایەتییەکی رۆشنبیری و سیاسیی مەزنی کوردە، شایانی ئەوەیە نەوەکانی ئیمرۆ و ئایندە بیناسن و هەمیشە یادی بکەنەوەو شانازی پێوە بکەن.

٢٠٠٧/٣/٢٧

## شەوكەتی مەلا سمایل

ئێستگەی بێتەلی ئاراس

پێزانین:

بە سوپاسی گەرم و پێزانینەوە دوو دیاریی برای خۆشەویست و هێژام، شەوكەتی مەلا سمایل (شەوكەت مەلا ئیسماعیل حەسەن)، لە رێگەی بەڕێز خاوەن و بەڕێوەبەری (نووسینگەی تەفسیر) بۆ بڵاوكردنەوەی راگەیاندن- هەولێر، بە دەستم گەیشتن:

١- كتێبی (رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول) (١٩٦١-١٩٧٥، نووسینی شەوكەتی مەلا سمایل، چاپی یەكەم ٢٠٠٧ز، بڵاوكردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، كە ٤٧٩ لاپەڕەیە.

٢- فەرهەنگی شوان، كوردی- كوردی، پیتی لاتینی و عەرەبی، نووسینی: شەوكەتی مەلا سمایل، چاپی یەكەم ٢٠٠٧ز، بڵاوكردنەوەی نووسینگەی تەفسیر-هەولێر، كە ٩٣٠ لاپەڕەیە.

دیاریگەلی جوان و بەنرخن، پیرۆزبایی گەرم بۆ بەڕێز كاك شەوكەت دەنێرم، كە ئەم دوو گەنجینەیەی خستۆتە سەر كتێبخانەی كوردی. وەكو بەڕێز خاوەنی نووسینگەی تەفسیر گوتی: رەنگە چاپێكی تری فەرهەنگەكەی بە كوردی- ئینگلیزی دەربچێت، ئەویش بەناوی (گەنجینە). دڵنیام كە گەورەترین فەرهەنگی كوردی دەبێ.

نووسەر دەڵێ كە لە (فەرهەنگی شوان)دا كەڵكی لە فەرهەنگەكانی پێشوو وەرگرتووە، وەكو سەرچاوە ناوی هێناون:

- فەرهەنگی خاڵ ١٩٥٩، فەرهەنگی مەردۆخ ١٩٥٦، فەرهەنگی

کوردستان- موکریانی ١٩٩٩، قاموسا سەلاحەدین سەلاح سەعدوڵڵا ١٩٩٨، فەرهەنگی لەک و لوڕ، حەمیدی ئیزەد پەناه ١٩٧٨و فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مام هەژار چاپی١٩٩٠.

کەواتە رەنگە (فەرهەنگی شوان)ی شەوکەتی مەلا سمایل، تا ئێستا، لە هەر فەرهەنگێکی تری کوردی گەورەتر بێ (زیاترین وشە بەخۆیەوە بگرێت)، و لەسەر رێبازێکی زانستیی دروست دایناوە.

لێرەدا، لەوە زیاتر لەسەر فەرهەنگەکە ناڕۆم و، ئەوەندە دەڵێم کە کاک شەوکەت، بەم بەرهەمە، خزمەتێکی گەورەو پڕ لە شانازیی بە زمان و نەتەوەی کوردی کردووە و جێگەی شایانی خۆی لە دڵی خەڵک و مێژووی کوردستان کردووەتەوە.

دەچمە سەر کتێبی (رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول) کە گرینگی مێژوویی و ئەدەبی هەیە، چونکە نووسەر لە ماوەی ٦١-١٩٧٥ لە دڵی زانیارییەکاندا کاری کردووە کە بێتەلەو، یەکێک بووە لەو نزیکانەی مستەفا بارزانی نەمر، کە رۆژانە پێوەندی لەگەڵدا هەبووە.

ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداربوون، بەتایبەتی لە دامودەزگاکانی بالادا، هەموو شەوکەتی مەلا سمایلیان دەناسی، دوورو نزیک دەیانزانی کە مرۆڤێکی بلیمەتی هەڵکەوتووەو، بەرپرسێکی دڵسۆزو کارامەی دەزگاکانی بێتەلی شۆڕشە جگە لەوەش رووناکبیرو نووسەرو ئینگلیزیزان بوو، دەربەستی زمانی زگماکی و دەولەمەندکردنی بوو.

ئەو لەو کتێبەدا لایەنێکی ئەو راستییە دەسەلمێنێ.

پرۆسەی مەزنی شۆڕشی ئەیلول رێگەی دەدا بلیمەتی و توانای تاکەکەسی بپشکوێ و گەشە بسەنێت. زۆرانێک هەبوون لە دەرەوەی شۆڕش نەناسراو بوون، یا ماوەی نواندنی بەهرەو تواناکانیان نەبوو، کەچی دوای هاتنیان بۆ ریزی شۆڕش، بە خاوەن تواناو بەهرەی بەرزو، چاکی و ئازایی و دلێری، پڕ بە ناو و دەنگ دەبوو. لەوانەش شەوکەتی مەلا سمایل لە بێتەل و کردنەوەی

شـیـفـرەکـانی رژێمـدا، عـەبدولخـالق مـەعرووف لـە دانان و کار بـەڕێوەبردن، تەنانـەت دروسـتکردنی دەزگـای رادیـۆو بێـتــەل، سـامـی عـەبدولڕەحـمــان لە ڕێکخـسـتن و ئەندازیاریی دەزگـا نـهـێنیـیـەکـان و راگـەیاندن، دارا تـۆفـیق لە رۆشنبـیـری و پێـوەندی دبلۆمـاسـیی بەتایبـەتی لەگـەڵ سـۆڤـیـەت و وڵاتە سوسـیالیسـتـەکان، حـاڵی دۆڵەمـەڕی لە تۆپ و تۆپخـانـەدا، دەیان شـارەزای گەورەی خـەباتی جـەمـاوەری پارتیـزانی کە پێڕاگـەیشـتن فـەرەنسـۆ هـەریری و هەڤـاڵانی لە کـاروباری پاراسـتنداو، دەیان کـارامـەو هەڵکەوتووی تر کە داوای لێبوردنیـان لێ دەکـەم، چونکە مـاوە کـەمـەو وتارەکـەم بە مـەبەسـتێکی دیکە نووسیوە.

خۆ ناشـتوانین یادی دەیـان کەسایەتـی سیاسی کۆمەڵایەتی و حـزبی بەرزی تر، لە بیـر بکـەین، کـە لە مـەکتـەبی پارتـی و شـۆڕشـا پێگەیشـتن وەک سـاڵح یوسفی، نووری شاوەیس، جەلال تاڵەبانی، برایم ئەحـمـەد، موحسـین دزەیی، د. مەحموود عوسمان، د. شەفیق قەزاز، وە کەسانی تر.

سـەدان کـادری پێشکەوتووش لە بوارەکـانی پێشـمـەرگـایەتی و کـارگـێڕی و رادیۆو راگەیاندن هیتر، لە شـۆڕشدا هەڵکەوتن و تواناو بەهرەیان دەردەکەوت.

دیارە بۆ هـەڵکەوتن هـەردوو مـەرجی سـەرەکی پێـویسـتن: یەک: تواناو بەهرەو ئامـادەیی عـەقڵی و دەروونی خـودی ئەو کـەسـە. دوو: بارودۆخ و هـەلـومـەرجی گونجاو و ئازاد، بۆ پشکووتن و بووژانەوەو پەروەردەی ئەو تواناو بەهرەیانە.

کەشوهەوای ئازادانەی هـەلومەرجی تێکۆشانی خۆبەخش لە ریزی شۆڕشـی ئەیلـولدا، لەگـەڵ بوونی سـەرکـردەیەکی بلیـمـەت و مـەزن وەکـو بـارزانـی: ئەو هـەلومەرجە گونجاوەی دەرەخسـاند.

من، هـەر لە دوورەوە بەتایبـەتی لەوەتی چـوومــەتە ریزی پـارتـی، «بەڵکو بەر لەئەوەش»، ئیلـهـامم لە بوونی ئەو شـۆڕش و ئەو سـەرکـردەیە وەردەگـرت و ئەو وەختە لە کەرکووک بووم.

نـاســـینـی دووربەدووریم، یا ئـاشـنـاییم بـۆ ناوی بـارزانـی بـۆ ســــەرەتـای پەنجاکـان دەگـەڕێتەوە، وەختێک لاوێکی کـرێکاری نەوتی کـەرکووک، کـە خـزم و

خەڵكی گوندەكەمان بوو، بە نهێنی ساڵی ١٩٥٥ وێنەیەكی پێشان دام كە نەمناسی، گوتی: ئەمە مەلا مستەفا بارزانییە، سەرۆكی كوردە، نابێ بۆ كەس باسی بكەیت كە لەلای من دیوتە. بەڵام بیبینەو بیناسە. ئێستا لە مۆسكۆیە، پایتەختی سۆڤیەت. بۆ كەس باسی نەكەیت.

وێنەكە بە جلوبەرگی جەنگاوەرێكی كورد بوو چەند پێشمەرگە بە دەوروبەریا بوون.

بایەخدانم بە مێژووی بێتەلی شۆڕشی ئەیلوول لەوەوە هاتووە كە لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە، ئیتر سەروكارم لەگەڵ بێتەل و كادرو پێشمەرگە خۆشەویستەكانی دەزگاكانی بێتەل بووە، كە مرۆڤگەلی بێدەنگ و لەخۆبوردوو و گوێڕایەڵن، نهێنی پارێزن و جێگەی بڕواو متمانەی سەركردایەتی و بەرپرسانن، چونكە شادەماری گەیاندنیان بەدەست بووە، بەتایبەتی لە كاتە ناسكەكانی بەرەی نەبەردەكان رۆڵی گرینگیان هەبووە، لە پێوەندیی خێراو دروست لەنێوان هێزەكان و سەركردایەتی، هەمیشە لە پێشەوەی بەرەكانی نەبەرد بوونە، لە خەتەرناكترین جێگەو كاتدا بەرپرسانیان بە جێ نەهێشتووە.

بلیمەتی مەلا مستەفا بارزانی لەوەشدا دەردەكەوێ كە لە رۆژانی هەوەڵی شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ەوە هەوڵی داوە دەزگای بێتەلی هەبێ، تا لەگەڵ گشت لق و هێزەكان ئاگایان لە یەك بێت.

دەزگای بێتەلی شۆڕش ساڵانی شەست و هەفتاكان لە دەزگای گەیاندن و بێتەلی عێراق و هەندێ دەوڵەتی تر پێشكەوتووتر بوو، ئەویش بە چالاكی و شارەزایی و بلیمەتیی كەسانێك وەك شەوكەتی مەلا سمایل (دانەری كتێبی رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول)و چەند كادری تری بێتەل.

لە ئازار (مایس)ی ١٩٧٤ بە بەڕێوەبەری راگەیاندنی شۆڕش دامەزرام، ئیتر رۆژانە لە رێگەی بێتەلەوە هەواڵەكانی سەرانسەری شارو گوندی كوردستان و بەغدامان پێ دەگەیشت. واتە: بێتەل بوو بە گەورەترین تۆڕی پەیامنێرانی رۆژنامەگەری. بەر لە ١٩٧٤یش هەروەها بوو.

ماوەیەك دەگەڕام كەی یەكەم جار بێتەلی شۆڕش دامەزراوە؟

شەوکەتی مەلا سمایل لە کتێبەکەیدا وەڵام دەداتەوە:

«رۆژی ١٩٦١/١٢/٢١ لە دەوروبەری گوندی بامەڕنی بووین، یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆکم لە بارەگای مەلا مستەفا بارزانی دامەزراند و لەگەڵ بێتەل مستەفا ئامێری خستمانە کار.» ل٤٢- هەمان کتێب.

مستەفا ئامێدی دواتر بە (رەئیس) بانگمان دەکرد، چونکە لە ١٩٨٠ بەدواوە بە سەرۆکی دەزگای بێتەلی شۆڕش دانراو لەگەڵ بێتەل عەبدوڵڵا ئامێدی لە بەهاری ئەو ساڵەدا، (واتە ١٩٨٠) بۆ یەکەمین جار دەزگای بێتەلیان خستەوە کار. ئەوەبوو لە شکستی ئاداری ١٩٧٥ەوە دەزگای بێتەل وەکو دەزگاکانی تر تێکچوو، تا دوای رووخانی رژێمی شای ئێران. لە شوباتی ١٩٧٩دا جارێکی تر دەرفەت هاتەپێش تۆڕی بێتەل دابنرێتەوە. رۆژێکی بەهارانەی ١٩٨٠ بوو کە لەگەڵ شەهید ئیدریس بارزانی لە ژوورەکەی دانیشتبووم، عەبدوڵڵا لاسلکی (ئامێری) هاتە ژوورەوە، موژدەی سەرکەوتنی پێوەندیی وێستگەی بێتەلی بارەگای مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وێستگەی دەڤەری رزگارکراوی بادینانی راگەیاندو دەفتەرێکی گەورەی هێنا کە بۆ تۆمارکردنی برووسکەکان ئامادەی کردبوو، دایە دەستی ئیدریس بارزانی تاوەکو پیرۆزبایی لە کردنەوەی خەتی بێتەلی شۆڕش یادگارییەک بنووسێ. شەهید ئیدریس نیوە لاپەڕەیەکی بە خەتە جوانەکەی نووسی، کە بەڕاستی خەتی جوان و روون بوو، هەموو خوێنەوارێک دەیتوانی بیخوێنێتەوە لە نووسیندا پەلەی نەدەکرد، لەسەرخۆ دەینووسی. ئەو رۆژەی بە سەرکەوتنێکی تری گەورەی گەلی کوردی بەسەر رژێمی عێراقدا لە قەڵەم دا.

دەربارەی مێژووی بێتەلی شۆڕش کاک شەوکەت دەنووسێ:

«شەوی ١٩٦١/١٢/٢٨ لە گوندی (قاراقا راڤا) بووین لە ناوچەی بەرواری بالا، یەکەم برووسکەی (شیفرە کراوم) شی کردەوەو یەکەم کلیلی شیفرەم دۆزییەوە (مەبەستی شیفرەی برووسکەی ناوخۆی رژێم بوو)، بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکم لەبەر دەستدا بێ، یان لە میری بەدەست کەوتبێ. بە وردبوونەوەو تێڕامان و هزرکردن و بەراوردکردن، نهێنی ژمارەکانم لێکت

رازاندو ناوەڕۆکی برووسکەکەم نووسییەوە. لەو برووسکەدا هێزەکانی میری داوای بۆردومانکردنی ریزێ گوندیان دەکرد، یەکێک لەو گوندانە (قاراقا راڤا)بوو. شەو بروسکەکەم گەیاندە دەستی بارزانی. ئەو گوندانەی ناویان لە برووسکەکەدا هاتبوو ئاگادار کران پێش مەلابانگدان گوندەکانیان چۆڵ بکەن و خۆیان بپارێزن. دوای ئێوارە خەڵکەکە گەڕانەوە بۆ ناو ئاوایی و دەیانگوت: بارزانی پێوەندیی بە بەغداوە هەیە ئەگینا چۆن زانیی رۆژی هەینی بەیانی زوو ئەم گوندانە بۆردومان دەکرێن!!».

«دوای ماوەیەک بێتەلەکەم بەناوی رووباری (ئاراس)ەوە ناونا (ئێستگەی بێتەلی ئاراس)، ئیتر بەو ناوەوە مایەوە. لەو رۆژەوە کە بۆ یەکەم جار بنکەی بێتەل و شیفرەم دانا بۆ شۆڕش، بە لێپرسراوی سەرەکیی ئەو دەزگایە مامەوە. چەند پێشمەرگەیەک لەسەر بێتەلەکە شەو و رۆژ کاریان دەکردو برووسکەی شیفرەکراویان وەردەگرت، وەک حەمە رەزا عەبدولڕەحمان و مەلا سلێمان و کەسانی ترو منیش بێ دواکەوتن دەکەوتمە شیکردنەوەیان. لە هەمان کاتدا لەو کاغەزانەی لەلام بوو زەرفم دروست دەکردو لەسەر زەرفەکە دەمنووسی (بارزانی مستەفا)و دەمخستە بەردەستیان.».

«ناوەڕۆکی برووسکەکان بریتی بوون لە: پلانی هێرشکردن، دیاریکردنی ئەو شوێنانەی بۆردومان بکرێن، ئاکامی شەڕی ئەو رۆژە (کوژراو، بریندار، دیل، زیانی میری بەگشتی)، زانیاری لەسەر جموجۆڵی پێشمەرگە، دیاریکردنی رێوشوێنی پێشمەرگە، بنکەو بارەگاو شوێنی بارزانی، هەروەها ئاگاداربووین لەو زانیارییانەی کەوتبووە دەستی دامودەزگاکانی میری (بەڕێوەبەرایەتییەکان، سوپا، پۆلیس و ئاسایش (ئەمن)، ئیستخبارات و جاش،...)...» -ل٤٢و٤٣.

لەو چەند بڕگەیە تێدەگەین کە ئەرکی کاک شەوکەت و هەڤاڵانی لە بێتەلدا چەند گرینگ و بەرز بووە، کە چاو و گوێی شۆڕش بوونە، بە ئەندازەی گەورەترین دەزگای ئاسایش و پاراستن و ئیستخبارات، لە هەر وڵاتێکدا، خزمەتی بێ وێنەو بێگەردو خۆبەخشیان نواندووە، بەشدارییەکی بەرچاویان

هەبووە لە دانانی بناغەی کەیانی دەوڵەتی کوردستان.

* عەبقەرییەت و کارامەیی شەوکەت لەوەدا بووە، بە تەنیاو، پشت بە زانیاری و شارەزایی و بیرو ژیرمەندیی خۆی شیفرەکانی میری عێراقی دۆزیوەتەوەو هەزاران نهێنی بۆ بارزانی و شۆڕش ئاشکرا کردووە. دەڵێ کە ١٤ ساڵ بێ پسانەوەو بێ حەسانەوە ئەو فرمانە بەرزەی بەجێ گەیاندووە، لە ١٩٦١ تا ١٩٧٥/٣/٢٩ پێشمەرگەو سەرۆکی دەزگای بێتەلی بارزانی بووە.

کاک شەوکەت رۆژی ١٩٣٧/٤/٢٢ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سابوونکەران لە دایک بووە، خوێندنی لە قوتابخانەی سەرەتایی گۆیژەی کوڕان و ناوەندی و دواناوەندیشی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا لە کۆلێجی پۆلیس وەرگیراوە، کە کۆلێجی تەواوکرد لە ١٩٦٠/٦/٢ بە (آمر قوات الشرطة السيارة) دامەزرا» هەر لە کۆلێجی پۆلیس شارەزای کاروباری بێتەلی بووە.

چۆن و کەی بوو بە پێشمەرگە؟ دەڵێ: «لە کۆتایی مانگی١١ی ساڵی ١٩٦١ فەوجەکەمان (فەوجی گەڕۆکی پۆلیس) بۆ زاوێتەی سەر بە دهۆک گوێزرایەوە، ئەو وەختە دهۆک قەزا بوو. کە لە بەغدادەوە فەرمانی گوێزرانەوەم دەرچوو بەرەو کوردستان یەکسەر بڕیارم دا لە کاتێکی گونجاودا بچمە ریزی شۆڕشەوە، بۆ ئەم مەبەستە (لە بەغدا) چوومە لای برادەرێکی دۆست و خۆشەویستم ئەندازیار مستەفا سلێمان، ئەویش مەردانە چوو بۆ لای خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان زەبیحی[1]، ئەوکاتە لە بەغداد خۆی لە میری شاردبووەوە، نامەیەکی بۆ لێ وەرگرتم و نامەکە ئاڕاستەی خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری کرابوو[2] ناوە نهێنییەکەی «شالاو» بوو. ئەو نامەیەم لە ناو شخارتەیەکدا هەڵگرت، هەمیشە لام بوو».

---

(١) خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان زەبیحی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە.

(٢) خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری (شالاو)، ئەو سەردەمە، بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە بادینان.

کاک شەوکەت لە یادداشتەکەیدا باسی زاوێتە دەکات و دەڵێ:«لە زاوێتە کۆشکی مەلیک فەیسەڵی دووەم کرا بە بارەگای فەوجەکەمان، چل پۆلیسم لەگەڵدا بوو، سەنگەرەکانمان بەسەر چیای (سەنام)ەوە بوو، شەو بوو بە تەقە، زانیم پێشمەرگە لێمان نزیک بووەتەوە، فەرمانم دا بە پۆلیسەکان نابێ تەقە بکەن، دواییش سەنگەرەکانم بۆ بەجێ هێشتن و گەڕامەوە ناو بارەگای فەوجەکە لە کۆشکی مەلیک لە زاوێتە.

لەو رۆژەوە لە گوندی (هەرن) پشتی سەنگەرەکانم کردبووە بارزان و ئەو چەند وەختە نەمهێشت پۆلیس تەقەیەک بکات، ئینجا بەدەستەوەدانی سەنگەرەکان... ئەمانە رۆژانە (لەلایەنی سیخوڕانی میرییەوە) ئەکران بە راپۆرت لە سەرم و رەوانەی بەغداو موسڵ ئەکران، لە هەمان کاتدا منیش سەرقاڵی بیرکردنەوەو رێگەدانان بووم چۆن بە چ رێگەیەک بگەمە ناو پێشمەرگە...» ئەمجا دەنووسێ کە دواجار فەرمانی گرتنی دەرچوو، بەدیل خستوویانەتە پێش لۆرییەک تا بیبەن بۆ بەندیخانە، تا لە نزیک گوندی (بادی) کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەگەنێ و، پۆلیسەکان ناچار خۆیان بەدەستەوە دەدەن و شەوکەت رزگاری دەبێ، دەڵێ: «ئێستاش لە یادمە یەکێ لە پێشمەرگەکان ناوی (حەسەن ستێ بامەڕنی) بوو، یەکێکی تریان (عارف بادێ) بووە ئەو نامەیەی (لە بەغداوە) لە ناو شخارتەکەدا هەڵم گرتبوو دامە دەست (حەسەن ستێ)، ئەم رووداوە لە رۆژی ۱۹٦۱/۱۲/۷دا بوو، ئەو رۆژە دادەنێم بە خۆشترین و پیرۆزترین رۆژی ژیانم... و لە هەمان کاتدا پۆلیسەکان کەوتنە پاڕانەوە، دوای ماوەیەک ئازاد کران.» ل۳۸.

کاک شەوکەت لە کتێبەکەیدا وردە زانیاریی مێژوویی سالانی ۱۹٦۱-۱۹۷٥ رۆژ بە رۆژ دێنێتەوە. یاداشتە برووسکە ئاساکانی لەسەر لاپەڕەی «موفیکەرە/ ساڵنامەکان» نووسیوە، بە زمانێکی پاراوەو رەوان و جوان. هەر بۆیەش دەڵێم کە زۆربەی نووسینەکانی بە دەقی ئەدەبی جوان دەژمێردرێن، جگە لەوەی کە پڕ لە زانیاری ئەو رۆژانەن.

ئەو لە بارزانی و دەزگاکانی سەرکردایەتییەوە زۆر نزیک بووە، جێگەی

بڕواو متمانە بووە و ئاگاداری نهێنی زۆر ورد بووە.

لە هەموو ئەو کتێب و یاداشتانەی کە دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول نووسراون کتێبەکەی کاک شەوکەتی مەلا سمایل، لەلای من، لە هەمووان جوانترە. زانیارییەکانی بە دروست دەزانم و، لە تۆمارکردنیاندا راستگۆیە. چی دیوە ئەوەی نووسیوە، وەکو بڵێی زوومی کامیرا بێ.

دیارە، لە نووسینیشدا شێوەی (برووسکە)ی بەکارهێناوە. برووسکە کورت و سادەیە، راستەوخۆ زانیاری و هەواڵەکان دەگەیەنێ. کاک شەوکەتیش لەو شێوازە کەڵکی وەرگرتووە. جگە لەوەش کوردیزانێکی شارەزاو رووناکبیرێکی گەورەیە دەزانێ چی دەڵێ و چی دەنووسێت. بەلای منەوە رووداوەکانی بە ئەمانەت گێڕاوەتەوە، هەربۆیەش بە کتێبێکی تەواو سوودمەندو بە نرخی دەزانم. بەشێوەی خۆی، داهێنانێکی تایبەتمەندە.

ئەو بە دڵسۆزی و بەهرەمەندی و لێهاتوویی بەرزەوە، لە کاروباری بێتەلیی (لاسلکی) شارەزاو بلیمەت بووە. لە ل٣٢٠ دا هاتووە: «بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول پتر لە (٥٠٠٠) کلیلی شیفرەی برووسکەی هێزەکانی میریم دۆزیوەتەوە، ئەو بروسکانەش تایبەت بوون بە وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیس، ئاسایش، وەزارەتی بەرگری، ئیستخبارات... زیاد لە ١٢٠ تۆماری سێ سەد (٣٠٠) لاپەڕەیی، بروسکەی ئەو دامودەزگایانەم شی کردۆتەوە... ئەو بروسکانە دەبوونە هۆی پاراستنی گیانی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکان و دانیشتووانی ناوچە ئازادکراوەکان... جگە لەوەی پلانەکانی سوپامان لێ ئاشکرا دەبوو، دەستبەجێ بارزانی ئاگادار دەکرا، لەلای خۆیەوە دژە پلانیان بۆ دادەناو پلانی سوپای پووچەڵ دەکردەوە.» -ل١١-٣٨.

کتێبەکە، هەروەها نوکتەو تێبینی ژیانی رۆژانەی ئەو سەردەمانە دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە دەڵێ کە ساڵی ١٩٦٢ بودجەی شۆڕش تەنها (٢٨) دینار بووە. ل٥٩.

«رۆژی دووشەممە ١٩٦٢/٢/١٢ کاتێ لە گوندی (ئەدەنە) بووین لە ناوچەی

(بەراوری بالا)، ئەحمەد تۆفیق[٣] سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بارزانی گوت: «پێشمەرگەکان زۆر بێ جلوبەرگن، بێ پاڵتۆ و پێڵاون، رێگەم پێ بدە بچم بۆ دەوروبەری ئەودیوی سنووری عێراق، بەداخوازی یان بە باربووکردن هەندێ جلوبەرگ و کالاو پێلاو بۆ پێشمەرگەکان دابین بکەم.» بارزانی فەرمووی: باشە، برۆ. ئەحمەد تۆفیق گوتی: «بۆ ئەم مەبەستە هەندێ پارەم پێویستە بۆ ئەو رێگە دوورودرێژە کە لە زۆر شوێن ناچار ئەبم بە پارە خۆراک بکرم هەتا ئەگەمە گوندەکانی ئەودیوی سنووری ئێران.»،

بارزانی بانگی پێشمەرگە یونس عەقراوی کردو لێی پرسی چەند پارەمان هەیە؟ گوتی: قوربان ٢٨ دینارمان هەیە. فەرمووی: دە باشە زۆری بدە بە ئەحمەدو بەشە کەمەکەی بۆ خۆمان دابنێ. یونس ١٨ دیناری دا بە ئەحمەد تۆفیق و ١٠ دیناریشی هێشتەوە بۆ بودجەی بارەگای سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول...»- لە جێگەیەکی تری کتێبەکە هاتووە کە ئەحمەد تۆفیق دواتر، باربوویەکی جلوبەرگی هێناوە-[٤].

٢٠٠٧/٥/٢٩

---

(٣) خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق خەباتگێرێکی تێگەیشتوو و ئازای کوردستانی ئێران بووە، هاتبووە ریزی شۆڕشی ئەیلول، دوای هەڵبژاردنیشی بە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، لەگەڵ بارزانی مایەوەو خزمەتی گەورەی ئەنجامداوە. وەکو دەگوترێت دواتر کەوتە دەستی رژێمی بەعس کە بزری کردووەو لە ناوی داوە ئێستاش چارەنووسی نادیارە.

(٤) رەنگە لە ژمارەکانی داهاتوودا، وتاری تر لە بارەی ئەم کتێبەوە بنووسم.

# نەورۆز..
# شارێکی دیکە لە مەملەکەتی ئاسمانی کوردستاندا

ئێمە، هێشتا لەسەر ئەرز مەملەکەتی خۆمان دانەمەزراندووە دەبا هیچ نەبێ لە ئاسماندا مەملەکەتی کوردستان دروست بکەین. کەناڵی ئاسمانیی تەلەڤزیۆن بە ئەو مەملەکەتە فەزاییە دادەنێم..

هەر کەناڵێک شارێکی ئەو دەوڵەتە ئاسمانییەیە.

لە وەزارەتی رۆشنبیریدا نیازمان وایە، دوای تەیاربوونی پێداویستییەکان، کەناڵی ئاسمانیی (نەورۆز) بە فەزادا هەڵدەین.

چونکە بەر لە ئێستا ٥-٦ کەناڵی کوردیی تری فەزایی هەنە هەر بۆیەش سەتەلایتی (نەورۆز TV) دەبێ بە شارێکی دیکەی ئەو مەملەکەتە ئاسمانییەی کوردەواری. تەلەڤزیۆنی هەرێم بەناوی تەلەڤزیۆنی (نەورۆزەوە) جاڕ دەدەین.

لەو بارەیەوە سێ پرسیار رووبەڕوومان کرانەوە:

١- ئایا کەناڵێکی تری کوردستانی پێویستە؟

٢- ئایا توانای بەڕێوەبردنی ئەو کەناڵەمان هەیە؟ کادرمان هەیە؟

٣- بۆچی ناوی (نەورۆز) لە جیاتی ناوی (هەرێم)؟

وەڵامی پرسی یەکەم: بەڵێ! کەناڵێکی ترو... تریش پێویستە. ئاخر کوردستان چەند کەناڵی هەیە؟! بە هەرسێ کەناڵی ناو وڵات و دوو کەناڵی سەر بە رۆژهەڵات و ٢ سەر بە باکور، ئەوا هەموو دەکاتە (٧)، ئەویش هێشتا دووانی لە قۆناغی ئەزمووندان، ئەوانی تر هێشتا ماویانە. بەلای بەندەوە، ئەوەندە کەناڵی تەلەڤزیۆنی فەزایی بۆ میللەتی کوردی ٣٠-٤٠ ملیۆنی زۆر کەمە... هەر هیچ نییە لە چاوی میللەتانی تر. ئەوەتا نەتەوەکانی

دەوروبەرمان: عەرەب و تورک و فارس، هەریەکە دەیان کەناڵی فەزایی و سەدانی ئەرزییان هەیە. ڕەنگە تەنیا تورکیا خاوەنی پتر لە ٣٠٠ کەناڵە، عەرەب هێشتا زیاتر، تەنیا عەرەبی عێراق ٢٠-٢٥ کەناڵیان هەیە، شەو و ڕۆژ بەرنامەیان هەیە، لە کاتێکدا کە درەنگ پێڕاگەیشتن.

دیارە تەلەڤزیۆنی ئاسمانی بووە بە خۆراکی ڕۆحی و دەروونیی میللەتان و، باشترین دەربڕی ناسنامەی نەتەوەییە.

ئایا کورد لە میللەتانی تر، پێویستی بەوە کەمترە، یا زیاترە؟ بێگومان زیاتر پێویستی پێی هەیە.

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی بە زمانی زگماک گرینگترین، ئاسانترین و خێراترین شێوەی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و نەتەوەییە، جگە لە پەروەردەو ژیانەوەی کەلەپووری میللی و ڕاهێنانی زەوقی هونەری...

هەر بۆیەش دەڵێم ئەگەر کوردستان ١٥-٢٠ سەتەلایتی دیکەی هەبا، هێشتا کەمە.

چاوەڕوانین: کەی دەبێ سەرمایەی ترسنۆکی کوردستان لە پەتای ترس و دوودڵی قورتاری دەبێ و پارە لە خەرجی سەتەلایتی کوردیدا دادەنێت؟!

ئەوە دەڵێم.. لە کاتێکدا پەسنی گشت تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی ئێستای کوردستان دەدەم، چونکە من نەهاتوومە لێرەدا لەوان کەم بکەمەوە، یا بە هەندیان وەرنەگرم. من تەنیا ئەوە دەڵێم... کە ئەگەر کەموکوڕیشیان هەبێ، بەڵام ئەو سەتەلایتانە تائێستا ئەرکێکی گرینگی ڕووناکبیری و هۆشیارییان بەجێ هێناوە... هیچ نەبێ زمانی زگماکی خۆمان بە کاردێنن و، ملیۆنەها نەخوێندەوار لە بارودۆخی کوردستان و دەوروبەری بە ئاگا دێنن. ئەم هاوولاتییە نەخوێندەوارانە لە بەهرەی خوێندنی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بێ بەشن و، زمانی بیانی بەڵەد نین! ڕەنگە بمبوورن ئەگەر بڵێم... ئا لەم بوارەدا، نەخوێندەواری باشترە، چونکە هزرو پڕوپاگەندەی خەڵکی تریان وەرنەگرتووە!

ئەو کەناڵە ئاسمانییانە، هەموو ڕۆڵی چاک دەبینن. لە (مەدTV)یەوە دەست پێدەکەم، کە بەر لە ئەوانی تر کەوتە فەزا. جیا لە جیاوازیی ئەیدیۆلۆجی و بۆچوونی سیاسی دەڵێم کە (مەد تی ڤی)، لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵێکی بەرزی نواندو، ڕێچکەی شکاند بۆ سەتەلایتەکانی کەی تی ڤی، کوردسات، زاگرۆس، ئەمجا تیشک و ڕۆژهەلات. مەد تی ڤی پێشکەوتنێکی گەورە بوو لە میدیای کوردستان کەواتە کەناڵی (نەورۆز) لافی ئەوە لێنادات کە جێگای ئەوانی تر دەگرێتەوە، یا پێشیان دەکەوێت، بەڵکو جێگەی تر پڕ دەکاتەوە، پێگەی خۆی دەگرێ و هیچی تر. (نەورۆز) شارێکی دیکە دەبێ لە مەملەکەتی ئاسمانی کوردستان.

وەلامی دووەم: ئایا توانامان هەیە؟ لە چ بارەوە؟ دەڵێم: گومان مەخەنە بەر ورەو توانای داهێنەرییانەی لاوانمان بەڵێ توانا زیادە، بەهرەی پێشکەوتووی زۆریان هەیە سەرەتا پێویستمان بە دوو مەرجی مادی ئەساسی هەیە: یەک سەرمایە (دارایی). دوو تەکنەلۆجیاو ئامرازی کار.

دەمێنێتەوە ناوەڕۆکی کاری تەلەڤزیۆن، ئەویش هزرو نەخشەو بەرنامەو، عەقڵ و بیرو هۆشی گەنجانمان و داهێنان و کارامەیی و لێوەشاوەییانی دەوێ.

گەنجان لە ساڵی ١٩٩٢ بەم لاوە سەلماندییان کە بەهرەدارو کارامەن ئەو کاتە تەنیا چەند ڕۆژنامەنووسمان هەبوو، ئێستا بە سەدان نووسەرو کارگەی چالاک و شارەزا، لە بۆتەی ئەزموونی پەروەردە بوونە.

دەیانگوت ناتوانین ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان هەبێ، ناتوانین کەناڵی ئاسمانی بەڕێوە ببەین، ناتوانین خۆ بەڕێوە ببەین... ئەوەتا لە هەموویان سەرکەوتین من پشت بەو توانایەو، بە حەماسەتی لاوان، کە ئێستا چوست و چالاکن لەو کارانەدا دەتوانم بە بڕوای پتەوەوە بڵێم کە لە ئایندەشدا دەتوانین وەکو گەلانی دیکە کاروباری خۆمان بەڕێوە ببەین، بەڵێ! هێشتا کادرمان کەمە، پسپۆڕمان کەمە، بەڵام هەموو پەیدا دەبن و رادێن.

دەتوانین... نەترسین... دەتوانین خـــۆ لە ترس و دوودڵی رزگـــار بکەین، دەتوانین لە ئەرزو ئاسماندا مەملەکەتی خۆمان دابمەزرێنین.

سێیەم: بۆچی ناوی نەورۆز لەجیاتی (هەرێم)؟

چونکە شیاوترو جوانترە، زاراوەی (هەرێم) یاسایی و جوگرافیایی و دەستوورییە کە هەر دەوڵەتێک دەبێ هەرێمی خۆی هەبێ (رووبەری زەوی)، لەگەڵ میللەت و دەسەڵاتی سیاسی و دارایی و ئابووری و زمان و مێژوو و داوونەریت. زاراوەی (هەرێم) لە هەر وەختێکدا جێگەی خۆی هەیە، بەڵام لێرە ئەوەندە بەکار هاتووە بووە بە زاراوەیەکی سیاسی کە ناگونجێ... و خەریکە جێگەی ناوی نیشتیمان بگرێتەوە هەر بۆیەش وشەی (هەرێم) بە بچووک دەزانین بۆ ناوی کەناڵێکی فەزایی وەها... ناوی (نەورۆز) پیرۆزیشە هەرکە گوێمان لێ بێ تەواوی کلتوورو کەلەپووری کوردەواریمان دەکەوێتە یاد، مانای رۆشنبیری و جەژن و شاییش دەدا، هەروەها رزگاری و پێشکەوتن و مێژووی پڕ لە سەروەری.

نەورۆز ناوێکی گشتی کوردەوارییە، بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی حکومەتی کوردستان دەشێت، کە یەکەمین جار دەبێ ببێ بە خاوەنی کەناڵی خۆی. سەرۆکایەتی حکومەت کە تا ئەم پلەو قۆناغە پشتیوانی لێ کردووین، لە قۆناغەکانی تریشدا لە پشتمان دەبێت... متمانەش هەمیشە بە یەزدانی پاکە.
٢٠٠٦/٩/١٢

## هونەر بە هانای میللەتێکەوە دێ

١

ئەز قــەزا.. وا پـێـدەچێ هـەر هونـەری مــوزیک و گــۆرانی بـە دادی کــوردی بە جێماودا، دەگا.

هـەر میللەتێک رێچکەیەک دەگرێتە بەر بۆ رزگـاربوون، هـی وەها هـەیە دەیان ساڵی موقاوەمەتی جۆربەجۆری نواندووە، تا بگات بە خەباتی چەکداری. گەلی کــورد ئەو جــۆرە رێچکـەیەی تـاقی کــردووەتەوە و، ئەمــجــاش بە رزگــاریی هەتاهـەتایی نەگـەیشـتـووە. میللەتی تر، وەکـو هـیـندوسـتـانی ، بـە رێنومـایی مــەهاتمـا گـانـدی بە مــانگرتن و رۆژووگــرتن و خــەباتـی هێـمنانـەی دوور لە توندوتـیـژی رزگـارو سـەرفـراز بوون، مـیللەتانی تر هـەن، کـە شـەنسـیـان بەر داگیرکەری (پێشکەوتوو کەوت) فێری هەڵبژاردن و خەباتی سیاسی کردن.

زۆربەی میللەتە ژێردەستـەکان لە داگیر کەران و میللەتە باڵادەستان شتێک فـێربوون، لـێ.. بەڵێ.. چارەنووسی نەتەوەی کورد خسـتـییـە ژێر دەسـتی هـەرە دواکەوتووەکانی دونیـا وەکو کۆمەڵگەی داخراوی عەرەبی، ئەو کۆمەڵگەیەی کە داوونەرێتە کۆمەڵایەتییە هـەرە کۆن خۆی هـی سـەردەمـانی (جاهیلیـەتی بەر لە ئیسـلامی) بووکە شـووشـەی ئاینی لـێ تراشـین و بە نـاوی مـەزهـەب و ئاینەوە خسـتـیـیـە تۆی کولـتووری دەیان مـیللەتی تری غـەیری عـەرەبی، کـە رێگەیان کەوتە سـەر ئیسلام.

٢

هـەندێ مـیللەت وەکـو ئێـرانـیـیـەکـان زوو خـۆیان لە جـاڵجـاڵۆکـەی ئەو داوو نەریتانە دەرباز کرد، نزیکەی هـەزار سـاڵە لە رەگ و ریشـەوە گەڕاونەتەوە سـەر

کولتووری زەردەشتی ئاینەکانی بەر لە ئەو.

ئەوان ئەیدۆلۆجیەتی نەتەوەیی خۆیان بەناوی ئاینزای تایبەتمەندی خۆیانەوە جیاکردەوە. میللەتی تورکیش زیرەک بوو، ڕێچکەی تایبەتمەندی خۆی دۆزییەوە و ئەیدۆلۆجیەتێکی نەتەوەیی بۆ خۆی داتراشی و جاهیلییەتی کۆمەڵگەی عەرەبی بەجێ هێشت. کورد لەم ئاقارەدا بە دەسەپاچەیی مایەوە.

نەتەوەی کوردی دابەشکراو، نەک لە رووی جوگرافیایی و سیاسی خواست و تواناوە پارچەپارچە بووە، بەڵکو لە هەر وڵاتێکدا کەوتووەتە ژێر کارلێکردنی کولتووری نەتەوە و شارستانی باڵادەستی هێزی داگیرکەر.

ئەو پارچەیەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کولتووریی و کۆمەڵگەی عەرەبی مایەوە لە پارچەکانی تر دواکەوتوو تر و بەد بەختتر و هەر چەندە لە ٤٠ تا ٤٥ ساڵی دواییدا گەلی باشووری کوردستان لە هەموو زیاتر قوربانی و رەنجی داوە لە خۆی بەرگریی دلێرانەی کردووە. بەڵام بمانەوێ نەمانەوێ داوونەرێت و ڕێبازی چەواشەکاری سیاسی و رەوشتی کۆمەڵایەتی و عەقڵیەتی پاشکەوتووی کۆمەڵگەی عەرەبی کەم و زۆر خۆی کوتاوەتە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری باشوورەوە و شێواندوویەتی و بە ئاسانی لێی نابێتەوە.

٣

بێ گومان باری شارستانی کۆمەڵایەتی میللەتی تورک لە هی عەرەب جیاوازە و پێشکەوتوو ترە، هەروەها هی میللەتی ئێران (کە مەبەست فارسە) کوردستانی باکور هەر چەندە سیستەمی نەتەوەیی و سیاسی سەختی بە دەستی دەوڵەتی تورکەوە کێشاوە بەڵام هیچ نەبێ هەندێ لایەنی ئەرێنی (ئیجابی) پێشکەوتنی دەوڵەت و میللەتی تورک، بە کۆمەڵگەی کوردی باکوریش گەیشتووە، لەوێندەرێ لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بە دواوە ئیتر کولتووری ئەوروپی شارستانیەتی و عەقڵیەتی زانستییانەی ئەوروپی و هەندێک شێوازی دیموکراتییانەی بەڕێوەبردن (با تەنیا بۆ تورکیش بووبێت) بەر کوردی باکوریش کەوتووە.

به کورتی ئەو کۆمەڵگەیەمان لە باکور ڕەنگە پێشکەوتووتر بێت، من هەمیشە ئەو ڕاستییەم بە بنەمایەک زانیوە بۆ ئەوەی بیر بکەمەوە کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان میللەتی کورد لە باکور بڕێک ئازاد ببێ ئەوا چەنسی پێشکەوتنی لە رووی نەتەوەییشەوە لە هی باشوور و ڕۆژهەڵات زیاترە.

خەریکە بەو بڕوایە بگەم کە ڕۆژی نەتەوەی کورد لە باکورەوە هەڵدێ، پێوەرم بۆ ئەوەش هونەر و پێشکەوتنی کولتوورییە چونکە بەلای منەوە ڕێچکەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد (جیا لە میللەتانی تر) ڕێچکەیەکی هونەری و کولتوورییە. ئەو پارچەیەی زووتر و باشتر لەو بوارەدا پێشبکەوێت، ئەوە دەبێ بە سەرکاروانی ڕزگاری، بێگومان تەقینەوە و گەشانەوەی باری هونەری، بەر لە هەموو شت، ئازادیی گەرەکە، ئازادیی کەسایەتی و ئازادیی بیرو بۆچوون و ئازادیی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی چارەسەری گرفتی ژن و خێزان.

ئێستا دەبینین کە کۆمەڵگەی کوردی باکور تا ڕادەیەکی کەم ئازادە، بەڵام پڕاوپڕی ئەو ڕادەیە ئازادە، چونکە ئازادیی کەسایەتی لەوێدا زۆر زوو نەشونمای کردووە، ئێمە لە باشوور بە ڕواڵەت ئازادییەکی بەربڵاومان لە پێشە، بەڵام بە خۆمان ئازاد نین، بیرمان ئازاد نییە، تەنانەت لە ئازادی دەترسێین بە تایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ئەوان لە باکوردا، بە هۆی نزیکبوونیان لە شارستانیی ئەوروپا و شارستانیی تورکی (ئەوروپایی) لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووریدا زیاتر پێشکەوتوون ئەم قسەیە ڕەنگە ئێستا دەرنەکەوێت، بەڵکو تەنیا یەک دوو ساڵ دوای تۆزێک ئازادیی کولتوور بە چاکی دەرکەوێ.

٤

دوای هاتنی ئیسلام و تێکشکانی کەیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەی کورد یەکەمین جار لە ناوچەی ئێستای باکوری کوردستانەوە هەندێ میرنشینی دەسەڵاتی خۆیایەتی کوردی پەیدابوون. ڕەوادییەکان و هەسبانییەکان کە باپیرەی ئەیووبییەکان و بەدرخانەکان یەکەمین توێژی کوردی ئەو سەردەمە بوون کە لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی خۆیان لە

دەرەوەی دەسەڵاتی خیلافەتی عەرەبی ئیسلامی دامەزراند، ئەگەر مێژووی زنجیرە میرنشینەکانی کورد لە باشوور و باکور بخوێنینەوە دەبینین کە هەر کاتێک میرنشینەکانی باشوور کز و لاواز بوونە، یا لێدراون، لە باکور دەوڵەتی کوردی پەیدابوونە. تیرەی ئەیووبییەکان کۆنترین تیرەی کوردن و کە دەڵێن ئەبەد کۆیلە نەکراون کە لەسەدەی یەکەمی کۆچییەوە بە ناوی جیاجیا دەسەڵات بە دەست بوونە، دوای نەمانی دەوڵەتی مەزنی ئەیووبییەکان لە میسر و شامدا جارێکی تر لە ناوچەی ماردین و ئامەد و هەکاری دا وەچەکانی ئەو ئەیبووبییانە میرنشینی تازەیان دامەزراندەوە، ئەگەر زیاتری لێ ورد بینەوە رەنگە بەوە بگەین کە رەگەزی بەدرخانییەکان و عەزیزییەکانیش لەگەڵ ئەیووبییەکان یەک بگرنەوە. قسەم لەسەر مێژوو نییە، بەڵکو لەسەر هونەرە بە تایبەتی هونەری موزیک و گۆرانی، کە بە دەستی کەسانی ئازاد و بیر ئازاد دەگەشێتەوە، لێرەدا بە کورتی دەیبڕمەوە دەڵێم کە ئەو هونەرە لە باشووردا تا ساڵی ١٩٧٥ تا رادەیەک لە پێشەوەچوو، بە تایبەتی لە بواری سروودی نیشتمانیدا، دوای ١٩٧٥ ئیتر راوەستا..

تا ئێستاش راوەستاوە، خەریکە بەرەو پاشەوە دەچێ!! بەڵام دوای ١٩٧٥ هونەری موزیک و سروود و گۆرانی لە باکورەوە سەری هەڵدا، زۆر بە هێز و بە جۆش و خرۆش وەکو بورکانێک تەقییەوە و ئێستاش بەردەوامە، هەر لەوێشدا چاوەڕوانی ئایندە دەکەین، لەوێشدا هونەر دەبێ بە پەیام و رێچکەی رزگار و هونەر لە گەوهەردا جێگەی ئەیدۆلۆجیەتی نەتەوەییمان دەگرێتەوە.

لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا تا رادەیەک رەسەنایەتی موزیک و گۆرانی کوردی پارێزراوە بەڵام لە قاوغی فۆلکلۆری رەت نەبووەوە و بە ئاسانیش رەت نابێ، چونکە ئازاد نییە و لەوێدا کەش و هەوای ئازادی بەدی ناکرێت، لەوێدا سیستەمێکی بەستەڵەکی هونەری زاڵە کە زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، سروەی ئومێد وابزانم لە باکورەوە هەڵدەکا.

نازانم ئایا بەشی یەکەمی ئەم وتارە چیی لە مێشکی خوێنەران و هونەرمەنداندا وروژاندووە؟!

مەبەستم بەراوردکاری و، کێ لەکێ باشتر نییە، بەڵکو تۆمارکردنی واقیعێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، کە نە بەخواستی خۆمان و نەبەدەستی خۆمان، پەیدابووە. واقیعێکە و هەیەو، خراپ نییە ئەگەر بە بێلایەنی ببینین.

رێزم بۆ هونەرمەندانی باشوور هەیە، کە ئەوەی توانیویانەو هەیانبووە، دەریانبڕیوە. بەڵام نە لەمە زیاتر ئازاد بوونە، نەش لەوە باشتر هەلومەرجیان بۆ رەخساوە.

بەکورتی دەڵێم: لەبەر کارلێکردنی کولتووری عەرەبی (لە هەموو بوارێکدا) ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردەواریی باشوور ئیفلیج و گێژە. تەنها ئازادەو هیچی تر، ئەوەندەش ئازادە کە خەریکە رێگەی لێ ون دەبێ. چەند هونەرمەندێکی گەنجی لێ دەرچێ، کە لە ٨-١٠ ساڵی دواییدا پێگەیشتوون، ئیتر لە باشووردا هیوایەک بەدی ناکەم. ئەوانیش ئەگەر ئازاد بن! خۆ لە رۆژهەڵاتیشدا کولتوورێکی وەها سفت و ناهەموار بالادەستە، کە بەم نزیکانە، رێگە نادات هونەر، وەکو هێزێکی بزوێنەری رۆح ویژدانی نەتەوەیی، بگەشێتەوە. لەخۆراواش خراپتر.

دەگەڕێمەوە سەر باشووری کوردستان و دەڵێم کە گەورەترین کۆسپ لە پێش گەشەسەندنی هونەرو کولتوور لەوێدا ئەوەیە کە (رایەکی گشتیی کۆمەڵایەتیی داخراوی دژە کولتوور) زاڵە.

ئەم بیرە دژە کولتوورە لە کولتووری عەرەبییەوە بۆمان هاتووە.

دوو کۆمەڵگەی ئێجگار جیاوازین، هەرچەندە ٥٠-٧٠ ساڵە بە زۆری زۆرەکی هەندێ هەلومەرجی ئابووری و سیاسی بەسەر کوردو عەرەبدا داسەپێنراوە. کۆمەڵگەی کوردەواری، بەدرێژایی مێژوو، کراوەترو خۆش بڕواو هونەر دۆست بووە. بەسایەی کولتووری کۆنی عەرەبییەوە خەریک بوون موزیک و گۆرانیی کوردیش بێدەنگ بکەن، لەکاتێکدا کە لە هەموو گەنجینەی فیکری و کولتووری و بیروباوەڕی کوردەواری هیچیان نییەو، هیچیان بۆ نەماوەتەوە، تەنیا هونەری موزیک و ستران و سروود و جلوبەرگ و جەژنی نەورۆز نەبێ. گەر نا لە هەموو شتێکی تر رووت کراونەتەوە.

بەڵێ! کۆمەڵگەی کوردەواریی باشوور کەوتووەتە ژێر باری گرانیی بیروباوەڕی چەواشەی (دژە کولتوور، دژە هونەر، دژە شادی، دژە خۆشی، دژە ژیان و دژە ژن و جوانی) و هەمیشەش گوتوومە کە رەگەزو بنەمای هونەری کوردی شادی و شادمانییە.

کورد بەخۆشی و شادی پەروەردە بووە.

ئەوەشی لێ وەربگرە ئیتر پێویستت بە تۆپ و فڕۆکەو کیمیایی و ئەنفال نامێنێ بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد. نەتەوەی کورد بە چی مایەوەو خۆی راگرت؟ تەنیا بەهونەرو زمان و کەلەپوورەکەی.

لێرەدا لە باشوور رووبەڕووی ئەو بەڵا ناگەهانییە بووینەتەوە کە (کولتووری دژە کولتوورە دژە هونەرە).

من لەمێژە هەست دەکەم سێبەری رەشی بیرو بۆچوونی (دژە هونەرو دژە کولتوور) خەریکە زاڵ دەبێ: هەربۆیەش تاڕادەیەک لە باشوور ناهیوا بوومە. چونکە بەبێ گەشەسەندنی هونەرو کولتوور پێشکەوتنمان مەحاڵە. باسی سینەما ناکەم، چونکە لە کوردەواریدا هێشتا هونەرێکی تازەیە. لەوەشدا باکور لە (یلماز)ەوە پێشکەوتووە ناشزانم بەم دامودەزگا وێرانە کە ناوی وەزارەتی لێندراوە، چی دەتوانین بکەین.

زەحمەتە بەبێ ئازادیی کۆمەڵایەتی باس لە ئازادیی هونەرو کولتوور بکەین.

تارمایی کولتووری پاشکەوتووی عەرەبی (چ بەناوی عەرەبی بێ، یا عەرەبی ئیسلامی شەوەیەکی ترسناکە بەسەر سنگی کۆمەڵگەی باشوورەوە.

هەر پەڕەیەکی ئەوەشە کە هونەری رۆژهەڵات و رۆژئاواشی گرتووەتەوە.

لەم چەقی رێگەیەدا، کە داماوم، هیوام بەباکور ماوە. وابزانم بەهەڵەدا نەچوومە. لەوێندەرێ دەنگێکی زوڵاڵ بەر گوێم دەکەوێ، شەفەقێکی نوێ لە ئاسۆوە دەرکەوتووە.

دەبێ هەموومان پشتی ئەو هەڵمەتە بگرین. لەوێدا ئازادی و هونەر پێکەوە جووت دەچن. هونەری موزیک و ستران و دیلان و سەماو رەشبەڵەک و نەورۆزو زمان و ئەدەب و گەنجینەی تری کولتوور... هەر هەموو پێکەوە

دەجۆشن و دەخرۆشن، چونکە ئەوان، ئەگەریش ستەمێکی ئێجگار سەختیان چێشتووە، بەڵام قەدری ئەو برە ئازادییە دەزانن کە بەدەستیان بکەوێ.

کەسایەتیی تاک لەوێ تارادەیەک سەربەستە.

نموونەیەکی ڕێژەیی دێنمەوە بۆ مانای ئازادی.... کە ئەگەر ١٠٠٪ دابنێین بۆ ئازادبوونی خەڵکی باشوور، ئەوە دەبێ بزانین کە لە ٣٠٪ ئازادییەکەش سوودیان وەرنەگرتووە. چونکە هێشتا مێشک و زەینیان ئازاد نییە. نازانن چی لەو هەموو ئازادییە بکەن. خۆ ئەگەر لە ١٠٪ ئازادی بەر خەڵکی باکور بکەوێت ئەوە پڕ بە ئەو ١٠٪یە لەو ئازادییە کەڵک وەردەگرن. واتە: ئەو ١٠٪یە بە فیڕۆ نادەن. چونکە لەسەرەتاوە لە کۆمەڵگەیەکی، تارادە، ئازاد گەورەبوونە. میللەتی تورک خاوەنی کولتوورێکی ئازادترە.

خوشک و برایانمان لە باکور هەموو بۆنەیەک و کۆڕێکی خەبات، بە هونەرو کولتوور، دەڕازێننەوە. خەریکە بڵێم کە نەتەوەی کورد، لە ئەنجامدا، تەنیا نەتەوەیەکە کە دوا پلەی خەباتی بەگۆرانی و موزیک و دیلان و هەڵپەڕکێ، بەرزگاریی هەتا هەتایی دەگەیەنێت.

خۆ پارچەکانی کوردستان دەبێ یەک بگرنەوە. هەربۆیەش پێشکەوتنی هەر پارچەیەکی هی هەمووانە. دیارە چارەنووسی بەشەکانی کوردستان وەهایە...

جارێک شۆڕش لە ڕۆژهەڵات بێ، جارێک لە باشوور، ئەمجا لە باکور... هەروەها گەشەسەندنی هونەرو کولتووریش. نەورۆزی دادێ چاوەڕوان بن... تا ڕۆڵی هونەری لە کوردەواریدا تێبگەن خەڵکی هەموو پارچەکان دەبێ بەدەنگی یەکترەوە بچن و، پشتیوانی لە خەباتی ئاشتیخوازو کولتووری هونەریی باکور بکەن. ئەوەی لە باشوور هەیە بیپارێزن و چاو ببڕنە باکور.

میللەتی کورد لە باکور زەحمەتکێش و کرێکارو بەرهەمهێنەرە.

لە ژمارەی (٣٩٥-٣٩٦)ی گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

# دەستی بێدەسەڵاتی

١

هەندێ جار، لە کارێکدا بێدەسەڵات نین.. ئەوەندە بێتوانا و بێفەڕ نین کە نەتوانین کارەکە ئەنجام بدەین (فەڕ = لە فەرهەنگی زەردەشتیدا فریشتەی پیت و توانایی و هێزی چاکەیە)... بەڵکو (هەست بە بێدەسەڵاتی، ئێمەی لە کارو جوولە پەک خستووە، واتە: ئەو مافە بەخۆمان نادەین هەڵسینە سەر پێ و کارەکە جێبەجێ بکەین، هەر چەندە لە راستیدا توانای ئەو کارەمان هەیە، ئا ئەمەیە (هەست بە بێدەسەڵاتی). بەو مانایە کە بێدەسەڵات نین و لە توانامـاندا هەیە، بۆ نموونە، کارگەیەکی دەسمالّی کاغەزی (کلینیکس) دابمەزرێنین، بەڵام لە کاتێک کەسیش نییە رێگەمان لێ بگرێت، ئەو کارە هەر ناکەین و، چاوەڕوان دەبین، رۆژانە سەدان هەزار دۆلار دەنێرین لە وڵاتانی دەرەوە کلینیکس بۆمان بهێنن.. هاوردەین لە سعودیە و تورکیا و ئێران و سوریاوە، ئا ئەوەیە (هەستی بێدەسەڵاتی) خۆمان بە دەستەوە داوە، دۆڕاوین چونکە خۆمان بە دۆڕاو دەزانین... خۆمان بە گیانی خۆ بەکەمزانین و خۆ بە بێدەسەڵات رادێنین، ئەوانی تریش بە توانا و بە دەسەڵات دەزانین، تا رادەی چاو لەدەستکردنی ئەوان بەڵکو هەندێ دەسمالّی کاغەزی، یا ئاوی کانیاوەکانیان (کە کانیاوی ئێمە شیرینترە و پاکترە لە هی ئەوان) یا چوکلێت و ماست و پەنیر و دانەوێڵەی خۆمان پێمان بفرۆشنەوە.. تاد!

ئێمە کامەمان نییە؟! زۆربەی کاڵاکان، بە تایبەتی لە خۆراک و زۆر شتومەکی مەسرەفی رۆژانە، بۆمان هەیە و دەتوانین بە بەرهەمیان بهێنین.. بەڵام هەستی خۆ بە بێدەسەڵاتی و خۆ بە بێتوانایی ئێمەی دەست و قاچ شکاندووە.

## ٢

هەر ئەوەشە نەریتی (ئەنتی کولتووری / دژە کولتووری و دژە هونەری) کە لە وتارێکی پێشـووتردا ئامـاژەم بۆ بردووە... کـە ئەو نەریتـە سـەلبـیـیـە (نیگەتیـڤـە) بەسـەر رای گـشـتـی کـۆمـەلایـەتیـمـاندا زاڵە، بە تایبـەتـی توێژی سـیـاسـەتوان و گـوایـە دەسـەلاتدارانـی حکومی و حـزبـی و تەنانەت خـەڵکی ترشدا.

ئێمە کە خۆمان بێدەسەلات و بێتوانا بزانین، بەو مانایەیە کە کەمتر ماف بە خۆمـان دەدەین کارەکـانی خۆمـان ئەنجـام بدەین.. بەڵکو خۆمـان بە کـەم و بچووکیش و هەمیشە بچووکتر دەزانین.. ئەوەندە خۆمان بچووک دەکەینەوە، وەکـو بلـێـی لە هەڵۆیەکی گـەورەوە وردە وردە قـبـوول دەکـەین ببین بە چۆلەکـەیەکی بچـووک (یا بمـانکەن بەو تەیرە هەرە بچـووکـە، کـە لە هەر قەفەزێکدا جێگەی دەبێتەوە). ئێمە فێر نەبووینە لە دەرەوەی قەفەزەکە و، لە دووریی قەفەزەکەوە، بە ئازادی هەڵبفڕین... دەستەمۆ بووینە، مـاڵی بووینە، هەندێ جار بە خۆمان بە دەوری قەفەزەکان دەخولێینەوە بەڵکو دەقـقـەیەک زووتر بمانخەنەوە ناوەوە.

ئەوەتا ئێستا لە عێراقدا وەهامان لێ هاتووە، زۆربەی کێشەکانمان کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، چ لەگەڵ حکومەتی عـێراقی یا لەگـەڵ وڵاتانی نزیک و دوور، بۆ ئەوەندە تا رازیمان بکەن زووتر بچـیـنەوە ناو قـەفـەزە رزیوە ژەنگاوییەکەی عێراقەوە، ئەو فشارە لەسەر حکومەتی کوردستانە دەربارەی بودجەی گشتـی، ئەوەش کە دەربارەی بودجەی وەزارەتی دیفـاعی عێراقی و بەشی پێشمەرگە لە بودجەکە، هەروەها فـشار لە سەر کـانیـاوی نەوت و داهاتی نەوت و شـتـی تر، هـەمـوو وردە وردە بـۆ ئەوەیە پەڕوباڵمـان بکەن، بچووکمان بکەنەوە تا لە قەفەزەکەی عێراق جێگامان ببێتەوە و بە کەمێک ئاو و دانەوێڵە قەناعەت بهێنین، نە بەس ئەوە، بەڵکو گوشار و هەڕەشەی تورکیا و هەڵوێستە نادیارەکانی سوریا و ئێران و سعودیە و ئەردەن و تەنانەت هەنێ

گوشاری ئەمەریکا و ئەوانی تر، هەموو بۆ هەمان مەبەستە، کێشەی هەموویان، سەرەکی توندوتیژی و تیرۆریزم نییە، بەڵکو لە قەفەزدانی میللەتی کوردە تا بە کەمترین ماف و بچووکترین دەسەڵات رازی ببێ.

خوا شاهیدە بە خۆمانیش کەمتەرخەمی ناکەین، تا پێمان بکرێ خۆمان بچووک دەکەینەوە و خۆ بەکەم دەزانین بەڵکو رازی ببن، بەڵام ئەوان (هەموو ئەوان) هێشتا رازی نابن، هەر دەڵێن: ئا دەی عاقڵ! کوڕی باش! ئاشتیخوازی قەفەز دۆست! نەرم و نیانتر بە برێک پڕ فشار بەخۆت بدە، بچووکتر ببەوە!

سەیر و سەمەرەش لەوەدایە، هەر چەندە خۆمان بچووکتر بکەینەوە و، زیاتر دەست لە ماف و دەسەڵاتەکانی پێشووی رووخانی رژێمی بەعس، ئەوان هێشتاش رازی نابن.

٣

ئەگەر هەر قۆناغێکی ژیانی سیاسی کورد و کوردستان ناوێکی هەبێ، ئەوە ئێستا پێی دەگوترێت: قۆناغی گچکەبوونەوە و خۆ کەمکردنەوە و وازهێنانی گاف بە گاف لە دەسەڵات و مافی پێشووتر تا شیاوی ناو قەفەزە رزیوە ژەنگاوییەکە دەبین، لە کاتێکدا لە باکوردا تازە هاتوونەتە سەرخۆ، وەکو دڵداری نەمر لە (ئەی رەقیب)دا دەڵێت: ئێستاش لاوان حازر و ئامادەنە...). خۆ لە ئاستی ژیان و شیعر و حیکمەتی دڵدار و ئەحمەدی خانی و حاجی کۆیی و پیرەمێرد و گۆرانی سرووودی نەورۆزەکەی و پێشەوایانی بیروهۆش و هەستی نیشتمانی بەرزی مێژووی دوور و نزیکمان، هەروەها لە ئاستی گڵکۆی یونس دڵدار، هەمان هەستی بێدەسەڵاتیمان هەیە، تا رادەیەک (لەبەر ئەوەش کە دەسەڵاتمان بەسەر دەوڵەت و خەڵکی تردا ناشکێ) دێین دەسەڵاتمان بەسەر خۆمانا تاقی دەکەینەوە. لێرەشدا، بۆ سەلماندنی خۆ بەکەمزانین و خۆ گچکەکردنەوە، لەبەر خاتری چاوی جاهلیەتی عەرەبی و شۆڤێنێتیی ئەوانی تر و بۆ ئەوەی زیزو دڵگران نەبن... با سروودی (ئەی

ڕەقیب)یش بسڕینەوە و با گڵکۆی دڵداریش هەڵدەینەوە و...

خۆ ئەگەر دڵداری فریشتەئاسا هەست ناسک بە کافر و بێ دین و بێ بڕوا بزانن، ئەوە هیچ شاعیرێکی تری کلاسیکی بەر لە ئەومان نامێنێ کە نەکەوێتە بەر ئەو (سزایە!) چونکە هی وا هەنە سەدان جار جاهلییەت و جاهیلبوون و نەفامی توێژە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان ئاشکرا کردووە و، خرافاتگەل و فریودانی ئەو پیاوە ئاینییانەمان ریسوا کردووە کە بە ناوی خواپەرستییەوە لاوانیان لە زانستی و هونەر و پێشکەوتن دوور خستووەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردەواری لە عێراقدا لە ژێر باری قورسی کولتووری چەواشە و پڕ لە دەغەڵکاری و نەفامی و کۆمەڵگەی عەرەبیدا، پشتی داشکاوە، لە هەر هەرێمێکی تریش کورد بە شێوەیەک گیرۆدەیە.

لێرە، لە عێراقدا، کەسایەتیی تاک و کۆمەڵی کورد تێکشکاوە و دۆڕاوە، هەڵسانەوەی دەوێ، پشت ڕاستکردنەوەی دەوێ، تا لە هەستی بێدەسەلاتی رزگاری ببێ.

ئەو دۆخەی ناوی دژە هونەری و دژە رۆشنبیری ناو لێ دەنێین، دروست ئەو دۆخەیە کە داگیرکەر دەیەوێ، چونکە دەزانێ لە کوێوە مێخمان دابکوتن.. دەزانن کە سەرەتا و بەر لە هەموو شت دەبێ مێشک و دڵ و دەروونی ئێمە داگیربکەن، هەمیشە هەستی بێدەسەلاتی و خۆ بەکەمزانی و خۆ بە پلەی دووەم و سێیەم لە ناخی دەروونمانا پەروەردە بکەن.

٤

ئەگەر لە هەر قۆناغێکدا دەبێ لە خۆ بپرسین، چیمان دەوێ؟ ئەرکی ئێستامان چییە؟ ئەوە رەنگە ئێستا بڵێین: ئەوەی هەمانە بپارێزین، هیچ نەبێ ئەوەی بە دەست هاتووە بپارێزین.

ئێمە خۆمان خراپ راهێناوە، کە وا بیر دەکەینەوە لێرەدا و تا ئێستا لەوە زیاترمان نایەتە دەست و ناتوانین زیاتر بڕۆین.. (هەمان هەستی بێدەسەلاتییە). بە خۆمان قبووڵ دەکەین: بابە! وازمان لێ بهێنن، لەوە

زیاترمان پێ ناکرێت، لەوە زیاترمان پێ نادەن! (بۆچی هەمیشە ئەوان پێمان بدەن؟!! قەت لە خۆمان پرسیوە؟!).

گەوهەری گرفتەکە لە بیرو هۆش و زانین و هەستی مرۆڤەوەیە، خۆ ئەگەر تۆ وەها هەست بکەیت کە ناتوانی درەختێک بچێنی، با ئەرز و ئاو و کەرەستەشت هەبێ، ئەوا قەت هەڵناسی چاڵێکی بچووک هەڵبکەنیت بۆ چاندنی درەختەکە، ئەگەر بە خۆڕانەبینی فێری سەیارە لێخوڕین ببی، ئەوا قەت فێر نابی.

کەواتە جیاوازییەکی بنەڕەتی و کۆنکریتی لە شێوەی بیرکردنەوە دایە، ئەز ناڵێم کە هەموو شتێک دەتوانین، بەڵام ئەز باوەڕمە کە دەتوانین زۆرشتی باشتر و بەرزتر لەوەی ئێستا هەمانە بە دەست بهێنین.

رەنگە، لە ئالی سیاسی و سەروەریی نیشتمانییەوە، نەتوانین بە یەک گاڤ و بەیەکجا ببینە خاوەنی هەموو دەسەڵاتە رەواکانی خۆمان لە کوردستان، بەڵام بێگومان دەتوانین دەستکەوتی گەورەتر لە ئێستا مسۆگەر بکەین.

لێ ئەگەر پێشەکی بە خۆمان بڵێین: ناتوانین.. ئەوە بێگومان ناتوانین و هەمیشە بێدەسەڵات و بێدەرەتان دادەنیشین.

مەسەلەکە.. سەرەتا (ویستنە) خواستنە، ئیرادەیە، بڕیارە، تا ئەو بڕیارە نەدەی بەخۆتیش دەسبەکار نابی.

ئەگەر لە ئەیلوولی ١٩٦١ بڕیاری بەگژاچوونی هێرشی بەربڵاوی عەسکەریی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق نەدرابا، تا ئەبەد لەو قۆناغە دواکەوتووە ژێردەستانە دەمایین، بڕیار درا: (کوردستان یان نەمان).. بەو بڕیارە پێشمەرگە وردە وردە، لە نەبوون و لە قووڵایی مێژووەوە، سەریان هەڵدا، بوو بە راپەڕین و شۆڕشێکی بەرین و مەزن ١٩٧٤ و ١٩٧٥ و ١٩٧٦ و ١٩٩١.. و راپەڕین و تا بە ئیمڕۆ.

دە تۆ نەتویستبا موقاوەمەت بکەی، ئەوە قەت هەنگاوێک نەدەچوویتە پێش.. بێگومان لەگەڵ هەڵە گەورەکانی رژێمەکانی عێراق وەکو هەلومەرجی بابەتی،

له لایەنی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەندێ هەلومەرجی زاتیی گرینگیش رەخسابوو، وەکو سەرکردایەتی دانای شارەزاو بە ئەزموون و شارەزاو دلێر (بارزانیی نەمر) و بوونی پارتێکی رێککەوتوو و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئامادەبوونی رەوانیی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات و گیانفیدایی..

دیسانەوە دەڵێم کە مەرجی یەکەم: خواست و ویستن و بڕیارە، چونکە ئەگەر بڕیارەکە نەبا، ئەو هەموو توانا و وزە مەزنەی کورد و کوردستانە کە دواتر تەقینەوە، هەر وەها دەنووستن، نەدەهاتنە کار، نەدەهاتنە مەیدان، بەکار نەدەخران...

واتە: شت، شت رادەکێشێ.

وەکو ئەوەیە تۆ تا بڕیاری دروستکردنی خانوویەکی بچووک لەسەر پارچە ئەرزێکی دووسەد مەتری نەدەی، بیر ناکەیتەوە چیت پێویستە، لە پارە و کەرەستە و وەستا و هێزی کرێکار و چیمەنتۆ و دار و ئاسن و دەرگەو پەنجەرە... تاد!

کە کەوتییە بیرکردنەوە لەوە، ئەو وەختەیە کە دەگەڕێی چۆن و لە کوێ ئەو پێداویستانە فەراهەم بکەیت.

هەنگاوی یەکەم گرینگە، هەرە گرینگە... هەر کە دەستت پێکرد ئەوەندە دەزانی لە ناو جەرگەی کاروبیناسازیدا بە گەرمی مەشغولی. پرسیارێکی گرینگیش، کە رووبەڕووی خۆتی بکەیتەوە ئەوەیە، دەتەوێ چی دروست بکەیت؟! کۆختەیەکی بچووکی بچووک، یا خانوویەکی گەورەی جوان و دڵگیر تا ئەو رادەیەی کە ئەرزەکە بەشی بکات؟

تا کوێ دەڕۆی؟!

بێگومان هەر چەندە خۆت بە تواناتر ببینیت ئەوەندەش زیاتر ئەنجام دەدەی.. لە تەنیشت خانووەکە باخچەیش دروست دەکەیت و...تاد!

بەڵام ئێستا تۆ، هەمیشەش، تۆ زۆر بە تواناتر و بەهێزتری لەوەی کە خۆت

دەناسی، زۆریش بە دەسەڵاتتری، بەڵام وەهایان راهێناوی کە بێدەسەڵاتی، یا کەم دەسەڵاتی، کەم توانای، کەم وزەی، ناتوانی چیدی ئەنجام بدەیت.

ئیمرۆ تۆ دەبێ ئەو قەفەزە بشکێنی، لەو تەوقە رەها ببیت، رێگە نەدەیت بتگەڕێننەوە قەفەزەکە.

ئەوان هەوڵی خۆیان دەدەن

ئەتۆش هەوڵی خۆت بدە

ژیان هەمیشە پڕ بووە لە ململانێ چەندین خواست و ئیرادەو بڕیار، گرینگ ئەوەیە بڕیارەکەت لە لا روون و ئاشکرا بێت، کە رزگاریی هەمیشەییە، هەرچەندە بە یەک شەقاوی کتوپڕ بە ئەو ئامانجە ناگەیت، بەڵام دەبێ هەنگاوی خۆت بەرەو ئەو ئاسۆیە بنێیت، بەو نیازە بگەیت، ویست و نیاز و هیوا یەکتر تەواو دەکەن، تۆ لە ئەنجامدا هەر دەگەیت، بەڵام ئێستا رەنگە هێشتا گیرۆدەی هەستی بێدەسەڵاتی، یا هەست بە بێدەسەڵاتی بووبیت.

٢٠٠٧/١/٣٠

دەفتەری سێیەم

# ئیقلیمی چوارەم

# ئيقليمی چوارەم

ئیـقلیـمی چوارەم، لە فـەرهـەنگی زەردەشـتـیـدا، یانی (خنێـرە)، کە ئیـقلیـمی ناوەندیی جیهانە.

لەو فـەرهـەنگەدا– وەکـو جـارێکی تر باسم کـرد – جـیـهـان بە سـەر حـەوت ئیقلیمدا دابەش دەبێ (ئەو ئیقلیمە بەمانای «هەرێمی» ئێستا نییە، بەڵام ئەو هەرێمە لەو ئیقلیمەوە وەرگیراوە)...

چوارەمین ئیقلیمیان (خنێرەیە)، کە جوانترین و رووناکتریانە.

مەلای جزیری لە پەسنی خان شەرەفی میری جزیرەدا دەڵێت:

«گەر چە دەر ئیقلیم رابع هاتە تەخت سەڵتەنەتت»

«پادشاە هەفت ئیقلیمان سەلام کار تە بی»

مـەلای جزیری لە خـوا دەپارێتـەوە تا میـری جزیرە نە بەس فـەرمـانڕەوای ئیقلیمی رابع (چوارەم) بێت، بەڵکو پادشای هەر حەوت ئیقلیمی جیهان ملی بۆ کـەچ بکەن. (بڕوانە: ل٦٥٥ لە کـتـێـبی العـقـد الجـوهري– شـرح دیوان الجزيري»). هەروەها رەشید فندی لە ڤیستیڤاڵی جزیری ئاماژەی بۆ ئەو بەیتە کرد.

واتە: جـزیری، جـزیرەی لە ئیـقلیـمی چوارەم داناوە، کـە لەسـەر هەمـان دابەشبوونی جوگرافیای فەرهەنگی زەردەشتییە. بەهەمان شێوە جیهانی بە حەوت ئیقلیم داناوە.

لە وردبوونەوەیەکی تردا دەردەکـەوێ کـە ئیـقلیـمی چوارەم تـەواوی کوردسـتـانی گرتۆتەوە لە جـزیرەوە تا کرماشـان و... جێگەی تر، تا ئێرانی ئێسـتـاو قـووڵایی عێراقی ئێسـتـا بەتایبـەتی (بەغدا)... کە بە لێـتـۆژینەوەی

محەمەد عەلی سوڵتان لە کتێبی (تاریخ مفصل کرمانشاهان، تهران، ١٩٩٤) بە فارسی، ناوی (بەغداد) لە دوو وشە پێکهاتووە: (بەغ) واتە: خواو، (داد) واتە: بەخش و بەخشین. یانی: بەغ-داد= خوا دا= خوا داد= خوابەخش... کە ساڵانی هەفتاکان پیاوێکیان بەناوی (خوابەخش)، خوا لێی خۆش بێ، ناچار کرد ناوی خۆی بگۆڕێت لەکوردی بۆ عەرەبی. ئەمیش کردی بە (عطاء الله).. کە بەزمانی عەرەبی هەمان مانای خوابەخش دەدا. دونیا... سەیرە!

سوڵتانی لەو کتێبەیدا، دەڵێت: کە (کرمانشاهان) یا (کرماشان)یش بەشێکی ئیقلیمی چوارەم بووە.

لە بڕگەیەکدا لەژێر ناونیشانی (اقلیم چهارم) دەنووسێت: ئەم ناوچەیە (واتە: کرماشان) ئیقلیمی چوارەمەو، سەر بە (هەتاوە)... سەرزەمینی چاکترین بنیادەمە.

لە زمانی نووسەری (روضة الصفا)ەوە دەنووسێت کە:

«شارەزوور، قەسری شیرین... و کرمانشاهان، بەشێکی ئیقلیمی چوارەمن. ئەم ئیقلیمە سەر بە هەتاوە (مەملەکەتی هەتاوە)... دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهان.

ئەم ئیقلیمە سەرچاوەو کانگای پەیدابوونی پێغەمبەران، ئەولیا، دانایان، پایەبەرزان و زانایانی دین و دەوڵەت و، خاوەندکارانی موڵک و میللەت بووە. ئێستاش- جگە لە پێغەمبەران- توێژەکانی دی تێدا هەن... ئەم سەرزەمینە، کە ئیقلیمی چوارەمە، هێشتا سەرچاوەیە بۆ پەیدابوونی ئەولیا و داناو زاناو... تاد!

هەروەها دەنووسێت کە گوایە لەچیای بێستوونی، نزیکی شاری کرماشان، کانییەک هەبووە بەناوی (کانی زێڕ)، ئاوێکی ئیجگار ساف و زوڵاڵی هەبووە.

ئەگەر هەزار درهەمی زیوت تیا بهاویشتبا، بۆ ڕۆژی دوایی شەش هەزار درهەمی دەردەدا. هۆی ئەوەش ئاشکرا نییە!

ئەمەیان ئیقلیمی چوارەم و جوگرافیای مێژوو، یا مێژووی جوگرافیا... کە

پیشان دەدات ئەم ئیقلیمە. کە ئێستای کوردستانی گەورە دەگرێتەوە، هەزاران ساڵە خاوەنی (کەسایەتیی جوگرافیایی) خۆیەتی و... سەرچاوەو پەیدابوونی دانا و زاناکان بووە (لەوانەش شاعیرو عارفە گەورەکان).. دیارە بەئاسانی لە داوی هۆنینەوەی وشە رزگارمان نابێت.... بەڵام زاراوەی (چوارەم) دەمانخاتەوە یادی شتی تر. وەکو: (وەرزی چوارەم) یا (فریشتەی چوارەم) یا هەر (چوارەم)ێکی تر... وەکو (جیهانی چوارەم).

هاوینی ساڵی ١٩٧٤، لە (ئازادی)ی نزیکی (حاجی عومەران) بووین، ناوەندی (ئەمینداریتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان) کە لە شۆڕشی ئەیلوول دامەزرابوو، لەو ناوچەیە بوو، تەنیشتی (ئەمینداریتی گشتیی زانیاری). کە مەبەست ئەمینداریتی پەروەردەیە.

رۆژانە فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی عێراق، بەدرێژایی ئاداری ١٩٧٤ – ئاداری ١٩٧٥، بوردوومانی ناوچە رزگارکراوەکانیان دەکرد بەتایبەتی گەڵاڵەو چۆمان و حاجی عومەران، کە مەڵبەندی سەرکردایەتی بارزانی و دامودەزگاکانی شۆڕش و پارتی بوو. رۆژێکی هاوین، وەکو هەمیشە فڕۆکەیەکی (تۆپولیف) لەگەڵ دوو فڕۆکەی (مێگ) هاتنە سەر ناوچەی چۆمان و ئازادی، لەو دەوروبەرە بۆمبای خۆیان هاویشت و گەڕانەوە.

لەو دەمەدا کە هێشتا بە ئاسمانا دەسووڕانەوە لە شێوی بەرامبەر چاوم بە گاجووتێک کەوت: پیرەمێردێک زەویی دەکێڵاو بەئارامی گاکانی دەهاژۆت. فڕۆکە هات و گەڕایەوە، کاکی جووتیار هەر لەسەر خۆی و بێ راوەستانەوە خەریکی زەوی کێڵان بوو.

من تەماشای فڕۆکەکانم کرد، کە زۆر بڵندبوون و، تەماشایەکی جووتیارەکەم کرد، و ئەم بەراوردەم لەلا دروست بوو: ئەو فڕۆکانە تازەترین تەکنۆلۆجیای جەنگیی ئەو سەردەمە بوو، کە بەدەستی رژێم کەوتبوو، لەو ئاسمانەوە شەڕی گا جووتیان دەکرد...

هەر ئەو رۆژە وتارێکم نووسی بەناوی (جیهانی چوارەم هەوجارێکە گا رایدەکێشێت). مەبەستم ئەوە بوو کە میللەتی کورد (جیهانی چوارەمە)و

لەلایەنی رژێمێکی (جیهانی سێهەمەوە) دەچەوسێتەوە.

ئەو زاراوە، لەو دەمەدا بووە باو...

پاشان تێگەیشتم کە رێکخراوێکی (باسک)ی ئەسپانیش ئەو زاراوەی بەکارهێناوە. بێگومان ئەوە لە (ئەنتەرناسیولیستی چوارەم) جیاوازە.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زاراوەی (جیهانی چوارەمی) بۆ هەژارترین هەژار ناو بردووە، بەڵام وەکو (د. حسن البزاز، العالم الرابع، بغداد ١٩٨٣) دەڵێت: (برژیسنکی)ی ئەمەریکی زاراوەی جیهانی چوارەمی بۆ ئەو وڵاتە دەوڵەمەندانە بەکارهێناوە کە لە پیشەسازیدا پاشکەوتوون، بەڵام خاوەنی کانزای نەوت و ماددەی خامی ترن (برژیسنکی)گوتوویەتی کە- لەو سەردەمەدا- جیهان چوار بەش بووە: سەرمایەداری، و سوسیالیستی، جیهانی سێهەم و، جیهانی چوارەم (کە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە).

زاراوەی (جیهانی سێهەم) یەکەمین جار ساڵی ١٩٥٦ بەکارهاتووە. زاراوەی (بێلایەنیی پۆزەتیڤ «ئیجابی») ساڵی ١٩٥٦ یەکەم جار لەلایەنی جەمال عەبدولناسرەوە گوتراوە.

من (جیهانی چوارەمم) بۆ ئەو گەل و کەمایەتییە چەوساوانە داناوە کە لەلایەنی وڵاتێکی جیهانی سێهەمەوە داگیرکرابن، وەکو (کشمیر، کوردستان، و... تاد!).

رەنگە ئەو زاراوانە نەمێنن، چونکە بەجەنگی سەردەوە بەندن.

ئەمڕۆ باسی (جەنگی چوارەم) دەکرێت، بەم شێوەیە: جەنگی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، جەنگی دووهەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، جەنگی سێهەم (جەنگی سەرد) بوو، کە ململانێی رۆژهەڵات (سوسیالیزم) و رۆژاوا (سەرمایەداری) بوو... بەڵام پاش جەنگی سەرد، بارودۆخێکی تازە پەیدابووە، (جەنگی چوارەم) هاتۆتە کایەوە، ئەمجارەیان لە نێوانی (باکور - دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان) و (باشوور - دەوڵەتە هەژارەکان)... بەگشت کێشەکانی ترەوە... تاد!

## خنێره "خونارەڤ"[١]

خنێـره: ناونیـشـانی گـۆشـەیەکی تازەبوو ئەمــەیان
یەکەمین وتاری گۆشەکەیە:

نه به نـاوی ئەم گـۆشـەیه فـریو بخـۆن، نـه به ناونیـشـانـی وتاری ئەمـجـارەی گۆشەکە.

پەله مەکەن، زوو قـەزاوەت نەکەن، جارێکی دی باسـی «سیاسـەتە»، مەگەر له ژیانمانا شتێکی ترمان هەیه پەنجه له پەنجەی «سیاسەت» بدات؟

نان به «سیاسەتەوە» دەخۆین.

ئاو به «سیاسەتەوە» دەخۆینەوە.

هەناسه به «سیاسەتەوە» هەڵدەکێشین.

چ گەلێک له جیهاندا دەتوانێت شان له شـانی ئێمه بدات و بوێرێ و بڵێت که له ئێمه زیاتر خەریکی «سیاسەتە»؟

هەر بۆیەشه، له هەر کوێوە بۆی برۆین سەر له سیاسەتەوە دەردەکەین. ئایا ئەوە لەبەر چارەسەر نەبوونی دەردەکەمانە؟ یا له بەر سروشتی کوردەوارییە؟

هەر کامەیان بێت... ئەوە تەوقی سیاسەت و سیاسـەتبازی چووەتە ملمان و، به ئاسانی لێمان نابێتەوە.

ئەمجا چ «جۆرە سیاسەتێک»؟! که له هەر شتێک بکات تەنیا له سیاسەت ناکات.

---

(١) ئەم وتاره سەرەتای گۆشـەیەکی هەفتانه بوو له گۆڤاری گـوڵان بەناوی خنێره، ماوەیەک بەردەوام بوو.

سیاسەت بە خۆی زانستە، شارەزاییە، هۆشیارییی بەرزە، هونەری دارشتنی پلانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. یەکێک لە ناسنامەکانی دەڵێت: سیاسەت هونەری «مومکیناتە».

لەلایەکی ترەوە دەڵێن سیاسەت رەنگدانەوەی چڕی باری ئابوورییە، هەروا دەڵێن کە سیاسەتی دەرەوە رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیە.

راگەیاندنیش رەنگدانەوەی سیاسەتە... واتە ئێمە لە راگەیاندندا، لە جوغزی سیاسەتدا دەخولێینەوە.

هەر بۆیەش ئەم ناوەم بۆ گۆشەکە پێشنیار کردووە: (خنێرە) کە دڵنیاش نیم تا چەند دەتوانم لەسەری بڕۆم، ئایا حەوسەڵەی جارانم ماوە؟ نازانم... رەنگە... ئەگەر خۆم لە کاردانەوەی سیاسییانە بپارێزم!

بۆچی (خنێرە)؟ بە تەواوی نازانم... تەنیا ئەوە نەبێت کە کاک سەرۆ داوای نووسینی لاپەڕەیەکی نیمچە هەمیشەیی، یا گۆشەیەکی لێ کردم.

کەوتمە بیری بیر کردنەوە: چ ناوێکی لێ بنێم؟ ئەم ناوەم، لە پاشخانەی بیرەوەرییەوە، بۆ دەرکەوت.

پێش چەندین ساڵ، لە رۆژانی ئارامی و بێ دەردەسەریی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لە چیا، کتێبێکم دەخوێندەوە ئەو دەمەش لە «خرێنەی» سەرووی «لۆلان» دانیشتبووم...کە تێگەیشتم دەبێت (خرێنە) نەبێت، بەڵکو «خنێرە» بێت.

هەندێ لە دانیشتووانی نزیکی ئەو ناوچەیە دەیانگوت «خنێرە» نەک «خرێنە» کە ناوچەیەکە دەکەوێتە دەرگای «گادەر» لە نزیکی شنۆی کوردستانی ئێرانەوە تا دیوی کوردستانی عێراق درێژەی هەیە. ئەو جێگەیەی کە لێی دانیشتبووم ناوچەیەکی زۆر جوان و دڵگیر و ئارامبەخشە، بەتایبەتی لە کۆتایی بەهاران و هاویناندا، یادی بەخێر.

بۆچی بە وشەی «خنێرە» وە چەسپام، نەک «خرێنە»؟ لەو کتێبەدا هاتبوو کە لە کەلەپووری زەردەشتی دا، جیهان بە حەوت هەرێمەوە دابەش دەبێت. بە

هەرێمی ناوەڕاست دەیانگوت: «خنێرە» لەو ناوچانەش وەکو گوتم، خەڵکی وا هەبوون کە وشەکەیان بە هەمان شێوە بەکار دەهێنا.

واتە ناونیشانی گۆشەکە لە جیاتی «مەرکەز» یا «سەنتەر» یا «ناوەڕاست» یا هەرێمی ناوەند، دێت.

توندڕەوی و «رستەی شۆڕشگێڕانە» دروشمی زەقی یەکلایەنەی سەردەمی جوانی بەسەر چووە، جگە لە بارودۆخی فیکریی ئەم سەردەمە.

خۆشە ئەگەر، بە خەیاڵیش بێت، لە ناوەڕاستی جیهاندا لەنگەرت گرتبێت.

ناونیشانی ئەم وتارەش رەنگە زادەی هەمان کولتووری «خنێرە» بێت.

لە فەرهەنگی فارسیدا لە جیاتی لاوان (جوانان) بەکار دەبەن، پێم وایە (جوانان) کوردیشە. ریشەی لە زمانی کوردیدا ئاشکرایە. (جوان) بە چەندین مانا بەکار دێت. ئەمە تایبەتمەندییەکی زمانی کوردییە، کە یەک وشە چەندین مانا دەدات، لە کاتێکدا لە زمانێک وەکو عەرەبی بۆ هەر مانایەک چەندین وشە هەیە.

لە جوانیمدا حەزم لە وشەبازی بوو، وشەکانم بەسەریەکا دەدا تا شتێکی دی لێ دەردەچوو، ئێستا وەخت و حەوسەڵەی ئەوەم نەماوە، بەڵام لێرەدا بڕێک بە شوێن ریشەی (جوان) دا دەگەڕێین.

لە کوردەواریدا دەڵێن: (جێڵ و جوان بوو). واتە: جحێڵ و جوان بوو... لاو بوو، گەنج بوو. وشەی (لاو) یا (گەنج) کامەیان دروستترە؟ نامانەوێ بگەڕێینەوە ململانێی زاراوەکانی شەستەکان لەنێوانی پارتی و شیوعی: (لاوان)و (گەنجان)... وەکو شەڕە زاراوەی ئەمڕۆ بۆ (ئافرەتان)و (ژنان)، یان بۆ (قوتابیان)و (خوێندکاران)...

دەڵێن: جوانە مەرگ بوو. واتە بەجوانی (لاوێتی/ گەنجی) مرد. هەروا بۆ گیانلەبەرانی تر بەکاری دێنن: جوانەگا، جوانە ماین.. یا بۆ درەخت دەڵێن: جوانەی داوە، واتە: دەرچووە. واتە: (جوان) بەمانای دەقاودەقی (لاو)و (گەنج)و (جحێڵ). ئەمجا جوانتریشە. وشەیەکی کوردی رەسەن و ریشەدارە.

ئەگەر لە فارسیشدا بەکاربێت، ئەوە لەبەر نزیکبوونی هەردوو ئەو زمانەیە لە یەکتر... هەروەکو هەزاران وشە: (دیدار، بەهار، ئاسمان، پیر، خاک، دەریا ...تاد!)، هەندێکیان دەقاودەق وەکو یەکن، هەندێکیش لەگەڵ گۆڕانکارییەکی زۆر بچووک.

بۆچی (جوانان) لەجیاتی (لاوان) بەکار نەبەم؟ ئەمە تەنیا ئەو پێشەکییەش بۆ باسکردنی لایەنێکی کێشەی (جوانان)ی ئەمڕۆیە. هەموومان رۆژێک لە رۆژان جوان بووینەو، بەم رۆژگارە کەوتووین، بەڵام...چەند لە جوانانی ئەمڕۆ و جوانانی ئایندەی نزیک، تێدەگەین؟

زیاتریش... ئایا ئێمەو ئەوان لەیەک دەگەین؟

ئەوان چۆن دەمانبینن؟

لافی ئەوە لێ نادەم کە شتێک لە جیهانی ئەمڕۆی جوانان دەزانم... گەر نا پێویستم بە توێژینەوە نەدەبوو.

هەر کاتێک لە کارێک یا دیاردەیەک دەکۆڵینەوە، ئەوە دیارە دەمانەوێ تێبگەین... واتە: نازانین و دەمانەوێ بزانین.

هێشتاش نەچوومەتە سەری مەبەست.

مەگەر لەژمارەی داهاتوودا هەندێ لایەنی ژیان و بۆچوونی جوانان – لە روانگەی نەوەی پێشووتریانەوە – هەڵدەمەوە...

# جوانان

نەک ئایندەی دوور، بەڵکو ئایندەی نزیک.. کە کێشەی جوانان دەبێت بەکێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. پێشەکی وتاری پێشوو دەربارەی ئەم بابەتە بوو، کێشەیان چییە؟

لە دوو بواردا بۆی دەچین:

یەکەم: ڕێژەی جوانان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

دووەم: سەردەمی جوانانی ئەمڕۆ و جیاوازی نێوان دوو نەوە، لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جیهانبینی و رۆشنبیری بەگشتییەوە.

بۆ یەکەمیان دەبا بە زمانی ئامار بدوێین، بەڵام وەکو زانیارییەکی سەرەتایی دەڵێین کە کۆمەڵی کوردستان (کۆمەڵێکی جوانە)، واتە: ڕێژەی جوانانی تێدا لە ڕێژەی بە ساڵاچووان زۆر زیاترە.

هەر چەندە ئامارم لەبەر دەست نییە، بەڵام پوختەی بۆچوونی لێکۆڵەرەکان وا دەگەیەنێت.

خێزانی کوردستان لە ناوچەکەدا باڵاترین ڕێژەی زاووزێی هەیە.. ئامارگیرییەک لە دوایین لێکۆڵینەوەی د. عیسمەت شەریف وانلو کە لە رۆژنامەی (خەبات) پێش چەند مانگێک بڵاو بووەوە، ئەو راستییە دەگەیەنێت، کە وردترین ئامارگیری ئەم ساڵانەیە.

سەرژمێری کورد خێرا زیاد دەکات. رەنگە بەلای هەندێ کەسەوە ئەوە لە بەرژەوەندی زیادبوونی کاریگەرێتی سیاسییانەی دۆزی کورد بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا با هۆشیار و وریابین لەئاستی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو دیاردە دیموگرافییە.

ئەگەر سەرژمێری خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی، هەروا بەرەو بالا بچێت: ئایا نابێت بیر لە پێویستیی دانیشتوان بکەینەوە؟ چ لە باری ژیان و خانوو بەرەو خزمەتگوزارییەوە، یا لە باری کارو پیشەو رۆشنبیری و کێشە کۆمەلایەتییەکانی ئەم جۆرە ئاوسانەوە؟

ئاوسانی دیموگرافی، لەگەڵ ئاوسانی ئابووری، کێشەیەکە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین، بەدەستیەوە دەناڵێنن، جا چ بگات بە کۆمەڵگەیەکی گەمارۆدراوی وەکو هی ئێمە، کە هێشتا لە یەکەم پلیکانی سەرەتای بنیاتنانەوەیە؟!

هەندێ جار، گەر زارەکیش باس لە سنووردانان بۆ ئەم تەقینەوە دیموگرافییە کرابێت، سیاسەتمەداران گوتوویانە:

نەخێر! بیر لە سنووردانانی نەکەنەوە. با سەرژمێری کورد هەر بەرەو زیادبوون بچێت. گوایە ئەوە خزمەتی کێشەی سیاسی کوردستان دەکات!

من لەو بۆچوونانە بە گومانم.

ئەگەر سەرکەوتن و پێشکەوتنی میللەتێک تەنیا بە زیادبوونی سەرژمێرەکەی هەڵبسەنگێنین، ئەوە دەبا گەلی چین تاکە گەلی زاڵ و دەستە بالای جیهان با و، گەلی هیندستانیش دووەمین گەلی گەورە با، بەلام دەبینین کە میللەتانی زۆر بچووک بەشارستانی و پلەی بەرزی زانست و پێشکەوتن گەیشتوون (تەنیا چەند ملیۆن)، لە کاتێکدا بەنگلادیش، هیندستان، پاکستان و زۆر ولاتی (گەورە بەسەرژمێر) هێشتا لە دوای دواوەن.

بەهەر حاڵ، ئەوە مەبەستی ئەسڵی باسەکەمان نەبوو. ئەوەندە دەڵێم کە کۆمەڵگەی کوردستان جوانە، واتە خاوەن رێژەیەکی بەرزە لە جوانان.

پرسیاریش ئەمەیە:

لە جوانانی ئەمڕۆ چۆن تێدەگەین؟

چییان دەوێ؟ چیمان بۆ ئامادە کردوون تا رۆڵی کۆمەلایەتی خۆیان ببینن؟

نەوەی تازەتر... چی؟

بەچی جیهانبینییەک پێ دەنێنە دنیای کاروباری ژیانەوە؟

کولتووری گشتی، تا ئێستامان، ئایا وەڵامی بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی ئەوان دەداتەوە؟

یا دەبێت چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە نزیکە بین کە بەخۆی کولتووری خۆی، لەسەر بناغەی جیهانبینی سەردەمی تەقینەوەی ئینفۆرماتێک (معلوماتیە) و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژی، دابڕێژێتەوە؟!

کەلەپووری نەوەی کۆنمان، تائێستا، بەتایبەتی لە رووی سیاسییەوە، زۆر کۆن بووە، چونکە بە درێژایی سەدەی بیستەم، ئێمەش وەکو میللەتانی تری ژێر دەست، خەریکی هۆشەی لەپاش جێماوی بیرو بۆچوونی ئایدۆلۆژیکراوی سەردەمی جەنگی سارد بووین، کە سەرچاوەی ئەو بیرو بۆچوونانە وشکی کردووە، داخراوە، تەواو بووە.

تەنیا هەندێ رەگەزی میللی، نیشتمانی و تایبەتی کورد نەبێت، ئیتر شێوازەکانی تری لێکۆڵینەوەو بۆچوون و هەڵسەنگاندن، باویان نەماوە.

لەو رەگەزە میللییانە کە ئایندەیان بۆ هەیە رێبازی بارزانییە، وەکو چوارچێوەیەکی کولتووری نیشتمانی بەو مانا بەرزانەوە کە هەمیشە باسیان لێوە دەکرێت: ئازادیخوازی، عەدالەتخوازی، ئاشتیخوازی، گیانی لێبوردن و تەسامحی نەتەوەیی و ئاینی، دیموکراتخوازی، ژینگە پارێزی و رەفتاری دروستی کۆمەڵایەتی و هاریکاری.

نەوەی ئاینده، بۆ دۆزینەوەو دارشتنی تێگەیشتنەکانی خۆی، تووشی کۆمەڵێک پرسیار دەبێتەوە.

بەگومانم لەوەی کە ئێمە، ئەمرۆ، بتوانین وەڵامی هەمووی بۆ ئامادە بکەین، رەنگە زۆربەی وەڵامەکان بۆ خۆی بمێننەوە.

لە وتاری ئاینده دەچینە سەر خاڵی دووەم:

جیاوازی نێوان دوو نەوە.. نەک هەر بە ئەندازەی رووبارێکە، بەڵکو ئۆقیانۆسێکە.

## ئومێد چاندن

نۆ سـاڵ بەسـەر راپەڕین و، سـەربەسـتی و تاقـیكردنەوەی دیموكـراتیـدا رەت دەبێ... چەند سـاڵی ترمـان لەپێشـە؟؟ كـەم نییـە... بەڵام تا مـەودای بارودۆخی ئەم «تاقیكردنەوە» بێ وێنەیە هەیە، دەتوانین چالاكترو رێكوپێكتر ئەم واقیعە بچەسپێنین.. بەخۆی تاقیكردنەوەكە خەریكە ببێ بە (دیڤاكتۆ) لە چوارچێوەی عێراقدا... بەپەیڕەوكردنی سیاسـەتێكی ئاوەها هێمن و نەرم و لەسـەرخۆو، ژیرانە، دەتوانـین بەڕاسـتـی بیكەین بەو دیڤـاكـتـۆیـە.. كە لە چەقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتـدا پێی قـایم كـردووە، نەمـدەویست، لەم گـۆشـەیەدا، بـاسی باری ئێسـتـای كۆمـەڵگەكەمـان بكەم. بەڵكو- پێش نووسـینی رسـتـەی یەكەمی ئەم وتارە- نیازم بوو، دیسانەوە، لە سەر وشەی «خنێرە» بدوێم؛ كە هەندێ برادەر لەو بارەوە، روونبوونەوەی زیاتریان دیتووە.

بەڵێ...

وشـەی «خنێرە» لەدەقی ئاوێستای زەردەشت بەم شـێوەیە دەخوێنرێتەوە، كە تۆژێنەرە شـارەزاكان بەلاتینی- ئاسـانكردنەوەی نووسیویانە: (khvanirath)، كە بە (خنیرەث) و (خنیرەس) خوێندراوەتەوە.

پاشـان (ث) یا (س)ەكە نەخـوێندراوەتەوەو لە خـوردە ئاڤێسـتـا بە (خنێرە) هـاتووە... ئـەم ناوەش- وەكـو لە وتاری یەكـەمـدا نووسـیـمـان- ناوی هـەرێمی ناوەندی هەفت هـەرێمی جیـهانە، وەكو لە كولتـوورو جیـهانبینیـی زەردەشتدا هـاتووە... كە دەڵێ:

(خنێرە) جوانترین و دەوڵەمەندترین و شـەریفترین هـەرێمی جیهانە.

مانـای (لفظ)ی وشـەی: (خنێرە)، وەكو شارەزایان دەڵێن،...

«بەگەردوونەی چاکەوە»یە. گەردوونە، واتە (چەرخ) کە جاران بە ئەسپ رادەکێشرا، داستانەکەی پێوەندی بە بزاڤ و ئاینی زەردەشتەوە هەیە، فریشتەی میهر (خۆشەویستی و پاکی و راستی) بە «گەردوونە»ی تیژڕەو جوانەوە لە هەرێمی (ئەریزەی) بۆ هەرێمی (خنیرس) دەڕوات و ئەم هەرێمە لە ناپاکی و شەڕی دێو و خراپکاران رزگار بکات و، رۆشنایی ئاینی پاک و ئاسوودەیی و ئارامی بۆ مرۆڤان و گشت گیانلەبەرانی ئەم هەرێمە بڵاو دەکاتەوە.

رەنگە لە هێنانەوەی ئەم وشەو زاراوانە، خوێنەران بڕێک تووشی سەر گێژە ببن.. بەڵام بۆ ریشەی وشەکەم بە پێویست زانی، ئەویش بۆ دەربڕینی مەبەست لە هەڵبژاردنی ناوی «خنێرە»، ئەویش گەیشتن بەهەرێمی پاک و ئازادو جوان و سەرفرازە. دیارە ئەم خەونە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا هەبووەو، دەمێنێ.

زەردەشتی، ئاینێکی یەکتاپەرست بوو، مرۆڤی بە گیانی (پاکی و راستی و خۆشەویستی و لە خۆبوردن) پەروەردە دەکرد. بڕوای بە یەک خواوەند هەبوو کە خاوەنی (١٠١) ناوە. ئەو سەدو یەک ناوە لە (ئیزەد)ەوە دەست پێ دەکا تا (فەرشوگەر). (ئیزەد) بەمانای (شایانی ستایش و پەرستنە). (فەرشوگەر) بەمانای (ژیاندنەوەیە)..

واتە: هەڵساندنەوەی مردووان تا ئامادەی رۆژی (قیامەت) بن.

هەر بۆ نموونە چەند ناوی خوا (وەکو لە فەرهەنگی زەردەشتدا هاتووە):

دەقی ئاوێستایی مانای بە کوردی (بە وەرگێڕان لە فارسییەوە)

ئیزەد: شایانی ستایش

ئەبەدە: بێ سەرەتا، یا (لەدایک نەبووە)

ئادەرو: راستترین، دروستترین.

ئەفزا: ئافەریننده (صانع)

گیرا: دەسگیر، یارمەتیدەر

ناشا: عادل، دادگەر

پەرەوا: پەروەردگار

ئەن ئاینە: بێ شێوەو دەموچاو

مینوتوم: ناپەیدا، کەس ناتوانێ بیبینێ

وا سنا: لە هەموو جێگەیەک هەیە، هەمیشە ئامادەیە

هەوەس: پاس شایانی سوپاس

ئەوە خشیا: بەخشایندە

ئەنوشک: جاویدانی

ئەتەرس: بێ ترس

جێگەی سەرنجە کە «ئە» هەر کاتێک لەپێش وشەیەک بێت، مانای پێچەوانەی پێ دەدا ئەمڕۆ لەجیاتی «ئە»، «نە» بەکار دێنین.

ناوەکانم بەپێی زنجیرەی ئەسڵی نەهێنایەوە، بەڵکو تەنیا هەڵبژاردەیەک بوو. جێی تێڕوانینە کە هەندێ ناو تا ئەمڕۆ ئاشنا دێتە بەرگوێ، وەکو:

ئەگومان = بێگومان

ئەزەمان = بێ زەمان

ئەخوان = بێ خەو

ئەموشت هوشیار= هەمیشە هۆشیار

خوداوەند= خوداوەند، خواوەند

فەیروزگەر= پیرۆزمەن، سەرکەوتوو،

خوا دەر= خوڵقێنەر

دادەر= دادەر

بوختار= ئازاد بەخش، نەجاتبەخش

زیاتر لەسەری ناچین..

بەهۆی گـەڕانەوە بۆ وشـەیەک کـەوتینە دەریای بابەتێکی ترەوە، کـە لە حەوسەڵەی ئەم گۆشەیە بەدەرە.

بۆ ئەوەی لە پەرت و بڵاوی بیروهۆش رزگار ببین دەبێ هەمیشە لەیەک خاڵ و یەک قەدەر ورد ببینەوە. دەڵێن: بەدەرزی بیری ئاو هەڵدەکەندرێ.

مەبەست پشوو درێژی و بەردەوامبوون پایەدارییە، لە هەر کارێک، کۆ ببنەوە، ئەوە بە ئەنجامێک دەگات، دوور یا نزیک.

گرفتێکی کۆمەڵگەکەمانە ئەو جۆرە پەرت و بڵاوییە. دەبینین هەر یەکێک، لە هەمان کاتدا، بەچەندین بوارەوە خەریکەو.. قەت ناڵێ: نازانم، بەڵکو سووک و سانا خۆی لەهەر کارێک دەداو، سەر بەهەر بوارێکدا دەکا، چ شارەزای بێ یا نەبێ، لە ئەنجامدا، وەکو زۆربەمان، بەهیچ ئەنجامێکی روون و چاک و سوودبەخش ناگات.

پسپۆری لە کارویپیشە هەروەها لە هونەرو زانستدا، زۆر پێویستەو، دەبێ نەوجەوان و جەوانانی ئەمڕۆ و ئایندە، بەو شێوە پەروەردە بین.

لەتەک ئەوەشدا، دەبێ ئیجابیانە بیر بکەنەوە، ئیجابییانە بۆ مەسەلەکان بڕۆن، بە ئومێدەوە بڕوانن. (ئومێد) چاندن بناغەی جیهانبینی نەوەیەکی تەندروست و هۆشیارو سەرکەوتووە.

چەسپاندنی شێوەی ئیجابییانەی بیرو بیرکردنەوە، لەجیاتی رەشبینی و تاریکبینی و شێوەی سەلبییانە، بەخۆی کۆششێکی بەردەوام و، جەخت و ماندووبوونێکی زیاد، بەڵام سوودبەخشی دەوێ.

گەشبینی و بیرکردنەوەی ئیجابی بە مانای «خەیاڵاوی» و «خۆ خەڵەفاندن» نییە.. بەڵکو جیهانبینییەکی ریالەتییە (واقعی)و، لە وزەی گەشی قووڵی هۆش و دەروونەوە، سەرچاوە دەگرێ. پێشەکی مرۆڤ دەبێ بەخۆی ئەو جیهانبینییە لەخۆیدا بپەروەرێنێ.. ئەمجاش ئەگەر رەوشی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵ لەسەر ئەو بناغەیە دامەزرایەوە، ئەوە سەراپای ژیان و بیری مرۆڤ قاڵبی دروست و جوانی خۆی وەردەگرێت.

## بیری ئازادی... مرۆڤی ئازاد

ئازادیی بیروڕا مافێکی سەرەکی و، سەرەتای مافە رەواکانی تری مرۆڤە، ئەوە کەم و زۆر، بە دنیادا ئازادیی بیروڕا بڵاو دەبێتەوە پێشووتر لە بەشێکی جیهاندا، کە بە جیهانی ئازاد خۆی دەناساند، ئازادی بیروڕا ریشەی قووڵی خۆی داکوتابوو.. بە پێی پێوەرو بۆچوونی سەردەمی جەنگی سارد، ئەو بەشە نزیکەی ١/٣ی جیهان بوو. واتە زۆربەی جیهان لەو ئازادییە بێبەش بوو، کە ئێستا رووی تێ کردووە.

لێرەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوە لە مەرج و پێداویستی ئازادی بیروڕا نییە، کە وەکو مەرجێکی هەرە گرینگی ژیانی دیموکراتی چەسپاوە و، شۆڕشی گەیاندن و زانست و راگەیاندن، ئەوەندەی تر رێگەی بڵاوبوونەوەی ئەو ئازادییە خۆش دەکات. مەبەستمان دیوەکەی تری ئازادییە.. دیوی ناوەوەی بەندە بە ویژدانی مرۆڤەوە.. کە مەرجی زاتیی و هەرە سیاسیی ئازادییە. ئازادی بیروڕا مەرجی بابەتییە، مەرجی دەرەوەیە، کە دەبێ بدرێت و، وەربگیرێت. بەڵام مەرجی تری کۆمەڵگەی ئازادی (بیروڕای ئازادی)... واتە: کۆمەڵگەی ئازاد لەو مرۆڤانە پێک دێ کە ئازادانە بیر دەکەنەوە.. خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ و ئازادن.. ئەم مرۆڤانە دەبێ مێشک و دڵ و دەروونیان بە بیری ئازادو، توانای بیرکردنەوەی ئازاد، ئاو درابێ.

ئێمە، تا رادەیەکی چاک، خۆمان لە سەر ئازادی بیروڕا راهێناوە.. ئەمەش سەرەتای کارە، بەڵام شتی گرینگتر کە هێشتا ماوە، خۆڕاهێنانە لە سەر (بیری ئازادی).

سەیر نییە کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانە – نموونەشیان لە دنیادا کەم نییە– کەسانێک بێنین کە لە ئازادی دەترسێن... لەوەش دوودڵم کە خۆیان لە هەندێ

داوونەریت و بیروڕاو بۆچوون، رزگار بکەن.

ئەمەیان مەرجێکی خودییە (زاتی) و، لەم دەمەدا بە ئاسانی بە ئەنجام ناگات، مەگەر پاش یەک دوو نەوەی تر، ئەویش ئەگەر پەروەردەی ئازادی مرۆڤ رەخسا، کۆمەڵگەیەکی ئازادی وەها پەیدا ببێ کە ئەندامەکانی سەربەست و ئازاد بیر بکەنەوە. ئەمڕۆ زۆر کەم کەس هەنە کە مافی (بیری ئازادی) یان بە خۆیان دابێ دەڵێین «بە خۆیان دابێ» چونکە- وەکو گوتم- زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ، هێشتا تەنیا داوای ئازادی بیروڕا دەکەن، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە خۆیان بە ئازادی بۆ مەسەلەکان ناچن.. بەڵکو شێوەی بیرکردنەوەیان، بە دەیان و سەدان قفڵ و زنجیری ژەنگاویی ئەستوور، داخستووە. رەنگە لەم وتارە کە تەنیا چەند بیروڕایەکی سادەو سەرەتایی بێن. بەڵام مرۆڤ هەمیشە، لە ئاستی شتە هەرە سادە و روون و بینراوەکاندا، نابیناو نەفامە. بۆ نموونە سادەترین و نزیکترین دیاردەی ژیان. (هەناسەدان)ە، کە سەرچاوەی ژیان و مانە. ئایا مرۆڤ لە سەرانسەری تەمەنیدا چەند جار بیر لە هەناسەدان دەکاتەوە؟ ئایا دەزانن تەنیا بە ریکخستنی هەناسەدان و، چاودێریکردنی، مرۆڤ دەتوانێ شێوەی ژیان و شێوەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت؟

یا.. نزیکترین زەقترین دیاردەی سروشتی: (رووناکی) یە. ئایا قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە کە سەرچاوەیەکی ژیانی سەر زەوی: تیشک و گەرمایی و رووناکیی خۆری نازەنینی ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیەیە؟ بەڵام لەمانە گەڕێن..

ئەمجارەیان دەمویست دەربارەی شێوەی نوێ و ئازادی پەروەردە بدوێم، ئەو شێوەیەی کە مرۆڤی ئازاد و سەرفراز و خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ دەخولقێنێ.

ئامانجی بەرزی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی گەیشتن بە (ئازادی)و (ئاسوودەیی)یە. ئاسوودەییش: بەختیاری، رزگاری کۆمەڵایەتی، ئاسایش و ئاشتی و پێش هەر شتێکی تر- دڵنیایی لە ئێستا و ئایندە ئازاد بووبێ.

پەروەردەی ئازادی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردەی خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵ دەوێ... کەمێشک و دەروون بکاتەوەو، هەوڵ بدات خواست و چارەنووسی خۆی بگرێتە دەس. ئەوەش بەبێ پێشکەوتنی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری زەحمەتە. واتە: لە هەر بوارێکدا بشێ، دەبێ پەروەردەی ئازاد گەشە پێ بدرێت، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دابڕێژرێ پیادە بکرێ.. واتە: دیسان بەرژەوەندو ئایندەی جوانانە کە دەبێ بىن بە بڕگەی یەکەمی خشتەی کاری کۆمەڵ و دەزگاکانی. هەر ئێستا چەندی بواری نزیک و سانا لە بەردەستان کە دەتوانرێ بە بایەخی پێویستەوە، هەندێ گرفتی جوانان چارەسەر بکەن وەکو:

-هاندان بۆ فێربوونی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و، شێوازە تازەکانی تری تەکنۆلۆجیا و گەیاندن. ئەمەیان لە بەردەستە، هەرچەندە بەتوانایەکی کەم. جارێکی تر دەڵێم- چونکە پێشووتر لە رۆژنامەکانی تر نووسیومە- هەوڵ بدەین، نەک لە ئامادەییەوە، بەڵکو قوتابخانەی سەرەتاییەوە، کۆمپیوتەر- بە پێی توانای ئەمڕۆمان- بگاتە دەستی نەوجوان و جوانان. فێربوونی لەو تەمەنەدا ئاسانتر جگە لەوەش بۆ هەر تەمەنێک زەحمەت نییە.. رۆژ بەڕۆژ ئەو دەزگایانە ئاسانتر و بچووکترو هەرزانتر دەبێتەوە فێربوونی زۆر ئاسانە.. بڕوانەکەن بەوانەی کە بە زەحمەتی دەخاتەوە..

- هاندانی گیانی کار، بە تایبەتی لە کشتوکاڵدا. تا ئێستا جوانان و قوتابیان، بە شێوەیەک پەروەردە بن، کە تەنیا بڕێک زانراوەی جۆربەجۆر فێربن و، هەمیشەش چاویان لە (مووچە)یەکی حکومی بێ.. بەو شێوەیە وزەی گیانی داهێنان و کاری ئازادیان لێ زەوت دەکرێ، بە چەند بیرو بۆچوونی پووچ بەنج دەبن، کەسایەتییەکی سست و لاواز و بێ متمانەیان لێ دەردەچێ، بەڵام نیشتمانەکەمان خاکێکی جوان و بەشێکی زۆر لە جوانان، لە بواری کشتوکاڵدا، ژیانێکی چاکترو ئازادانەتر دەدۆزنەوە.

-هاندانی وزەو رێکخستنی ژیانی (هەرەوەزی) لە بوارە جۆربەجۆرەکانی

بەرهەمـهـێناندا: هەروا بووژاندنـەوە و هاندانی پیـشـەی خـۆمـاڵی و کارگـەی بچـووکی بەرهـەمـهـێنەر کـە سـەرمـایەی زیادی نـاوێ و، لەم بوارەشـدا –لە سـەرەتادا– بەرنامـەیەکی سـادەی حکومـەتی پاڵپـشتـی ئەم بزووتنەوەیە دەبێ.. تاد! بەمەستی کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری..

# ئازادی پێشکەوتن

ڕێزگرتن (سرە گرتن) چ پێوەندییەکی بە پێشکەوتنەوە هەیە؟!

دەگەڕێمەوە بۆ لێدوانەکانی پێشوو، کە باسی (ئازادی بیروڕا) بوو، هەروا گوتمان: گرینگیش... بیروڕای ئازادە.

ئەمجا هاتینە سەر پسپۆڕی و، وردبوونەوە و، بە دواداچوونی یەک لقێکی زانست یا هونەر، کە ڕەوشتێکی دروستە بۆ گەیشتن بە ئەنجام. لێدوانەکەم، هێشتا ڕووی لە نەوەی جوانە... و دەڵێم: نەکەن، هەموو ڕەفتارو بیرو بۆچوونێکی نەوەی ئێمەی کۆن، بە دروست و تەنیا سومبولی ئایدیالی خۆتان دابنێن.

کەلەپووری ئێمە، لایەنی ڕووناک و بەکەڵکی تێدایە لە هەمان کاتیشدا خڵت و خاشاک و لایەنی رزیو و پاشکەوتوویی کەم نییە. ئەرکی نەوەی تازە چەندین بەرابەر سەنگین بووەتەوە، ڕەنگە تەنیا نەوەیەک بێت، کە ناچار بە تاک و تەنیا بەرەو ڕووی گۆڕانکاری قووڵی زانستی و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ دەبێتەوە، بە تەنیاو پشت بە زانینی خۆی جیهانی خۆی دادەڕێژێ. چونکە لە یەک هەنگاودا زیاتر لە هەزار - دوو هەزار ساڵی لە نەوەی کۆن دوور دەکەوێتەوە.

نەوەی نوێ، لەگەڵ داڕشتنەوەی ژیانی، بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی دادەڕێژێتەوە، بەڵام نەوەی کۆن شتێکی وای پێ نییە تا دەستی بگرێ.

جا ئێمە، نەتوانین ڕینومایی نەوەی تازە بکەین و یارمەتی بدەین... هیچ نەبێ با هەوڵ بدەین (ئازادی پێشکەوتنی) لە پێش بکەینەوە، تێگەیشتنی ئەو بۆچوونەش ئاسان نییە، چونکە حاڵەتی دەسەوسانی مرۆڤ دەگەیەنێ.. کە لە ئاستی پەیدابوونی جیهانێکە، هیچی پێ نییە تا بەشداری بونیاتنانی بکات.

لەلایەنی تیۆرییەوە کەس نییە بڵێ کە دژی پێشکەوتنی هیچ کەس و هیچ میللەتێکە، بەڵام زۆر جاران مرۆڤ بەپێی سروشتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیانی، رێگە لە پێشکەوتنی دەگرێ، بێ ئەوەی بزانێ بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و، بێ ئەوەش دانی پێدابنێ– ئەگەر هەزاران جاریش بۆی بسەلمێندرێ کە کۆسپ و تەگەرەی داناوە، هەرچەندە نیازی پاک بێ!!

لێرەوە دێمە سەر باسی یەکەمین رستەی ئەم لێدوانە...

لەم رۆژانە لە (ساندیاگۆ)ی کالیفۆرنیا، لەگەڵ چەند برادەر، چووین بۆ پارکێکی گەورە و جوان– یەکشەممە بوو– بۆ سەردانی کۆمەڵێک خێزانی کوردی دانیشتووی ئەم شارە، کە بۆ سەیران وەکو هەزاران خێزانی شار هاتبوونە دەرەوە.

ئەو برادەرانەی کە چاوەڕوان بوون، لەو پارکە پان و بەرینە، یەکسەر، خۆبەخۆ ریزێکی جوانیان بەست و، یەک لە دوای یەک هاتنە پێشەوە بۆ سڵاو دان و چاک و چۆنی... لە چەندین حاڵەتی تر، لە شارانی ئەم قارەیە، دیمەنی جوانی ریزبەستن (یا ریزگرتن، سرە وەرگرتن) لە هەموو جێگەیەک دێتە بەرچاو، وەکو هەمیشە لە وڵاتانی قارەی ئەوروپاش دیومن.

خوشک و برا دانیشتووەکانی ئێرە هەر یەکە، بەس بۆ توانا و زانینی خۆی شتێک فێر بووە و، کارێک دەکا بەڵام بە هەموویان وەکو یەک فێری ریز بەستن (ریزگرتن) بوونە، یاسا و رۆشنبیری کۆمەڵگەی ئێرە و داوونەریتەکانی فێری کردوون، کە خەسڵەتێکی جوان و بەرزە.

لە کاتی بەستنی کۆنفرانسی ناوچەکانی پارتی، پایزی پار ساڵ، ئەندامانی هەندێ ناوچە رێکوپێک لە پێش سندووقی دەنگدان ریزیان دەبەست، بەڵام زۆربەی ناوچەکان ریزیان نەدەبەست، پاڵەپەستۆیان بوو، ئارەقەیان دەڕشت تا زووتر بە سندووق بگەن. ئەو کاتە بە هەڤاڵانم گوت کە ئێمە، لە کوردستان، دەبێ هەوڵ بدەین یەکەمین هەنگاو بۆ دانانی بناغەیەکی تازەی رێکخستن لە فێرکردنی (ریزبەستن/سرە وەرگرتن)ەوە، بنێین.. ئەندام و لایەنگران و

جەماوەری گەلەکەمان لەسەر ڕێزنان لە داوونەریتی (ریز بەستن) رابهێنین.

ئومێدەوارم جوانانی ئەمرۆ چاکتر لەم تێبینییە ورد ببنەوە.

فەلسەفەی ریزبەستن (نۆرەگرتن) راستەوخۆ پێوەندی بە ئازادی پێشکەوتن و پەروەردەی کەسایەتییەوە هەیە.

ریز بەستن، بە مانای رێزنانە لە مافی یەکتر، لە مافی پێشکەوتن.. ئەوەی لە پێشە، مافی هەیە لە پێشەوە تا دوا ئەنجام بڕوات، ئەوەی تر کە دوای ئەو دێ هەوڵ نادات مافی پێش خۆی بخوات، یا بەسەریا باز بدات و، بە ناهەق پێشێلی بکات... ئەوانی تریش کە پاش ئەو دێن هەروا یەک لە دوای یەک رێزی یەکتر دەگرن... تا دوایی.

لەم رەفتارە سادە و ئاساییەدا، رەفتاری ریز بەستن، چەند مانای قووڵی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و سیاسی رەنگ دەدەنەوە: بیری لێ بکەنەوە، کە ژیانی سیاسی بخەینە چوارچێوەی رێزنان لە (نۆرەگرتن)... ئەوە بە مانای دروستی هەڵبژاردن و حورمەتگرتنی ئەنجامەکانی دەگەین.

رێژەی ئەنجامی هەڵبژاردن، کە هەمیشە چەند حزب و گرووپ، یا کەسایەتی، بە شوێن یەکا دێن (واتە: وەکو یەک نین) ئەوە- ئەگەر داوونەریتی ریزبەستن پەیڕەو بکەن- دەبێ ریز لە پلەوپایەی یەکتر بگرن و هەر کامیان تۆزێک رێژەی بەرزتری بەدەست هێنابێ، ئەوە دەبێ لە پێشەوە بێ و... ئەوانی تر هەروەها...

لێرەدا هیچ هۆیەک، هیچ بیانوویەک بۆ شەڕو شۆڕی ناوخۆ نامێنێت. چونکە هەر کەسێک بە پێی توانا و رێژەی راستەقینەی خۆی (نۆرەی گرتووە) واتە: ئەگەر کێشەی ناوخۆی هەرێم بخەینە ئەو چوارچێوەیەوە، دەتوانین بڵێین گرفتەکەمان گرفتی (ریزبەستن، نۆرە گرتنە)، بەڵام، وریا بن ریزبەستن فەرهەنگی خۆی هەیە، دەبێ ئەو فەرهەنگە (واتە: ئەو رۆشنبیرییە) بدۆزینەوەو پیادەی بکەین. ئا ئەوەیە کە رێگەی دروست بۆ (پێشکەوتن) دەکاتەوە و، مرۆڤ لە پێشکەوتندا (ئازاد) دەبێ، دوور لە پێشێلکاری و رێگە لێبەستن.

ئەوەی کـە لـەناو کـۆمـەڵگەی کـوردەواریدا کـە بـە (مـوحـارەبە) نـاودەبرێت، بریتــیــیــە لە ســرەبڕین، ریزتێکدان، نۆرەخــواردن، بازدان بەســەر مــافی یەکتریدا... کە هەموو کۆسپ و تەگەرەن، پێش لە ئازادی پێشکەوتن دەگرن. (مـوحـارەبە) کـە زۆربەی خـەڵک هـەسـتی پێ دەکـەن، هەر هـەمـووی لـەلایەنی خۆیانەوە دژی یەکتری دەیکەن. (موحارەبە) زۆر جار بە ئەنقەست و، پلان و خـواسـتی ئاشکرا، نایەت بەڵکو تۆوی ئەو جـۆرە (مـوحـارەبە)یە لە سـروشـتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و داوونەریتەکانا چێندراوە.

هـەندێ جـار، کـەسـانێکی دڵسـۆز، وا دەزانـن چاکـەت لەگـەڵدا دەکـەن و بەرژەوەندی تۆیان دەوێ و، نیـازیشـیـان پاکـە... بـەڵام بەشـێـوەیەک تـۆیان خۆشدەوێ کە بە پێچەوانە دەشکێتەوە و، دەبێت بە جۆرێک لە (موحارەبە). ئەوە پێـی دەڵێن، (مـوحـارەبە لە خـۆشـەویسـتـیـیـەوە) کـە لە (مـوحـارەبەی ئەنقەست) خراپترە، چونکە لە یەکێکەوە دێ کە ناتوانێ، یا حەز ناکەی، دڵی بشکێنی و رووبەڕووی ببیتەوە، ئەمە بەشێکە لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبن بە کۆسپ و رێگەی ئازادیی پێشکەوتن دەگرن.

.. ئەم لێدوانە لەو {دیوی ئۆقیانۆس)ەوە دەنووسم، کە درێژەی هەیە... کاتێ ئێـرە لە (سـاندیاگۆ) دروست (١٢) کـاتژمـێـری لەگـەڵ کـاتی (سـەلاحـەددین) جیاوازە، واتە لەوپەڕەی، یا ئەو دیوی، گۆی زەویین. ئەگەر لە (ساندیاگۆ)وە یەکــڕاست، بە ئـاســۆیی، تونێلێک لێ بدەین ئـەوە لە (ســەلاحــەددین)ەوە دەردەچین.. (سـاندیاگـۆ) لە کـەنـاری ئۆقـیـانوسی پاسـڤیک (ئارام)ە، چەند دەقیقە لە دەروازەی سنووری (مەکسیکۆ) دوورە.

تـەنیــا بۆ گــەشت، بۆ ســەر سنوور چووین.. (مــاریمار) و (جــوێ) و (گـوادەلوپێ) و (ئەلکسـانـدەر) و گشـت خـزم و کـەسـوکـار سـڵاویان هـەیە بۆ بینەرانی (تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان). دەستتان ماچ دەکەن!!

بمبـوورە کـە دواکـەوتم، بەدوو گۆشـەی پێـشـوودا رانەگـەیشـتـم، بەڵام بێکار نەبووم، کەوتبوومە خەیاڵی ئەوەوە کـە ئایا (زەردەشت) لە دابەشکردنی جیهان بۆ حــەوت هـەرێم، ئەمــەریکاشی لە یاد بـووە؟ ئایا سـەردەمـی ئەو سـەرزەمـینی

ئێستای هەردوو ئەمەریکا، ناسراو بوو؟ ڕووداوگەلی مێژوویی- ئاینی تر هەن، کە بەشێکن لە کولتووری خەڵکی ڕۆژهەڵات، ئایا چۆن لە فەرهەنگی خەڵکی دێرینەی ئەو سەرزەمینە ڕەنگیان داوەتەوە.

بە ڕێکەوت، ڕێگەم کەوتە سەرزەمینی (چەرم سوورەکان = سوور پێستەکان) وەکو شاعیرێکمان بە (سوور پێستەکان) دەڵێ، سەرزەمینێکی سەوزەلانی و زۆر جوان، چیاو شیو و دۆڵەکانی، دەڵێی کوردستانە، گوتیان، ئەمە پایتەختی مێژووییان بووە، ئێستا بە شێوەیەکی تازە دامەزراوەتەوە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی (ناشیڤیل) بۆ (ڤەرجینیا) ئێرە ناوەندی سەرزەمینەکەیان بووە، لەم چیاو دۆڵە قووڵ و سامناکانەدا دەیان ساڵ لە بەرخوداندا بوونە لەسەرووی چیا بەرزەکاندا گوندەکانیان، وەک جارانی بە هەمان داوونەریت و شێوەی ژیانەوە.

مەینەت و تراژیدیای ژیان و چارەنووسیان لێی دەرچێ، ئەمڕۆ سەرزەمینەکەیان، واتە ئەمەریکای باکور بە گشتی، مەڵبەندی پێشکەوتنێکی سەرەکیی دونیای ئێستایە، لە تاودانی ڕەوڕەوەی زانستی و تەکنولۆژیدا بە ئاوڕدانەوە هەر بەرەو پێش دەچێ.

جگە لەو مەینەتە، وەکو گوتمان، ئێستا شارستانیەتێکی تازە بونیات نراوە، تازەتر لە ئەوروپا و قاڕەکانی تر.

جیا لە سیاسەت، ئەوەی دامەزراوە، بەرەو پێش دەچێ، هێشتا نازانرێ، لە کوێ ڕادەوەستێتەوە، تەنیا تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر وەربگرە، کە لەم سەرزەمینە وەکو لافاوێکی سەرشێت، بێ ئاوڕدانەوە ملی ڕێگەی گرتووە. بەزەیی بە ئەوروپا و ئەمجا خەڵکی دونیادا نایەت، کە تا دێ پاش دەکەون. تەنیا (هیندستان) نەبێ کە ئەمڕۆ پاش ئەمەریکا دووهەمین سەرزەمینی کومپیوتەرە، تەنانەت وڵاتێکی وەکو (ئەڵمانیا) هەستی کردووە کە لەو کاروانە بەجێماوە. کەوتۆتە خۆی و لە هیندستان و ئەمەریکاوە شارەزای کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت، دێنێ.

ئەوەندەی بیرو بۆچوونی من بڕ بکات، بەوە گەیشتووم کە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنی ئەمەریکا (ئازادی پێشکەوتنە).

لێرەدا وەکو تێگەیشتم، هەر کەسێک هەر بیرۆکەیەک، هەر دانان و دۆزینەوەیەک، لە هەر بوارێکدا بە مێشکیا بێ، یەکەم بە ناوی ئەوەوە تۆمار دەبێ و (مافی داهێنان و دۆزینەوەی) دەپارێزرێ، دووهەمیش یەکسەر هەلومەرج و توانای مادی و تەکنەلۆژی دەخەنە بەردەست، تا بیرۆکەکەی بسەلمێنێ و گۆڕانێکی تازە لە کاروبارێک، یا داهێنانێکی تازە، بهێنێتە بەرهەم. چاوم بە زانایەکی کورد کەوت کە (١٥) داهێنان، بەناویەوە تۆمار کراوە، هەندێکی پیادە کراوە.

(مافی داهێنان و دۆزینەوە) بەلای منەوە، گرینگترین مافی مرۆڤە کە لەم ولاتەدا پارێزراوە، لێرەدا ئەوەی ئێمە پێی دەڵێن (موحارەبە) بەرچاو ناکەوێ، ئەوەی بیەوێ شتێکی تازە دابێنێت دەیان رێگە و دەرفەتی لە پێشە.

پێش دامەزراندنی سەندیکای هونەرمەندان، لە دانیشتنێکدا بە هونەرمەندان و پاشان بە کۆمەڵێک نووسەرم، دەگوت کە پێش هەموو شت دەبێ، یاسایەک بۆ پاراستنی (کەپی رایت، مافی دانان) دابنێین ئەوەبوو وەزارەتی رۆشنبیری کۆڕێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە رێک خست.

ئێستا دەرفەتێکی گونجاوم بۆ هاتە پێش تا لە ئەمەریکا ئاگاداری تازەترین یاسای پاراستنی مافی داهێنانی گشت بوارەکان ببم، بەتایبەتی لە بواری موسیقا، رادیۆ، تەلەفزیۆن و سینەما، شانۆ و نووسین بەگشتی

واتە: یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئەو سەرزەمینە (ئازادی پێشکەوتنە) کە ئامێتەی ئازادیی بیرو نووسین و، داڕشتنەوەی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانە، کە ئەمەیان لێدوانێکی ورد و فراوانی دەوێ، تا بە هەڵە لێم تێ نەگەن.

رەنگە بتوانین هەندێ لە نهێنی و هۆکارەکانی پێشکەوتنی ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا، لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە.

یەکـــەم: ئازادی، هەر لـە ســـەرەتای پـەیدابـوونی ئەم وڵاتـەوە پێش دوو سێ سـەدە، (ئازادی) یەکەمین و گرینگترین بزوێنەری کۆمـەڵگەی تازە پێکهاتووی ئەم قـارەیە بووە (ئازادی) بەدەسـتـوور چەسـپـاوە، لە ژیاندا بە کـردەوە پیادە کراوە. لە هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار و حکومەت و سەرۆکی وڵاتەکانەوە بگرە، تا کۆڕو کۆمـەڵەی پیشەیی و کارو رۆشنبیری، هەروا (جیفرسۆن) پێش زیاتر لە ســـەدەو نیـوێک یاسـا و داوونەریتی (کـۆمـەڵگەی مـەدەنی) دارِشـتـووە، (ویلســون)یش لەسـاڵی ١٩١٥ دا ســەرەتـاکـانی ئازادی و مـافی چارەنووسی گەلانی راگەیاندووە.

ئازادی، هـەروەها، بارو پێوەندیی کـۆمـەڵایەتی و رۆشنبـیری و داهێنانیشی گرتووەتەوە، نە بەس باری سیاسی.

دووەم: فـراوانی و گـەورەیی قـەوارەی جـوگـرافـیا، وڵاتە یەکگرتووەکـان لە (٥٠) ولایەت پێکهـاتووە، کـە ئەوەندە گـەورەن، هەر یـەکـەیان دەشێ بڵـێین وڵاتێکە.

بۆ گـەیشـتن بەم سـەرو ئەوسـەری ماوەی ٦-٧ سـەعـاتی بە فڕۆکـە دەوێ. وڵاتێک وەها بـەرین، بە ئازادی نەبێ بـەڕێوە ناچێت، واتە: رەنگە باری ئازادی و پێوەندیی ئازادانەی ولایەتەکان بە ناوەندو بەیەکەوە، لەم فراوانییەوە هاتبێ، بۆ هـەر کـەسیش هەیە ئازادانە بە تەواوی ئـەم سەرزەمینەدا هـاتوچۆ بکاو، بە شـوێن کـارو پیشـەی تازەدا بگەڕێ. بە بێ ئـەوەی هیچ (سـەیتـەرەیەکـی) بێتـە پێش! ئەم جـۆرە فـراوانییـە، ئاسـۆی بیرو بینینی دەکـاتەوە، بەڵام لـەگـەڵ ئەم ئازادییە فراوانە، یاسا گەلێکی ئێجگار زۆر هـەنە، کە ئازادییەکە رێک دەخەن، بە رواڵـەت ئازادییـــەکی بەرەڵلایە، بەڵام یـاســـای ســـەخــتـگیــریش هـەیـە، لە بچـووکـتـرین پێـوەندییـەوە، تـا راگـرتنی پاکی و خـاوێنی دوورترین جـادە و ســـەیرانگاکـان، تـا هـاتوچۆ، کـارو، هـەمــوو بـوارێکی تر واتـە (پابەندبـوون بە یاسا) دیوی تری ئازادییە.

تۆ ئەم ســەرو ئەوســەری ئەم وڵاتـە بکەیت، بە رواڵـەت وا دیارە کـە مـاڵێکی گـەورەی بێ خـاوەنە، بەڵام دەسـەڵاتێکـی مـەزن و هـەمـیشـە ئامـادەت لە پێشـە،

ئەویش (یاسا)یە.

سێیەم: کارو سەرمایە، بە واتەیەکی تر کاپیتالیزم سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە جۆرێکە، کە مرۆڤ هەمیشە دەبێ کارێک بکات، گەرنا ناژێت، مەگەر سامانێکی بەجێماوی هەبێ. هەندێ کار، سەخت و دژوارە، بەڵام هەمیشەش (کار) بە دەست دەکەوێ، ئەوەی بیەوێ بژی کار هەیە.

سەختگیری لە کاردا هەیە، کە سروشتی کاپیتالیزمە، بەڵام ئەم سەختگیرییە وا دەکات کە (وەخت) رێک بخرێت و حیسابی تەواو بۆ گشت سەعات و چرکەیەک بکرێت. هەر بۆیەش لێرەدا حورمەتی (وەخت) بەهایەکی گرینگی ژیان و شارستانییە.

لە هەمان کاتیشدا، سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان لەسەر (ئاسانکاری) دامەزراوە، زانست و تەکنۆلۆجیا بەو رێگەوە هەردێ ژیان و کار ئاسان و رێک دەخات.

چوارەم: جوان بوونی، واتە لاوێتی

کۆمەڵگەی ئەمەریکا جوان و گەنجە، لە دوو سێ سەدەی دواییدا پێکهاتووە، هەربۆیەش لە ئەوروپا و ئاسیاو جێگەکانی دی جوانتر و بەهێزتر و بەگوڕترە، خاوەنی هێزێکی بزوێنەری دینامیکی و چالاکە، شارەزایی و بەهرە و کەلەپووری تەواوی دونیای بەخۆیەوە گرتووە. تواناو لێوەشاوەیی خەڵکی دونیا بۆخۆی رادەکێشێ.

پێنجەم: رێزنان لە (داهێنان) و (دۆزینەوە)ی تازە و هاندانی بە ماددی و مەعنەوی، ئەوەی کە ناوی (ئازادی پێشکەوتن)مان لێ نان. ئەم زاراوەیەم نەخوێندووە و نەبیستووە، رەنگە بەکارهاتبێت، بەڵام لەم دوو وتارەدا بەخۆم و بەو زاراوەیە گەیشتم، کە زیاتر رەنگدانەوەی خواست و ویستی جوانانی کوردستانە، کە لە (ئازادی پێشکەوتن) بێبەشن.

ئەوە بەکورتی هەندێ لە هۆکارەکانی دامەزراندنی شارستانی ئەمەریکا کە تەنیا بیرو بۆچوونی منە، رەنگە بۆچوونی تریش هەبن.

بەڵام لە ژیانی ئەمەریکادا لایەنی خراپ و سەلبیش هەیە، هەندێ داوونەریتی کۆمەڵ بە ئاسانی ناسەلمێندرێن، لەوێدا چی شتی باشی دونیا هەیە، هەیە. چی شتی خراپیش هەیە، هەیە. تاوان و هەژاریش هەیە. هەندێ گەڕەک بۆ نموونە لە نیویورک هەژارو پاشکەوتوون. هەندێ کەسیش ئازادی بەهەل دەزانن و کاری ناشایستە و تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن.

ئەگەر تەنیا ئەو لایەنە سەلبییانە ببینین، وەکو لە دوورەوە دەبینرێ، ئەوە دیوی گەشی ئەمەریکا ناکەونە بەرچاو.

لە راستیدا ئەو لایەنە سەلبییانە زۆر کەمن، ئەگەر هیچ نەبێ بەرامبەر بەرهەمی پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، کە شارستانییەکی تایبەتییە.

واتە: هەرچی بێ و هەرچەندە لە ئازادی بە خراپە کەڵک وەربگیرێ، بەڵام بەرهەمی مەزنی ئازادی و لایەنی ئیجابی ئەو ئازادییە و ئەو سیستەمە ژیانە، زۆر گەورەتر و گرینگتر و بەبایەخترە.

# نیگەتیڤکاری بهاوێژە

تا ئێستا لە هەندێ هەلومەرجی بابەتی (ئازادی پێشکەوتن) دواوین. ئەوانەی لە دوو وتاری پێشوودا، مەرجی بابەتی، مەرجی دەرەوەی ئازادی پێشکەوتن بووە.

مەرجی سەرەکیتر، بەڵکو گرینگتر مەرجی سەرکەوتنی خودییە (ذاتی) کە بە خواست و توانا و کۆششی خودی ئینسانەوە بەندە.

وەکو لە بارەی ئازادییەوە گوتمان، ئازادی بیروڕا گرینگ و پێویستە، بەڵام لەوە گرینگتر (بیری ئازادە).

هەروەها ئەگەر هەموو هەلومەرجی بابەتی بۆ پێشکەوتن ئامادە بکرێت، بەڵام خودی ئیسنان ئامادەی پێشکەوتن نەبێ، خواست و توانای پێشکەوتنی نەبێ، ئەوە هیچ کەڵکی لێ وەرناگرێت.

مرۆڤ، لە سەرنەکەوتنیا، دەبێ لە خۆی گلەیی بکات.

لە کەس گازاندە نەکات، لە خۆی نەبێ.

هەروا، لە ژیانی گەلانیشدا، پێش هەموو شتێک دەبێ لە خۆیان گلەیی بکەن، کەموکاسی خۆیان بناسن، رێگەی چارەسەر بدۆزنەوە.

گلەییکردن لە خەڵکی تر، چ تاک یا کۆمەڵ، یا گەلانی دی، نیشانەی نەزانینی راستییەکی روون و سادەیە، کە ئینسان بەخۆی بەرپرسی ژیان و ئایندەی خۆیەتی.

(بیرکردنەوەی سەلبی، یا نیگەتیڤکاری / نیگەتیڤگەری) گەورەترین کۆسپی رێگەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی مرۆڤە، دەڵێن (کۆسپی...)، چونکە تەگەرەو کۆسپی بابەتی زیادیش هەن.

تۆ کە دەست بەکارێک دەکەی، یا هێشتا بیر لە ئەنجامدانی دەکەیتەوە، پێش هەموو شت، کۆسپ، تەگەرە، سەختی و... بەڵکو ئەگەری سەرنەکەوتن، دەخەیتە پێش خۆت، هەربۆیەش بە ترسەوە بۆی دەڕۆیت.

هێشتا هیچت نەکردووە، خۆت بە دۆڕاو دادەنێی.

ئەمەیە میکرۆبی (نیگەتیڤ «سەلبی»-کاری) لەبیرو بۆچووندا.

شێوەی نیگەتیڤانەی بیر لە کەلەپوور و کولتووری کوردی بە گشتیدا، زاڵ و بڵاوە، جۆرێکی ترسنۆکیی لە بیرکردنەوەدایە.

ئەم دیاردەیەش بێ ریشە و بێ هۆکار نییە.

ئەو شێوە نیگەتیڤانە، تەنیا لە کاروباری رۆژنامەو شەخسی و کۆمەڵایەتیدا دیار نییە، بەڵکو بواری سیاسی و گشت لایەنێکی تری ژیانی کوردەواری دەگرێتەوە، چ لەسەر ئاستی تاک، یا ئاستی کۆمەڵ.

بۆ نموونە، لەسەر ئاستی سیاسی، مێشکی مرۆڤی کوردستان بەوە پڕ بووە، کە رەنگە هەرگیز سەرنەکەوێ، هەرگیز میللەتەکەی سەربەست و ئازاد نەژێ.

ئەگەریش هەندێ جار دەسکەوتی ئازادی وەدەس بهێنێ (وەکو سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید یا پێشەوا قازی محەمەد، یا بارزانی نەمر) بەڵام زوو بەزوو دەسکەوتەکەی لەبار دەچێ!

ئەم تاقیکردنەوە تفت و تاڵانە کە (واقیعین) کولتووری نیگەتیڤانەی وای رواندووە، کە مرۆڤی کوردستان ئێستا و ئێستاش، هەر دەستی لەسەر دڵە، دەترسێ نەوەکو جارێکی تر تووشی نوشوستی و کارەسات ببێتەوە.

لەو روانگە نیگەتیڤانەیەوە، لەم چەند ساڵەدا بە سەدان و هەزاران وتار و لێدوان و چاوپێکەوتن، دەربارەی ئایندەی تاقیکردنەوەی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاو بوونەوە، کە هەر زۆربەیان بە چاویلکەی بەدبینانەوە، نائومێدی ئەگەری سەرنەکەوتن، دەیانڕوانییە تاقیکردنەوەکە.

لەوەش خراپتر، زۆربەیان نەیانتوانیوە تۆزقاڵێک لایەنی گەش و رووناکی

تاقیکردنەوەکە ببینن، کەوا بە بەرچاوییەوە، زیندوو و بە تواناو گەرموگوڕ بەرەو پێش دەچێ. هەرچەندە شەڕی داسەپاوی ناوخۆ، چەندین کۆسپ و ئاکامی خراپی خستۆتەوە.

واتە: نیگەتیڤگەری بەرچاو دەگرێ، پێشەکی ئەگەری سەرنەکەوتن لە مێشکیا زەق دەکاتەوە.

بەڵام دیدی ئیجابییانە ( کە پێچەوانەی سەلبییە) بەمانای چاوپۆشی لەلایەنی ڕەش و کەموکوڕی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی ئیجابییانە دەڵێ کە دەبێ هەموو شتێک (وەکو خۆی کە هەیە ببینین) بەلایەنی تاریک و دژوارەوە، بەڵام لە ئاستی دژواری و سەختیدا، دەس وەسان نامێنین، بەڵکو پێش ئەوە بیر لە «مومکن» دەکرێتەوە، لەوەی دەشێ و دەکرێ ئەنجام بدرێ، لەوەی دەشێ بەرەو پێش بچێ، لەوەی دەکرێ کە ڕێگە لە نوشوستی بگیرێ.

واتە: خواست و ویست دەجوولێنن و بە وزە و توانا بەکار دەخەین. بەڵام نەمانەوێ (کار)ێک ئەنجام بدەین، وزە و توانا و بەهرەی بۆ بەکار نەخەین، بەڵکو ئەم تواناو بەهرەیە، بە خامۆشی دەمێنێتەوە.

بۆ هەر کارێکی چاک و بۆ هەر داهێنانێکی سوود بەخش، پێشەکی خواست و ویستنە، ئەمجا بەکارهێنانی وزە و تواناو، دۆزینەوەی شێوەی گونجاوی جێبەجێکردن.

بەڵام ئەگەر، هەر لە سەرەتاوە، بیر لە سەرنەکەوتن و فەشەلهێنان بکەینەوە، ئەوە هەنگاوەکانی دواتر ناهاوێژرێن، واتە، وزە و توانا و بەهرەمان لە بەندیخانەی فەرامۆشیدا دەمێننەوە.

لەم بۆچوونەدا بە ڕواڵەت شتێکی تازە نییە، زۆریش سادە دێتە بەرچاو. بەڵام جەوهەری مەسەلەکان لە سانا بوون و سادە بوونیاندایە.

نزیکترین و ڕوونترین ڕاستی، کە هەمیشە لە گەڵماندایە، ڕووناکییە، کە لە هەتاوەوە سەرچاوە دەگرێ، ڕووناکی ئامێتەی گەرمایە. ژیانی گشت گیانلەبەرێک بەرهەمی گەرمایی و ڕووناکی هەتاوە. ئەوەی پێی دەگوترێ

«موعجیزە» هەمیشە لە توێی سادەترین و ڕووناکترین دیاردەکاندایە.

ڕووناکی و گەرمایی، واتە: هەتاو، موعجیزەیەکی جوان و هەتا هەتاییە کە هەمیشە لەبەرچاوە، ئەگەر هەتاوی ئێمە (واتە: هەتاوی ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیەش) بکوژێتەوە، ئەوە ملیۆنان و هەزاران ملیۆن هەتاوی تر هەر دەدرەوشێنەوە.

هەر وەکو ئەم موعجیزە سادەیە، کە دەیبینین و بیری لێ ناکەینەوە، لە جیهانی دەروونی ئینسانیشدا هەزاران موعجیزەی گەش و جوان نووستوونە و چاوەڕوانی ئازاد بوونن، کە تەنیا لە ڕێگەی بیری ئیجابییانەوە ڕزگارییان دەبێ. لە ساڵی ١٩٦٧ وە ئیجابییانە بیر دەکەمەوە، تا ڕادەیەک هەندێ جار منیان بە «خەیاڵاوی» زانیوە، نموونەی نزیک، سەروتارەکانم لە «خەبات» بوون، کە هەمیشە لە ڕوانگەی بیری پۆزەتیڤانەوە (نەک نیگەتیڤانە) نووسیومن.

ئیجابی بیرکردنەوە، خەیاڵاوی بوون نییە، بە مانای ناونانی «سپی» لە جیاتی «ڕەش» نییە، بەڵکو بە مانای دیتنی ڕوونی لایەنی ڕەش و کەموکاسییە، هەروەکو لایەنی گەش و دروست.

تەنیا جیاواز، لەگەڵ نیگەتیڤگەری، ئەوەیە تۆ نابێ تەسلیمی نائومێدی و ترس و دوودڵی ببیت، بەڵکو بە لایەنە پوزەتیڤەکانەوە بچەسپێ و بۆ پەرەسەندنی تێبکۆشە. ئەمە مانایەکی تری وتەکەی (کۆنفۆشیوس)ی فەیلەسووفە کە دەڵێ «لە جیاتی نەفرین لە تاریکی، مۆمێک دابگیرسێنە».

لێرەدا.. ئا لێرەدا بۆمان هەیە کە بە چاوی گەش و کراوە، بڕوانینە ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنەی کە لە هەرێمی کوردستانا بەدی هاتوونە، بە تایبەتی لە ژێر سایەی کابینەی سێیەم و چوارەمدا، کە لە نەبوونەوە، ئەمڕۆ حکومەتێکی کوردستانی دامەزراوە، بەگشتی تاقیکردنەوەکەی هەرێم - بە کەموکوڕییەوە- جێگەی سەربەرزییە و لە ئاداری داهاتوودا (ساڵی ٢٠٠١) دەبێ بە شایانەوە ئاهەنگی (١٠) ساڵەی بگێڕین کە لەم سەد ساڵەدا تەنیا دەسکەوتی درێژتەمەنی نەتەوەییمانە.

ئايندە هـەرچی دەبێ با ببێ ( کـــە دڵنیـــام لـە گـــەشـــبـــوونی) بەڵام ئەو تاقـیـکردنەوە زینـدووە، کـە لەبەر دەست و چـاومـانە، شـايـانی بیـرو بـۆچوونی ئیجابییانەو، بڕوا و متمانەی گەرم و ئومێدی گەورەمان پێ دەبەخشێ.

## خاوەنی ماڵ.. خاوەنی شار

رووی قسەمان، پێشتر، لە جوانانە...

لە ژمارەی دواتردا باسمان لە نێگەتیڤگەری بوو، کە نموونەیەکی سیاسی، واقیعی خۆمانمان هێنایەوە...

دیدی نێگەتیڤانە، لە ڕیشەوە، بۆ چەندین هۆکاری دیکەی کۆمەڵایەتی کولتووری و سیاسی دەگەڕێتەوە، کە بە کورتی: دیدی پاشکەوتن و نەزانینە.

هەروا، ئەم دیدە- بەڵکو دیدی مرۆڤ بەگشتی - بەسەرانسەری ژیان و جیهان دەگرێتەوە. واتە: شێوەی تێڕوانین لە پاکیی ماڵ و شار (بۆ نموونە) رەنگدانەوەی جیهانبینی مرۆڤە دەربارەی تەواوی دیاردەو شتەکان. ئەگەریش هەندێ جار، بۆ رواڵەت، خۆی بەدۆستی سروشتی (گوڵ و گیا پیشان بدات، بەڵام جەوهەری جیهانبینی ئەوە وەختێک دەردەکەوێ کە تۆ بەوردی بڕوانیتە رەفتاری لەبارەی راگرتنی پاکی و خاوێنیی ماڵ و شارەوە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم دیاردانە- بەڵکو وەکو پراکتیک بۆ چۆنیەتی تێڕوانین-، دەچینە سەر دوو نموونەی رۆژانە، کە رەنگە سادە بێنە بەرچاو، بەڵام پێوارێکی گرینگی شارستانین...

ئەم نموونانە بەرجەستە نێگەتیڤگەرین بەرامبەر بە (کار).

کار، شەرەف و سەربەرزی و سامانە... کە جەوهەری ئینسان دەردەخات.

بەڵام... ئایا بەڕاستی وا لە (کار) تێدەگەین؟!

ئایا بەڕاستی حورمەتی (کار) و کارگەر دەگرین؟!

لێرەشدا مەبەستم چینی کۆمەڵایەتی کار نییە، بەڵکو (کار) بەگشتییە، چونکە دەوڵەمەندترین کەس، وەکو هەژار، (کار)ێکی هەیە، هەر چەندە

سروشتی کۆمەڵایەتییان جیاواز بێ.

ئایا هەڵوێستی بەرامبەربە (کار) سەلبییە یا ئیجابی؟

بڕواننە ئەم دوو پیشەیە:

- (فەڕاش- بەردەستی) فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاکان.
- (کەنناس پاککەرەوە).

لە هەردوو بواردا، هەم ناونیشانی کارەکان سەلبی (نێگەتیڤن)، هەم هەڵوێستی کۆمەڵ بەرامبەریان.

(فەڕاش)، یا بەردەست، کەمترین مووچەی بۆ دانراوەو، بەچاوێکی سووک و بێ بایەخ مامەڵەی دەکەن. دیارە هەر کردارێک، یا هەڵوێستێک، ڕەنگدانەوەی هەیە. واتە: دیدی نێگەتیڤی تۆ بەرامبەری هەر کەسێک بەپێچەوانە دەگەڕێتەوە، ئەویش بەهەمان چاویلکە تۆ دەبینێ. هەر بۆیەش زۆربەی دامودەزگاکان وەکو پێویست خاوێن و جوان ڕانەگیراون... چونکە ئەم جێگایانە وەکو (ماڵی بێ خاوەن)ن.

بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە ژێروبان بکەینەوەو، ڕوویەکی گەش و ئیجابی پێ بدەین، دەبێ هەڵوێستی کولتووری (یەکەم... کولتووری)و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرامبەر بەئەم (کار)ە سەرەوژێر بکەین...

لەجیاتی (فەڕاش/و بەردەست) ناوی (خاوەنی ماڵ)ی لێ بنێین، چونکە بەڕاستی پاکی و جوانی و ڕووی ماڵ بەدەست و پەنجەی ئەوەوە بەندە، نەک کەسێکی تر.

(خاوەنی ماڵ)... دەبێ مووچەی چاکی پێ بدرێت، ڕەنگە یەکێک بێ لە بەرزترین مووچەکان. ئەنجاش (بەڵکو لە ئەنجامیشدا) جێگەی خۆیەتی کە هاووڵاتی جوان (لاو) و خوێندەوار بکرێن بە (خاوەنی ماڵ)... ئەوجا ببینە چۆن ڕەنگ و ڕوخساری جێگەکانی (کار) دەگۆڕن، کە مرۆڤ بەشەوقەوە بۆ سەرکار دەچێ و، ئەنجامی دەدا. ئێستاش بڕواننە وشەی (کەنناس)، کە چۆن بە بەدترین دیدی نێگەتیڤانەوە دانراوە...

لەکاتێکدا پیشەی (کەنناس/ پاککەرەوەی شار) یەکێکە لەپیشە هەرە پیرۆزو بەرزەکان.

جیاوازیی شارەکانی ئێمەو جیهانی پێشکەوتوو... زۆرن. یەکێک لەوانە بۆ دیدو هەڵوێست بەرامبەر بە (پاککردنەوەی) شار- بەگەڕەک و شەقامەکانەوە- دەگەڕێتەوە.

لێرەشدا... پاککەرەوە کەمترین مووچە وەردەگرێت و، کۆمەڵ بەناهەق دیدو هەڵوێستی سەلبیانەی بەرامبەر هەیە.

بۆ راستکردنەوەی باری ئەم دیاردەیەش:

- باشترە ناونیشانی (خاوەنی شار) بۆ (کەنناس/ پاککەرەوە) دابنێین.

- هەروا یەکێک لە بەرزترین مووچەکانی بۆ دابنێین...

ئەمجاش... جوانان بخرێنە ئەم کارەوە، کە تا خوێندەواریش بن چاکترە...

زۆریش پێویستە بیر لە وەرگرتنی ئافرەتان بکرێتەوە.

پێش دەست بەکاربوون، باشترە خولێکی چڕوپڕو زانستییانەی رۆشنبیرانە بۆ ئەو کیژ و کوڕە جوانانە ساز بدرێت و، سەرەتاکانی (شارەوانی دروست)و راگرتنی پاک و خاوێنی و جوانی و... رەفتاری بەرزی کۆمەڵایەتی، فێر بن.

لەتەک ئەوەشدا هۆشیاریی (شارەوانی) بە ناو کۆمەڵدا بڵاوبکرێتەوە، چونکە هاوکاریی هاوولاتیان و دامودەزگاکانی حکومەت مەرجی گرینگی جوانکاریی شار و گەڕەکەکانیەتی. لێرەشدا کولتووری (پاکی) دێتەوە پێش... هەروا مانای (نیشتمانپەروەری).

بەلای منەوە، نیشتیمانپەروەری تەنیا دروشم وسروود، قسەی رووت نییە، هەر چەندە بەوشەی جوان و دڵگیر بڕازێنرێنەوە. لە قۆناغێکی کۆمەڵدا ئەرکی موقاوەمەت و ململانێی سەخت دێتە پێش، کە تێدا دروشم و سروود و قسە رۆڵی گرینگ و پێویست دەگێڕن. بەڵام لە قۆناغی پاش سەرکەوتن، واتە: پاش سەربەستی و هاتنە سەر دەسەڵات ئەوە دەمی ئاوەدانی و، چاکسازی، جوانکاری و پێشکەوتنە.

ئەمڕۆ، لەلای ئێمە، نیشتمانپەروەری دەبێ مانای بەرجەستەی جوانی و بەرزیی نیشتمان بدات... بەپاککردنەوە، چاکسازی، ئاوەدانی، قەلاچۆکردنی هەژاری و نەخۆشی...تاد! راگرتنی پاکی و جوانی شارو شارۆچکەو گوندو، خاکی نیشتمان، بەگشتی، پێوارێکی بناغەیی نیشتمانپەروەرییە. ئەگەر پاکی وجوانی پشتگوێ بخەین، ئەوە بەمانای ئەوەیە کە هێشتا بەرامبەر بە خاک، بە زێد، بە شار، بە ماڵ... دیدێکی تاریکی نیگەتیڤ (سەلبی)مان هەیە.

ئایا بۆچی بایەخ بەم خاک و شار و ماڵە نادەین؟ ئایا هێشتا بە هی خۆمان نازانین؟ یا هێشتا خۆمان تێدا بەنامۆ دەزانین؟... وەیا خۆمان بە شایانی ژیانێکی پاکترو جوانترو چاکتر نازانین؟ پرسیاری دوایی لە هەمووی گرینگترە...

جێگەی مەترسی و مەخابنە کە خۆمان شایستەی ژیانێکی بەرزترو جوانتر نەزانین. ئەمە رەشترین دیدی سەلبییانەیە بەرامبەر بەژیان و جیهان.

بۆچی خۆمان بەشایانی... هەرچی باشترە بەرزترو جوانتر نەزانین؟

ئەگەر، بەخۆمان، تەسلیمی ئەم دیدە نا ئومێدانەیە ببین، ئیتر بۆچی گلەیی لە خەڵکی تر بکەین؟

ئەوەش بزانین... کە ئەگەر کۆڕو کۆمەڵەی نێودەوڵەتی، کوردستان لەگشت تواناو سامان و شارەزاییەکی تازەش پڕ بکەن، بەلام خۆمان هێشتا لەو خەیاڵ و بۆچوونەداین کە شایانی پێشکەوتن نییە، ئەوە سامانی تەواوی دونیا رزگارمان ناکات.

(رزگاری)، پێش هەموو شت، لە مستی خۆمانەو، بەدەستی خۆمانە... کە یەکەمین هەنگاویش رزگاری لە نیگەتیڤکاریە.

# رۆژی نوێ

له وتارێکی پێشـــووتردا، لە «ئازادیی پێشکەوتن» دواین، کە زیاتر باسی هەندێ هەلومەرجی بابەتیمان تێدا کرد.

بەڵام جاری وەهاش هەیە کە مرۆڤ بەخۆی رێگەی پێشکەوتن لەخۆی دەگرێت، ئەویش بەهۆی ئەو داوونەریتانەوەیە کە لەگەڵیا گەورە دەبن... کە بەگشتی بەشێکی «نێگەتیڤگەری» پێک دێنن.

بۆ رزگاربوون لەو ئاستەنگانە مرۆڤ ناچار دەبێت بەگژی داوونەریتەکانا بچێت و، شێوەی بیرکردنەوەی خۆی بەرەو ئاسۆیەکی گەش و رووناک و ئیجابی بگۆڕێت، واتە: مرۆڤ دەبێ خۆی بخاتە ئەزموونی «خۆ گۆڕین»، «خۆفێرکردن»و «خۆ پێشخستنەوە».

رەنگە ئەوانی تر (واتە: دەوروبەر) بتوانن هەموو هەلومەرجێکت بۆ بڕەخسێنن، بەڵام ئەگەر بەخۆت ئامادەی بزووتن و جوولانەوەو پێشکەوتن نەبیت، ئەوە- وەکو پێشووتر گوتمان- هیچ شتێکی (دەرەوە) سوودی نییە. لێرەشدا دەگەڕێینەوە سەر زاراوەیەکی ناسراو لەلایەن رۆشنبیرانی نەوەکانی پەنجا- هەشتاوە، کە زاراوەی «خۆفێرکردن- یا خۆ پەروەردەکردن/ التعليم الذاتي او التثقيف الذاتي والتربية الذاتية».. ئەوەش بەمانای خۆ رزگارکردنە لە حاڵەتێک و، خۆ راهێنانە لەسەر حاڵەتێکی باشتر.

تائێستا زاراوەی «خۆفێرکردن» تەنیا بەمانای خوێندن و، راهاتن لەسەر باری رۆشنبیری (بەمانای خوێندنەکەی) بووە. راستەکە ئەوەش چاک و پێویستە.

بەڵام «خۆفێرکردن» یا«خۆڕاهێنان» تەنیا بەخوێندن ناوەستێتەوە، بەڵکو

تەواوی ژیان دەگرێتەوە. واتە: نەخوێندەواریش دەتوانێت (و رووشی داوە) کە خۆی بەرەو پێش ببات.

مانای گشتیی «خۆ پێشخستن» هەموو پیشەو بوارێکی کارو ژیان دەگرێتە بەر.

بۆ نموونە: جگەرەنەکێشان... کە جگەرەکێش دەبێ زەحمەت بەخۆی بدات تا لەجگەرە واز بهێنێت. حاڵەتی خۆی بگۆڕێت. یا«خۆڕاهێنان» لەسەر شێوەیەکی تازەی خوێندنەوە، کاتێکی تازەی لە خەو رابوون، عادەتێکی چاکتری نانخواردن، یا پەیداکردنی خودی ئیجابی تازە، وەکو: پەروەردەکردنی گوڵ، خاوێنی ناوماڵ، بەستنی دۆستایەتیی پاک لەگەڵ خەڵکی تر... تاد!

هەروەها مرۆڤ دەتوانێت، بە «خۆڕاهێنان» وزەو ورەی تازە بەخۆی ببەخشێت و... هەمیشە لەو بۆچوونەدا بێت کە «ئەمڕۆ... رۆژێکی نوێ»یە لە ژیانیدا. بەڕاستیش وەهایە، کە هەر کاتژمێرێک تەمەنێکی تازەیە.

بەو شێوەیە، وردە وردە، خۆی لەسەر عادەتی باشتر رادەهێنێ، ئەویش نرخدانە بە «کات» و تەمەنە..

تا بەوە دەگات کە هەر دەقیقەیەک نرخی تایبەتی هەبێت.

دەبینین کە هەڵوەشانەوەی عادەتێکی خراپ و نالەبار، وەکو تەمەڵی و پەستی بێجا و دوودڵی..و راهاتن لەسەر عادەتێکی ئیجابی، چ گۆڕانکارییەکی قووڵ لە هۆش و دەرووندا ئەنجام دەدات.

هەندێ داوونەرێتی نێگەتیڤانەی بیرکردنەوەمان بۆ زاڵبوونی هەندێ بیروڕاو ئەیدیۆلۆجیەتی تاکڕەوانە دەگەڕێتەوە.

ساڵەهای ساڵە ئەوەمان لە مێشک باو بووە کە تا «دەوروبەر» نەگۆڕێت ژیانی «تاک» فەرد ناگۆڕێت. ئەمەیان رەنگە لە رووییەکەوە راست بێت، بەڵام خەتەرێکی گەورەی رێگەی پێشکەوتنە.

ئەو شێوە بیرکردنەوەیە مێشک و دەروون و دەست و قاچی مرۆڤ

دەبەسـتـێـتـەوە و، هەمـیـشـە لە چاوەڕوانی گـۆڕانکاری «دەوروبەر» و «د—...ەوەیە». هەر بۆیەش توانا و وزەی مـەزنی نووسـتـووی خـۆی لە بیـر دەچێتەوە. لێرەدا ژیانی فەردی ون دەبێ و دەخنکێت.

بەڵام سەرەڕای گرینگی دەوروبەر، تاک، فەرد، بەخۆی جیهانێکە، وزەیەکە، تەوەرێکی تایبەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە.

ئەو دۆزە خەواڵووە مەگەر بە لادانی ئاستەنگەکە» رزگاری ببێت، ئەویش بە خۆڕاهێنان لەسەر داوونەریتی دروستی کارو بیرکردنەوە.

ئایا قەت نەتانبیستووە کە دەڵێن: «فلانە کەس خۆی پێگەیاندووە؟» «فلانە کەس بە رەنجی شانی خۆی... خۆی پێک هێناوە؟» سەرانسەری مێژوو لەو قارەمانانە تەژییە، کە بە کۆشش و تەقەللای خۆیان ژیانێکی چاک و بەرزیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان خولقاندووە.

ئەمانە، لە چەند یاسای گرینگی ژیان پەیڕەویی دەکەن... ئەگەریش هیچیان دەربارەی ئەو یاسایانە نەزانیبێ و نەخوێندبێ، بەڵام لە کردەوەدا پەیڕەوی دەکەن.

یەکێک لەو یاسایانە، خواستی زانینی مرۆڤ و سووربوونی لەسەر، گۆڕانکاری خۆیەتی... کە پەیتا پەیتا بە خۆیدا دەچێتەوە، ئاستەنگ و داوونەریتە دەست و پاگیرەکان دەستنیشان و، هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمجا خۆی لەسەر خوو رەوشتی چاکتر و سوودبەخشتر رادەهێنێ.

هەر رۆژێک، کە لەگەڵ هەتاوا، هەڵدێ، رۆژەکەی بە (رۆژی نوێ) دەزانێ، کە دەرفەتێکی تری ژیانە، پێی بەخشێنراوە، دەبێ پیرۆزی بکا و بۆ چاکە و پێشکەوتن کەڵکی لێ وەربگرێ.

وەکو هەمیشە دەڵێم، رووی قسەم زیاتر لە جوانانی هۆشیاری میللەتەکەمانە، کە تەمەنی جوان و پڕخێرو بێریان لەپێشە، «خۆ پێشخستن» مەرجێکی خودیی سەرەتایی و هەرە گرینگە.

خوێندن و فێربوون لە قوتابخانە و زانکۆ، یا لە کارگە و کێڵگە، باشە و

پێویسته... بەڵام لە تەک ئەوەشدا، دەبێ مرۆڤ قەت و قەت سست نەبێتەوە و، خۆی بە دەستی تەمەڵی و «لە خۆڕازی بوون» و لە خۆبایی بوونەوە نەدات.

ژیان بەو مانایە، قوتابخانەی گەورە و راستەقینەیە، بە جیهانبینی روون و گەش و واقیعی، هەم خۆت و هەم دەوروبەرت، دێتە گۆڕان.. هەموو شتێکیش لە خۆتەوە دەست پێ دەکات... لە «خۆناسین» و «خۆڕاهێنان» و «خۆپێشخستنەوە.»

# مرۆڤ و درەخت

پێـواری (مـرۆڤ) بۆ ژیان ئەوەیە کـە ژیان و مـانەوەی مـرۆڤ پێش هەمـوو شـتێکە. ئەوە پێـواری کۆمـەڵگەی مرۆڤـایەتییـە، هـەر بۆیەش- بەو بیـانووەوە- هـەندێ جـار بێ بەزەیی دەکـەونە وێزەی درەخـت و، ژینگە بەگشـتی و، بەناوی (بەرژەوەندی) مـانەوەی مرۆڤەوە قـەڵاچۆی گیـانلەبەرەکانی تر دەکـەن و، ژینگە دەشێوێنن.

ئەگەر بکەوینە بەر پرسی دووڕێیان: کامـەیان هەڵبژێرین: مانەوەی مرۆڤ یا مانەوەی درەخت؟

ئەوە وا راهـاتووین کە بەبێ یەک و دوو بڵێین: مرۆڤ.

زسـتـانـی سـاڵی ١٩٩١-١٩٩٢ سـارد بوو و، نـەوت و سـووتەمـەنی تر لە کـوردسـتـان قـەدەغـە بوو، هـەر بۆیەش هـاووڵاتیـان کـەوتـنە داربڕین، کـە هـەندێ جـار لە پێـویسـتـی خـۆیان، زیاتریان دەبڕی و، ژینگـەی هـەولێـرو دەوروبەری، تێک چوو. پاسـاوی بێـدەنگی لـە ئاسـتی قـەڵاچۆکـردنی داروردەخـتـا بەوە دەدرایەوە کە ژیان و مانەوەی خەڵکی کوردستان لە مەترسیدایە.

بەڵام سـەرەڕای سـەرمـاو سـۆڵەو، قـاتبـوونی سـووتەمـەنی تر، لـە هـەندێ جێگەی کـوردسـتـان درەختگەلی کـۆنسـاڵی مـاونەتـەوە، و پارێزراون..چ لەبەر ئەوەی کە لە دەوری (پیـاوچاک)، یا لە گـۆڕسـتانا، رواون. هەندێ لەو درەخـتـانە لەلایەنی خەڵکی ئەو ناوچانەوە بە پیرۆز دادەنرێن و زیارەت دەکرێن.

واتە: مـەزاری پیاوچاکـان و گـۆڕسـتـانەکان هانی پاراسـتـنی درەخـتـەکانی دەوروبەر دەدەن.

من ئەو دیاردەیەم لە سالآنی سەختی موقـاوەمەتی سەرەتای هەشتاکاندا لە

کاروانێکی سەیری راگوێزراوەکانا بەرچاو کەوت، وەختێک لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە، لە ناوچە رزگارکراوەکانی برادۆست، لە جەولەدا بووین، کە قەتارێک سوارە وڵاخ، زۆربەیان پیرەمێردو پیرەژن بوون لەگەڵ چەند منداڵ، لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێی دەوروبەری هەولێرەوە هاتبوونە زیارەتی پیاو چاکی گوندەکەیان (کە تەخت کرابوو، تەنیا درەختی پیاو چاک و گۆڕستانەکە نەبێت). لەوێ لەبن درەختەکان حەسانەوە، کە پاش زیارەت، گەڕانەوە.

لەو دەمەدا وجوودی مرۆڤ و هەر گیانلەبەرێک لەو ناوچانە، لەلایەنی رژێمەوە، قەدەغە بوو، کە یاسایەکی بێ وێژدانانەی دەرکردبوو، دەڵێ کە دەبێ بەبێ یەک و دوو تەقە لەهەر ئینسان و هەر ئاژەڵێک لەم ناوچە (موحەرەمانە) بکرێت!

بەڵام ئەو هاووڵاتییە راگوێزراوانە پێوەندییەکی مەعنەوی و رووحی قووڵیان بەگوندو مەزارەکەیانەوە هەبوو. گیانی خۆیان خستبووە ناو دەست، بێ پەرواو بێ ترس لە ئەگەری کۆمەڵکوژی (بەتۆپ یا فرۆکە یا هەر شێوەیەکی تر)، گەڕابوونەوە بۆ سەردانی مەزارەکەیان. ئەم دیمەنە هەمیشە دووپات دەبووەوە، لەو ساڵانەدا هەر جارەو تووشی کۆمەڵێک هاووڵاتی دەبووین کە سەریان لە نەزرگە (مەزار)و کەلاوە رووخاوەکانی گوندەکانیان دەداو، دەگەڕانەوە. زۆر جاران لەگەڵیان دەکەوتینە قسەو رازو باس و، دەیانزانی کە پێشمەرگەین جار بەجار هەندێ هێلکەو پیازو نانیان بۆ بەجێ دەهێشتین.

دیالۆگی درەخت و مرۆڤ، و راگوێزراو و پێشمەرگە، بە درێژایی ئەو ساڵانە، هەندێ جار بەبێ دەنگی، هەر بەردەوام بوو.

لەوەدا تێگەیشتم کە ریشەی ئەو درەختە کۆن ساڵانە، لە جەوهەردا، ریشەی قووڵ و پتەوی رووحی و مەعنەویی خاکی نیشتمانە کە هەمیشە رۆڵەکانی بەرەو لای خۆی دەگەڕێنێتەوە.

دیارە رژێم، یا هەندێ کەس لە رژێمدا رازی نەبوون، ئەو دیالۆگە سروشتییەی نێوانی درەخت و بەردو خاک لەلایەک و مرۆڤ لەلایەکی دیکەوەیان دۆزیبێتەوە.

(زۆری دەوێ تا تەواوی لێکۆڵینەوەی پسپۆرانی ناوخۆو دەرەوە بدۆزینەوە کە لە ساڵانی هەفتاو هەشتاکاندا پرۆژەی شێواندنی مۆرکی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافیای کوردستانیان دارِشتووە!)

لە ساڵی ١٩٨٥ بە دواوە، دامودەزگاکانی رژێم کەوتنە داخستنی قوتابخانەو مەڵبەندە تەندروستییەکانی هەزاران گوندو شارۆچکە...ئەمجا کەوتنە رووخاندن و تەختکردنی ئەو گوندانە، بەڵام لەگەڵ تەختکردنی گۆرِستان و مەزارەکان.

بەڵکو لە هەندێ جێگە، پێش هەموو شت، ئەو مەزارانەیان تێک دەداو دارودرەختەکانیان دەسووتاند. دیار بوو دەیانویست هیچ هۆیەکی مەعنەوی بۆ گەرِانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ زێدوماوای جارانیان نەهێڵن.

بەلای منەوە، پساندنی پێوەندی رووحیی خەڵک بەخاک و زێدوماواوە لە پلانەکانی تر خەتەرناکتر بوو.

هەر بۆیەش ئەم رەفتارە ناحەزەی رژێممان لە یادداشتێکدا بۆ UN تۆمار کرد.

ساڵی ١٩٨٧ برِیار بوو بەرِێز (دێکویلار) ئەمینداری گشتیی ئەو سەردەمەی UN سەر لە (تاران) پایتەختی ئێران بدات. ئێمەش لە لیژنەی باڵای بەرەی سیاسی (جود)دا، برِیاری ناردنی یادداشتێکمان دا، تێدا رەفتاری رژێم لە قەلاچۆکردن و کۆمەڵکوژی و وێرانکاری کوردستان بخەینە بەرچاوی UN و رای گشتی جیهان. من یەکێک بووم لە لیژنەیەکی سێ کەسی کە برِیار بوو یادداشتەکە ئامادە بکات. لە ئەنجامدا دارِشتنی یادداشتەکە بە من سپێردراو، بە درێژی چی هەبوو، بە خشتەو ئامارو ناو و بەڵگەنامە، لەگەڵ وێنەو هەر زانراوەیەکی ترمان خستە قاڵبی یادداشتێکی زیاتر لە (٤٠) لاپەرە: تێدا لیستی ناوی قوتابخانەو مەڵبەندە هەڵوەشاوەکان، لیستی ئیعدامکراوەکان، ئاماری گوندە رووخاوەکان، لیستی شەهیدانی کیمیابارانی شێخ وەسانان و مەلەکان و ناوچەکانی سلێمانی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ،

ئەشکەنجەدان، راونان و گواستنەوەو، گۆڕینی ناوی گوندو شارەکان و..تاد، هاتبوو. لەسەر پێشنیاری من (پاش گفتوگۆ) لیژنەکە رازی بوو ئەوەش بنووسین کە رژێم (بۆ برینی ئومێدی هاووڵاتیان و شێواندنی باری مەعنەوی و رووحییان) دەستی داوە بە رووخاندنی مزگەوت و کەنیسەو مەزاری گوندو شارەکان و تەختکردنی گۆڕستانەکان (ناوی چەندین مزگەوت و کەنیسەمان هێنا، لەگەڵ چەندین مەزارو تەکیە).

ئەو یادداشتەمان، لە رێگەی نوێنەرانمانەوە لە (تاران) بە بەڕێز (دێکویلار) گەیاند، پاشان ئاگادار بووین کە بایەخ بە یادداشتەکە دراوەو، تا ئێستاش یەکێکە لە بەڵگەنامەکانی کوردستان لە ئەرشیفی UN و رێکخراوەکانی. دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای ئەم باسەو دەڵێم:

–خۆ ئەگەر درەخت لەبەر پیرۆزی جێگەکەی نابڕن، ئەوە دەبێ خۆمان رابهێنین کە تەواوی خاکی کوردستان پیرۆزو پاکە... نەزرگەی شەهیدان و پیاوچاکانە...سەرزەمینی پەیامبەرانی خوایە. رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی خەریکی دانانی ئەلبوومێکی بەناوی (کوردستان سەرزەمینی خودا)[1]، کە مەبەستی ئەوەیە زۆر لە پەیامبەران لەم خاکەوە سەریان هەڵداوە، یا رەت بوونە کە لە (نووحەوە/ د.خ) دەست پێ دەکات.

ئەمجا من... مەبەستم لە دیالۆگی مرۆڤ و درەخت سەرەتایەکە بۆ وەبەرچاوخستنی دەردێکی ئێستای کۆمەڵایەتی.

پێش یەکەمین رستەی ئەم بابەتە مەبەستم باس لەو دەردە بوو، بەڵام– وەکو دەڵێن– قسە قسە رادەکێشێت بیرەوەری وەختێک هەڵدەرووژێت زەحمەتە پێشی بگرین. لەگەڵ داوای لێبوردن باسەکە بۆ ژمارەیەکی تر بەجێ دەهێڵم.

---

(١) مسیۆلۆڤا، دۆستی دڵسۆزی کورد ئەلبوومەکەی دەرهێنا.

# بڕوا و متمانە

لەوەدا بووین باسی دەردێکی ئێستای کۆمەڵایەتی بکەین، کە (بێکاری و هەژاری) یە. بەرنامەی ٩٨٦ی UN، بۆ خۆراک و دەرمان و پێویستی تر، پاڵپشتێکی ماددی هەرە گرینگی ژیان و مانەوەی سەدەها هەزار خێزانی هەژار و کەم دەرامەتەوە، بناغەیەکی پتەو بۆ داڕشتنەوەی ژێرخانی ئابووری.

ڕێژەی ١٣٪ی داهاتی نەوتی عێراق مافی رەوای گەلی کوردستانە (هەرچەندە هێشتا کەمە)، یەکەمین جارە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێکی گرینگی وەها بۆ بەرژەوەند و قازانجی خەڵکی کوردستان دەردەکات، بەتایبەتیش کە بڕیارەکە بوو بە یاسایەکی نێودەوڵەتی و، پێوەندی راستەوخۆ و تەواوی هەیە بە ئایندەی سیاسی مەسەلەی کوردەوە.

ئەو ڕێژەیە هەلێکی مێژوویی و، نیعمەتێک و، شانسێکە. بەڵام لە خۆڕا نەهاتووە. هێشتا کەسانێک هەنە کە ئەم ڕێژەیە بە دەسکەوتێکی راپەڕین نازانن، بەڵکو بە (خێر)ێکی نێونەتەوەیی دەزانن، و کەسانێکیش هەنە کە بۆ کەمکردنەوە لە رۆڵی حکومەتی هەرێم و دەزگا شەرعیەکانی تر، هەوڵ دەدەن بێڵین کە ڕێژەی ١٣٪ شتێکی ترە و (هونەری) حکومەتی تێدا نییە. بەڵام، ئەگەر واقیعبینانە تەماشای بکەین.. بەوە دەگەین کە بڕیاردانی ڕێژەی ١٣٪ی داهاتی نەوت بۆ کوردستان، راستەوخۆ دەسکەوتێکی تری راپەڕین و پەرلەمان و حکومەتە. چونکە ئەگەر ئیدارەی سیاسی کوردستان خۆی رانەگرتبا و کاروباری ڕێکوپێک نەبا، قەت و قەت UN نەدەهات وەکو واقیعێکی داپێندراو مامەڵە لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پارتی و حزبەکانی تر بکات.

واتە هەبوونی گەلی کوردستان و ئیدارەکەی و دەزگا شەرعیەکانی و،

خۆراگرى رۆژانە UN و کۆڕ و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ناچار کردووە کە بەم شێوەیە بێنە پێش و، تەعامولێکی قانونی نێودەوڵەتییان لەگەڵدا بکەن.

جێگەی سەرنجیشە کە شێوەی جێبەجێکردنی ڕێژەی ١٣٪ی داهاتی نەوت لە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە و زامن کراوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم ڕێککەوتننامەیە سەربگرێت (کە ئەوەتا نیشانەی گەشبینی تێدا دەبینرێت و رەنگە نەدوور (پێشکەوتنی چاک ئەنجام بدرێت).

ئەمجاش...

هەرچەندە بەرنامەی ٩٨٦ تا رادەیەکی زۆر چاک باری برسێتی و گرانیی چارەسەر کردووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هێشتا کۆمەڵگەی کوردستان دووچاری زۆر کێشەی دەردناکی ترە، وەکو تەنگوچەڵەمەی کارەبا، ئاو، ڕێگە و بان، نەخۆشی، نەخوێندەواری، بێکاری و هەژاری.

لەوەش زیاتر دەبێ واقیعی کۆمەڵایەتی بخەینە بەر رووناکیی لێکۆڵینەوەی وردتر و قووڵتر.

هەرچەندە ئاماری ئابووری و کۆمەڵایەتیمان لەبەردەست نییە. بەڵام هەر بە پێداچوونەوەیەکی مەیدانیی سادە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەیەکی گرینگی هاووڵاتیان گیرۆدەی بێکاری و هەژارین..

(بێکاری) ئەوە ئاشکرایە.

(هەژار)یش مەبەستمان رادەی نزمی بژێوی رۆژانەی ئەو خێزانانەیە کە لە ( ژێر خەتی هەژاریدان) بۆ ئەم خەتە پێوارێکی جیهانی هەیە، کە ئەو خێزانەی رۆژانە دەرامەتی لە دۆلارێک کەمتر بێت، ئەوە (ژێر خەتی هەژارە).

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە دوایین لێکۆڵینەوەدا دەڵێ کە ئەمڕۆ لە جیهاندا نزیکەی ١-٥ ملیار ئینسان هەیە کە رۆژانە، بۆ بژێو، دۆلارێک کەمتریان هەیە. (رۆژنامەی الشرق الاوسط).

٢٠٠٠/٦/٢٢ لێکۆڵینەوەکە هەروا دەڵێت کە لە ٧٥٪ بێکارانی دونیا هیچ کۆمەکێک وەرناگرن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بێکاران کۆمەکی تایبەتی

وەردەگــرن تا ئـەو رۆژەی کــارێک پەیدا دەکــەن. لـە هـەندێ وڵاتـیش (وەکــو هیندسـتان، بەنـگلادیش، گانا، بولیـڤیا، شـیلی، هوندوراس، کینیا، ئەفریقـای باشـوور وڵاتانی تر) بـەرنامـەی بـەربـەرەکـانی بێکاری بەوە کـراوە کـە پرۆژەی گـەورە بۆ بەرژەوەندی گـشتـی دەکەنەوە تـا زیاترین ژمـارەی کـەس تێدا کـار بکەن، بەو شێوەیە رێژەی بێکاری کەم دەکەنەوە.

رەنگە دانانی رێژەیـەک بۆ هـەژاران لە کۆمـەڵگەی کوردسـتـان ئاسـان نەبێ، بەڵام بە بۆچوونی من لە ١٣٪ کەمتر نییە.

بۆ نموونە: گـەڕەکە هـەژارەکـانی شـارەکـان و، موجـەمـەعەکـان بەگشـتـی، مـەڵبـەندی هـەژاری و بێکارین، هـەر لە شـاری هـەولێر، بڕواننە گەڕەکی وەکو: تەعـجـیل، عـەرەب، خـانەقـا، بـاداوە، بەلاشـاوە، قـەڵاو چەند گـەڕەکـی تر، یا بڕواننە مـوجـەمـەعـەکـانی دەوروبەر، ئەمـجا تـەمـاشـای شـێـوەی خـانووبەرە و کـۆڵان و، ژیانی رۆژانە و، بژێو و جلوبـەرگـیـان بکـەن و، بـەراوردی بکەن لەگـەڵ پێواری جیهانی، دەبینن کە زۆربەی دانیـشتوانی ئەو گـەڕەکانە چەند هەژارن، و چۆن بە دەستی بێکارییـەوە دەناڵێنن، ئەمـجا دەیان دەردی تـری کۆمـەڵایەتی کە بە هـۆی ئەو ژیانە سەخت و دژوارەوە، دێنە پێش.

ئایا هیچمان پێ ناکرێت بۆیان؟

دەڵێم: بـەڵـێ.. ئـەگــەریش لـە ریشـــەوە نـەبێت، بـەڵام دەتـوانین لـە دەرد و ئاسەواری خەتەرناکی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کەم بکەینەوە.

هەقمـان نییە پشت لـەم کێشـە کۆمـەڵایەتییـە بکەین.. بەڵکو دەبێ بە چاوی کراوە، دلێرانە، چاونەترس، رووبەڕووی ببنەوە.

یەکـەم: دان بەوە دا بێنین کـە تـوێژێکی گـەورەی مـیللەتـەکـەمـان هـەژار و بێکارن... ئـەویش لە سـەردەمـێکدا کـە تا دێت دەوڵەمـەنـدەکان دەوڵەمـەندتر و هـەژارەکان هەژارتر دەبنەوە.

دووەم: لە چارەســەرکـردنێک بیـر بکەینـەوە، کـە دەشـێت رێگە چارەیەک بدۆزینەوە، هەرچەندە نیوە بە نیوەش بێت.

سێـهـەم: بەسـوود وەرگـرتن لە ئـامـاری UN بۆ بەرنـامـەی ٩٨٦ دەتوانین بەرنامـەیەکی کـۆمـەکی ناوبـەناو (بەڵام ڕێکوپێـک) بۆ یارمـەتی ئەو خـێـزانانە دابنێین، یا هەر مـانگی چەند گـەڕەکی هـەژاری شـارەکـان و مـوجـەمـەعـەکان (لەگشت هەرێمدا) بخەینە ژێر چاودێری و کۆمەڵ.

بۆ ئەو مەبەستەش (سندووقی کۆمەکی کۆمەڵایەتی) پێویستە، نزیکەی ٥٠٪ داهاتی بە بەشـداربوونی دەوڵەمـەند و داراکـان، بێـتـە دەس. بەلای منـەوە کـە هـاووڵاتیـانـی دەسـتڕۆیشـتـوو دەبێ بەشـێک لە ئەرکـەکە هەڵبگرن، خـۆ ئەگـەر هەمووی حکومـەت بیکات، ئەوە پێویست نەدەبوو ئەم وتارە بنـووسم، بەڵکو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسم دەکرد.

چوارەم: مەسەلەی ئەساسی، پاش بڕیاردان، شێوەی پێکهاتنی ئەنجومەنی سندووقـەکەیە، کـە ئەگـەر بە دروسـتی و پاکی و (لەبەر چـاوی گشت خـەڵک) داهـاتی ئـەو سندووقـەو بە ڕێکوپێکی و عـەداڵـەت سـەرف بکـەین، ئەوە خـەڵکی کـوردسـتـان، لـە دەرەوەی وڵاتیش (بە ٢٥–٥٠٪ دۆلاریش بێ) بەشـداری ئەو پرۆژەیە دەکـەن. کـەواتە: دوو شت پێـویسـتـە، یەکـەمین بڕیار و ئـیـرادەی جـێبـەجـێکردن. دووەم: بڕواو مـتـمـانـە بە چەند کـەسی پاک و خـاوێن کـە بە عـەداڵەت کۆمـەکی ئـەو خـێزانانە بکەن. بەلای منەوە (بـڕواو مـتـمـانە) مـەرجی هـەرە گرینگ و سـەرەکیی ئەم پرۆژانەیە.. گەر نا، توانای ماددی هەیە. درێژەی ئەم باسە بۆ جارێکی تر.

هـەژاری و نـەداری دەردێکی کـۆمـەڵایەتیـی کـۆنـە، هەزاران سـاڵە لەگـەڵ کـۆمـەڵگەی بـەشـەر هـاتووە. زۆریش هـەوڵ دراوە، و شـۆڕش و ڕاپـەڕین و بزووتنەوەی جـۆربـەجۆری عـەدالەتخوازی، بـەرپا بووە بۆ نەهێشـتنی هـەژاری و چـەوسـانـەوە و بێکاری. بـەڵام ئـەمـڕۆ – بـە پێـی ئـامـاری ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکـان، بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە– ڕێژەی هەژاری و برسێتی لە جاران زیاترە... ئەو ڕێژەیە بە ئەندازەی زیادبوونی سەرژمێری دانیشـتووانی دونیا گەورەتر دەبێتەوە.

هـەندێ کـۆمـەڵگە، لـە هـەندێ دەوڵەتا، هـەژاریان زۆر کـەمـتـر کـردووەتەوە،

بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و ئەوروپا و ئەمەریکای باکور.. بەڵام زۆر لە خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێهەم هێشتا بە دەستی هەژاری و بێکاری و برسێتییەوە دەناڵێنن.

بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، پرۆژەی گشتیی جۆربەجۆر دەکەنەوە، چ بچووک یا گەورە، تا خەڵکی بێکار نەمێنن، ئەمڕۆ لە کوردستانا، بەتایبەتی ئەگەر ئاشتبوونەوەی ناوخۆ سەقامگیر بێت، هەلومەرجی کردنەوەی پرۆژەی بچووک و ناوەندیی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری هەیە.

چاکترین ڕێگەی قەڵاچۆکردنی هەژاری و نەداری، پەیدا کردنی هەلومەرجی کاری شەرەفمەندانەیە.. هەروا هەندێک لە ئەرکی (کار پەیداکردن) دەکەوێتە ئەستۆی خودی خەڵک.. مەبەستمان: هۆشیاری و چست و چالاکی و کارامەیی مرۆڤ، بەخۆی، ڕۆڵی هەیە لە پێشکەوتنی ئەودا. بە واتایەکی تر، دەبێت ئینسان، بەش بە حاڵی خۆی هەوڵی ئەوەش بدات کە بە پیری کارو چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە بچێت، لە خوو ڕەوشتی تەمەڵی و چاوەڕوانیی بێ جێ و، چاو بڕینە دەستی خەڵکی تر، ڕزگاری ببێت.

بێگومان حکومەت و دامودەزگاکانی کۆمەڵ بەرپرسی یەکەمن لە دابینکردنی هەلومەرجی «کار»، بەڵام ئامادەیی و هەڵمەت و ئیرادەی خودی مرۆڤیش، مەرجێکی زاتیی گرینگە.

لە کۆمەڵدا بەرامبەر بە دیاردەی هەژاری و بێکاری و دەردەکانی تر، دوو جۆرە هەڵوێستی سەلبی (نیگەتیڤ) بەرچاو دەکەون:

یەک هەندێ کەس پشت لەو دیاردانە دەکەن و، خۆیان، بە هیچ شێوەیەک، بەرپرس نازانن و، قەت بیری لێ ناکەنەوە. بە تەنیشتیا، چاوبەستە، ڕەت دەبن، وەکو بڵێین نە شتی وا هەیە و، نە شتی وا دەبێن.

دوو- هەندێکی تر، کە زۆر کەمترن، تەنیا لە چوارچێوەی ڕەخنەی توندی کۆمەڵایەتییەوە- بەڵکو بۆ مەرامی سیاسیش- باسی ئەو دەردانە دەکەن، بە

بێ ئەوەی بیـر لە ڕێگە چارەیەکی عـەمـەلیی گـونجـاو بکەنەوە. لەم بوارەدا ڕەخنـەی بێ بەزەییـیـانە دەگـرن و، تانەی لـێ دەدەن و هیـچی تر.. زۆر جـار ڕەنگە تەنیا بۆ قـازانجی دروشـمی سیـاسیی کاتی دەیگێڕنەوە، بەڵام هەر کە دەسەڵاتیان وەرگرت ئەوە ئەمانیش پشتگوێی دەخەن.

بەرامبەر بەو هەڵوێستە سەلبییانە، دەتوانین هەڵوێستی ئیجابی وەربگرین، جیا لەوەی ئایا لە دەسەڵات بین یا بێ دەسەڵات.

وەکـو لە وتـاری پێـشـوو گـوتم، یەکـەم- دەبێ دان بە بـوونی ئەو دیاردە دزێوانەدا بنێین، ئەمـجا لـەسـەر بناغـەی لێکۆڵینەوەی وردی زانسـتـیـیـانە، بە شوێن ڕێگەچارەیا بگەڕێین.

بۆ ئەوانەش کە دەسەڵاتدارن دەبێ بزانن کە خـۆشی و بەخـتـەوەریی مـرۆڤ ئەو کاتە دێتە دی ئەگەر حوکمڕانی میللەتێکی دەوڵەمەند و خۆشحاڵ و بەهێز بێ، یا هیچ نەبێت میللەتێکی دوور لە هەژاری و برسێتی بێ.

ویژدانی حوکمڕانی ئازادیخواز و عەدالەتپەروەر ئەو وەختە ئاسوودە دەبێ ئەگـەر میللەتەکـەی لەو دیاردە نالەبارانە ڕزگاری بووبێت. حـوکـمـڕانی وەها قەت شانازی بەوەوە ناکات ئەگەر حوکمڕانی خەڵکانێکی هەژارو نەدارو بێکار بێن.

کـۆمـەڵگەی کـوردسـتـان، لە سـەرانسـەری هـەرێمـدا، گیـرۆدەی زۆر دەردی کۆمەڵایـەتی بووە، هەندێ لەو دیاردانە میراتی ڕژێمەکانی عێراق و سیاسەتی نادروسـتـیـیـانە کە شیـرازەی کۆمـەڵایەتیـان شـێواندووە. ئەوەی ئەمـڕۆ، کە لەوانەیە بکرێت:

– دانانـی (سندووقی کـۆمـەکی کـۆمـەڵایـەتیـیـە) بۆ بێکاران و کـەم دەرامەتەکان، تا ئەو ڕۆژەی کە کاری گونجاویان بۆ دەڕەخسێت.

– کۆمەکی پزیشکی و دەرمانی بۆ نەخـۆشانی هەژارو نەدارو کەم دەرامەت، کە خـەرجی پزیشک و دەرمانیان لەتـوانادا نییەو... بەداخـەوە نەخۆشـی زۆرەو، نەخـۆشـخـانـەو عـیـادەکـان هـەمـیـشـە پڕاوپڕن! دەبێت بیـر لە دانـانی

(پشتیوانە)یەکی پزیشکی بۆ ئەو توێژە بکرێتەوە.

دەربارەی هەردوو دیاردە، کردنەوەی (سندووقی کۆمەک) پێویستە، کە هەم حکومەت و هەم هاووڵاتیانی دەوڵەمەندو دارا، هاوکاریی بکەن.

وەکو گوتم: ئەگەر بەرنامەیەکی رێکوپێک، بۆ ئەو پرۆژەیە، دابنرێت، ئەوە رەنگە لە دەرەوەی وڵاتیش، کەم و زۆر، کۆمەکی ئەو سندووقانە بکرێت، بە دوو مەرج:

یەکەم- هەموو شتێک ئاشکراو روون و لەبەرچاوی هەمووان بێت، واتە: ژمێریاریی سندووقەکان نهێنی نەبێ، بەڵکو- وەکو ئاوێنە- هەموو شتێکی دیار بێت. بەوردی، تەواوی یارمەتییەکان بخرێنە تۆمارەوەو، بزانرێت چەندو چۆن هاتووە. داهات و خەرج، بەگشتی و بە تەواوەتی، لەبەرچاوی گشت هاووڵاتیان بێت. ئەو کاتەیە، کە خەڵکی ئامادەی یارمەتیدان دەبن، چونکە دەزانن کە هیچ مەبلەغێک بەفیرۆ ناچێت.

دووهەم: ئەنجومەنی سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەران و جێبەجێکەرانی پرۆژەکەو، دابەشکردن و کۆمەک، کەسانی خاوێن و پاک بن، جێگەی (بڕواو متمانە)ی خەڵک بن.

وابزانم لە کۆمەڵگەماندا هێشتا ئەوەندە کەس پەیدا دەبن کە ببنە جێگەی ئەو (بڕواو متمانە)یە، هەر چەندە باری شێوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی ١٥- ٢٠ ساڵی دوایی بڕواو متمانەی زۆر کز و لاواز کردووەتەوە.

کەسانێکی وەها، بەویژدانی ئاسوودەوە، دەتوانن لەم قۆناغە سەخت و دژوارەدا کۆمەڵگەکەیان رزگار بکەن.

جاران (بڕواو متمانە)ی تەقلیدیی نەنووسراو، لەسەر بنەمای داوونەریتی کوردەواری و ئاینی و پیاوچاکی، هەبوو، بەڵام ئەم لایەنە ئیجابییە زۆر لاواز بووە، هەر بۆیەش، بۆ دڵنیایی و متمانە، پێویستە بە (یاسا) و (رێسا) ببەسترێت، ژمێریاری لەسەر بناغەی زانست و وردکاریی یاسایی دابڕێژریت.

لە هەموو حاڵەتێکدا، چ بەیاساو رێسا، یا بە خاوێنی و دروستکاریی

ئەندامـانی ئەنجـومـەنـەکـانی سنـدووق، دەبێ ئەو (بڕواو مـتـمـانـە)یە بە خـەڵک بدەین، تا بوێرن بەشداریی ئەم پرۆژە مرۆڤایەتییە بکەن.

هەنـدێک، رەنگە بڵـێن، کـە ئـەم پێـشـنـیـارانە جـۆرە خـەیاڵبـازییـەکی بێ ئەنجـــامـــە.. بەڵام بـەدڵـنـیـــایی و بڕواوە دەڵێم کـــە پـرۆژەیەکی وەها (یا لەم مــەبەســتــە... یا بـەهەر شــیــوازێکی تـر بێ) ئەرکـێکی شــیــاو و مـومکن و گونجـاوەو... پێـویسـتـیـشـە، نەک بۆ یەک دوو سـاڵ، بەڵکو بۆ دەیان سـاڵ، تا باری ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵک راست دەبێتەوە.

# بڕوا و ئومێد

بڕوا، لێرەدا، بەمانای (ثقة)ی عەرەبی بەکار دێنم.

تا بڕوامان بە توانای چارەسەری کێشەیەک نەبێت، (ئومێد)ی چارەسەری نییە.

لە وتاری پێشوودا باسی شێوەیەکی بەربەرەکانی هەژاری و بێکاریم کرد، ئەویش بە دانانی (سندووقی کۆمەکی کۆمەڵایەتییە). لە هەمان کاتیشدا گوتم کە رێگەی دروستتر بۆ چارەسەری ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانە، پەیدا کردنی (کار) و بە (کارخستنی بێکارانە).

واتە: مەبەست لە دانانی ئەو سندووقە کارێکی خێرخوازی هەمیشەیی نییە، کە رەنگە زیاتر هانی گیانی تەمەڵی و دەسەپاچەیی بدات. هەر بۆیەش... پێویستە زیاتر بیر لە فەراهەمکردنی دەرفەتی (کار) و پیشەی شەرافەتمەندانە بکەینەوە.

دەوڵەت هەمیشە، وەکو لێپرسراوی یەکەمی بەدیهێنانی ئەو دەرفەتانە دەمێنێتەوە. لە تاقیکردنەوەی سوسیالیستییانەی سیستەمی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی دا بەرنامەی قەڵاچۆکردنی هەژاری و برسێتی لەسەر ئەرک و رۆڵی سەرەکیی (بەڵکو تەنیا رۆڵی) کەرتی گشتی (واتە: دەوڵەت) دامەزرابوو.

تا رادەیەکی چاک کێشەکەی لە چارەسەر نزیک خستەوە، بەڵام لەبەر پێنەگەیشتنی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، بیروکراتیەت و، نەبوونی ئازادیی سیاسی و، دامرکاندنەوەی گیانی داهێنان و دەستپێشخەریی فەردی، ئەو سیستەمە بە بنبەست گەیشت و لە ئەنجامدا داتەپی.

بەڵام تاقیکردنەوەکە وانەیەکی گرینگی مێژوویی بەجێهێشت، کە ئەگەر

ئەرک و مـیکانیـزمی کـۆمــەڵ و دەوڵەت، لەســەر بـناغــەی ئازادی و یاســایی دروست دابمەزرێت، ئەوە رەنگە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی هەنگاوێکی گەورە بەرەو یەکسانی و دادپەروەری و، بەختیاری و ئاسوودەیی، بەرەو پێش بچێت.

ئامانجی ســەرەکی مرۆڤایەتی لە رابردوو و لە ئێستـا، هـەروا لە ئایندەدا، بەدیهێنانی دوو هیوایە:

ئاسوودەیی و ئازادی

لایەنی زۆری کەموکوڕیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە تاقیکردنەوەی (سوید) و وڵاتە ســوســیــال دیموکـراتەکـانی تر، تا رادەیەک چارەســەر بووە... لەوێدا بە تایبـەتی ســوید، هـەم ئازادی و دەرفـەتـی دەسـپـێـشـخــەریی تاک (فــەردی) مسۆگەرە، هەم دەوڵەت سیستـەمێکی یاسایی بەهێزی داناوە بۆ کۆکردنەوەی باج و دانانی بودجەی پێویست بۆ چارەسەری دەردە کۆمەڵایەتییەکان.

لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبێت هەردوو لایەنی کێشەکە ببینین:

١- رۆڵی کەرتی گشتیی دەوڵەت، کە هەر دەمێنێت و، دەبێ چاکتر رێکوپێک بخرێتەوە، وەکو مسۆگەرکەری هێمنی و یاسا و سەقامگیری ئاسایش و پێوەندیی لە نێوانی تاکەکانی کـۆمــەڵ لەلایەک و، کـۆمـەڵ و دەوڵەت لە لایەکی ترەوە... بۆ زامنکردنی دادپەروەریی کـۆمــەڵایەتی و دابەشـبـوونی یەکسانی سامان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵدا.

٢- رۆڵی خودی تاکی کۆمەڵ، چونکە هەر مرۆڤێک، بەش بەحاڵی، لە بارودۆخ و ئایندەی خۆیدا بەرپرسیارە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئازادا. تاک (فەرد) ی کـۆمــەڵ، دەبێ پڕ بە توانا و وزەی خـۆی بکۆشـێت تا لە چوارچێـوەی بەرژەوەند و سیستـەمی یاسایی کۆمەڵەکەیدا جێگەی خۆی بکاتەوە، کار پەیدا بکا، یا خۆی لەسەر پیشەیەک رابهێنێت، فێر ببێت و پێش بکەوێت.

لە تاقیکردنەوەی سۆڤیەت، دەوڵەت هەموو ئەرکەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی.

لە سیستـەمی کاپیتالیزمدا، ئەرکەکە هەمـووی دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانی کۆمەڵ.

بەڵام تاقیکردنەوەی سەد ساڵەی دوایی دەری بڕیوە کە نە ئەوە، نەش ئەمە.. بەڵکو هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی، دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، بە مەرجێک سیستەمێکی یاسایی و ئابوری وەها دابڕێژرێت کە کەرتی تایبەتی (وەکو سوید) نەتوانێت کەرتی گشتی ببەزێنێت.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، جارێکی تر دووچاری ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە بووەتەوە، کە هۆکاری سەرەکی نەزانین و دواکەوتن و نەخۆشی و برسێتی و هەژارییە.

دەربارەی (مافی مرۆڤ) زۆر گوتراوەو، زۆریش دەگوترێت، تەنانەت هەندێ لایەنی سیاسی و حکومی، لە سەرانسەری دونیا، تەنیا وەکو دروشمێکی سیاسی بەکار دێنن.

(مافی مرۆڤ)، بەو چەمکەی کە لە زۆربەی جاراندا باس دەکرێت، تەنیا مافی تاک، ئازادیی بیروڕای تاک و هەندێ مافی تری تاکی کۆمەڵ دەگرێتەوە.

بێگومان ئەرکی پاراستنی مافەکانی تاکی مرۆڤ پیرۆزو پێویستە، بەڵام لەوەش گرینگتر: مافی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ڕۆشنبیریی گشت کۆمەڵگەیە.. مافی کار، نان، دەرمان، خانووبەرەو پێداویستی تری هەرە پێویستە.

لە کۆمەڵگەی کوردستان، وەکو گشت کۆمەڵگەیەک، هەمیشە دەرفەتی (کار)ی زیاتر هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرنامەو شێوەی نادروستی بیرکردنەوەو، سەقامگیرنەبوونی تاقیکردنەوەکە، زۆر هەلی گونجاومان لەکیس دەچێت.

لە هەندێ وڵاتانی بەجێماوی تر: پرۆژەی گەورە بۆ بەرژەوەندی گشتی دادەنێن، یا پرۆژەی بچووک و بچووکتر تابگاتە بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی خێزاندا، وەکو لە (هیندستان) باوە، کە خێزانە هەژارو کەم دەرامەتەکان لە دەوڵەت بۆ ساڵێک یا چەند ساڵ قەرز وەردەگرن، بۆ بەرهەمهێنان لە یەکێک لەو پیشانە کە دەیزانن..

لەحاڵەتی کوردستان دەتوانرێت پرۆژەی بچووک بکرێتەوە، کە هەریەکەی توانای وەرگرتنی دەیان، یا سەدان کرێکاری هەبێت.

تاکی کۆمەڵ، یا هەر ئینسانێکیش، جگە لە ئەرکی دەوڵەت و کەرتی گشتی، روو بەرووی مەسئوولیەتی خۆی دەبێتەوە، کە دەبێت بەبێ وچان بیریبکاتەوەو، تێبکۆشێت. دەڵێین: بیر بکاتەوە، ئەمە خاڵی هەرە گرینگی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە... مرۆڤ دەبێت خولقێنەری ژیانی خۆی و سامانی میللەتەکەی بێ... خۆی رابهێنێ، خۆی فێر بکاو لێرەشدا جارێکی تر ئەرکی دەوڵەت دێتە پێش، کە پێویستە، تا پێی دەکرێ، تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر پیشەو کاری تازە رابهێنێت، فێریان بکات. لەجیاتی ئەوەی نانێک بە کەسێ بدات، باشترە فێری بکات چۆن نان پەیدا دەکات.

بەڵام، دیسان دەڵێم، کە ئەرکی دەوڵەت هەرچەندە گەورەو سەرەکی بێ، نابێت بە جێگری ئەرکی خودی هەر ئینسانێک کە دەبێ بەش بەحاڵی خۆی بیر بکاتەوە، خۆی فێربکات، چاوکراوە بەرەو رووی کێشەکان بچێت.

خۆ- راهێنان، خۆ-فێرکردن، خۆ-پێشخستن، هونەر و زانست و وانەیە... ئەوانەی کە لەژیانا سەرکەوتوون هیچیان لە تۆ زیاتر نییە. (بڕوا) بەوە دەبێت، ئەوە (ئومێد)ی پێشکەوتن مسۆگەرە.

لە توانای هەر مرۆڤێکیشدا ئەو بڕواو ئومێدە هەیە. لەگەڵمانا لە دایک دەبێ، بەڵام زوو لە دەستی دەدەین. دەبێ بەدەستی بهێنینەوە.

# لەخۆ پرسینەوە

قەت لەخۆت پرسیوە:

– ئایا گشت بیروڕاو بۆچوون و، هەڵوێستەکانم، راست و دروستن؟

– ئایا گشت پێوەندییەکانم بە دەوروبەرو، رەفتارو شێوەی ئاخاوتن و، هەڵسەنگاندنەکانم، دروستن (بەرامبەری هەر بارێکی ژیان بێت)؟

ئەوە لەکات و ساتی کپی و هێمنی و تەنیایی و ئارامی ئەنجام دەدرێت، چ لە رۆژا، یا لە شەو. ئەوە شێوەیەکە لە بەخۆداچوونەوە. باشتریش ئەوەیە کە لیستی بیروڕاو، بۆچوون و، رەفتارەکانت لەسەر کاغەزێک بنووسیت و، بەتاکی تەنیا لەخۆت بپرسیت و، ورد ببیتەوەو، بەئارامی خۆت بدوێنیت کە:

* ئایا هەموو کردارو گوفتارو، بڕیارو هزرەکانت، تا ئێستا راست و بێ کەموکوڕی بوونە؟ یا بە خۆتیش هەڵەو کەموکوڕیت هەبووە؟

* ئایا دروستە هەموو هەڵەیەک بخەیتە ئەستۆی خەڵکی تر و، بەخۆ تاک و تەنیا، بێ خەتاو دروستکار دابنێیت؟

رەنگە هەڵەت کەم بێت، یا زۆر، بەڵام بێگومان خەتای هەندێ هەڵەو گرژی و ئاڵۆزی بۆ خۆت دەگەڕێتەوە.

چاکە ئەگەر هیچ نەبێت، لەپێش خۆت و، تەنیا بۆ خۆت، دان بەو کەموکوڕیانەدا بنێیت، ئەمە هەنگاوی هەرە گرینگ و سەرەکییە بەرەو خۆ فێرکردن، خۆ پەروەردە کردن، و خۆڕاهێنان لەسەر خوو رەوشتی بەرز.

(لەخۆ پرسینەوە) وانەی یەکەمی خۆناسینە، کە بە خۆچاودێرییەکی وردو تیژو دوورو درێژ بەدەست دێت. واتە:... لەخۆ پرسینەوە، خواپەرستییە.

وانەیەکی گرینگی ژیان ئەوەیە کە: (دەوروبەری خۆت بخوێنەوە)... ئەمە

ڕەنگە، لە یەکەمین نیگاوە، بە وانەیەکی کۆن بێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر بەشێوەی سیستەمی دروستی لەخۆ پرسینەوە بۆی بچیت، ئەوسا دەردەکەوێت، کە وانەیەکی تازەی تازەیە... لە «مەکتەبی» نوێخوازی تازەترە.

ئەگەر ئێستا باس لە نوێخوازی و، دوای نوێخوازی دەکەن، ئەوە (دەوروبەری خۆت) هێشتا لەوە نوێترە. مەبەستیش خوێندنەوەی دەوروبەری هەرە نزیکە، تا بگات بەخودی مرۆڤ (واتە: خۆ خوێندنەوە).

دۆزینەوەی دەفتەری ڕەنگینی (جینۆم)، جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هێشتا زۆر نهێنی تر ماون ئاشکرا نەبوونە.. ئایا ئەم دۆزینەوە دەروون هەژێنە تەنیا بەرهەمێکی ئەو جۆرە (خوێندنەوەی دەوروبەر) نییە؟ ئەویش، وەکو گوتمان، بەو مانایەی کە هەر مرۆڤێک لەهەمان کاتدا هەم خۆیەتی، هەم دەوروبەر.

گرینگیی خۆ خوێندنەوەو، لەخۆ پرسینەوەو، ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچوون و، بەگشتی فەلسەفەی مرۆڤ، لەوەدایە کە بنیادەم دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و مەعریفەت، گیانی مرۆڤایەتیی خۆی بەرزترو بەرزتر بەرەو کەماڵ ببات.

هەمیشەش وەها بووە، کە فەلسەفەو ئەخلاق و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ڕەوڕەوەی زانست دوا دەکەوێت. ڕەنگە مرۆڤ زۆر شت دەربارەی وجوودی خۆی و دەوروبەرو، سروشت بەگشتی، بزانێت. بەڵام لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیانیدا دواکەوتوو– هەندێ جار پەرپووت و زەبوون– دەمێنێتەوە. ڕەفتاری لە زانراوەو گەنجینەی مەعریفەت، نزمتر دەمێنێتەوە.

لێرەدا ئەرکی لێپرسراوەتی تاکی مرۆڤ دێتە پێش:

– ئەگەر دۆزینەوەو، پێشکەوتنی زانست و بڵاوکردنەوەو فێرکردنی، ئەرکی گشتی بێت (واتە: ئەرکی ئەوانی تر، ئەرکی کۆمەڵ، قوتابخانە، کتێب... تاد!)، ئەوە ئەرکی پێشکەوتنی گیانی مرۆڤایەتی و فەلسەفەی ژیانی، زیاتر ئەرکی تاک، دەمێنێتەوە (هەرچەندە دیسان کۆمەڵ و دەوروبەریش بۆ هاندانی گۆڕانکاریی فەلسەفی کاریگەرە).

ئەرکی تاک، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رەفتاری مرۆڤ دۆستانەو ژیان دۆستانەی مرۆڤ، ئەرکێکی سەرەکی دەمێنێتەوە.

نموونەیەکی بچووکتر:

گۆڕانکاریی هاتوچۆ، لە سواری وڵاخەوە، تا پایسکل و ئۆتۆمبێل و فڕۆکە، مەودایەکی ئێجگار زۆری بڕیوە، بەڵام بیرو بۆچوون و رەفتاری کۆمەڵایەتی خەڵکی لەو ماوەیەدا، کەم گۆڕاوە.

ئینسان بوونەوەرێکی کەم زەینە. زوو شتی لەبیر دەچێتەوە، زووش خۆی ون دەکات. هەرکاتێک بکەوێتە تەنگانە دەیان و سەدان بیروڕای چاکتری بۆ دیت و، بەڵێنی گەورە بەخۆی دەدات: ئەگەر رزگاری بوو هەرچی چاکەیەو جوانییە هەر ئەوە دەکات. بەڵام هەر کە دەرباز بوو و، پشوویەکی دایەوە، لە یەکەمین دەرفەتدا دەکەوێتە زەلکاوی خراپترو، دەخلسکێتەوە، رەنگە ئەمجا وەها خۆی ون بکات، ئیتر نەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە.

زۆرکەس هەنە کە بەئاسانی خۆیان بزر دەکەن. ئێستا، لەم قۆناغەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بە کوردستانەوە، پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەورەی زانست و تەکنۆلۆجیاو هونەر بەدی هاتووەو، دۆزینەوەو داهێنانی جوان و هەرە سوودبەخش لە ئارادایە، بەڵام لە هەمان کاتدا، دیاردەی کۆمەڵایەتی دزێوو زۆر دواکەوتوو، بەڵکو شەرمهێنەر، دەبینرێت، کە ناهێڵێت وەکو پێویست لەو سەرکەوتنانە چێژ وەربگیرێت.

هێشتا مەترسیی چەکی ئەتۆمی (کیمیایی و میکرۆبی)، ملیۆنەها مین لە دەیان وڵات، وشک ساڵی و کەمی ئاو، هەژاری و برسێتی، نەخۆشی و نەخوێندەواری، شەڕو شۆڕی رەگەزپەرستانە، تایفەگەری، نەژادپەرستیی کوێرانە، و دەیان دەردی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تر، جگە لە دەستێوەردانی نەفامانە لە ژینگەو ئاکامە سەلبییەکانی... بینەقاقای کۆمەڵگەی بەشەریان گرتووە.

لە رووی سروشتی کۆمەڵایەتیشەوە: داکشانی هەست و هەڵوێستی

نیشتمانی و کۆمەڵایەتی دەبینین. لەجیاتی گیانی نیشتمانپەروەری و راستگۆیی، خۆپەرستی و سوودپەرستی هەڵکشاوە، کە بالۆرەیەک خەریکە ببێتە باو: «هەر کەس خۆی پێبگەیەنێت»، ئیتر بە هەر نرخێک بێت.

هەڵکشانی ئەم خوو و رەوشتە خراپ و سەلبییە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی فەساد، کە زۆر وڵات، بە کوردستانیشەوە، بە دەستیەوە دەناڵێنن.

نەبوون، یا کزبوونی (پرسینەوە) و (لەخۆ پرسینەوە) زەمینەی تەشەنەسەندنی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتییە خۆش دەکات.

بەڵام (لەخۆ پرسینەوە) تەنیا بۆ نەهێشتنی کەموکوڕی و فەساد نییە، بەڵکو، لەوەش زیاتر، بۆ دۆزینەوەی وزەو تواناو بەهرەی نووستووی هەر مرۆڤێکە، کە ئەگەر بەدروستی رێگەی سەرهەڵدانیان بکرێتەوە، ئەوە مرۆڤ جەوهەری بەرزی خوداداوی خۆی دەدۆزێتەوەو، دەیان توانای شاراوەی تری دەکەوێتەوە دەست و بەرەوپێش دەچێت. ئا لێرەدایە کە دەگەڕێینەوە کۆتایی وتاری پێشوومان، کە دەبێت خۆمان بەدەست بهێنینەوە.

(لەخۆ پرسینەوە) نابێت تەنیا وەکو پروسێسێکی فیکری بمێنێتەوە، بەڵکو هەنگاوی دووهەمی پێویستە، ئەویش بەکاربەستنی وانەو پەندەکانی لەخۆ پرسینەوە، بە (خۆڕاهێنان) لەسەر داوونەریتی چاکتر، شێوەی پوختەتری بیرکردنەوە، رەفتاری دروستتر، بەکارهێنانی وزەو توانای تا ئێستا نووستوو... تاد!

لە وتارەکانی پێشوودا چەندین جار گرینگیمان بە پروسێسی (لەخۆ راهێنان) داوە. لە واقیعیشدا ژیانی مرۆڤ زنجیرەیەکی نەپساوەیە لە وازهێنان لە هەندێ رەفتارو بۆچوون و، خۆ راهێنان لەسەر رەوشت و بیرو شێوەی تازە. ئەم پروسێسە، لە رەوڕەوەی ژیاندا، لە ژێر فشاری پێویستییەکان و جموجووڵی دەوروبەر، خۆبەخۆ کاری خۆی دەکات.

بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە نەهێڵین تەنیا دەوروبەرو یاسای ژیان ئەو

وەرچەرخانانەمان پێ ئەنجام بدات، بەڵکو بەخۆشمان هەوڵ بدەین جڵەوی ڕەوڕەوەی (خۆڕاهێنان) بهێنینەوە دەست و، فێری وانەی گرینگی هەڵسووڕاندنی ببین.

تەنانەت، لە زانکۆی (لیدز) لە باکوری (لەندەن) خولێک کراوەتەوە بۆ شێوەی فێرکردنی (لەخۆبوردن)، ئەویش بە پشت بەستن بە گیانی (خۆڕاهێنان)ی قوتابیان. ئەم نموونەیە لە وتاری ئایندەدا دەگێڕینەوە، لەگەڵ چەند نموونەی تر.

# ژیانەوە

ژیانی مرۆڤ زنجیرەیەکی نەپساوەی (خۆڕاهێنانە).

هەندێ ڕاهێنان وەکو سەر لەنوێ ژیانەوەیە. دیدێکی وەها تازەی ئامێتە دەبێت، مرۆڤ وەها هەست بکات لە دنیایەکی تازە، یا دیکەدا، خۆی دەبینێتەوە.

ئەو (خۆ بینینەوە) میکانیزمی نەبینراوی خۆڕاهێنانە.

گرینگترین گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ ئەو کاتەیە کە بتوانێت لەسەر شێوەی تازە (یا دیکە)ی بیرکردنەوە خۆی ڕابهێنێت، کە دەبێت بە پاڵپشتی هەڵوێستی تر (یا تازە) بەرامبەر شتەکان.

وشەی (تازە) و (دیکە)و، ئاڵوگۆڕکردنیان، بۆ یاری بە وشە نییە، بەڵکو بۆ دەرخستنی ئەو حەقیقەتەیە کە هەر شتێکی (تازە)، شتێکی (دیکە)یە بەرامبەر بە ئەوەی کە ئێستا هەیە، بەڵام هەموو شتێکی (دیکە).. تازە نییە.

لە واقیعیشدا بۆمان هەیە بپرسین: شتی تازە چییە؟ ئایا شتی کۆن و شتی تازە، زیاتر واهیمەو بۆچوونی زەین و، خەیاڵی ئینسانن؟ یا لە جەوهەرا کۆن و تازە.. هەن؟

ئایا (تازە) هەر ئەوە نییە کە پێش ئێستا مرۆڤ نەیزانیوەو نەیدۆزیوەتەوە؟ و زۆربەی (کۆن)ەکانیش بریتی نین لە بەستەڵەکی فیکریی مرۆڤ و، شەختەی چەمک و بۆچوون و، وێنەی خەیاڵاویی جیهان لە تیشک و دەروونی ئەودا؟

واتە: ئایا نابێت بڵێین کە شتێک نییە (بۆ خۆی کۆن بێت). یا (بۆ خۆی تازە) بێت؟ بەڵکو ئەمە تەنیا بیری تەسکی کەم مەودای ئێمەیە کە ئەو چەمک و بۆچوونانە بە دیاردەکانی جیهان دەبەخشێت؟

ئەو زنجـیرە پرسـیـارانە بەرەو تونێلێکی نەناسـراو دەمانبـەن.. دەبا بەرەو بابـەتی وتاری پێـشـوومـان بگەڕێینـەوە، کـە بـەوە کـۆتـایی هـات، لە (لـەندەن) تاقـیکردنەوەیەکی تـر دەربارەی (راهێنان و خـۆڕاهێنان)ی دەروونی و فـیکری لە ئارادایە، پوختەی تاقیکردنەوەکەش ئا ئەمەیە:

د. هارت دەروونـناسـێکی، خـەڵکی کـەنـەدا، دانیـشـتـووی لەندەن، لەگـەڵ تیـمـێکی زانسـت، لە زانکۆی (لیـدز) لە باکـوری ئینگلسـتـان (بەسـەهوو لە ژمـارەی پێـشـوو نـووسـیـمـان- لەندەن-).. خـولێکی فـێـرکـردنی (تسـامح)ی کردۆتەوە، قـوتابیـانی فـێری گـیانی لە خـۆبوردن دەکاو، دەڵێت: «رق و کینەی دەروونمان.. شـێر پەنجـەیە»و، دەڵێت کـە رق و تووڕەیی و پـەسـتـیی بەردەوام نەخۆشی جـۆر بەجۆر دەخـاتەوە، بەڵکو «چۆنیەتی بیـرەوەریی ناخۆش و تفت و تاڵ وەکو خـواردنەوەی ژار وەهـایە». هـەر بۆیـەش دەبێت مـرۆڤ خـۆی لە شـەڕو وێرانکاریی رق و کینە (بەرامبەر هەر کەسێک یا هەر شتێک) رزگار بکات.

وانەکـانـی د. هـارت، دەبێت لەم مـانگەدا (تەمـوز) کـۆتـایی هـاتبـێت. ئەو لە چۆنیـەتـی رزگـاربوون لە بیـرو بۆچوونـی نێگەتیـڤـانە (سـەلبی) بەرامـبـەر بە لەخـۆبوردن (تسـامـح)ەوە دەست پێ دەکـات. دەڵێت کـە خـەڵکی هەڵوێسـتی نیگەتیـڤانەیان بەرامـبـەر بـە چەمکی تەسـامـوح هەیە، چونکە لایان وایە کـە تەساموح بەمانای تەنیا چاوپۆشین، یا لەیادبردنەوەو ئاشتبوونەوەیە.

د. هـارت، لای وایە، کە جەوهـەری تەساموح بەو مانایەیە کە قوربانی (غەدر لێکراو، زۆر لێکراو) هەڵوێسـتی خـۆی بەرامبـەر بە (زۆردار) یا (خراپەکار) لە نیگەتیڤەوە بۆ پۆزەتیف (ئیجابی) بگۆڕێت.

رەنگە تێگەیشتن و وەرگرتنی بۆچوونی د. هارت لە کۆمەڵگەی کوردسـتان و رۆژهـەڵاتدا ئاسان نەبێت، بەڵکو زۆریش دژوار بێت.

زەحمەتە خەڵکانی وڵاتەکانمان بتوانن لەو روانگەیەوە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی... و تەنانەت رۆشنبیریش وەربگرن.

لەلایەکی ترەوە چـەمک و بیـرو بۆچوون و داوونەریتـی خـەڵکی ئینگلسـتـان و

ڕۆژئاوا بەگشتی، لەبارەی تەساموح و یەکتر قبوول کردنەوە، لەگەڵ وڵاتانی ئێمە زۆر جیاوازە.

بەڵام جەوهەری وانەکانی د. هارت جێگەی رامان و وردبوونەوەیە. ئەوەش وەیاد بخەینەوە کە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە چەشنی باو لە وڵاتانی ئێمەدا، لە ئینگلیستان و ڕۆژئاوا، بەدی ناکرێت، هەر بۆیەش بۆ چاکتر تێگەیشتن لە وانەکانی، د. هارت دەڵێن کە مەبەستی ئەو چاککردنەوەی باری دەروونیی تاکی کۆمەڵە ئەو تاکانەی کە لە ململانێی ژیاندا تووشی نەخۆشی رق و کینە تووڕەیی بەرامبەر بەهەندێ کەس دەبن، چ کەسوکاری نزیکیان بێت یان دەوروبەر.

بۆ ئێمە وەکو وانە، دوو لایەنی تاقیکردنەوەکەی د. هارت گرینگە:

یەکەم: گرینگیدان بەپرۆسەی وەرگرتنی هەڵوێستی پۆزەتیڤ (ئیجابی)، لەجیاتی نیگەتیڤ.. کە دەرمانێکە بۆ چاکبوونەوەو، پێشکەوتنی.

دووەم: خۆڕاهێنان لەسەر گیانی لەخۆبوردن، ئەویش بەدەست هەڵگرتن لە نۆشینی ژاری رق و کینە، هەر چەندە بەدەستی ئەم یا ئەو ئازارو دەردمان چێشت.

دیوەکەی تری ئەم شێوە خۆڕاهێنانە... تۆبەکارییە، دەست هەڵگرتنە لەخراپی و نێگەتیڤکاری بەرامبەر بە (خۆ)، یا دەوروبەر.

لە حاڵەتی تەساموح، بەخۆت هەوڵ دەدەیت تا لە ژارو دەردی رق و کینە بەرامبەر بەخەڵکی تر رزگارت بێت.

لە حاڵەتی گەڕانەوە لە خراپە و نێگەتیڤکاری، تۆ خەڵکی تر لەدەردو ئازاری خۆت رزگار دەکەیت.

لە هەردوو حاڵەتیشدا خەڵاتێکی گەورەت بەردەکەوێت، ئەویش ئارامی، دڵنیایی، بڕواو متمانە بەتوانای خۆ، ئاسوودەیی ویژدانی، رزگاربوونی دەروون و مێشک و، کرانەوەی ئاسۆی رووناکتر بۆ بیرکردنەوەو بۆچوونی دروست و، کرداری پەسند و چاک.

گومـان لە گەیشـتن بـەو ئەنجامە ئیجابییانە نییە، بەڵام بوێری و دلێری و... جـــەرگ و هــەوســـەڵە و هۆش و دانـایـی و قـــووڵـی دەوێ. لەم دواییـــیـــە، لـە ئینگلیـستـان، کتێـبێکی تازەی پۆزەتیـڤـانە دەرچووە، بە نووسـینی (مـالکولم ندنبـرغ)، بە ناوی postive thinlcing پوخـتـەکەی ئـەوەیە، ئیـجـابیـیـانە بیـر بکەینەوە، خۆت لە پەڵەرەشـی نێگەتیڤکاری رزگـار بکە، ببە بەخاوەنی ویست و خواستی خۆت و، لە هیچ هەلومەرجێکدا خۆت لەدەست مەدە.

ئەمـــیش، وەکــو نووســەرو زانـایانی تـر، دەڵێت: کـە کلیلی ســـەرکـەوتنت بەدەستی خۆتەوەیە...«ئەوانەی کە لەناو جەرگەی ستەم و تاریکستـانی رەشدا تیـــشک بەدی دەکـــەن (یا دەتـوانن تیـــشک بەدی بکەن)، ئەوانـن کـە بـەســـەر تەگەرەو ئەستەنگ زاڵ دەبن و پێش خەڵکی دی بەئامانج دەگەن.

سوود لە دوو هەواڵی «شرق الاوسط» وەرگیراوە- ٦/١٩ و ٢٦/٦/٢٠٠٠

## هونەری سرەوت بە خۆدان

ئەم ناونیشانە لە دانانی من نییە. بەڵکو ناونیشانی کتێبێکە، (شاکر فەتاح)ی شەهید، وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، نووسینی (دیلفرید نۆژنفیلد).

کتێبەکە، لە ناونیشانەکەیەوە، دەخوێنرێتەوە و، مەبەستیشی فێرکردنی (هونەری سرەوت بە خۆدانە)، کە دەچێتە سەر بابەت و بۆچوونەکانی وتارانی پێشووی ئەم گۆشەیە... واتە: هونەرێکی تری (خۆڕاهێنانە)، ئەمجارەیان سەبارەت بە (سرەوت بە خۆدان)... لە ڕێگەی ڕێکخستنی (هەناسەدان) و شێوەی (خۆگرتن) و خاوکردنەوەی ماسوولکەکان تا هۆش خاو ببێتەوە و، بە ئارامی و حەسانەوە بگات... هەروا فێربوونی یاسای (لەنگەر و ساز بوون)ی سروشت و ژیانی مرۆڤ و، هۆکارەکانی دەمارگرژی و، چۆنەتی رزگاربوون لە گرژی و ئاڵۆزی و، گەیشتن بە سرەوت و ئارامی.

ناوەڕۆکی کتێبەکە لەم چەند دێڕەدا جێگەی نابێتەوە... مەبەستم باسی ئەم (سرەوت بە خۆدانە) نییە، بەڵکو، نیشاندانی تێکۆشانی پۆزەتیڤانەی (شاکر فەتاح)ە، کە تاکە نووسەری کوردی سەدەی بیستەمە، بایەخی گرینگی بە دیدو بۆچوون و خەباتی فیکریی پۆزەتیڤانە داوە و، چەند کتێبێکی بۆ ئەو ئامانجە داناوە، یا وەرگێڕاوە، بۆ هاندانی لاوانی کورد و راهێنانیان لەسەر شێوەی پۆزەتیڤانەی (ئیجابییانەی) بیرکردنەوە.

لە چەند کتێب و وتاردا هەوڵ دەدات خوێنەرانی لەسەر بیروڕای دروست و پاکژی خۆ فێرکردن و خۆ پێشخستن و، وەرگرتنی خوو و رەوشتی چاکتر پەروەردە بکات.

بۆ نموونەی دانراوەکانی (شاکر فەتاح) لەم بارەیەوە:

- کتێبی (هونەری سرەوت بەخۆدان).

- (سامانێک بۆ دابەش کردن).

- (رێگەی سەرکەوتن)

- (ژینی نوێ)

- (باش بخۆ و خۆش بژی)، کە پسپۆرێکی جیهانی خواردن و چێشتخانە دایناوە.

- (پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین).

جگە لەو دانراوانەش، شاکر فەتاح لە وتارەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا، هەمیشە رێبازی پۆزەتیڤخوازی گرتۆتەبەر.

بە کرداریش هەڵوێستی پۆزەتیڤ (ئیجابی) و گەشبینانەی هەبووە، لەو شارانەی لە ساڵەکانی چل و پەنجا بەم لاوە، خزمەتی کارگێڕیی هەبووە، جێپەنجەی دیارە، وەکو هاوینەهەواری سیپەی ئاکرێ، باخچەی قادر کەرەم، قوتابخانەو رۆژنامەی دیواری و شەقام و پاکسازیی لە گشت ئەو شارانە: چەمچەماڵ، شەقڵاوە، خورماڵ... تاد!

لە هەر جێگەیەک بۆ پاکی و جوانی و فێر بوون و پەروەردەی لەش و گیان هەوڵی خۆی داوە، ئیتر هەرچی پێ کرابێت، کەم یا زۆر.

لە هەندێ جێگە و کات، دەوروبەری شاکر فەتاح تاریکستانی دواکەوتن و نەفامی و تێنەگەیشتن بووە، بەڵام ئەو بە گیانی ئیجابییانە و، پشت بەستن بە متمانە و خۆباوەڕی، ئەوەندەی لە باردا هەبووە بەکاری خستووە.

ئەو هەوڵی داوە کە ئەوەی دەیزانێت بەکاری ببات و خزمەتی خەڵکی تر بکات، لای وابووە کە هەمیشە، لە توانای مرۆڤدا وزە و زانیاری و شارەزایی و لێهاتوویی زیاد هەیە کە بەکاری نەهێناوە. هەر بۆیەش بابەتی لەو جۆرەی وەرگێڕاوە، لە کتێبی وەرگێڕدراوی (رێگەی سەرکەوتن)دا دەپرسێت:

- «ئاخۆ ئەوی دەیزانی کەڵکی لێ وەردەگریت؟»

لە وەڵامدا دەڵێت:

– « دەتوانیت زووتر سەرکەوتنت دەست بکەوێ، ئەگەر ئەوەی دەیزانیت لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنیت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گیروگرفتی سەرنەکەوتووەکان لەوەوە پەیدا دەبێ، کە ناتوانن زانیارییەکەیان بەکار بهێنن. وام دێتە پێش چاو، کە لەم قسە سەیرەی من سەرت رابوەشێنی. خودا بکا لە تاقیکردنەوەکەی مندا، سەختیت نەیەتە رێ... ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەیەی خۆت، یاخود ئەم یارییە بکەیت بە دڵسۆزی، بێگومان لە دڵتا دەچەسپێ، کە هیچ رۆژێک نییە چەند جارێک بەهەڵەدا نەچیت، لە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەدا کە دەیانزانی. لێرەوە تێدەگەیت کە بۆچ ئامۆژگاریت دەکەم بۆ بەکارهێنانی ئەو زانیارییەی کە تا ئێستا زانیوتە، پێش ئەوەی خۆت بکوتی بۆ فێربوونی زانیارییەکی نوێ.»

ئەمجا باس لە گرینگیی وازهێنان لە رەوشت و خووی خراپ و ناپەسەند دەکات، دەڵێت: « رەوشت لە خووەوە پەیدا دەبێ»

واتە بۆ گۆڕینی رەوشت دەبێت خوو بگۆڕێت.

لێرەوە کتێبەکە گرینگی دەدا بە خۆڕاهێنان لەسەر خوو و رەوشتی پەسەند و چاک. دەڵێت کە (خوو) نییە، مرۆڤ نەتوانیت بیگۆڕێت. گرینگ ئەوەیە خۆی بناسێتەوە، لەخۆی وردبێتەوە و، بڕیاری گۆڕانکاری بدات.

لە کتێبی (سامانێک بۆ دابەش کردن)دا، مەبەستی لە (سامان)، پارەو ماڵ نییە، بەڵکو سامانی (زانستی خۆناسینە)، سامانی رزگار بوونە لەگێژاوی ترس و شەرم و سەرنەکەوتنی پەیتا پەیتا...

شاکر فەتاح لە نووسینەکانیدا هەوڵ دەدات بەرەو رووناکی بمانبات، شێوەی ئیجابییانەی بیرکردنەوەمان فێر بکات.لە (هونەری سرەوت بەخۆدان) ل ٤٣ دەڵێت:

« لە بیرت نەچێ کە تۆ لە یەک کاتدا ناتوانی بیر لە دوو شت بکەیتەوە. پێویستە یەکێ لەم دوو جۆرە بیرانە هەڵبژێریت: ئەو بیرانەی کامەرانیت پێ دەبەخشن. ئەو بیرانەی دڵتەنگیت پێ دەبەخشن. ئەم تواناییە لە خۆتدا پێ

بگەیێنە، تا بە تەواوەتی زاڵ دەبێ بەسەر بیرتدا.»

لەوەش زیاتر، نووسەر لە کتێبی (پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین)، دەڵێت:

– «ئەو کەسە هەڵە دەکات کە بە دەم گیروگرفت و دەرد و ئازارەوە پێ ناکەنێ!.. چونکە پێکەنین هێزێکە چارەسەری هەموو گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەیەک دەکات!

«ئەو ژینەی هەمانە زۆرتر بەنرخ دەبێ، ئەگەر بە دەم پێکەنینەوە بە کارو فرمان و تێکۆشانی مەردانەوە بەسەری ببەین، بۆ کەڵکی گشت لایی...نەک بەشین و شەپۆڕ و گریان و کردەوەی خۆپەرستانە...

«لەبەرئەوە پێویستە: لە هەموو بارێکدا، لە هەموو جارێکدا، کۆششی مەردانە و، دەموچاوی گوڵ خەندەرانەمان ببێ...»

هەر لەو کتێبەدا، وەکو قسەی نەستەق و وتاری خۆش و پەند، هەڵوێستی لەخۆبوردووانەی سەلاحەددینی ئەیوبی دەگێڕێتەوە:

– کە (ریچارد) شاهی ئینگلیز نەخۆش کەوت (سەلاحەددین) زانی کە داماوە لەسەر بەفر و مێوە... ئیتر هەموو رۆژێک بەفرو مێوەی هەموو رەنگەی تەڕو تازەی بۆ دەنارد بە دیاری تا چاک بووەوە.»

مەبەستی شاکر فەتاح لە گێڕانەوەی ئەم پەندە مێژووییە چی بێت؟ مەگەر هەر ئەوە نییە کە بیەوێ کەسایەتی مەزنی مرۆڤ پیشان بدات... وەختێک – وەکو سەلاحەددین– بەسەر بیری خۆیدا زاڵ دەبێت و، بە دانایی و بڵند رەوشتی دەگات، لە لووتکەی لەخۆبوردوندا دەژێت، تەنانەت خزمەتی دوژمنی خۆیشی دەکات.

ئەگەر کولتوورو کەسایەتیی کورد لەژێر باری گرانی نێگەتیڤکارییا (سلبیة) دەنقێن، ئەوە رووناکبیرو بیرکەرەوەیەکی گەورەشمان هەیە، کە شاکر فەتاحە، لەناوجەرگەی تاریکستانی بیرو، شێوەی نێگەتیڤانەی بیرکردنەوەوە، بانگێکی پیرۆزی هەڵداوە، لاوان بەرەو پۆزەتیڤکاری (ایجابیة) بەرامبەر بەژیان و کۆمەڵ و سروشت رێنومایی دەکات.

ئەلف و بێی پۆزەتیڤکاری ئەوەیە کە تۆ بەو بڕواو باوەڕە بگەیت کە ڕزگاربوون لەدۆخی دامان و بەجێمان و دواکەوتن، مافی سروشتیی تۆیە...

پێشکەوتن و، گەیشتن بەپلەیەکی چاکتری کۆمەڵایەتی، مافی ڕەوای تۆیە...

سەرکەوتن لەکارو پیشەدا هەقی تۆیە، هەروەکو هەقی هەر مرۆڤێکی ترە. شاکر فەتاح، ئەمجا دەڵێت، کە بەس نییە تۆ ئەوە بزانیت، بەڵکو خواست و تواناو وزەی خۆت بەکار بخە، تا پلەیەکی بەرزتر لەژیاندا بەرەو پێش دەچێت.

هەر بۆیەشە کە لە هیچ پلەیەکدا دۆشداماو نامێنێتەوە، بەڵکو بەهەر کوێ بگات ڕێگەی چاککردنەوەو پێشخستن دەگرێتە بەر. لەم شارە پرۆژەیەکی بەدەستەوە هەبووە، قوتابخانە، جادە، یا باخچە... ئەمجا کە کتوپڕ گوێزراوەتەوەو پرۆژەکەی پێشووی پێ تەواو نەکراوە، نائومێد نەبووەو ورەی بەرنەداوە، چونکە ئەو ورەی لە کانگایەکی دەروونیی پتەوو هۆشێکی ڕۆشناوە وەرگرتووە. لە شارە تازەکە، لە هەوارگە نوێیەکە، دەسبەجێ، بەپێی پێویستی ئەو ناوچەیەو، هەلومەرج و توانا، پرۆژەیەکی تازەی داناوەو، بەرنامەی جێبەجێکردنی ڕێک خستووە.

ئەوەیە پۆزەتیڤکاری (ئیجابیە). واتە: لای ئەو گرینگ ئەنجامدانی فرمانێکی سوود بەخشی کۆمەڵایەتییە، یا ڕۆشنبیری. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین یەکێک لە ناونیشانەکانی پەیامی ژیان و چالاکی شاکر فەتاح: وانەی پەروەردەیە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری... سەرەڕای ڕەفتاری دروست و پاکژی کارگێڕانە کە بەخۆی وانەیەکی گرینگی ترە.

بەلای ئەوەوە گەیشتن بەهەر ئامانجێکی بەرز، مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، لەوانەش ئامانجی تەندروستیی ئارام و، سرەوتن و ئاسوودەیی و کامەرانی.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەش دەڵێین: کە سادە دڵی و خۆشبینی بێ بناغە شتێکەو، پۆزەتیڤکاری شتێکی ترە. ئەمی تر، واتە پۆزەتیڤکاری، بەکارهێنانی هۆش و، شێوەی دروستی بیرکردنەوەی دەوێ بەواتایەکی تر: فەلسەفەی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

پۆزەتیڤکاری رووبوونەوەی هۆشمەندانەو، جیددیە، بەبێ ترس و دوودڵی، یا هەڵچوون و زێدەڕەوی. ئەمە فەلسەفەیەکە پێت دەگەیەنێت: لەفلانە جێگەو لەو سات و کاتەو هەلومەرجەدا، چییە ئەو فرمانە چاکەو سوود بەخشە (چ بۆ خۆت یا بۆ کۆمەڵ) کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

بۆ نموونە: تۆ دەبیت بەخاوەنی کێڵگەیەک، (١٠) دۆنمی رووپێوە، بەلام کە ورد دەبیتەوە تێدەگەیت کە تەنیا دوو دۆنمی بەکەڵکی چاندن و کشتوکاڵ دێت، (٨) دۆنمەکەی تر شۆرەکات و بێ حاسڵن، هیچیان لێ ناڕوێت.

بەرامبەر بەو پارچە ئەرزە چی دەکەیت؟

١- ئایا پەست و تووڕە دەبیت و هەمووی بەجێ دەهێڵیت؟

٢- ئایا نائومێدو خەفەتبار، دەس بەئەژنۆ، بەدیاریەوە دادەنیشیت نازانیت چی بکەیت؟

٣- ئایا بیر دەکەیتەوە لەوەی کە مومکنە بیکەیت؟

بێگومان خاڵی (١) و (٢)- کە زۆر کەس دەیکەن. بێ ئەنجام و زەرەر بەخش، دەمێنێتەوە خاڵی (٣)، کە بەهەندێک بیرکردنەوەی ئارام و لەسەرخۆ، رەنگە بەتاکە ئەنجامێکت بگەیەنێت کە ئەویش ئەمەیە، بەخۆتی دەڵێیت:

- باشە، دوو دۆنمی بەکەڵک دێ. ئەوە بڕیارم دا، بەچاکترین شێوە، گونجاوترین دانەوێڵە یا درەختیان تێدا بچێنم. ئەمجا خەریکی هەشت دۆنمەکەی تر دەبم، بەڵکو هەندێکی لە شۆرەکات ببەمەوە، بۆ چاندن چاکی بکەمەوە. ئەگەر نیوەشی چاک کرایەوە دیسان باشە کەمتریش هەر باشە... یا بەڵکو هەر هەمووی بهێنمەوە بەرهەمهێنان...تاد!

ئەمەیە پۆزەتیڤکاری بەرامبەر بەو کێڵگەیە. نموونەکەش لە نووسینەکانی شاکر فەتاحدا بەرچاوم نەکەوتووە، بەڵکو بەخۆم هێناومەتەوە بۆ نزیککردنەوەی تێگەیشتنی ئەم چەمکە. واتە: پۆزەتیڤکاری بەمانای چاوپۆشین لە کەموکوڕی نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی کەموکوڕی و، چاککردنەوەو پەرەپێدان (تطویر) گەر بتەوێ هەموو شتێک، بەتەواوی

بەگوێرەی دڵ و ئارەزووی تۆ بێت، ئەوە قەت نەبووە.

یا هەمــوو شت یا نەء، هەڵوێســتــێکی نێگەتیڤ و نا دروســتــە. لە هەر پۆزەتیڤکاریەکیشدا، نیگەتیڤکاری دەربارەی پێچەوانەکەی یا هاو دژەکەی هەیە. کە تۆ بتەوێ رێک و دروست و جیدی کار بکەیت، بەمانای ئەوەیە کە لە سەر لێشێواوی و نارێکی و تەمەڵی رزگارت ببێت و، بەرامبەر بەم دیاردە دزێوانە نیگەتیڤ رابوەستیت.

دیوێکی تری ئەم پرۆسەیە بە (یاسای چۆڵبوون، یا بۆشایی) دەمانگەیەنێت. هەر جێگەیەک، تا لەو شتانەی پڕی کردوون چۆڵ نەبێت (بۆش نەبێت) شتی تری نایەتە ناو. دەبێت شتێک، یا شتگەلێک لابەریت، تا جێگەی چەند شتی تر بکەیتەوە. ئەم یاسا سادەیە، هەم لەجیهانی فیزیکدا، هەم لەژیانی تاک و کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام زۆرینەی جاران بەبێ ئاگاو خۆڕسکانە روو دەدات.

یاسای چۆڵبوون و پڕبوونەوە پرۆسەی بیرکردنەوەو، خوو و رەفتاریش دەگرێتەوە. تۆ بۆ ئەوەی فێری خوویەکی تازە ببیت، دەبێ خووەکانی هاودژی پێشوو لەبیر بەریتەوە. واتە: مێشک و دەروونی خۆتی بۆ ئامادە بکەیت. لەهەندێ داوونەریت و شێوەی کۆنی بیرکردنەوە پاکی بکەیتەوە (چۆڵی بکەیت) تا رێگە و جێگە بۆ خووە تازەکە بکەیتەوە. هەر یەک لەئێمە سەدان و هەزاران بیرو بۆچوون و گومان و خەیاڵی سەیرو بێ سوودی ئاخنیوەتە مێشکی خۆی، ئەوەندە باری خۆی گران و خۆی ماندوو کردووە، شەکەت بووەو خەریکە پەکی دەکەوێت. مرۆڤی وەها هەمیشە خەمبارە، بەجێماو، دوودڵ و سەرگەردان دەمێنێتەوە. رەنگە تەنیا ئەوەی پێ بکرێت... هۆی دواکەوتنی بخاتە سەر دەوروبەرو ئەوانی تر. هەمیشە خۆی لە تەلبەندی گلەیی و گازندەو پەستی و بێزاری لەژیاندا، ئابلۆقە بدات.

رەنگە هەبن خوێنەرانی وەها، کە لەم خاڵەدا، وای بۆ بچن، کە پاکانە بۆ کۆمەڵ و دەوڵەت و دەزگا گشتییەکان دەکەم و، بەرپرسێتی دەخەمە ئەستۆی تەنیا تاکی کۆمەڵ. نەخێر وا نییە. پێشووتریش نووسیومە، کە دەوڵەت و

کۆمەڵ و دەزگا گشتییەکانی هەمیشە بەرپرسی یەکەم و سەرەکین بۆ ڕەخساندنی فرمانە دیاریکراوەکانیان... بەڵام هەمیشەش تاک، لەکۆمەڵدا، بەخۆی-بەش بەحاڵ و رۆڵی خۆی- لە چارەنووسی خۆی بەرپرسەو، هەمیشەش دەتوانێت- وەکو ملیۆنەها کەس لەدنیادا توانیویانە- شێوەی بیرکردنەوەو ژیانی خۆیان بگۆڕن. بەڵکو ئەرکێکی گرینگی دەوڵەت و کۆمەڵ ئەوەیە کە هەلومەرجی گونجاوی ئازادی تاک، پێشکەوتنی تاک، گەشەسەندنی کەسایەتیی تاک، داهێنان و کارامەیی تاک، بڕەخسێنن.

شاکر فەتاح، سوقرات ئاسا، پۆزەتیڤانە رووبەڕووی مەرگ بووەوە. ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵوێستی نیگەتیڤانەی بەرامبەر رەوشی دژی گەلیی رژێمی سیاسی عێراق، هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانەی دەرهەقی گەلی کورد و پێشمەرگە وەرگرت، و لەو سەردەمە تاریک و دژوارەدا رایگەیاند کە رێگەی چارەسەر ئەوەیە حکومەتی عێراق لەگەڵ پێشمەرگە (واتە: بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان) بکەوێتە دیالۆگ.

دەیزانی لەبەر ئەو چەند وشە سادەیە دەیکوژن، بەڵام بەڕووخۆشی و ویژدانی ئاسوودەوە خۆی بەدەستی مەرگەوە دا، سوقراتی فەیلەسووفیش بەئارامی و هێمنییەوە پێکی ژاری نایە سەرەوە.

گەیشتن بەو پلە بەرزەیە، رووبەڕووبوونەوەی پۆزەتیڤانەی مەرگ، کارێکی ئاسان و سادە نییە. گوتنی بەزار سادەیە، بەڵام لە کرداردا پایەیەکی بەرزی ژیانە، لە (نیرڤانای بودایی) نزیک دەکەوێتەوە، لەو حاڵەتە دەگمەنانە دەکات کە مرۆڤ خۆی پاکی پاک کردبێتەوە.

دەفتەری چوارەم

# هونەری شادی

## دالایی لاما.. هونەری شادمانی

دالایی لاما، ئەمڕۆ لە جیهاندا، بەمامۆستای هونەری شادمانی، چۆنیەتی شادبوون و رزگاری، ناسراوە.

دەڵێت: شادمانی مافی هەر مرۆڤێکە، مافی هەر شەش ملیارد مرۆڤی سەر زەمینە. بەخۆی دەڵێ: (من شادم).

ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو (واتە: دالایی لاما) نزیکەی چل ساڵە لەگەڵ دەیان هەزار هاووڵاتی خۆی ئاوارەیە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٩ز هێزەکانی چین دڕندانە پەلاماری وڵاتی (تێبت)یان دا، وڵاتێکی ئارام و ئاشتیخوازو بێ وەی بوو. لەوکاتەوە داگیریان کردووەو، ستەم و زۆرداریيان دەرهەقی خەڵکی (تێبت) ئێستاش بەردەوامە، بەتایبەتی ئازادیی ئاینی و ڕێوڕەسمی میللییان لێ قەدەغە کردوون.

دالایی لاما، لەوکاتەوە، لەگەڵ نزیکەی سەد هەزار هاووڵاتی کۆچکردووی خۆی، وەکو کۆڕەوی کوردستان، ئاوارە بووە، بەڵام لە تێکۆشان بۆ گەڕانەوەو رزگاریی (تێبت) دانەماوە.

ئەو زیاتر ڕێبەری ئاینیی میللەتەکەیەتی، جێگەو پایەیەکی زۆر بەرزو پیرۆزی لەدڵیاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرانسەری جیهاندا وەکو ئاشتیخوازێکی مەزن ناسراوە، خەڵاتی ئاشتی (نۆبل)ی ساڵی ١٩٩٨ بەر ئەو کەوتووە.

ئەو، نەبەس ڕێبەری ئاینی (تێبتە)، بەڵکو بووە بەکەسایەتییەکی ئاینیی مرۆڤدۆستی گەورەی جیهان و، بەهەڵگری پەیامی شادمانی ناسراوە.

پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە:

– ڕێبەری میللەتێکی زۆرلێکراو و، ئاوارە، چۆن دەبێ بەخۆی بڵێت کە (شادە)و، بە (شادمانی) بمێنێتەوە؟

ئەمە چ فەلسەفەیەکە؟

ئایا بەڕاستی (شادە)؟ چ شادییەک؟؟

بۆ تێگەیشتن لە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ لە بۆچوونی (دالایی لاما) بپرسین، چی دەربارەی شادمانی دەڵێت؟

دەڵێت:

«من لەو باوەڕەدام کە ئامانجی گرینگی ژیان، کۆشش و هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی (شادمانی). هەموومان، جیا لە بیروڕاو ئاینی تایبەتی، لەژیاندا بۆ شتێکی باشتر تێدەکۆشین. کەواتە گرینگترین تەقەللامان لەژیاندا، تێکۆشانە بەرەو (شادمانی)...

بەڵام مەبەستی لە وشەی (شادمانی)، چ جۆرە هەستێکە؟

بەلای (دالایی لاما)وە، شادمانی ئارامییەکی دەروونیی قووڵ و هێمنە، لە ئاستیا روحی مرۆڤ ئۆقرە دەگرێت لە دەردو ئازار رزگاری دەبێت، هەمیشە رووخۆش و دڵنیاو، رۆشن بین، بەهۆش و وریا دەمێنێتەوە.

ئەوەش لە حاڵەتێکدا دەبێ، کە مرۆڤ خۆی ناسیبێتەوە، ئەو هۆکارانەی کە ئازاری دەدات زانیبێتەوە، وردە وردە هۆکارە نێگەتیڤەکان بەلاوە بنێت و، رێگە بۆ هۆکاری ئیجابی و شێوەی دروستی بیرکردنەوە خۆش بکات.

واتە: (دالایی لاما)ش لە گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەو بیرو بۆچوونەوە دەست پێدەکات.

ئەو دەڵێت: کە (تووڕەیی و رق و کینە) خەتەرناکترین دوژمنی مرۆڤن، ناهێڵن پێش بکەوێت، هەمیشە کۆیلەی دەردو ئازاری دەروونیی کوشندە دەیهێڵنەوە.

هەر بۆیەش، یەکەمین وانەی ئەو، وازهێنان لە (تووڕەیی، دەمارگیری، پەستی، خەم) و (رق و کینە هەڵگرتن بەرامبەر هەر مرۆڤێک و هەر

گیانلەبەرێکی تری ئەم گەردوونە).

واتە لە جیاتی (تووڕەیی و پەستی و.. روحیەتی دوژمنکاری) بەرامبەر هەر کەسێک، دەبێت لە مێشک و دەروونی خۆتا گیانی بەخشین و لێبوردن و سنگ فراوانی پەروەردە بکەیت.

هەروا لەجیاتی (رق و کینە)... میهرەبانی، خۆشەویستی و دڵسۆزی، بەرامبەر تەواوی گیانلەبەران و.. بوونەوەران.. بچێنیت.

ئەم وتانە، رەنگە بەزار، گوتنەوەیان سانا بێت، لە کردەوەشدا، رەنگە خەیاڵی بێنە بەرچاو.

بەڵام (دالایی لاما) و پەیڕەوانی ئاینی بوودایی (تێبت)، نەبەس لە گوتارا، بەڵکو لە کردەوەشدا، هەوڵیان داوە پابەندی پەیامی ئەو رێبازەبن.

ئەو دەڵێت: «دوژمنان هەلومەرجی گیانی لە خۆبوردن و بەخشین فەراهەم دەکەن.»

دەڵێت:

«بەبێ دوژمن ناتوانرێت مانای سەبرو لەخۆبوردن روون ببێتەوە.»

«دۆستان، ئێمە ناخەنە بەر تاقیکردنەوە.. بەڵکو دەتوانم بڵێم، کە دوژمنان مامۆستای گەورەی ئێمەن و، دەبێت لە پێناوی ئەو دەرفەتە بەنرخەی کە بۆمانی دەڕەخسێنن، سوپاسیان بکەین..».

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بیرو بۆچوونی (دالایی لاما) دەروونناسێکی پسپۆر لێی دەپرسێت، ئایا پاش دەیان ساڵی زۆرداریی حکومەتی چین دەرهەقی خۆی و میللەتەکەی لە (تێبت)، ئێستا هەستی بەرامبەر بەچینییەکان چییە؟

«دالایی لاما) بەئارامی و هێمنییەوە دەڵێت:

«وەختێک بیر لە کومیونیستەکانی چین دەکەمەوە، ئەو هەموو دەردو ئازارەیان بەمیللەتی تێبت چەشاندووە... بەهۆی رێنومایییەکانی بوودایی بەرامبەر بە ئەشکەنجەدەری خۆمیش و هەست بە (هاودەردی) دەکەم... چونکە وای دەبینم کە ئەشکەنجە لەلایەنی هێزی نیگەتیڤی ترەوە داسەپاوە.»

تێگەیشتم لەم بۆچوونە سانا نییە... بەلای (دالایی لاما)وە، ئەشکەنجەدەر، رەنگە نەک حاڵەتی سەلبی تاقی دەکاتەوە، بەڵکو لەوەیە-لای خۆیەوە- حاڵەتێکی ئیجابیی شادبەخش تاقی بکاتەوە.

دیسان ئەم تەفسیرەش رەنگە روون نەبێت. هەربۆیە، لە زاری (دالایی لاما)وە تاقیکردنەوەی رەبەنێکی تێبتی دەهێنمەوە، کە نزیکەی (٢٠) ساڵ لە بەندیخانەو ئەشکەنجەخانەی چین ماوەتەوە. ئەنجا کە لە زیندان دەرچووە و بۆ لای (دالایی لاما) هاتووە. ئەم لە رەبەنەکەی پرسیوە: لەم ٢٠ ساڵە تووشی چی دەردو ئازارێک بوویتە؟

ئەو لەوەڵامدا دەڵێت:« تەنیا یەک مەترسیم هەبووە... ئەویش مەترسی.

# تۆ بڵێی بۆچی؟
# هەموو هەڵەیەک خراپ نییە

١

یا- وەکو دەڵێن- هەموو شتێکی خراپ (یا سەلبی)، خراپ نییە.

مەبەست ئەوەیە، کە رەنگە شتێک تۆ بەخراپی بزانیت، بەڵام بەچاکی و باشی بگەڕێتەوە.

هەندێک لە دانایانی پایە بەرزی هۆشمەند، کە بە رادەیەکی فراوان و قووڵی تێگەیشتن لەژیان و بوون گەیشتوون، هەمیشە هەوڵ دەدەن بیانوو و پاساو بۆ هەڵەو خەتای خەڵکی تر بدۆزنەوە، یا هیچ نەبێت باری خەتابارییان سووک بکەنەوە.

ژیان، چ رۆژانە یا بەدرێژایی تەمەن، پڕە لە ملیۆنەها رێککەوتی چاوەڕوان نەکراو، هەندێ جاریش بە تەنیشتی سەدەها ئەگەری رێککەوتی ناخواستەو نالەباردا تێدەپەڕیت، بێ ئەوەی ئاگات لە هیچ کامەیان بێت.

زۆر رووداوی ناگەهانی و دڵتەزێن هەنە، کە تەنیا لەبەر چەند چرکەیەکی دواکەوتن تووشی مرۆڤ نەبوونە- بێ ئەوەی بەخۆی زانیبێتی-...

یا لەبەر هەڵەیەکی بچووک، پەلەکردن، یا دواکەوتن، کەوتۆتە بەر بەڵای رووداوەکان.

رێککەوتی کوتوپڕی چاوەڕوان نەکراو، وەکو وشەیەکی ناحەزی مرۆڤێک، یا رمانی دیوار، یا لەیەکدانی ئۆتۆمبێل...تاد! لە ژیانی رۆژانەدا کەم نییە.

تۆ چەند هەوڵ بدەیت بەرنامەی رێکوپێک بۆ ژیان و کار دابڕێژیت، ئەمجاش دەبینیت، هەر کاتێک، لەوەیە رووبەڕووی رێککەوت (صدفە) ببیتەوە.

هەندێ ڕێککەوتی زۆر بچووک و لابەلا، وەکو وشەیەک، ڕەخنەیەک، کردەوەیەکی ئاسایی مرۆڤێک، ڕووداوێکی سروشتی لەو پەڕی دنیا، یا نەخۆشی و، خەمێک، خەونێک، یا هەر شتێکی تر لەو جۆرە ڕێککەوتانە، ڕەنگە مرۆڤ ڕابچڵەکێنێت و، بیهەژێنێت.. هەندێ جاریش تەواوی چارەنووسی پێ دەگۆڕێت.

سەدەها ڕێککەوتی وەها، کە مرۆڤ لە زۆربەیان بێ ئاگایە، بیری بەهۆشدا دەهێنن و، هەڵوێستی پێ وەردەگرن، چونکە ئینسان زۆربەی ژیانی مەست و سەرخۆش و بێ ئاگایە.

لێرەدا دیارە کە مرۆڤ هەر چەندە (ئازاد) بێت، ڕەهاو سەربەست بێت، بەڵام لە جەوهەردا (ئازاد نییە)... بەڵکو (ئازادی مەزن) ئەو کەسانەن کە هەمیشە بەسەر هۆش و دەروون و ڕەفتاری خۆیاندا زاڵن، هیچ نەبێت هەندێ جار بە ئاگایی و هۆشیارییەوە هەڵوێست وەردەگرن. ئەم جۆرە (ئازادانەش) دەگمەنن.

ئەوانە لەو دانا هۆشمەندانەن کە لە خۆناسی و خۆناسیدا بەپلەیەکی بەرز گەیشتوون، چونکە ئەوان، لە دەروونەوە ئازادو (شاد)ن، ڕێککەوتەکان بەچاوی دڵ دەبینن، لە ڕەفتارو گوتاردا ئازادن، واتە: ڕەفتارو گوتاریان ناکەنە قوربانی هیچ شتێک.. تا ئەو ڕادەیەی کە بە (ڕەفتاری بێ ڕەفتار) و گوفتاری بێ وشە دەگەن، واتە بۆ پلەی بێدەنگی و خامۆشی و شادکامی بەرز دەبنەوە.

٢

تۆ بڵێی.. بۆچی پەرەگرافی پێشووم بەو شێوە هێنایەوە؟ ئەگەر بزانن کە کاتێک ویستم ئەم وتارە بنووسم مەبەستم شتێکی تر بوو، جیاواز لە سەرەتای پەرەگرافی یەکەم، ئەوە دەبێت لەوە گەیشتبن کە نەخواستە بۆ دەربڕینێکی تر چوومە، بەخۆیشم نازانم.. بۆچی؟

ئایا ئەوەش هەر ڕێککەوتە، یا تەنیا ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی بێ ئاگاییە... هەر مرۆڤێک، لە هەر چرکەیەکدا، ڕەنگە دووچاری ببێت؟!

جووتیار دەڵێت: ئاو بە شوێنی بێڵدا دەڕوات. واتە: بێڵەکە چۆن بەکار بهێنێت، جۆگەلە ئاوەکەش بەو شوێنەدا دەڕوات. دەتوانیت ڕێگەی ئاوەکە خۆش بکەیت تا بە جۆگەلەکەدا بڕوات، یا بەربەستی بکەیت تا ئاوەکە بەرەو لایەکی تر بچێت.

وادیارە ڕووباری بیرکردنەوەش وەکو ئەو جۆگەلەیەیە.

ڕەنگە زۆرینەی نووسەرو هونەرمەندان ئەو هەست و بۆچوونەیان هەبێت، یا بەشێوەیەک بەو مانایە گەیشتبن.

گرینگ... گەیشتن بە (مانا)و، تێگەیشتنە...

تێگەیشتن... ئازادییە.

٣

مەبەستی نووسینی ئەمجارەم ڕوونکردنەوەیەکی کورتە دەربارەی وتاری ژمارەی پێشوو... کە ناتەواو مایەوە.

یەک دوو دێڕی ترم بۆ وتاری پێشوو نووسیبوو، بەڵام لە چاپ کەوتبوون؟ یا لاپەڕەکە جێگەی نەمایەوە؟ یا لە (فاکس)دا دەرنەچووبوو؟

چونکە ئەو وتارەم بەفاکس ناردبوو. بەهەرحاڵ کۆتایی ئەو وتارە بەم شێوەیە دەبێت:

وەختێک (دالایی لاما) لە ڕەبەنە بوودایییەکە، کە (٢٠) ساڵ لە بەندیخانەی (چین)دا بووە، دەپرسێت کە چۆنی بردۆتە سەر. ڕەبەنەکە دەڵێت: (تەنیا مەترسیم ئەوە بوو کە نەوەک ڕقم لە چینییەکان ببێتەوە... نەوەک تووشی ڕق و کینەی بەرامبەریان ببم).

واتە هەروەک ڕێنومایی ئاینی (دالایی لاما) دەڵێت کە نابێت، لەهیچ هەلومەرجێکدا، تووڕەبوون و ڕق و کینە بەدڵ بگریت، تەنانەت بەرامبەر بە دوژمنیش.

بەڵکو، لە جێگەیەکی تر، دەڵێت کە (بەزەیی) بەچینییەکانا دێتەوە، هەر

چەندە دەردو ئازارێکی زۆری بەدەستی دەسەڵاتی داگیرکەری چینییەکانەوە چێشتووە.

بۆ تێگەیشتن لە جیهانبینیی (دالایی لاما) بەخۆداچوونەوەی وردو، لێکۆڵینەوەی زانستییانەی دەوێ.

چونکە (رق هەڵنەگرتن بەرامبەر بە دوژمن) بەمانای پاکانە بۆ خەتاو تاوانی دوژمن، نییە. ئەو خەتابارو تاوانکارانە سەرەنجام بەسزای بەهەقی خۆیان دەگەن.

هیچ خەتاو هیچ تاوانێک بێ سزا نامێنێتەوە.

هیچ هەڵەیەکیش بە ئەنجامی دروست ناگات، بەڵکو دەرانجامی هەڵەو خراپی لێ دەکەوێتەوە.

(ئازادی) لێرەوە دروست سەرچاوە دەگرێت.

مرۆڤی خەتابارو تاوانبار هیچ وەختێک ئۆقرە ناگرێت و (ئازاد) نییە.

بەپێچەوانەوە... مرۆڤی پاک و بێ تاوان و خاوەنی نیازی دروست، هەمیشە ئازادە. بکەوێتە بەندیخانەش هەر ئازادە. بەناهەق ئاوارەو برسی بکرێت هەر ئازادە... تووشی هەر دەردو ئازارێک بێت ئەو هەر ئازادە...

قسەی رەبەنی بوودایی بەو مانایەیە... ئەگەر چینییەکان بەر سزا کەوتن، با بکەون... بەڵام ئەم بۆچی؟ واتە: ئەم خۆی لە سزای دەروونیی (رق هەڵگرتن) دوور دەخاتەوە. چونکە بەلای ئاینی بوداییەوە رق و کینە زۆر خراپەو تاوانە. تاوانیش سزای هەیە. بۆ ئەوەی سزای تاوانەکە نەکێشن رقیان لە دوژمنی خۆیان نابێتەوە. ئەوەیە ئەسڵی (شادمانی) لە ئاینی (دالایی لاما)دا.

وەکو دوا تێبینی: (دالایی لاما) نازناوی پلەی رێبەرایەتی مەعنەوی و ئاینی تێبتە. ناوی ئەسڵی خۆی (تن زین کیاستۆ)یە. لە زنجیرەی مێژووییدا بە (دالای لامای چواردەهەم) دەژمێردرێت. هەر شادو سەرفراز بێت.

# ژینگە

پەروەردگار جوانە و، جوانیی خۆش دەوێت

ئەو بڕوا پتەوە بە هونەری جوانکاری لە سروشتدا، بەوەمان دەگەیەنێت کە شادمانی مرۆڤ و، هەر گیانلەبەرێکی تر، لە سەرچاوەیەکی پاکی جوانپەروەرییەوە بڵق دەدات. ئەویش داهێنانی ڕەنگینی سروشتمان بۆ دەخاتە پیشانگای ئازادی ئەم وجوودەوە، کە ئەگەر بە دڵ و دەروونێکی ئازادەوە لێی بڕوانین و، پەردەی تاریکایی ویژدان هەڵبدەینەوە، دەبینین کە هەمیشە جەژنێکی شادبەخش، جەژنی وجوود، بەرپایە.

ئەو پەردە تاریکە لە ئەنجامی دزێوی و گەندەڵیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داوونەریتی سەلبی و، نەفامی و بێ ئاگایی و تێنەگەیشتن لە ژیان و وجوود، بەسەرچاوی مرۆڤدا، دا دێت.

وەختێک مرۆڤ ئازادیی کۆمەڵایەتی و، ویژدانیی بەدەست " هێناو، کاتێک کە دەرفەتی بیرکردنەوەو بەخۆدا چوونەوەی دەروونی و، رامانی قووڵی لە ژیان، بۆ رەخسا... ئەو کاتەیە کە وردە وردە پەردەی تاریکستانی بەرچاوی دادڕێت و، رزگاری دەبێت.

ئەو وەختەیە کە ڕووبەڕووی سروشت، بەتەواوی جوانی و ڕەنگینییەوە، دەبێتەوە. خۆی لە جەژنی وجوودا دەبینێتەوە، و تێدەگات کە بەم دونیایە هاتنی و چاوکردنەوەی، بەخۆی جەژنێکە.

تەنیا ئەو کاتەیە کە لە نهێنی و چێژی خۆشویستن دەگات، گشت بوونەوەرێک لە خۆی دەزانێت. ئامێتەی هەستی بێ پایانی ئاهەنگگێڕانی گشت گیانلەبەرێک دەبێت. لە سروەو، سەمای لق و گەڵای درەخت و، چست و

چالاکیی مێشـەنگ و، خشپـەی نەرمـەبارانی پایزو... ڕەنگ و دەنگەکانی تری سـروشت سـەرخـۆش دەبێت خـۆشـویسـتن، یا هـونەری خـۆشـەویسـتی و میـهرەبانی، سەرەنجامی ڕزگارییە. لە هەمان کاتیشدا سەرەتای بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی مرۆڤە.

گەر لە هەوەڵەوە پیاڵەی میـهرەبانی و خۆشـویسـتن بنۆشـیت، ئەوە یەکسـەر بە مەنزڵی ڕزگاری دەگەیت.

مافـی مرۆڤ و، ڕێزنان لەگشت بەندەکانی مافی مرۆڤ، فرمانێکی پیرۆزە، بەڵام ئەمە تەنیا قسەیەکی ڕووتەو هیچی دی...

مەگەر لە ریشەی فەلسەفەی ئەم مافانە بگەیت، کە مافی ژیانە.

تا نەتوانـین لە نهێنیـی پێوەندیی نەپسـاوەی نێوانـی مافی مـرۆڤ و، مـافی سروشت (بەگشت گیانلەبەرو بوونەوەرەکانیەوە)، بگەین... ئەوە (مافی مرۆڤ) تەنیا وشەیەکی سەر زارەکی دەمێنێتەوە.

تەنیـا ئەگەر مـرۆڤ بەخـۆشـویسـتنی ژینگە (سـروشت، جیـهان، دەوروبەر، مـاڵ، شـار، نیـشـتمـان...تاد) بگات، ئەو کاتـەیە کە خـۆ بەخـۆ ڕێز لە مـافی مرۆڤەکانی دەوروبەری دەگرێت.

(مرۆڤ: کە بەشێکە، یا ئەندامێکە، لەم سروشت و ژینگەیە).

بە واتایەکی تـر: ژینگە پەروەری ئامێتەی ئاین و خـوا پـەرستییـە ڕاگرتنی پاکیی ژینگە بەشێکە لە بڕوا.

لەلایەکی تـرشـەوە، ڕاگـرتنی جوانی و پـاکیی ژینـگە لەگەڵ زەوق و عـەقڵ و ویژدانی هەر مـرۆڤێکی ئاساسروشت، دەگونجێت... جا چ ئاینی پەروەربێت، یا نەبێت. کـەواتـە: هـەمـوو مـرۆڤـان دەتوانن و، دەشـێت بتـوانن، لە ئاسـتی پاراستنی ژینگە یەک بگرنەوە.

ناوچەی (بارزان)، دەیان ساڵە، وانەیەکی گرینگمان پێ ڕادەگەیەنێت. لەناو جـەرگـەی ڕۆژهـەڵاتدا تەنیـا (بـارزان) بوو، کـە پێش هـەر ناوچـەیەکی تر، ڕێنومـایی پیرۆزی ژینگە پارێزی وەرگـرت و بڵاوی کـردەوە. سـەرەڕای شـەڕو

هێرش و، وێرانکاری و سووتان، هەر وەختێک (بارزان) ئارام بووبێتەوە (وەکو ٨-٩ ساڵی دوایی) ئەوە جارێکی تر پەیڕەوی ڕێنومایی پاراستنی دارودرەخت و، ئاژەڵ و تەیروتوارو گیانلەبەرەکانی تری ژینگەی، ئەنجام داوە.

ئەو ڕێنوماییییە هەڵقوڵاوی بیرو بڕوایەکی پتەوی پیرۆزە، ئامێتەی خواپەرستی و، ژینگە پەروەری و خۆشویستنی نیشتمان و ژیانە.

گێڕانەوەی ئەو راستییە نەبەسە، بەڵکو چاکترە پەیامی ژینگە پارێزی (بارزان) بە سەرانسەری کوردستانا، پەخش بکەین.. پێشتر- وەکو بارزان- ژینگە بەجوانی و پاکی رابگرین. ئەو پەیامە بە دونیاش رابگەیەنین و، بەش بەحاڵی خۆمان لەم رووپێوە خاکەدا ژینگەکەمان بپارێزین.

ساڵی ١٩٩٢، لە ریودۆ جانیرۆ، کۆنگرەیەکی گەورەی نێونەتەوەیی، بۆ لێکۆڵینەوە لە پاراستنی ژینگە، بەئامادەبوونی نوێنەرانی (١٨٧) وڵات بەسترا.

پێش ئەوەش و، تائێستا... جوولانەوەی ژینگەپەروەری رۆژ بە رۆژ فراوانتر دەبێتەوە، کە هەر وڵات و، هەر کەس، لە جێگەی خۆی ژینگە بپارێزێت. پاکی هەوا، پاکی ئاو، جوانی و درەختکاری و گوڵکاری و... رابگرێت..، لەناو حەوشەو ماڵەوە بگرە، تا گەڕەک و شارو، گشت وڵات... ئەمجا سەرانسەری زەمین.

کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێم، سەرەڕای ئەرک و فرمانە گرانەکانی، بایەخی تایبەتی بە ژینگە داوەو، نەخشەو پلانی فراوانتری لەبەردەستدایە.

لە هەندێ جێگەی دونیا چالاکیی سەرنجڕاکێش دەبینین.. کە تا چ رادەیەک ژینگەپەروەری بووە بەخەمی رۆژانەی خەڵک.

لە شاری (ساندیاگۆ)ی کالیفۆرنیا، لە ئەمەریکا، برادەرێک گردێکی بەدارو درەختی جوان، پێ پیشان دام گوتی: ژینگەپەروەرانی شار لەوێ مانیان گرتووە، نەیانهێشتووە دارودرەختی سەری گردەکە بۆ خانووبەرە ببڕن،

چونکە جۆرە تەیرێک لەو وەرزەدا هێلکە دەکەن و، لەسەر لانە کڕکەوتوون، ژینگەپەروەران رێگە نادەن دار ببڕدرێت تا تەیرەکان لە کاری خۆیان نەبنەوە، تا جووجەکانیان سەر لە هێلکە دەربکەن، گەورە ببن و، بکەونە باڵ.

واتە: ژینگەپارێزی، یانی پاراستنی گشت گیانلەبەران، لەژینگەدا هەموو هاوبەشین: ئێمەی مرۆڤان، تەیروتوار، ئاژەڵ، خشۆکەکان، و دارودرەخت....تاد.

(ئال گۆڕ)ی کاندیدی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، کتێبێکی تایبەتیی دەربارەی ژینگە هەیە، بەناوی (زەمین لە تەرازوودا).

بەشارەزایی، وردبینییەوە باسی شێوەو پێداویستی پاراستنی ژینگە دەکات. لە بەشێکیدا باسی ژینگەو سروشت و پاکی لە روانگەی ئاینە ئاسمانییەکان و دیدی دانا و فەیلەسووفەکانەوە دەکات و، بە ئەنجامێکی دروست دەگات، کە ژینگەپارێزی پێوەندیی قووڵی بە دەروون و رووحی مرۆڤەوە هەیە.

دەربارەی راگرتنی پاکی هەوا دەڵێت کە ئەم هەوایە، کە مایەی هەرە هەرە ئەساسیی ژیانمانە، موڵکی هیچ کەس نییە بە تەنیا، بەڵکو موڵکی هەموومانە... لەم هەوایەدا نەفەسی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ) و زەردەشت و... تاد! تێدایە. ئێمە نەفەسی ئەوان هەڵدەمژینەوە.

(ئالگۆڕ) بە دەیان وێنەو بیرو بۆچوونی ئاینی، بەڵگەو دۆزینەوەی زانستی و، باوەڕی خۆیەوە، پەیامی مرۆڤ، بەتایبەتی لە ئێستادا، لە ئاستی ژینگەپەروەری و ئایندەی مرۆڤایەتی و ژیان لەسەر ئەرز، رادەگەیەنێت.

بەشی سێهەمیش دێتە سەر ئەم وتارە دەربارەی (ژینگە). ئەو بابەتەی کە بۆ ئەم ژمارەیەم ئامادە کردبوو، دوا دەخەم... چونکە لە راگەیاندنی کۆنگرەی هەزارەی سێهەمیUN لە نیویۆرک ئەوەندە بایەخی بە ژینگە داوە، کە هەڵدەگرێت ئەم ژمارەیەی بۆ تەرخان بکەم.

واتە: درێژە بە لێدوان دەربارەی ژینگە دەدەم...

کـــــۆنگرەی هـەزارەی نویێ، لـە رۆژانـی ٦-٨ ی ئـەیلـوول، لـە نیـــــویـۆرک بەڕێوەچووە، لە کۆتاییدا بۆ یەکەمین جار، راگەیاندنێکی جیـهان پەروەرییـان بە گوێی گشت گەلانی رووی زەمیندا داوە، وشەی «جیهان پەروەری» بە مانای بایەخدانی گشتیی دەوڵەت و گەلانـی جیهـان بە کێشە سـەرەکییەکانـی گشت خەڵکی دونیام بەکار هێناوە.

ئەم کۆنگرەیە بەڕاسـتی، گشت گەلان و حکوومـەتانی جیـهـانی رووبەڕووی ئەرک و ئامـانج و ئاواتە گشتییـەکانی خۆیان کردووەتەوە.. کە هـەر دەوڵەتێک بە تەنیـاو، تەواوی دەوڵەتان بـە کۆمـەڵ، بەرامبـەر بەو کێـشانـە، بەرپرسن... بەڵکو هـەر مرۆڤ و هـەر کـەرت و کۆمـەڵەیەکی جیـاجیـا بەش بەحاڵی خـۆیان، بەرامبەر بە ئایندەی ژیانی مرۆڤ بەرپرسن.

راگـەیاندنەکـەیUN لێکۆڵینەوە و بـە دواداچوونی زیاد هـەڵدەگـرێت، بەڵام لێرەدا بە کورتی چەند خاڵی گرینگ دەخەینە پێش چاو:

هـەژاری

راگەیاندنەکـە، نەهێشـتنی هـەژاری و کوێرەوەریـی بە گـرینگتـرین ئامـانجی مرۆڤایەتی داناوە:

- (گـەشـە پێدان و نەهێشـتنی هـەژاری) ئەرکێکی ئەسـاسـییـە، کـە زیاتر لە یەک ملیار مـرۆڤ بە دەستی کەسـاسـی و هـەلومـەرجی نامـرۆڤایەتی و نالەباری و هـەژارییەوە دەناڵێنن، تا سـاڵی ٢٠١٥ ز رێژەی ئەو کەسـانەی کە دەرامـەتیان لە یەک دۆلار کـەمـتـرە، دەبێت بگات بە نیـوە، واتە نیـوەی ئەو خـەڵکە (نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن) لە هـەژاری رزگارییان ببێت.

- بە پێی دەسـتـپێشـخـەری (شـارانی بێ گـەڕەکی هـەژار)، تا سـاڵی ٢٠٢٠ دەبێت بە لایەنی کـەمـەوە (١٠٠) ملیـۆن هـەژاری گـەڕەکە هـەژارەکـان، ژیانیـان چاک ببێتەوە.

- ژیانی منداڵ و ئافرەتان بەرەو باشـتـر و، لاوان دەرفـەتی کار و پیـشـە، وەدەس بهێنن.

– هەر منداڵێک بتوانێت بچێتە قوتابخانە... و چەندین بڕیاری گرینگتر بۆ چاککردنەوەی باری ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، رۆشنبیری و ئاسایش و ئاسوودە بوون، کە لە چەند دەهەی داهاتوودا، دەبێت کۆمەڵگەی بەشەر بگرێتەوە.

ئاشتی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ:

راگەیاندنی کۆنگرەی هەزارە، بە وردی دەربارەی ئاشتیی ناوخۆی وڵاتان، ئازادی، مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی ژێردەست، دیموکراتی، مافی مرۆڤ، ئازادی، ئاشتیی جیهانی، رزگار بوون لە چەکی نەوەوی و چەکە کۆمەڵکوژەکانی تر، هەڵگرتنەوەی مین، چاککردنەوەی باری تەندروستی، قەڵاچۆکردنی ئیدز و نەخۆشییە کوشندەکانی تر.. زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤ دواوە.

راگەیاندنەکە، خەڵکی دنیای بانگهێشت کردووە بۆ پەیڕەوکردنی بەها مرۆڤایەتییەکان و، پاراستنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ، یەکسانی، هاوکاری، تەساموح، رێزنان لە سروشت وەکو سامانی گشتیی نەوەی ئەمڕۆ و ئایندە، هاوبەشبوون لە بەرپرسێتی و، هەوڵدان بۆ ئەوەی جیهانگیری (عەولەمە) ببێت بە هێزێکی ئیجابی لە بەرژەوەندی گشت گەلاندا.

نەهێڵانی موخەدەرات:

وشەی (موخەدەرات)م وەک خۆی هێشتەوە، چونکە خوێنەران چاکتری لێ تێدەگەن.

راگەیاندنەکە بڕگەیەکی تایبەتیی تێدایە دەربارەی ئەرکی هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆ نەهێڵانی موخەدەرات، ئەمە جگە لە بەربەرەکانیی تیرۆریزم و، تاوانە نێودەوڵەتییەکان و جینۆساید، هەروا دانانی دادگای نێودەوڵەتیی تاوان.

مافی گەشەسەندن و گەشە پێدانی بەردەوام:

لە راگەیاندنەکە بەڵێن دراوە کە دەوڵەتانی جیهان مافی مرۆڤ و گەلان (لە

گەشـەسـەندن)دا بپارێزن، هەروەها مـافیان لـە ژیانێکی بەختەوەر و سـەرفراز، (مـافی گەشـەسـەندن) یا (مـافی بووژانەوە) وەکو زاراوە لـە چەندین جـێگەی راگەیاندنەکە هاتووە.

هەروەهـا دووپات دەکـاتەوە کـە دەوڵەتـان، چ بە تاک یا بە کـۆمـەڵ، هەروا خەڵک بەگشتی، پەیڕەوی پرینسیپەکانی (گەشەپێدانی بەردەوام) بکەن... کە بە مـانـای پاراسـتنی ژینگەیە، بە گشت کـانزا و سـامـان و دەرهاتەکـانییـەوە (وەکـو ئاو، وزە، درەخت، کـانزاکـانـی ژێر زەوی و.. تاد!) چونکە ئـەم سـامـانە سروشتییانە تەنیا مـوڵکی ئەم نەوەیە نییە، بەڵکو موڵکی نەوەکانی ئایندەشـە، دەبێت ئـەو سـامـانـە لە فـەوتان و دەسـتـێوەردانـی خـراپ و نـابەجـێی بەشـەر بپارێزرێن و، پشکی نەوەکانی ئایندەش بمێنێتەوە.

گـەشــە پێـدانـی بەردەوام ئەوەیە کـە لەگـەڵ گـەشـە سـەنـدن و بووژانەوەی ئابـووری و کـۆمــەلایـەتی و رۆشنبـیـری و پێـشکەوتنی تـەکنۆلـۆژی رەچاوی پاراستنی ژینگەش بکرێت.

گـەشـەسـەندنی کـۆمـەڵگەی مـرۆڤـایـەتی لەسـەر حـیـسـابی ژینگە نـەبێت. بێگومـان کـەڵک وەرگـرتن لە سـامـانە سـروشـتـییـەکـان پێـویسـتـە، بەڵام بە شـێـوەیەک و رادەیەک بێت، کـە هەمـوو شـتێک بـە فـیـرۆ نـەڕوات و، هەمـیـشـە گەنجینەیەک بمێنێتەوە.

دارستان:

بۆ پـاراسـتـنی ژینگـە، راگـەیـاندنەکـە بڕگـەیەکی تـایبـەتیی بۆ پـاراسـتن و پەرەســەندنـی (دارســتــان) داناوە، ئەم ئـەرکــەشـی بە هـەوڵ و کــۆشــشـی دەستەجەمعی (بە کۆمەڵ) ناو ناوە.

بە لای منـەوە ئەم بڕگـەیەش زیاتر وڵاتانێک وەکو کـوردسـتـان دەگرێتـەوە، کە هەلومـەرجی بووژانەوە و پەرەپێـدانی دارسـتـان، دارودرەخت و گـوڵ و گـیـای، تێدایە.

لەم چوارچێـوە نێـودەوڵەتیـیـەدا، پاراسـتن و بووژانەوەی دارسـتـانەکـانی

کوردستان، نە بەس بۆ خۆمان بە تەنیا پێویستە، بەڵکو لەوەش زیاتر بۆ تەواوی گۆی زەمین سوودبەخش و پێویستە. هەروەها پاراستنی ژینگەی هەر وڵاتێکی تر، یا هەر قوژبنێک لە هەر وڵاتێکدا. دارستانی (ئەمەزۆن) ئەگەر سیی بەشێکی جیهان بێت، ئەوە کوردستان سیی بەشێکی تری جیهانە.

ڕێزنان لە سروشت:

ناونیشانێکی جوانە، لە بڕگەیەکی ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە (ڕێزنان لە سروشت) پوختەی واتای (گەشەپێدانی بەردەوامە). لە پێناوی بەختەوەری خۆمان و ئاسوودەیی نەوەکانی ئایندە، دەبێت شێوازەکانی ئێستامان لە بەرهەمهێنان و ئیستهلاکدا بگۆڕین، ناتوانین بەو شێوە بەردەوام ببین، گەر نا نەوەکانی داهاتوو بێبەش دەمێنن. ژینگە پەروەری، بە کورتی، مانای (ڕێزنانە لە سروشت).. بە ڕاگرتنی پاکی هەوا، پاکی ئاو، پاکی ماڵ و شارو گوند، پاکی خواردن و تەندروستی، پاراستنی دارو درەخت و سەوزایی و.. کانزا و سامانە سروشتییەکان.

ژینگەی هاوبەش

ڕاگەیاندنی هەزارەی نوێ، ژینگەی زەمین بە (ژینگەی هاوبەشمان) ناو دەبات. چونکە بەڕاستی، دەبێت هەر هەمووومان خۆمان بە بەرپرسی پاراستنی ژینگە بزانین.

## ڕێزنان لەسروشت

ئەم ناوونیشانەمان لە وتاری پێشووەوە وەرگرتووە.. کە لە بڕگەیەکی ڕاگەیاندنی لووتکەی هەزارەی UNدا هاتبوو.

(ڕێزنان لە سروشت) ناوونیشانێکی پوخت و دروستی (ژینگە پارێزی)یە. هەروا (ژینگەی پاک) ناوونیشانی ڕەوای خەڵکی رووی زەوییە.. کە دەبێت، بۆ نەوەکانی ئێستاو ئاینده، ژینگەیەکی جوان و پاک و شیاوی ژیانی مرۆڤ، بسازین.

ئەوە فرمانێکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی، رۆشنبیری و ویژدانییە.. واتە:

ئەرکێکی ئەخلاقییە بەرامبەر بە ئەوانەی کە پاشان دێن.

هەر بۆیەش، وەکو لە سەرەتای ئەم گۆشەوە گوتمان، رووی قسەمان لە جوانان و نەوجەوانانە... کە ئەوانە و، لەوانە بەدواوە، زیاتر دەکەونە بەر هەڕەشەی ژینگەی ناپاک و شێواو.

دێینە سەر ژینگەی تەواوی گۆی زەوی...

بەڵام ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بڕگەیەکی وتاری پێشوو، کە پاراستنی (دارستانە)و، ئەمە کوردستانیش دەگرێتەوە.

تا سەدەیەک پێش، نزیکەی ٢٥٪ی خاکی کوردستان پڕ بووە لە دارستان، بەگشت دارو دەوەنێکەوە. سامانێکی دەوڵەمەندو ئێجگار بەنرخ بووە...

ئەمڕۆ بەشێکی زۆری رووپێوی دارستان لەناوچووە، چ بەهۆی ئاڵوگۆڕی سروشتەوە، یا بەهۆی دستێوەردانی نابەجێی بەشەر: وەکو سووتانی دارستان بەئاگری شەڕو شۆڕ، بڕینی دار بۆ سووتەمەنی و کاروباریتر (بڕینی هەڕەمەکی و بێ هیچ چاودێری و ئاڕاستە کردنێک.. کە من ناوی

«بڕینێکی دڕندانەی» لێ دەنێم... و ئێستاش بەردەوامە)... یا (بزن)... بزن دوژمنێکی تری دارو درەختە، چونکە تەرزو گەڵا ناسکەکانی درەخت دەخوات. دەبێت پەروەردەی بزن، بەگوێرەی بەرژەوەندی مانەوەی دارستان، رێک بخرێتەوە. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە پەرە بەشێوازی پاراستنی دارستانی ولاتەکەمان بدەین. ئەوەی ماوەتەوە لە فەوتان بپارێزین و، هەوڵ بدەین دارستان ببووژێتەوە... رۆژێک زووتر هەڵمەتی دارچاندن رێکتر بخەین و گەشەی پێ بدەین. ئەوەی لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا، بۆ درەختکاری ئەنجام دراوە، کارێکی پیرۆزە.. بەلام هێشتاش پێویستمان بە نەخشەو پلانی بەربلاوتر هەیە.

لەگەڵ پاراستنی دارستاندا، هەروەکو لە ناوچەی بارزان بەچاکی جێبەجێ کراوە، هەوڵ بدەین تەیرو توارو ئاژەڵی کێویش بپارێزین...

پاکی هەواو ئاو، و شارەکان رابگرین لە سەرچاوەکانی سروشتی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی وزە سوود وەربگرین: هەوا، ئاو، هەتاو.

لەکوردستان دەرفەتی ئەوەمان هەیە کە نەهێڵین ئاوو هەوای ژینگەمان وەکو ولاتانی تر پیس ببێت.. وزەی هەواو ئاومان باشە.

وەکو تاقی کراوەتەوە، دەتوانین لەهەوا وزەی کارەبا بە بەرهەم بهێنین، هەروا لەئاو... واتە: نیازمان کەمتر دەبێت بە سووتەمەنی. هەروا دەتوانین کەلک لەهەتاو وەربگرین بۆ وەدەستهێنانی وزە.

ئەمرۆ، لە ولاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، بۆ نەهێلانی ئاسەواری هەوای پیس، هەوڵ دەدەن لەجیاتی بەنزین و گازوایل لە (هەیدروجین) کەڵک وەربگرن. (ئاو) جێگەی بەنزین بگرێتەوە.. ئەویش بۆ کەمکردنەوەی رێژەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن.

لەمێژە زانایان بەوە گەیشتوون کە زیادبوونی رێژەی ئەو گازە هۆی سەرەکیی دیاردەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای سەرانسەری زەوییە، هۆیەکی تریش لەناوچوونی بەشێکی زۆری دارستانی زەوییە.

تا پێش شـۆڕشـی پیشـەسـازی ڕێژەی دووانە ئۆکسـیـدی کـاربۆن لە هەوا نزیکەی ٢٨٠ بەش لە ملیۆندا بووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٩ ئەو ڕێژەیە بە ٣٦٨ لە ملیۆندا گەیشتووە (لیستر براون- ڕۆژنامەی الشرق الاوسط- ٧ /٢٠٠٠/٩).

لەم دواییـیـەشـدا، هەواڵی توانەوەی بەشـێکی سـەهۆڵی جەمسـەری باکوری زەوی، بە دونیـادا بـڵاو بووەوە. دەڵێن تا دێ سـەهۆڵەکـە خـێـراتـر دەتوێتـەوە. (لیـزا مـاسـتنی)ی لێکۆڵەوەر دەڵێت: کـە سـەهۆڵبەندەکانی چیـای (هەمـەلایا، ئەلب، روکی و، والاندیز لەپیـرو) تـا دێ زیاتر دەتوێنەوە.. ئەوەش هەر بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرما.

توانەوەی سـەهـۆڵی ئەو جێگایانە لافـاو هەڵدەسـتێنی و، بەهۆی زیادبوونی هەڵمەوە، جارێکی تر پلەی گەرما بەرەو باڵاتر دەڕوات، لە ئەنجامیشدا ئاستی دەریا بەرز دەبێتەوە.

ئەگـەر کـار بەو جـۆرە بڕوات، رەنگە زەرەرو زیانێکی گـەورە بـەر خـەڵکی زۆربەی نـاوچەکـانی ئـاسـیـا بکەوێت، بەتـایبـەتی تووشـی بێ ئـاوی دەبن. هەروەها بـەشـێک لە رووپێوی هەندێ وڵات دەکـەونە ژێر ئاو، سـەدان ملیـۆن کەس ئاوارە دەبن، بەتایبەتی: بەنگلادش، چین، هۆڵەندا، ئەندونیسیا، بورمـا، ڤیتنام، هندستان و، کنارەکانی ژاپۆن و هەندێ جێگەی تر.

بۆچوونی تریش هەیە کە هەندێ وڵاتی سـەر دەریا بە ئێجگاری نقووم دەبن. بێگومـان ئاسـەواری ئەو کارەسـاتە، بۆ گشت دونیـا بەسـەلبـی دەگەڕێتـەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی زانایان ئەم کـارەسـاتە سـروشـتـیـیە بەهۆی دەسـتێوەردانی نابەجێی بەشەرەوەیە...

واتە: مرۆڤ بەرپرسە بەرامبەر بەو مەترسییانەی کە لەئایندەیەکی نەدووردا روو بەڕووی دەبێتەوە...

مەترسی چەندە؟! ئایا جیدییە؟!

لەم بارەوە سێ بۆچوون هەیە:

یەکـەم- گـەشـبـینانێک.. دەڵێن کـە مـەترسـی نیـیـەو، سـروشت دەتـوانێت

چارەسەری خۆی بکات و، تەعادولی خۆی بگەڕێنێتەوە.

دووەم- بەدبینانێک... دەڵێن کار لە کار ترازاوەو، زەوی بەسەرنشینەکانییەوە بەرەو کارەسات و فەوتان دەچێت...

سێهەم- زاناو شارەزایانێک کە هێشتا بە ئومێدەوەن، دەڵێن:

راستە کە گەرما زیاد بووەو ئاسەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە.. مەترسی هەیە.. بەڵام هێشتا کار لەکار نەترازاوە... هێشتا دەرفەتی چاککردنەوەی بارودۆخی گەرماو هەواو ژینگە ماوە. ئەم زانایانە، کە هۆی تێکچوونی تەعادولی هەواو گەرما بۆ دەستێوەردانی بەشەر لە سروشت، دەگێڕنەوە، لەو باوەڕەدان کە چاککردنەوەی دۆخی ژینگە بەدەستی خودی مرۆڤە، بەهاوکاریی خەڵکی سەر ئەرز، بەگشت میللەت و حکوومەت و دەزگاکانەوە، کە دەبێت هەوڵ بدەن رێژەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن لەوە بالاتر نەڕوات، بەڵکو بەرەو پایینی ببەن، کەمتری بکەنەوە، ئەویش بە قەدەغەکردنی سووتانی سووتەمەنی و هەر شێوەیەکی تر کە دووانە ئوکسیدی کاربۆن و پیسبوونی ژینگە، زیاد دەکات... هەروا دارستانەکان بپارێزن و، پەرەیان پێ بدەن.

مرۆڤ، لەبەر نادانی و خۆپەرستی و چڵێسی، ئاگری لەماڵی خۆی بەرداوە، ژینگەی خۆی پیس کردووە، پلەی گەرمای بەرەو بالا بردووە. تەقینەوەی سەرژمێری دانیشتووان بەهۆیەکی تری گرینگی ئەو دیاردانە دەژمێردرێت... چونکە تا دانیشتووان زیاتر بن، سووتەمەنی زیاتر خەرج دەکەن، ئەوەندەی ترش دەست لە سروشت دەدەن و دەیشێوێنن...

دیاردەکان، یەکی ئەوی تر رادەکێشن. (هۆ) دەبێت بە (ئەنجام)، ئەنجامی خراپیش دەبێت بە هۆیەکی تر بەرەو خراپتر... تاد!

ئەو زانایانە دەڵێن کە راگرتنەوەی ئەم داکشانە بەرەو فەوتانە، بەدەستی خەڵکی سەر زەوییە... بە خۆیان دەبێت چارەسەری کێشەکە بکەن... و پاکی و جوانی بۆ ژینگە بگەڕێننەوە. زەوی بوونەوەرێکی پڕ لە هەست و ئاگاییە. ئایا تۆ زادەی ئاو و خاکی ئەو زەوییە نیت؟ تۆ هەموو شتێکت لەوێوە

وەرگرتووە، ئەمجا بەهرەی گیان، بەئاسانی و سانایی پێت بەخشراوە. جەستەی زەوی، وەکو جەستەی مرۆڤ، بەپێی یاساگەلێکی تایبەتمەندی خۆی، دەژێت. واتە: زەوی دەژێت، هەناسە دەکێشێت، دەبزوێت و... لەکاتی خۆیدا «پاداش»و «سزا»ش دەدات.

ئەگەر تۆ پارچە زەوییەکی خۆت خۆش بوێت، بەپێی کەشوهەوا خزمەتی بکەیت، بەمیهرەبانی چاودێری بکەیت... ئەویش بەمیهرەبانی وەڵامت دەداتەوە، دەگەشێتەوە، دەیڕازێنێتەوەو، بەروبومی چاکترت پێ دەبەخشێت. بەو شێوەیە پاداشتت دەکات.

بەڵام ئەگەر پشتگوێی بخەیت، هەمیشە بیشێوێنیت، دوور لە یاسای سروشت بەکاری بهێنیت، ئەویش، زوو یادرەنگ، وەڵامی خراپەکاریت دەداتەوە... سزات دەدات، بە وشکسالی، نەخۆشی و ژینگەی ناشیرین و نالەبار.

زەوی، وەکو دادوەرێکی بەشەری نییە، دابنیشێت قسە بکات و، بەدەق و بڕیار قەزاوەت بکات.. بەڵکو شێوەی تایبەتی بەخۆی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هەڵوێستێک.

ئەمڕۆ، پاش ملیۆنەها ساڵ، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای سەر زەوی –بەهۆی دەستێوەردانی بەشەر–، سەهۆڵبەندانی هەردوو جەمسەری زەوی کەوتوونەتە توانەوە، بەتایبەتی جەمسەری باکور کە رەنگە لە چەند ساڵەی ئایندەدا، هاوینان بەفر بەخۆیەوە نەگرێت.

ژینگە ماڵی هاوبەشی هەموومانە.

گۆی زەوی، بەپێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و گەیاندن، لەوە دەرچووە ناوی «گوندێکی بچووکی» لێ بنێین– وەکو باوە–، بەڵکو دەشێت بڵێین کە«ماڵێکی گەورەیە».

هەر شتێکی بچووک لەم سەری زەوییەوە روو بدات، یەکسەر لەو سەرەوە دەنگ دەداتەوە.. بەتایبەتیش لەئاستی ژینگەو کەشوهەواو تەرازووی ژیانەوە.

ئەو برە دووکەڵەی کە لە ئاسمانی شاری هەولێرەوە بەرەو بڵندایی دەڕوات، بەو ئەندازەیە کە هەیە، باری نالەباری فەزای زەوی ئاڵۆزتر دەکات. بەیانییان، چەند کیلۆمەتر لەدووری هەولێرەوە، بڕواننە ئاسمانی شارەکە، ببینن چ پەردەیەکی چڵکنی دووکەڵ شاری داپۆشیوە.. هەولێر نموونەیەکی زۆر بچووکی پیسکردنی ژینگەیە. ڕێژەی پیسبوونی ژینگەی زۆر لە شارە گەورەکانی دونیا لە رادەبەدەرە.

ئەو کۆمەڵە پەرشوبڵاوەی کیسە نایلۆن، کارتۆن، قوتوو، کاغەز، و شتی فڕێدراوی تر، کە بە کەمتەرخەمییەوە بەهەموو لای جادەو کۆڵانەکانا بڵاون... هەموو لەئایندەدا سزامان دەدەن، پیسی و نەخۆشی و سەر ئێشەمان بۆ دەهێنن، جگە لە تێکدانی دیمەن و زەوق و جوانی. ڕەنگە بگوترێت کە پاککردنەوەو راگرتنی جوانیی شار ئەرکی حکوومەتە. بەڵێ.. راستە. حکوومەت، بەو بودجەو دەسەڵاتەوە کە هەیەتی، یەکەمین بەرپرسە... یەکەمین، بەڵام نەک تەنیا...

هیچ حکوومەتێک ناتوانێت بەتەنیا پاکی و جوانی هیچ شارێک رابگرێت، مەگەر رۆشنبیرییەکی گشتیی پاکی و جوانی بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بێت.

رۆشنبیری پاکی و درەختکاری و جوانکاری، بەشێکی گرینگی کولتووری هەر میللەتێکە. جەوهەری نیشتمانپەروەری – پاش رزگارکردن– لە چەند هەڵوێستی گرینگدا خۆی دەنوێنێت: وەکو ئاوەدانی، گەشەپێدان، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و تەندروستی و... جوانکاری و پاکسازی ژینگە.

پارساڵ دەربارەی (رۆشنبیریی گوڵ) وتارێکم نووسی، مەبەستم، گیانی پەروەردەی گوڵ و سەوزایەتی و جوانییە، لەوانەش گوڵی سێبەری ناو ماڵ. حکوومەتی بەهێزو بەتواناو چالاک، ئەو حکوومەتەیە کە دەسەڵاتی میللەتێکی بەهێزو پێگەیشتوو و بەتوانای بەدەستەوە بێت. ئیسپات بووە کە رووکەشی پێشکەوتووی خۆ پیشاندەرانەی حکوومەت، کاتێک هاوولاتییان پێ نەگەیشتبن، زوو بەزوو هەڵدەماڵرێت، واقیعی تاڵی دواکەوتن دەکەوێتە روو.

بێگومــان لێــپــرســراوی حکوومــەتی چاک و تێگەیشــتــوو، هـەروا هـەر کـەسـایەتیـیـەکی دڵسـۆزو، هـەر گرووپ و ڕێکخـراوێکـی نیشـتـمـانپـەروەریی سـیـاسی، کـۆمـەڵایـەتی و ڕۆشنبـیـری، هـەمـیـشـە جـێگەی پێـشـەنگایـەتیی بۆ دەمێنێتەوە.

بوونی ئـەو جـۆرە کـەسـانە بەنموونـەی ئیجـابی و سـوودبەخش، هـەمـیـشـە هـامیانی (هـەوێنی) پێشکەوتنە.

شـاکـر فـەتاحی شـەهـید، نموونەیەکی ژینگەپەروەری گـەورەیە. ئەو بـە بیـرو قـسـەو کـردار مـیـهـرەبانیی بەرامـبـەر بەنیـشـتـمـان و هـاووڵاتیـیـانی خـۆی بەخشیوە.

لەو سـەردەمـەی کـە شـاکـر فـەتاح قـایمقـام بووە، کـەس نەبووە (لەناوچەی بارزان زیاتر)، لـەپرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ژینگەی کـوردسـتـان بیـر بکاتەوە. ژیان و نووسـینی ئـەو لەبواری ژینگەشـدا، گەنجینەیەکی پڕ بەهـان، هـەقـە لێی وردببینەوەو، لە ئەزموونە جوانەکەی فێر ببین.

شـاکـر فـەتاح- سـاڵانی ١٩٤٠ ز. تا ١٩٥٠ ز، لـەهـەر کـوێ قـایمقـام بووە، کــردارەکــانـی خــۆی و هـەلومــەرجـی ناوچـەکــانـی، بە (ڕۆژنـامــەی دیوار) ڕاگـەیاندووە. هـەر تەنیـا لـەبارەی ژینگـە پارێزییـەوە، خـێـراو بـەکـورتـی ئەم نموونانە دەگێڕینەوە:

لە نـاوچەی خــورمــاڵ، لە ژمــارە (١)ی ١٩٤٠/٦/٣ ڕۆژنامــەی دیواریی (خورماڵ) باس لە باخچەی گشت لایی دەکات و دەنووسێت:

«ئەم باخـچـەیە کـە ٣٠ ڕۆژی خشت لـە (خـورمـاڵ) کـاری تێدا کـراوە ئینجـا تەواو بووە. (١٥٠) کرێکار کاری تێدا کردووە. هـەر چی فـەرمانبـەرێکی لادێی خـورمـاڵیش هـەیە دەست و پەنجەیان تێدا بەکـارهێناوەو، سـەرپەرشـتیی کـارو فرمـانیـان کـردووە. گـەلێک پیـاوی دەوڵەمـەنـد و دەسـتـداریش بە پارەو بە دار کۆمەکییان کردووە. هـەروەها خـانوو دروستکەرو دارتاشیش نیوچە نرخێکیان سـەندووە. وەک دانراوە: بەزەوی و ئاو و کـرێی وەسـتـاو کـرێکارەوە، ئـەگـەر

بەپارە بکرایە لە (٥٠) دینار کەمتری تێ نەدەچوو. لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئێستا هەر ٣,٦٥٠ دینار بەخت کراوە...»

ئەمجا لیستی ئەو کەسانەی یارمەتییان داوە دێنێتەوە پاش سوپاس کردنیان دەڵێت: «بە راستی رەنجیان بۆ نیشتمانەکەی خۆیان داوەو، خۆیشیان و ئێمەشیان لە بەردەم خوداو لە بەردەم خەڵکدا روو سوور و سەر ئازاد کردووە...».

شاکر فەتاح، بۆ دامەزراندنی باخچەکە، نەبەس لە رووی بەڕێوەبردنەوە، بەڵکو لە رووی ئابووریشەوە هەوڵی داوە، رێکوپێک بێ، کەمترین خەرجی تیا بچێت، پشت بەتوانای خودی خەڵک و دڵسۆزییان ببەستێت.

بایەخدان بە کەم خەرجی (یا کەمیی خەرج) رێبازێکی هەمیشەیی شاکر فەتاح بووە. نموونەیەکی گەش و ئیجگار گرینگە... تا بەئێستاش.

لە ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (خورماڵ) هاتووە کە شاکر فەتاح هەفتەی دوو جار رادیۆکەی خۆی دەباتە باخچە تا خەڵکی کۆ ببنەوەو ئاشنای رادیۆ ببن و لە بەرنامەکانی چێژ وەربگرن. دیارە لەو سەردەمەدا لە خورماڵ رادیۆی تر نەبووە، یا زۆر کەم هەبووە. تا ئەو رادەیە دەربەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خەڵک بووە.

## شاکر فەتاح.. باخچەی ماڵ

هێشتا لەسەر گیانی ژینگەپارێزی و جوانکاریی رووناکبیری مەزن شاکر فەتاح دەڕۆین.

هێشتا لە (خورماڵ)ین... لەگەڵ رۆژنامەی (خورماڵ) ساڵی ١٩٤٠، کە لە ژمارە (١٠) ی رۆژی ١٩٤٠/٧/١٥ دا کورتە وشەیەک بەناوی (باخچەی ماڵ) دەنووسێت و... بەخوێنەرانی دەڵێت:

«تا پێت دەکرێ باخچەکەت هەر چوار لای خانووەکەت، ئەگەر نەکرا لای بەردەمی بەتەواوەتی بگرێتەوە. هەر هیچ نەبێ تیلماسکە زەوییەک لەبەردەمی ژووری دانیشتنەکەتدا بکە بە باخچە. یاخود چەند ئینجانەیەک گوڵی لەبەردەمدا دابنێ. باخچە بۆ ماڵەکەت زۆر پێویستە. باخچە ماڵەکەت دەڕازێنێتەوە، جوانی دەکات، بۆنی خۆش دەکات، تەپ و تۆزی لێ دەگێڕێتەوە، فێنکی دەکاتەوە، دڵی ماڵ و منداڵەکەت دەگەشێنێتەوە.»

شاکر فەتاح بایەخی بە باخچەی گشتی و باخچەی ناو ماڵیشی داوە. لە توێی ژمارەکانی (خورماڵ)دا باسی باخچەکان دەکاتەوەو، چ مەبلەغێکی بەپێتاک بۆ کۆکراوەتەوە. هەروەها دەچێتە سەرباسی لایەنی تری کەشوهەواو ژینگە. دەربارەی (داری زەیتوون) دەدوێ کە «درەختێکی کۆن و پیرۆزەو بەفەڕە. هەموو دەم سەوزە رەنگینەو پەسەندە، دار زەیتوون لە کوردستان زۆرە، بەڵام حەلی (وەختی) خۆی گەلێک زۆرتر بووە. وەک دەڵێن: شاربازێڕ، پێش سەد ساڵێک، پڕ بووە لە داری زەیتوون...» تا دەڵێت: «خۆزگە خاوەن کشتوکاڵەکانمان بایەخیان دەدا بەم درەختە ناوازە و نایابە، تا دەرگایەکی گەورەی تریان بۆ دەرامەتی خۆیان بکردایەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە داری زەیتوون بێجگە لەوەی بەرەکەی زۆرەو گەلێک بەکەڵکە، زۆریش دەژیێ..»

بڕواننە سەرنجە وردەکانی شاکر فەتاح، کە چۆنە و بۆچی داری زەیتوونی هەڵبژاردووە... دەڵێت: هەموو دەم سەوزە، ڕەنگینە، بەدەرامەتە، بەکەڵکە، و زۆریش دەژیێ.

مەبەستی هەم جوانی بووە، هەم خێرو دەرامەتی زۆر. بەو گیانەوە، بەچەندین شێوەی تر، هانی ژینگە پەروەری و پاراستنی سامانی سروشتیی کوردستانی داوە.

لە ڕۆژنامەی (خورماڵ) گۆشەیەکی داناوە بەناوی (شوێنە خۆشەکانی کوردستان) بەزنجیرە باسی: هەورامان، سۆلاف لە ئامێدی، و لادێی مزووری لە ناوچەی دهۆک، کردووە. ئیتر راوەستاوە، چونکە ڕۆژنامەکەی، بەگواستنەوەی خۆی، لە ١٩٤٠/٩/٢٤ دا، ڕاگرتووە (چونکە هەر خۆی نووسەرو دەرهێنەری بووە! پاش خۆی نەماوە).

لەباسی ئەو شوێنە خۆشانەدا، دیارە کە شارەزای وڵاتەکەی بووەو، زۆریش خەریکی ناساندنی ئەو جێگا خۆشانەو پەرەپێدانیان بووە.

ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٢ لە (قادر کەرەم) دامەزراوە. لەوێ ڕۆژنامەی (باسەڕە)ی دەرکردووە. لەژمارە (٢)ی ڕۆژی ١٩٤٢/٦/٢٩ شاکر فەتاح لە (باسەڕە) ڕاپۆرتی (پیتاک) بۆ ژیاندنی خوێندنگای شەوی قادر کەرەم دەنووسێت، ئەمجا یەکسەر دەچێتە سەر باخچەو، لەژێر ناونیشانی (باخچەی گشت لایی قادر کەرەم) ریپۆرتاژێکی جوانمان پێشکەش دەکات. دەنووسێت: «لە مانگی ڕەشەمێ (شوبات)ی (١٩٤٢)ەوە تا ئێستا کارگێڕی لادێی قادر کەرەم خەریک بوو. دوایی باخچەیەکی (٩٠٠) گەز چوارگۆشەیی لەسەر شێوەیەکی نوێ بۆ حەسانەوەو سەیرانی خەڵکی لادێی قادرکەرەم پێکهێنا. باخچەکە ڕەنگاوڕەنگ، گەلێک دارودەرخت و چیمەن و سەوزەو میوەی تێدا ڕوێنراوە. خۆشبەختانە گەلێک سەوز بووە. تا ئەمە پێکهات گەلێک پیاوی خاوەن هونەرو جوانکردار، بە دار، بە قامیش، بە نەمام و شەتڵ و تۆ و، بە پارە، بە زەل، بە سەرپەرشتیکردن و فەرمانکردن، بە زەوی و بە ئاو، یارمەتییان داین. بەڕاستی نازانین بە چ زمانێک سوپاسیان بکەین..»

ئینجا ناوی ئەو بەڕێزانە دەنووسێت کە یارمەتییان داوە. پێزانینی شاکر فەتاح جێگەی شایانە. هەمیشە، لەگشت شارەکان و کارەکانیدا، ئەو ڕێبازەی بەرنەداوە، کە هەمیشە بە سوپاس و ڕێزەوە ناوی ئەو کەسایەتی و لایەنانە دەبات کە دەستی خێرومەندانەیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، گەشتوگوزاری و ژینگەجوانیدا، هەبووە.

لە سەرەتای ڕاپۆرتی باخچەی قادرکەرەم خاڵێکی ترمان دەکەوێتە بەرچاو: ئەویش وتەکەیەتی کە دەڵێ: لە شوبات تا ١٩٤٢/٦/٢٩ «خەریک بووە»، واتە: خەریکی کاری تر بووەو نەپەرژاوەتە سەر بایەخدان بە باخچە. وەکو بڵێیت شاکر فەتاح، داوای لێبوردن دەکات لەوەی کە ٣-٤ مانگ نەیتوانیوە خەریکی باخچەی گشتیی بێت. ئەمە پیشان دەدات کە ئەم مرۆڤە ڕەوان شادە عاشق و شەیدای باخچەو درەختکاری و جوانکاریی کوردستان بووە. لای سەخت بووە چەند مانگێک لە خزمەتی ژینگە دوورکەوتبێتەوە. باخچەی قادرکەرەم لە ١٩٤٢/٧/١٠ تەواو دەبێت. بەم بۆنەیەوە شاکر فەتاح لەژمارە (٥)ی ڕۆژنامەی (باسەڕە) ڕۆژی ١٩٤٢/٧/١٠یەکەمین بابەت بەم ناونیشانە دەنووسێت: (زەماوەندی باخچەی گشت لایی قادرکەرەم).

ڕاپۆرتێکی فوتۆگرافی زۆر جوانە وەکو بڵێی وێنە دەکێشێت، بەوردی دەیگێڕێتەوە، کە پاش ناوهێنانی عەشیرەت و بنەماڵەکان، ئەمجا دەڵێت: «باخچەکە کرابوو بە چوار بەشەوە. هەر بەشەی یەکێک سەرپەرشتیی دەکردو دوو کەسیش لەبەر دەستیدا فرمانیان دەکرد. دەستەی چایی و سەماوەرو...تاد!

پاش گێڕانەوەی بەزم و شادی، گۆرانی و هەڵپەڕکێ... دەنووسێت:

«شەوەکەی خۆش بوو. سرووەی فێنکە با و چیمەن و گوڵ و گوڵزاری باخچەکەو چرا ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر پەرژینەکانی و، بەزم و ڕەزمی کوڕو کاڵ و، گەشی و، ڕووخۆشی و گفتوگۆی برایانەی میوانەکان و، نەشئەی سیرەی سەماوەرو قۆرییەکان و، پاکی و بێگەردی ئاسمان و، جریوەی ئەستێرە جوانەکانی، هەموو لایەکی هێنابووە جۆش و خرۆشەوە، تەنانەت

دارو بەردیشی خستبووە شادمانییەوە. هەموو دڵێک ئاواتە خواز بوو ئەم (خۆشی)و (برایەتی)یە تا سەر بێ».

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو رستە درێژانە لە نووسینەکەی شاکر فەتاح- جگە لە ژینگەپەروەریی ئەو- نیشاندانی لایەنێکی تری بیرو بۆچوونی ئەم رووناکبیرە گەشبینەیە، کە چەند ئارەزوومەندە خەڵکی شاد و بەختەوەر بن، چەند بەشادمانی ئەوان، ئەمیش شادو مەست دەبێت، چۆن بەلای ئەوەوە «دارو بەردیش کەوتبوونە شادمانی»...

ئەم مرۆڤە شادمانیی مرۆڤانی تری ویستووە، برایەتی و بەختەوەریی لە نێوانیاندا بڵاوکردۆتەوە. واتە: ژینگە پەروەریی دروست مرۆڤ بەگیانی گەرمی مرۆڤدۆستانە دەگەیەنێت. هەر بۆیەشە کە هەمیشە دەڵێم: مرۆڤ تا بە تەواوی ژیان و ژینگەی لە بنەڕەتەوە خۆش نەوێت لە فەلسەفەی (مافی مرۆڤ) تێناگات.

## وەزیری ژینگە

لە کاتی پێکهێنانی کابینەی چوارەمدا پێشنیاری دامەزراندنی وەزارەتێکم کرد بە ناوی (وەزارەتی ژینگە)، یا (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە)، کە بەلای منەوە لە مێژە وەختی هاتووە.

ژینگە نەبەس بایەخدانە بە دارو گوڵ و گیاو دارستان، بەڵکو پاکی و جوانی و پاراستنی ئارامی و هێمنی و زۆر لایەنی تریش دەگرێتەوە... چونکە.

– ژاوە ژاوێکی لە رادەبەدەر دژی ژینگە پارێزییە.

– رشتنی گازوایل و رۆنی ئوتومبێل و سووتەمەنی تر لەسەر جادەو، لە لێواری جۆگە و چەمەکان خراپکارییەکی گەورەیە دەرهەقی ژینگە.

– سووتاندنی هەر شتێک (درەخت، کەلوپەل، زبڵ، تایە و شتی تر) ژینگە پیس دەکات...

ئەوانەو دەیان دیاردەی دزێوو پیس.. ژینگە دەلەوتێنن.

ئەمڕۆ (ژینگەوانی) زانستێکە سەربەخۆ، هەروا تێکەڵاوی هونەرو گەشت و گوزارو، باری گشتیی تەندروستی و لایەنەکانی ژیان ژیان دەبێتەوە.

لە کوردستانا، شاکر فەتاح بەپێی بەهرەو توانا و چالاکیی تایبەتمەندی خۆی، رەنگە بە یەکەمین (وەزیری ژینگەی کوردستان) بژمێردرێت، ناوچەی (بارزانی) لێ دەرچێت– کە وەکو گوتمان– دەیان ساڵە یاسای تایبەتیی ژینگە پارێزی دەیگرێتەوە.

ئەگەر سەرجەمی جوانکاری و پاکسازی و کردەوە رەنگینەکانی تری شاکر فەتاح بخوێنینەوە، دەبینین، کە خاوەنی رێبازێکی روونی ژینگە پەروەری بووە و، رێنومایییەکانی لە توێی رۆژنامەکانیا هاتوون.. کە هەوڵی داوە خەڵکی

رابهێنێ، تا فێری خۆشویستنی سروشت و پاکی و جوانی بن.. نەبەس بە قسەو وتار نووسین، بەڵکو بەکردەوەش، بەخۆی سەرمەشقی ڕێنوماییەکانی بووە.

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری میللیماندا دەتوانین کەسانێک وەکو (گیوی موکریانی)و (پیرەمێرد) بە یەکەمین وەزیرانی ڕۆشنبیریی کوردستان ناو ببەین.. ئەویان جگە لە ڕۆژنامەنووسی و چاپی کتێب بایەخی بە هونەری فۆتۆگرافی، کەلەپوور و سروودو ژیانی کوردەواری داوە... ئەمیانیش جگە لە شیعر و ڕۆژنامەنووسی بایەخی بە نەورۆز و سروودی نەورۆز و فێرکردنی مندالان و، پەند و قسەی نەستەق و، کەلەپووری میللی بەگشتی. هەردووکیانیش ڕاستەوخۆ خەریکی چاپخانە و چاپ و بڵاوکردنەوە بوونە..

واتە: بە پێواری سەردەمی خۆیان، خەریکی گشت لایەنەکانی ڕۆشنبیری بوونە. تەنانەت ژیان و ڕەفتار و پێوەندیی کۆمەڵایەتییان لە خزمەتی کەلەپووری میللیدا بوونە (بەجل و بەرگ و پاراستنی داوونەریتی میللییەوە).

ئەوان، بەبێ پشتیوانیی حکومی و حزبی و خەڵکی، سەراپای ژیان و تواناو بەهرەیان، بە شێوەیەک بۆ پێشخستنی کەلەپووری میللی بەکارهێناوە، دەڵێی هەر یەکێکیان بە تەنیا کاری وەزارەتێکیان لە ئەستۆ گرتووە.

هەر بەو شێوەیەش، شاکر فەتاحی شەهید، بە تاک و تەنیا، کەڵکی لە بەهرەو توانای خۆی و، پلەوپایەی لە بەڕێوەبەرایەتی وەکو (بەڕێوەبەری ناحیە، شارەوانی، قایمقام) وەرگرتووە، تا وانەی ژینگە پەروەری بە میللەتەکەی خۆی بگەیەنێت. لە هەر شارو شارۆچکەیەک جێ پەنجەی هێشتاش دیارەو، کەسانێک، لەو سەردەمەوە ماون کە بە پیاوچاکی، ڕاستگۆیی، جوانکاری، پاک ڕاگری و، گیانی نیشتمانپەروەری ناوی دەبەن.

لە چەمچەماڵ، شاکر فەتاح، قۆناغێکی تری ژیانی بە ڕێبازی تایبەتیی خۆی لە چاکسازی کۆمەڵایەتی و پاکسازی شارو دەوروبەر، دەباتەسەر. لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ژمارە (١) لە ١٩٤٦/٧/١دا چەندی بابەتی گرینگ

(هەرچەند بە رواڵەت سادە) بەرچاو دەکەون. ئەو یەکسەر بەگژی دیاردە دزێوەکاندا دەچێت، وەکو:

-بەرەنگاریکردنی نەخوێندەواری، شەڕو ئاژاوەی نێو عەشیرەت و بنەماڵەکان، خەرمان سووتاندن..

ئەمجا بە (پیتاک) پارەی دامەزراندنی خانووی (یانەی فەرمانبەرانی چەمچەماڵ) کۆدەکاتەوە. ئەمەش جێگەی وردبوونەوەیە، کە بۆ هەر کوێ چووبێت هەوڵی داوە (یانە) دروست بکات.

لە ژێر ناونیشانی (ناوچەکەت بناسە) جوگرافیاو باری کۆمەڵایەتی و بەروبوومی چەمچەماڵ و، جێگە خۆشەکانی، دەنووسێت.

لەگشت رۆژنامەکانیا زانیاری وردی لەو بارەوە (دەربارەی خورماڵ، قادر کەرەم، چەمچەماڵ و ئاکرێ) بەجێ هێشتووە. بەم شێوەیە عیشق و خۆشویستنی خاکی نیشتمانی لە دڵ و دەروونی خەڵکی ئەو ناوچانەی وروو‌ژاندووە.

بۆ ئاسوودەیی خەڵکی چەمچەماڵ تەنانەت بازرگانە جووەکانی کەرکووکی بەو باوەڕە هێناوە تا رۆژی شەموانیش کار بکەن، کوتاڵ بۆ هاوولاتییان بهێنن و بفرۆشن.. ئاشکرایە کە (جوو) رۆژانی شەممە کار ناکەن.

بۆ پاکسازی لە رۆژنامەی (چەمچەماڵ) چاومان بە وتارێک دەکەوێ بەناوی (جۆگەلە پیسەکانی ناو چەمچەماڵ)، تێدا رێگە چارەی رزگارکردنی دانیشتووان لە پیسیی جۆگەلەکان دەدۆزێتەوە.. بۆ ئەوەی بزانین کە شاکر فەتاح چەند وردەو دەربەستی پاکیی خەڵک بووە، ئەم برگەیە لە وتارەکەی دەخوێنینەوە کە دەنووسێت:

«.. جا بۆ رزگار بوون لەدەست زیان و ئازاری جۆگەلەکان هیچ چارەیەک نییە، ئەوە نەبێ کە پڕ بکرێنەوە، واتا هەموو خاوەن ماڵەکانی چەمچەماڵ، تەمێ بکرێن، کە لەناو خانووەکانیاندا چاڵێکی قووڵ هەڵبکەنن و سەری داپۆشن، تاکە کونێکی بچووکی تێدا بهێڵنەوە، کە لەو کونەوە کەیبانووی

ماڵ، هه چ ئاوێکی پیس هەبێ لە ماڵیدا، بیکاتە ناو ئەو چاڵە قووڵەوە..»

لەگەڵ ئامۆژگاری پانزە رۆژیان بۆ دادەنێت تا جێبەجێ بکرێت، لە کۆتاییدا دەڵێت:

«.. جا ئەوا ئاگادارمان کردن: لە پانزەی ئەم مانگەدا ماڵەکان، دەپشکنرێن، هەر کەسێ بەقسەی نەکردبووین تەمێ خواردووی دەکەین.»

لە جێگەیەکی تری رۆژنامەکەی باسی «دەردی نان خواردن لە چێشتخانەکان» دەکات.. و بەوە دەگات کە کەس دەنگی رادیۆکانیان بەرز نەکەنەوە. واتە: ئەو بایەخی بە ئارامی و هێمنی داوە.. داواش دەکات لەکاتی نان خواردن رادیۆکان بخرێنە سەر «دەنگی نەرم و خۆش».

ئەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی (ژاوە ژاوە)، کە یەکەمین هەوڵدانی ژینگە پارێزییە لەم بوارەدا.

جارێکیش بەناو شەقامی چەمچەماڵا دەگەڕێت، چاوی بە سەرتاشخانەیەک دەکەوێ و لە خاوەنەکەی باری گوزەرانیی دەپرسێ. سەرتاشەکە گلەیی دەکا لەوەی کە خەڵکی چەمچەماڵ، بۆ کەرکووک دەڕۆن، لەوێ سەر دەتاشن، نەک لە دووکانەکەی ئەو، شاکر فەتاح تەماشای ناو دووکانەکە دەکات و، وەڵام دەداتەوە کە دووکانەکەی پیسە (ئاماژە بۆ خاولییەکەشی دەکات).. ئەگەر خاوێن رایبگرێت ئەوە خەڵکی رووی تێ دەکەن.

لە جێگەیەکی تر، شاکر فەتاح، ئامۆژگاری دەدا کە چۆن (خۆش بژین).. چۆن (شەو و رۆژ) بکرێت بە سێ بەشەوە: کار، گەشت و حەسانەوە، نووستن.. ئەمجا گەشتی ساڵانە..

گرینگتریش ئەوەیە، کە شاکر فەتاح بەخۆی پەیڕەوی قسەکانی خۆی کردووەو، راستگۆ بووە، هەر بۆیەش جێگەی متمانەو بڕوای خەڵک بووە.

# گوڵ مامۆستای مرۆڤە

«تۆش هەر تەماشای گوڵەباخ بکە. باش لێی ور دببەرەوە. بۆت دەردەکەوێ: (خودا) بە هەموو دڵنەرمی و دڵسۆزی و رووخۆشییەکییەوە، بە هەموو جوانی و کردەوە رەنگینییەکەیەوە، لەو گوڵە باخەدا بە بەرجەستەیییەوە دیارە.»

ئەوە دەقێکی وتاری شاکر فەتاحی شەهیدە لە رۆژنامەی ئاکرێ، ژمارە (٢) لە ١٩٥٠/٧/٢٢ دا»، ناونیشانی ئەم وتارەشم هەر لەو وەرگرتووە.

لە ژێر سەردێڕی (لە سروشی گولاْنەوە گوڵ مامۆستای مرۆڤە)، تاقیکردنەوەیەکی ژیانی خۆی دەنووسێت:

« لەبەر ئەوەی گوێم نەدابووە (یاسای خودایی) و پێچەوانەی بەندەکانی ئەو جوولابوومەوە.. لەبەر ئەوەی لەسەر بیروباوەڕی ناشییانەی...خۆم رۆیشتبووم بەڕێوە.. سەرگەردانیم زۆر بەسەردا هات...خەم و خەفەتێکی زۆریشم تووش هات...ئەنجامیشم بەوە گەیشت، تووشی هەژاری و نەخۆشی و دڵتەنگی بووم.. بەڵام بەهۆی ئەوانەوە وریا بوومەوەو چاوم کردەوەو گەلێک شتیش فێربووم و کردەوەو کاریشم روویان کردە چاکی!» تا دەڵێت کە (بە هۆی ئەوانەوە).. «زۆری پێ نەچوو ژیانم بەتەواوەتی گۆڕا: خەم و خەفەتم گۆڕاو بوو بە کامەرانی. نەخۆشییەکەم گۆڕاو بوو بە تەندروستی. سەرنەکەوتنەکەشم گۆڕاو بوو بە سەرکەوتن.»

ئەمجا دەڵێت: «تۆیش هەر تەماشای گوڵەباخ بکە..» تاد..

واتە: ئەو (ئەوانە)ی، کە شاکر فەتاح ئاماژەیان بۆ دەکات دەبێت «گوڵ» و «گوڵەباخ» و «سروشت» بن.

(گوڵ)، لێرەدا، بووە بە مامۆستاو رێبەرو پیر، رێگەی چارەی پیشانداوە،

چاوی کردۆتەوە، ڕێگەی گەشبینی و خودناسیی پێ ناساندووە.

ئەوە تاقیکردنەوەیەکی دەروونیی گرینگی ژیانی شاکر فەتاحە، تێدا لە جەوهەری سروشت نزیک بووەتەوە، وەڵامیشی وەرگرتووە. تاقیکردنەوەکەی لەگەڵ پایەی بەرزی (دانایی) گەورە زاناو فەیلەسووف و ئاین پەروەرە ڕزگاربووەکان، یەک دەگرێتەوە..

کە جووتبوون لەگەڵ سروشت و، یاساکانی ژیان و، گەردوون، مرۆڤ بە پلەیەکی بەرزی رووحی دەگەیەنێت و.. لە ڕاستیدا چارەسەری خۆی، یا تیماری خۆی، بەدەستی خۆی دەبێت.

لە وتارێکی پێشووتردا هێنامانەوە کە سروشت خۆی چارەی خۆی دەکات، هەروا مرۆڤ ئەگەر بتوانێت خۆی لەگەڵ یاساکانی سروشت بگونجێنێت، ئەوە دەرمانی نەخۆشییەکەی بەدەستی هەمان پزیشکە، کە سروشتە.

بۆ ئەوەی خوێنەواری خۆشەویست بە هەڵەدا نەچێت، مەبەستم لێرە نەخۆشیی فیزیۆلۆجی نییە... (هەندێ جار نەخۆشی فیزیۆلۆجیش بەدەستی سروشت دەرمان دەکرێت. ئەمەیان بابەتێکی ترە، لێکۆڵینەوەی جیاوازی دەوێ.)

سروشت، لە لای شاکر فەتاح، پەرستگا بووە، کە لە هەموو دیمەنێکیدا روخساری پەروەردگاری دیوە، ئەمە بێ ئەوەی ئیدیعای (دەروێشی و سۆفییەتی) بکات.

گرینگیی تاقیکردنەوەکەشی ئا لێرەدایە، کە هەر مرۆڤێک لەهەر جێگەو پایەیەک بێ، بۆی هەیە، مافی ئەوەی هەیەو، شیاوی ئەوەشە، کە بە پلەی (رۆشنایی) بگات...« ساڵی ١٩٩٥ لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی رۆشنایی بڵاوکردۆتەوە»

بە واتایەکی تر دەمەوێ بڵێم کە (ژینگە پەروەری)، وەکو لە حاڵەتی شاکر فەتاحدا دەیبینین، بەرەو پایەیەکی رووحی پاک و بەرز هەڵدەکشێت. وەختێک دەڵێین: هەرچی بتوانن ژینگە بپارێزن، مەبەست گەڕانەوەتانە بۆ جەوهەری

سروشتی مرۆڤانەتان.. بۆ ئەوەی ئەو بەشانەی وجوودتان بدۆزنەوە کە لێتان ون بوونە! ژینگە پەروەری لە کانگای قوولترین میهرەبانی، مرۆڤدۆستی، خۆشویستنی ژیان و خوداناسییەوە، هەڵدەقوڵێت.

ئەو دەیەوێ مرۆڤ، وەکو گوڵ، بە کەڵکی هەموو کەس بێت. هەر لەو وتارەیدا دەنووسێت:

«گوڵە باخ مامۆستایەکی جوان و شەنگ و شۆخە. ڕووخۆش و بەخشندەو ژیرە.

ئازایە و، دڵی پڕ لە خۆشەویستییە و، کردەوە ڕەنگینەو، دادپەروەرە. لە فەرهەنگەکەی ئەودا جیاوازی لە ناوەند گەورەو بچووک و، دەوڵەمەندو هەژارو، دۆست و دوژمندا نییە. نە ترسی لە دڵدا هەیەو، نە خۆپەرستی. نە قینی لە دڵدا هەیەو نە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە. چاویشی لەوەوە نییە پاداشتی بدرێتێ یاخود کرێ وەربگرێ. ژیانی ئەو پڕە لە خۆشەویستی و دڵپاکی و ئارەزووی بەخشینی بۆ کەڵکی گشتی.»

شاکر فەتاح لە ١٩٥٠/٦/١١ بۆ (ئاکرێ) دەگوێزرێتەوە، تا ١٩٥٠/٩/١٥ دەمێنێتەوە. لەو ماوە کورتەدا، وەکو هەمیشە، هەوڵ دەدات باخچەو سەیران بکاتەوەو، دەوروبەر برازێنێتەوە..سەیرانگای (کانی زەر)، سەیرانگای (سیپە)، یانەی فەرمانبەران، ئەمجا (بەهەشتی منداڵان) و چەندین کردەوەی چاکیتر، تا بە ئەمڕۆش بە جێ دەهێنێت.

لە ئاهەنگی کردنەوەی بەهەشتی منداڵانی ئاکرێ ١٩٥٠/٩/٤ دەڵێت: مەبەست لە دامەزراندنی باخچەیەک بە ناوی (بەهەشتی منداڵان) لە بەرامبەری سەرای ئاکرێ،.. «ئەوەیە منداڵەکانتان لە رووی لەش و هۆش و دڵ و دەروون و چێژەکەیانەوە بە جۆرێکی وا رابهێنین و پەروەردە بکەین کە ببنە مرۆڤی تەواو و، کە گەورەیش بوون بە کەڵکی نەتەوەو نیشتمانەکەی خۆیان بێن. واتا لە (خۆپەرستی)یەوە بیانگوێزینەوە بۆ (خودا پەرستی)...»

ئەمڕۆ، زانایان و شارەزایانی ژینگەپارێزی لە جیهاندا، بەتایبەتی بۆ

ولآتانی جیهانی سێهەم، هەمیشە ئامۆژگاری و رێنومایییان ئەوەیە کە باخچەی منداڵان، هەر چەند دابمەزرێت، هێشتا کەمە.

لەراپۆرتی ئاهەنگی کردنەوەی باخچەکەی ئاکرێ دا، هەروا باسی (ئیستگەی رادیۆی منداڵانی ئاکرێ) دەکات کە «دەنگ وباس و سازو ئاوازو گۆرانی و.. لەسەر شەپۆلێک بڵاو دەکاتەوە کە درێژایی پەنجا بستەو ژمارەی لەرینەوەکانیشی (خودا) نەبێ کەس نایزانێ. ئەویش لەساتی شەش و نیوی ئێوارەی رۆژی دووشەممەی هەموو هەفتەیەکدا بڵاو دەکاتەوە»... (ساڵی ۱۹۵۰).

شاکر فەتاح، هەر چیی لەدەست هاتووە، لەو سات و کاتەدا، بەخشیویەتی تا دڵی منداڵان خۆش بکات... ئەو لەژیانیا پەیڕەوی هونەری (دڵخۆشکردن) بووە، کە بەرزترین هونەری رزگاریبەخشی مرۆڤە لە مەینەتەکانی ئێستادا. ئەو کارانەی ئەنجامداوە، یا بەزاراوەی ئەمڕۆ، ئەو چالاکیانەی نواندووە؛ دامەزراندنی سەیرانگاکان، یانەو نووسراوخانە، بەهەشتی منداڵان و رادیۆ... بێ ئەوەی پارە لەحکومەت وەربگرێت، یا هیچ حزب و رێکخراوێک یارمەتیی بدات... بەڵکو لە پیتاکی خەڵک و تواناو بەهرەو شارەزایی خۆی و خەڵک کەڵکی وەرگرتووەو بەس... ئەمەش پەندێکی تری بەماناو پڕ بەهایە.

# دڵڕاگرتن

## چۆن بووم بە ئامۆزا "پسمام"ی "ئۆجەلان"؟

بۆ راگرتنی دڵی مێردمنداڵێکی پەککەوتەی کوردی لوبنان، لە بەیرووت، بووم بە ئامۆزای «ئۆجەلان». ئەمەش چیرۆکەکەیەتی:

لە سەردانی ئەمجارەم بۆ قاهیرە، لە مانەوەم لە دیمەشق کە وێستگەی رێگەم بوو، یەک دوو رۆژ وەختی زیادەم بۆ رەخسا... بە دەرفەتم زانی سەر لە بەیرووت بدەم تەنیا بۆ ئاگابوون لەباری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردی لوبنان و، بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر چوومە سەردانیان -هاورێ لەگەڵ دوو کوردی دڵسۆز-. پاش کۆبوونەوەیەکی فرەقۆڵی لەگەڵ چەند برا کوردێکی لوبنان، بۆ نزیکەی نیو کاتژمێر بە شاری بەیرووتدا گەڕاین و چووینە کەناری دەریای سپی. برا کوردێکی لوبنانی، کە رێنومامان بوو، دیمەنەکانی شاری پیشان دەداین. لەو کاتەی کە لە کەناری دەریا بووین، مێردمنداڵێکی پەککەوتە بەسەر چەرخەوە بەتەنیشت ئێمەدا تێدەپەڕی. زیاد نەچوو، زوو گەڕایەوە. رووی کردە رێنوماکەمان و پرسی:

- وە کرمانجن؟

ئەم گوتی: بەڵێ!

پاشان مێردمنداڵەکە لێی نزیک بووەوە، ئاماژەی بۆ من کردو، بەهێواشی شتێکی پێ گوت.

منیش گوتم: چی دبێژێ؟

گوتی: دبیژێ ئەڤە وەکی ئۆجەلانە.

یەکسەر، بەدەنگێکی بڵندتر تا مێردمنداڵەکە ببیستێ، گوتم:

– ئەز پسمامی ئۆجەلانم!

کە ئەمەی بیست رووی گەشایەوەو، چەرخەکەی وەرچەرخاندو بەخۆشییەوە ڕۆیشت. رەنگە ئەو ڕۆژە بە هەڤاڵەکانی خۆی لە بەیرووت گوتبێتی کە «ئامۆزای ئۆجەلانی دیوە». کوردی لوبنان زۆربەیان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوونە. دوور لەبەر چاوتەنگیی سیاسی، لەو چرکەیەدا– هەر وەکو لەنیگایەوە دیاربوو– وام بۆ دەرکەوت کە رەنگە وەڵامەکەی منی پێ خۆش بووبێت. مەبەستم ڕاگرتنی دڵی ئەو بوو.

(دڵخۆشکردن) و (دڵڕاگرتن)، هەر چەندە هەندێ جار بە وەڵامی خەیاڵی بێت، زۆر چاکترە لە دڵشکاندن و پەشیمان کردنەوە. نەمویست مێردمنداڵێکی پەککەوتە پەشیمان ببێتەوە، بەڵکو خستمە ئەو بڕوایەوە کە بۆچوونێکی دروستی بۆ هاتووە. رەنگە کەسانێک هەبن رەخنە بگرن و، ئەم جۆرە دڵڕاگرتنە بەجۆرێکی فریودان بزانن. لێرەوە... چەند ڕێچکەی ڕاستی لێک جودا دەبنەوە... کە چەندین پرسیار هەڵدەگرن:

– ئایا ڕۆژانە، بۆ دڵڕاگرتن، خەڵک دەیان بیانووی بێ بنەما بۆ یەکدی ناهێننەوە؟

– ئەگەر هەموو کات و لە هەموو جێگەیەک، هەموو روو بەڕووی کەموکوڕی یەکدی ببنەوە دووچاری چ دونیایەکی پڕ لە هەراو ئاژاوە دەبن؟

– ئایا چاکتر نییە دڵی یەکدی ڕابگرن و دڵی یەکدی خۆش بکەن (مەگەر لە ئاستی تاوانی دژ بە کۆمەڵ و مرۆڤ ناچار بێنە دەنگ)؟

مەولانا جەلالەدین روومی (بەڵخی) دەڵێت: دڵ عەرشی خودایە.

ڕاگرتنی دڵ وەکو حەجە.

دڵڕاگرتن خۆناسی و خودا ناسییە.

مەزنترین بەخشینیش ئەوەیە کەدڵی کەسێک، یا کەسانێک، بەجێ بهێنی، ڕابگری و خۆش بکەی، بەبێ ئەوەی بزانن کە تۆی ئەو خۆشییەت بەخشیوەو، بێ ئەوەش کە خۆت – تەنانەت لە لای خۆت– ئەو کردەوە چاکە بدرکێنی..

ئەوە ڕێچکەیەکی تاقیکراوەیە لە ڕێڕەوی ڕزگاریی مرۆڤ و، هەڵکشانی بەرەو کەماڵی رووحی، گەیشتن بە شادمانی، کە- وەکو دانایان دەڵێن- ئامانجی ژیان و وجوودە.

کە باسی کوردی لوبنانم کرد، سوود بەخشترە ئەگەر پێچێک لەسەری بڕۆم.لە راستیدا وتاری مامۆستای بەڕێز د. مارف خەزنەدار، لە ژمارەی رابردووی «گوڵان» دەربارەی کوردی لوبنان، منی بزوان تا باسی لوبنان و مێردمنداڵە پەککەوتە کوردەکەی بەیرووت بکەم..گەرنا لە سەردانەکان تووشی زۆر تێبینی و دیمەن و زانیاری سەیر دەبم، کە بەشێکیان دەنووسمەوە، بەڵام بڵاوی ناکەمەوە، ئەمەش بۆ چەندین هۆکاری تایبەت دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ئەمجارەیان لە قاهیرە سەرم لە (مووزەی ئەحمەد شەوقی)دا، هەروا سەرم دا لە شارۆچکەی بەرهەمهێنانی راگەیاندن (مدينة الانتاج الاعلامي)، کە بۆ وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنییە (نیمچە هۆلیودێکە)... و چەند جێگەی ترم دیت، جگە لە ئەنجامدانی مەبەستی سەرەکیی سەردانەکە. ئایا وەختم کەمە بۆ گێڕانەوەو بڵاوکردنەوەیان؟ نازانم... رەنگە هۆیەکی قووڵتر پاڵم پێوە دەنێ تا «نەڵێم»... چییە؟ دیسان نازانم... بگەڕێمەوە سەر وتارەکەی بەڕێز د. مارف، کە دەڵێت: کوردەکانیش (لە لوبنان) لە ئەنجامدا دەبن بە عەرەب (وەکو خەڵکانی تری لوبنان). سەرنجی مامۆستا راستە، بەڵام تا ئەو رادەیەی کە بێدەسەڵات و بێدەنگ بین بەرامبەر بە کوردی لوبنان. ئەگەر وەکو ئێستا بڕوات، بەڵێ.. هەر لە ئێستاوە بەشێکی کوردی لوبنان، بە زمان و کولتوورو کەسایەتی، خەریکە دەبن بە عەرەب، بەتایبەتی نەوەی تازە کە فێری زمانی زگماکی خۆی نەبووەو، فێر ناکرێت! کە لەگەڵ برایانی ئەوێمان دانیشتم، دەبینم دەردە دڵیان ئەوەندە زۆرە، دەردی خۆمانم لە بیرچووەوە. دیارە هەندێکیان وریاو هۆشیارو زۆریش دڵسۆزن. بە وردی و تیژبینی کێشەی خۆیان شی کردەوە.

لە لوبنان هەر قەوم و تایفەیەک «ماڵی» خۆی هەیە... ناوەندێک، یا چەند (یانە، ناوەند، ماڵ)ی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی، وەرزشی و تەندروستی و

خێرومەندانەیان هەیە... ئەرمەنەکان بۆ نموونە، وەزعیان زۆر باشترە، تەنانەت جێگەیەکیان هەیە وەها ئاوەدانیان کردۆتەوە، کە بووە بە (گیتۆ)ی تایبەتییان.. جگە لە پێگەو مەرکەزیان لە پەرلەمان، حکومەت، و داوو دەزگاکان. ئەوە ئەرمەن کە کەمایەتین. بەڵام تایفە بلوکیەندەکانی گەورەتر، وەکو شیعە، سوننی، مارونی، دروزی و.. ئەوانی تر، هەریەکە پێگەی پارێزراوی بە دەستوورو یاسای هەیە.

لە لوبناندا تەنیا کورد هیچی نییە و، هیچ حسابێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ نەکراوە. کورد لە «خانەی» سوننی دانراوە. بەڵام دەزگای سیاسی سوننی تەنیا دەنگی کوردی دەوێ و، لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو دەنگە دەدەن.. بەڵام بە هەرکێی بدەن. پاشان لە بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە.

بە کورتی داوای (٣) شت دەکەن:

١- ناوەندێکی کوردی (سەر بە هەرێمی کوردستان) لە لوبنان بکرێتەوە، باشترە ئەگەر رۆشنبیریی بێت.

٢- ناوەندێکی رۆشنبیریی بۆ کوردی لوبنان، وەکو (ماڵێکی کوردی لوبنان)، یا قوتابخانەیەکی گەورە بۆ چەندین کاروبار: فێربوونی زمانی کوردی، کۆڕو کۆبوونەوە، شایی و کۆڕو کومەڵەی تر...تاد!

٣- گۆڕستانێک !.. زۆر خەفەتم خوارد، بەتایبەتی وەختێک گوتیان کە بستە زەوییەکیان نییە مردوویان لێ بشارنەوە. ناشتنی مردوو پارەیەکی زۆری دەوێت. داوایان کرد ئەگەر، بەهەر شێوەیەک بێت، پارچە زەوییەک بۆ گۆڕستانی کورد لە لوبنان، بۆیان تەرخان بکرێت. بەغەمباری گەڕامەوە...

# دڵدانەوە

-«بەخۆت مەنازە»..

- «خۆ بە زل مەزانە»..

ئەوانەی کە ئەمە دووبارە دەکەنەوە زۆر کەم بووە لە خۆیان بپرسن... ئایا ئەوان چەند پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی خۆیان دەکەن؟

گوتنەوەی ئامۆژگاری وەها ئاسانە... بەڵام گرینگ پەیڕەوکردنیەتی، ئەویش کە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین.

- گیانە... تەنگاو مەبە. خۆت دڵتەنگ مەکە. هەموومان، وەکو یەک، کەم و زۆر، بەهەڵەدا دەچین.

- بە هەموو ئەو کەسانەی کە بەدبینی لێت دەگێڕنەوە بڵێ.

- برام... زۆری لەسەر مەچۆ.. ئەتۆ، ئەگەر سەر بکەویت، لە هەرکارێکدا بێت، ئەوە شانازیی سەرکەوتنەکە دەدەیتە پاڵی خۆت. بۆ هونەرو کارامەیی و ئازایەتی خۆتی دەگێڕێنیتەوە.

بەڵام ئەگەر، لەو کارەدا، سەرنەکەوی...چی؟

ئەوە هۆی سەرنەکەوتنی دەدەیتە پاڵی ئەم و ئەو، یا شانس و چارەڕەشی، یا هەلومەرج و بارودۆخی نەگونجاو... تاد!

لێرەدا، باشترە لە خۆت بپرسیت کە:

- ئەگەر هۆی سەرکەوتنت هەر تواناو بلیمەتی خۆت بێت، دەبێت شکست و سەرنەکەوتنیش بۆ کەموکوڕی خۆت بگەڕێتەوە. خۆ... ئەگەریش سەرنەکەوتنت بۆ شانس و قەدەرو ئەوانی تر بگەڕێتەوە، ئەوە دەبێت سەرکەوتنت بەهۆی ئەوانی تر و هەلومەرج و قەدەرەوە بێت.

بۆچی کە سەر بکەویت، ئەوە خۆت قارەمانی...؟

بەڵام کە سەرنەکەوتیت، ئەوە خەتای خەڵکی ترە؟

- برێک بەخۆدا بچۆ، ورد ببەوەو بپرسە:

کامەیان تۆی؟

ئەگەر سەرکەوتوو... خۆت بیت، ئەی بۆچی سەرنەکەوتوو یەکێکی ترە؟ بۆچی هەمیشە وەها راهاتووین کە ئۆباڵی شکست و سەرنەکەوتنمان بدەینە پاڵی دەوروبەر، شانس، «محارەبە»ی خەڵک، هەلومەرج... تاد!؟

بۆچی- بەپێچەوانەوە- لەوە بیر نەکەینەوە، کە خۆمانیش هۆی سەرنەکەوتنی خۆمانین... هۆی لاچوون لە سەر کار، دواکەوتن لە پلە، فێرنەبوون، نەزانین و، نەگەیشتن، داماوی، و زۆر شکستی تریش؟

نەبەس لە بواری کەسایەتی (تاک)دا، بەڵکو لە ئاستی (کۆمەڵگەشدا)، هۆی دواکەوتن، دەبێت، بۆ کەموکوڕی زاتیی ئەو کۆمەڵگەیە بگەڕێتەوە.

راستە دەوروبەرو، هەلومەرجی بابەتی و، بارودۆخی سەردەم، کار دەکەنە سەر سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی هەر کەسێک، یا میللەتێک... بەڵام ئەو هۆیانە کە بابەتی و دەرەکین، هەمیشە هۆکاری پلەی دووەمن.

هۆکاری پلەی یەکەم... زاتی و خودی تاک، یا کۆمەڵن. گەلی کورد بەخۆی بەرپرسە لە داماوی و دواکەوتن و سەرنەکەوتنی تا ئێستا. بۆ دۆزینەوەی راستیی دواکەوتن دەبێت، بەشوێنی هۆکارە زاتی و ناوەکییەکاندا بگەڕێین.

لەهەر پلەو جێگەو کاتێکدا، وەختێک تووشی شکستێک دەبی، هەر چەندە بچووک و لاوەکی بێت، دەبێت یەکسەر روو لە خۆت بکەیت و بپرسیت:

-«باشە، ئەوە هەڵوێستی ئەوانی تر (دەزگا، قوتابخانە، فەرمانگە، حزب...تاد!)، و ئەوە سزایان بەرامبەر بە من... بەڵام ئایا من چیم کردبێت تا ئەوانی ترم بە ئەم هەڵوێستە گەیاندبێت؟ تۆ بڵێی خەتا و کەموکوڕی من چی بێت؟» بەم جۆرە لەخۆ پرسینەوە (بەتایبەتی ئەگەر جیدی بێت و لە گۆشەیەکی ئارام و تەنیادا ئەنجام بدرێت)، بە بێگومان هۆکاری خۆیەتی دەدۆزیتەوە: چ

شێوەی بیرکردنەوە یا دەربڕین وشەیەکی ناگونجاو یا هەنگاوێکی ناوەخت، بێ حورمەتی یا هەر کارێکی ناشایستە، یا دژی دابونەریت، و یاساو...تاد!)، بێت.

ئەگەر هەمیشە بەو شێوەیە (دڵی خۆت بدەیتەوە)، ئەوە زوو بە زوو بەو شێوە رەفتارە ئیجابییە دەگەیت، کە زاتی ئەوەت هەبێ، (دڵی خەڵکیش بدەیتەوە).

دڵدانەوە، لە رووی دڵسۆزی و راستپەروەری و بێ باکییەوە، نەک بۆ دووروویی و داپۆشین، هەنگاوێکی سەرەتایی و بنچینەیی گەیشتن بەپلەی خۆشویستن و میهرەبانییە.

ئەوەش بڵێین: کە مەرج نییە، ئێمەی کە ئەوەندە باسی میهرەبانی دەکەین، بەو رادە بەرزەی میهرەبانی گەیشتبین.

بەزەیی و میهرەبانی و خۆشویستنی خەڵک، وەکو خۆت، رەوشتێکی بەرزی مرۆڤدۆستانەی خودا دادییە. من بەش بەحاڵی خۆم، دان بەوەدا دەنێم، کە هێشتا زۆرم ماوە تا بەو پلەیە بگەم.

ئاسان نییە ئەو بەها بەرزانە پیادە بکەین.

بەڵام گوتنەوەیان، لە هەموو حاڵەتێکدا، چاک و پیرۆزە.

هەزاران ساڵە، پیاوچاکان، فەیلەسووف و دانایان، قسەی چاک دەکەن و... دەیان هەزار کتێب و نووسراویان، لەو بارەیەوە، بەجێ هێشتووە. وتەی چاک، چاکە... لە زاری هەر کەسێک بێتەدەر.

تەنیا هەر ئەوەندەی، کە تا ئێستا ئامۆژگاری مرۆڤ کراوە، پەیڕەویی بکات، دەچێتەوە ریزی فریشتەکان.

بەڵام مەبەست... (فریشتەبوون) نییە... بەڵکو تەنیا (مرۆڤ بوون) بەسەو، بەرزترین سەرکەوتنە. دەتوانیت بەخۆت بڵێیت:

– هەوڵ دەدەم، هەمیشە، هەموو ئەوانەی خراپەم دەرهەق دەکەن، ببەخشم... شایانی پلەی (بەخشینی)و (لێبوردن) ببم.

– جەختم بۆ ئەوەیە دڵی خەڵک بدەمەوەو، ئارامی بخەمە دڵانەوە. چاکەو خراپەش، هەر ئەوە نییە کارێکی چاک ئەنجام بدەیت، یا کارێکی خراپت لە دەست دەرچێ.

بەڵکو هێشتاش، دەتوانی بڵێیت:

– ئەگەر کارێکی چاکت لەدەست بێ و، نەیکەیت... خراپەیە. ئەگەریش بتوانی کارێکی خراپ بکەیت و، نەیکەیت... چاکەیە.

ئەم وردە رازو گلەیییە... دڵدانەوەیە.

کەس لە ئێمە فریشتە نییەو، نابێت بە فریشتە.

بەڵام گرینگ ئەوەیە، تۆزێک لە چڵپاوی خراپەو بەدبینی و دڵڕەقی دووربکەوینەوە. بڕێکیش لە گیانی میهرەبانی و بەزەیی و دڵدانەوە نزیک بکەوینەوە. ئەوەندەش چاکە.

# ناڵەی جودایی

– هەر خوێنەوارێکی بە زەوقی شیعر، دەبێ بزانێ کە من ئەو ناونیشانەم لە شیعری نەمری (هێمن) وەرگرتووە، کە لە ژێر هەمان ناونیشانا هاتووە: «ناڵەی جودایی»...کە ناڵەیەکی بەسۆزی دەردی دوور وڵاتییە، ئامێتەی ناڵەکەی جەلالەدین روومی (مەولەوی)یە، کە سەرەتای مەسنەوی (مثنوی) یەکەی لە (ناڵەی نەی)یەوە دەردەچێ:

«گوێ بگرە لەم نەیە چۆن دەناڵێنێ

«چۆن لە داستانی جودابوونەوە شکایەت دەکا...تاد!

نەی، بلوێر، یا شمشاڵ... لە ئامێرە هەرە کۆنەکانی مۆسیقایە... ئاوازی (نەی) لە دەروونێکی قووڵی نادیاری وجوودەوە دەلەرێتەوە، هاوار و فیغانیەتی بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، ئەسڵ، دڵ و بەهەشتی دایک... کە لەلای (مەولەوی روومی) هەمان رۆحی جاویدانە.

رۆح، وەکو هەر شتێکی تر، عەوداڵی گەیشتنەوەیە بۆ مەنزڵی خۆی. هەر وەکو لە خوێندنەوەی مەولەوی خۆمان (مەولەوی تاوەگۆزی) تێر نابم، هەروەهاش تائێستا لە خوێندنەوەی (مەولەوی روومی) تێنوویەتیم نەشکاوە.

ئاوازی ئەم (نەی)یە مێژووی رۆحە، پڕ لە داستانگەلی دڵگیرە.

بەهاری رابردوو رێگەم کەوتە شاری (لۆس ئەنجلوس)ی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا. بەناو شارا گەڕاین (لەگەڵ دوو هونەرمەندی خۆشەویست بووم)...و بە جادەی بازاڕی ئێرانییان گەیشتین. لەم شارەدا نزیکەی یەک ملیۆن ئێرانی دەژین.

کە چاوم بە کتێبفرۆشییێک کەوت، وەکو هەمیشە، چوومە ژوورەوە. پڕبوو لە

کتێبی فارسی نایاب و کاسێتی مۆسیقا و گۆرانی و ئامێری جۆر بەجۆر. لەوانەی کە کڕیمن کاسێتێکی سادە بەناوی (بەنام دۆست)ی فارسی بوو، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی کە تەفسیرێکی شیعری (مەولەوی روومیی) تێدا تۆمار کرابوو، تەنیا شیعری (نەی، بشنوازنی...) لە تەفسیری (د. حشمت الله ریاضي)، مامۆستای ئەدەبیات و فەلسەفەی زانکۆکانی ئێرانی، دیوێکی کاسێتەکەو، شەرحی حەوت پلە (هەنگاو)ی عیرفانیی، دەگرتەوە.

که گەڕامەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە (ئەنکەرە) گلم خواردەوە.

یەک دوو رۆژم فەراغ هەبوو. پاش پرسیار لە جێگەکانی گەشت وگوزار، سەردانی مەزاری جەلالەدین روومی (مەولەوی) لە شاری (کۆنیە)م هەڵبژارد.

رێگەی ئەنکەرە تا کۆنیە نزیکەی ٣ سەعات بە ئۆتۆمبێلە. کە کەوتینە رێ، ئەوجا کاسێتەکەی لۆس ئەنجلوسم بەیاد هاتەوە. کەتا ئەو کاتە گوێم لێ رانەگرتبوو. بەدەم رێگەوە (د. حشمت الله ریاضي) بە دەنگێکی ئارام تەفسیری ناڵەی نەیەکەی مەولەوی بۆ دەکردم... تا کە بە کۆنیە گەیشتم چوومە کەش و هەوای رۆحیی فەلسەفەی مەولەوییەوە. لە مەزارەکەی ئاوازێکی دڵنشینی (نەی) پەخش دەکرا... پاش دیتنی مەزاری خۆی و یارانی، بە مووزەخانەی بچووک، بەڵام گرینگی پڕ لە ئەرشیفی نایابم دیت. ئەمجا کە هاتینە دەرەوە دوو سێ کاسێتی (نەی)م کڕی، کە ئاهەنگی مەولەوییانە بوون.

نەیی مەولەوی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ لوس ئەنجلوس، لەوێوە بۆ ئەنکەرە، ئەمجا کۆنیە، منی پەلکێش کرد. لەوێدا دوو هۆنراوەی کوردیم بەیاد هاتەوە «دەروێش عەبدوڵڵا»ی گۆران و، (ناڵەی جودایی) هێمن... ناڵەی جودایی... ئەوە ناونیشانی شیعرە نەمرەکەی (هێمن)ە، کە تێدا بۆ (ئەسڵی خۆی) دەگریێ و دەڵێت:

«چۆن نەناڵی ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟!

«چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟!

«چـۆن نـەنـاڵـێ ئـەو دڵـە ئـەنـگـاوتـەیـە؟!
«بـەرد لە بـەردی بێـــتـــەوە دەنگی هـەیـە
«ژانـی نـاسـۆری جـودایـیم چێـشـتـووە
«هـەر چی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە
«هـەڵـبـــــــڕاوم مـن لـە یـاری نـازەنـین
«دەرکـــــراوم مـن لـە خـــاکـی دڵ نشـین»

ئەم (خاکە دڵ نشینە)، کە لەلای هێمن کوردستانە، هەر هەمان هێمایە بۆ ئەو (ئەسڵەی) کە مەولانا جەلالەدین روومی لە سەرەتای (مەسنەوی)دا ناوی دەبا... کە رۆحی مرۆڤ هەمیشە بەیادی گەڕانەوە بۆ (ئەسڵی خۆی) دەکەوێتەوە، شەوقی گەیشتنەوە بە ئەو ئەسڵە وەکو، ئاوازی بلوێر (نەی-شمشاڵ) وەهایە، کە تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵی خاک و نیشتمانەکەی.

خاکی دڵنشینی (هێمن)، کوردستانە.

خاکی شمشاڵ، قامیشەڵانە.

ئەو تەڵە قامیشەی کە شمشاڵی لێ دەتراشن، وەختێک بە هونەری شمشاڵژەن دێتە زمان، بە ناڵەیەکی بەسۆزو بەکوڵ دەدوێ، کە (ناڵەی جودایییە).... جودایی لە ئەسڵی خۆی، لە قامیش و قامیشەڵانە.

مەولەوی جەلالەدین، هێشتا، مانایەکی بەرزتر بە ناڵەی شمشاڵ دەدات، و دەڵێت: کە رۆحی مرۆڤ، وەکو ئەو بلوێرە وایە، کە دەردی دووری خۆی لە (ئەسڵی خودایی) خۆی و، تاسەی دەروونی بۆ گەیشتنەوەو شادبوونەوە بەو سەرچاوەیە، دەڵێتەوە.

لەو شیعرەدا، (هێمن) سۆزی خۆی تێکەڵاوی سۆزی شیعری جەلالەدین (مەولەوی) دەکات و دەڵێت:

جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی).

(بشنو از نی چون حکایت مـــــیکند)
(از جـــــدائیـــــهـــا شکایت می کند)
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز!
تا بنالێنم وەکـــــو بلوێر بە ســـــۆز
نابێ قـــەت نالەی جـــودایی بێ ئەســـەر
جـــا چ نەی بیکا چ پیـــاوی دەربەدەر
بۆیە نالەم تێکەڵی نەی کــــــــردووە
شـــێـــوەنێکم پێـــیـــە نەی نەیکردووە
لێم گـــەڕێ با دەربڕم ســـۆزی دەروون
لێم گـــەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی روون
شـــیـــوەنی من شـــیـــوەنی ئینســـانیـــیـــە
بانگی ئازادی و گـرۆی یەکسانیـیـە»..... تاد!

(هێمن) مـــاناو لێکدانەوەی نالەی (نەی)، لەگـەڵ مـانـای فـەلسـەفـیی جەلالەدین روومیی تێکەڵاو کردووە.

هەردووکیان لە دەردی دووری و نامۆبوون دەدوێن:

ئەو لە دووری وڵات و، ئەم لە دووریی ئەسڵی خودایی، بەڵام نامۆیی، بە هەر هۆیەک و بە هەر شـێـوەیەک بێت، یەک دەردو هەمـان چێژی هەیە. بێگومـان ئەسڵ و سەرچاوەکەی شیعری مەولەوی قووڵتر و فراوانترە.

(گۆران)یش تووشی دەردێکی دووری وەها بووە، کە سـووچێکی جیـهانی رۆحی دەگرێتەوە.

(گـۆران) هاوار بۆ (دەروێش عـەبدوڵڵا) دەبا، تا بە ئاوازی شمـشاڵەکـەی بیـهـێنێـتـەوە (ئەسڵی میللی) خـۆی، کـە هەمـان (ئەسڵـە) کـە لێی جودا بووەتەوە... واتە: هەمان وەرگەڕانەوەیە بەرەو سەرچاوە.

دەروێش عـەبدوڵڵا شـمـشـاڵ ژەنێکی بەهـرەدار بووە، لە هەورامـان ژیاوە.

(گۆران) بەم شێوەیە رووی تێ دەکا:

به رەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ

ئەمجا (گۆران) دووری خۆی لە (ئەسڵی هونەریی خۆی) بەم شیعرە دەردەبڕێ:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆڵی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵڵا
دە، ئەی دەروێش، سکالایەک لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە!

# ئازادیی ویژدان

بۆم دەنووسێت و دەڵێ:

پیرێکی دانایە.

(ئەو)، لە مێژە، کە لە دونیا دابڕاوە.

خۆی مراندووە. دەزانێ کە وەختێک دەڕوا، لەو جیهانە جوانترە، گەشتر لە دایک دەبێ، ئازادتر دەژی.

دەڵێ: «یاران، پرسەم بۆ دامەنێن!»

(ئەو) ئازاد بووە. بە ئازادیی ویژدان گەیشتووە.

بەو ئازادییە شاد و مەستە. تێگەیشتووە کە ئازادیی بابەتیی (دەوروبەر، کۆمەڵگە، یاسا و دەزگاکانی کۆمەڵ) پەیوەستە و گرینگە. بەڵام گرینگتریش (ئازاد بوونی ویژدانە).. ئەمەیان مەرجی خودیی بنچینەیی ئازادییە.

ویژدانی ئازاد ناسنامەی مرۆڤی ئازادە.

(ئەو) دابڕاوە لە هەر شێوەیەکی دڵبەستن بە دونیاوە (کاروباری ژیانی ئەم دونیایە)... بەڵام هەموو ئەرکەکانی رۆژانەشی وەکو هەر مرۆڤێکی دی بە بێ وچان ئەنجام دەدات.

ئەوانەی وەکو (ئەو)ن پشت ناکەنە ژیان و دونیا. بە شەوقەوە کار دەکەن، لەزەت لە داهێنان و خزمەت دەبەن.

مەگەر ئەمە چ جۆرە پێوەندییەکە بە دونیاوە.. کاری تێدا بکەن، رەنج بکێشن، و ماندوو ببن، بەڵام بە هیچیشەوە دڵ نەبەستن و نەبن بە کۆیلەی هیچ داخوازییەکی تایبەتی خۆیان؟

(ئەو)یش لەو کەسانە بوو کە بەو پلە بەرزەیە گەیشتبوو... کە دانایەکی تر

ناوی لێ دەنێت: (کاری بێ کار).. واتە: لە هەمان کاتدا، کە بە تەواوی وزە و توانا و لێزانینەوە کاری ئاسایی ڕۆژانەی خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام تۆزقاڵێک خەمی کار و ئەنجامەکەی ناخوات و، چاوەڕوانی بەرهەمی نابێت.. هەرچەندە، لە قووڵایی ویژدانەوە، خۆی بە بەرپرسی هەموو کارەکانی خۆی و دەوروبەری دەزانێت، بە وردی چاودێری بیر و وتە و کرداری خۆی دەکات، نە بادا زیان بە ئازادیی ویژدانی بگات. ئەو خــاکــیــیــە. (ئەو) لەوێدایە، لە ویژدانی ئازادی خۆیدا، هەر بۆیەش مەست و بێ باکە، دڵ لە دڵ ئاگادارە.

ئەوەیە سەرگوزەشتەی دانایەکی هەولێر.

لە (ئەو) وە فێری وانەی (ئازادی) ببین. کە ئازادی بەرپرسێتییە. واتە: تۆ تەنیا ئەوەندە ئازادیت کە ویژدانی خۆت ئازاد کردبێت و، خۆت بە (بەرپرس) بزانیت بەرامــبــەری هەبوون و نەبوون، بەرامــبــەری گــشت بوونەوەر و گیانلەبەرێک.. ئەو کاتەیە کە تۆ بە (ئازادی) و (میهرەبانی) گەیشتووی. فەلسەفەی ژینگە پەروەری لەم میهرەبانییەوە هاتووە.

لەو روانگەیەوە بە (رابندرانت تاگور)ی شاعیری هیندوستانیان گوتووە کە «ویژدانی بەشەرە»، چونکە ئەم هەمیشە هەوڵی داوە گشت بەشەر بە یەک چاو تەماشا بکا و، جیهانی خۆش ویستووە، بە بەشەر و گشت گیانلەبەرێکەوە. کەسانێکی زۆر هەبوونە و هەن کە وەکو (تاگور) بوونە بە ویژدانی بەشەر.

(ئەو)ی ئێمــەش وەکو ئەوان مــەزنە، بەڵام خــۆی قــەت قــایل نیــیــە پێی بگوترێت: «مەزن، گەورە، بەرز.. دانا، زانا.. تاد!» (ئەو) تەنیا ئارەزووی ئەوەیە کە هەر خۆی بمێنێ، بە ویژدانی ئازادی خۆیەوە بژی.

ئەم (خــۆبوون)ە زۆر جــیــاوازە لەگــەڵ (خــۆپەرســتی)، بەڵکو بە تەواوی پێچەوانەیەتی.

(خۆبوون)، سەربەستی و سەربەخۆیی کەسایەتییە لە ئاستێکی پیرۆز و جواندا، بە بێ ئەوەی هیچ سوودێک لەو ســەربەخــۆیــیــە، دژی خــەڵکیــتــر، وەربگرێت. ئەبەد ناهێڵێ هیچ کەسێک زیانی لێ ببینێت.

ئازادیی ویژدان و خۆبوون و سەربەخۆیی هێزێکی پتەوی مەعنەویی وەهای پێ دەبەخشێ کە بە پێواری دونیایی ئێمە، بێ هاوتایە. بەڵام ئەبەد لەو (هێزە) بۆ سوودی تایبەتی خۆی کەڵک وەرناگرێت. دەشیەوێ کە هەمیشە ئارام، بێدەنگ و، نەناسراو بمێنێتەوە.

ڕەنگە لەم چەند رستەیەش رووحی برەنجێت، چونکە لەوەیە زیاد لە پێویست دەسمان خستبێتە ناو جیهانە کشوماتەکەیەوە، کە چەند جوان و دڵڕفێنە!

ئەوەندەمان بۆ دەمێنێتەوە کە ئومێدەوار ببین بەوەی کە تیشکێک لە رووناکیی ویژدانی ئەو بەر ئێمە بکەوێ.. قومێک لە سەروچاوەی زوڵاڵی دانایی ئەو بخۆینەوە.

(شری سوامی ساتچیدا ئاناندا) کە دانایەکی مەعنەوی هیندوستانە، و لە ئەمەریکا دانیشتووە، لە کتێبێکی بە ناوی (ئەم لەحزە زێڕینە)دا، بە وردی ئەوە دەگێڕێتەوە کە مرۆڤ لە هەر سات و کاتێکدا دەبێ و، دەتوانێ، چرکەکانی ژیانی بقۆزێتەوە و، دەست بکا بە پاککردنەوەی خۆی و ویژدانی. دەڵێ: «ئەم لەحزەیە لە دەس مەدە» و بەرەو خۆناسین و خواناسین هەنگاو بنێ.

داستانگەلی کورت، سادە، جوان و بە مانا دەگێڕێتەوە. یەکێک لەوانە: (تیروڤالاڤار)ی نووسەری یەکێک لە دەقە پیرۆزەکانی باشووری هیندوستان، بە درێژایی ژیانی لە (ڤاسوکی)ی هاوسەری داوا دەکات، هەمیشە لەسەر سفرەی نان خواردن، دەرزییەک و قاپێکی ئاو دابنێ. رۆژگار دێت و دەڕوا، (ڤاسۆکی) بەردەوام (دەرزی و قاپی ئاو) لەسەر سفرە دادەنێ، بێ ئەوەی لە مێردەکەی بپرسێ کە مەبەستی لەوە چی بووە. تا رۆژێک (ڤاسۆکی) نەخۆش دەکەوێ و ئیتر لەمەرگ نزیک دەبێتەوە. مێردەکەی کە دەبینێ ئەو نەختێک ئاڵۆزە، لێی دەپرسێ:

– (ڤاسۆکی! پاش ئەم ژیانە دوورودرێژەت لەگەڵ من و، ئاگابوونت لە

فەلسەفەی من دەربارەی مەرگ و ژیان، بۆچی چارەت وەهای لێ هاتووە؟ ئایا لە مردن ترساوی؟)

(ڤاسۆکی) لە وەڵامدا گوتی:

– نەخێر! لە ژیانما لەگەڵ تۆدا لە چەمکی مەرگ گەیشتووم، و من لە مردن ناترسم، بەڵام هێشتا پرسیارێکی بێ وەڵام ماوەتەوە، خۆت دەزانی کە من هەمیشە لە کاتی نانخواردن قاپێکی ئاو و دەرزییەکم لەسەر سفرە داناوە. بەڵام هەرگیز نەمدی رۆژێک لەوانە کەڵک وەربگریت. بەس دەمەوێ بزانم ئەوانە لە بەرچی بوون؟»

(تیروڤالاڤار) گوتی:

– «ئەوانە بۆ ئەوە بوون، ئەگەر دانە برنجێک لە دەستم کەوت، بتوانم بە دەرزی دانە برنجەکە هەڵبگرمەوەو، لە ناو ئاوی قاپەکە بیشۆمەوەو، بیخەمەوە سەر قابلەمەی برنج، تا بیخۆم.»

بەڵێ! ئەو ئامادە بووە دانە برنجێکیش هەڵبگرێتەوە، بیشواتەوە و بیخوا. ئەوەش نیشانەی رێزلێنانی خۆراکە..

بەڵام بە درێژایی ژیانیان هیچ دانە برنجێک لە دەستی نەکەوتە خوار.

لێرەدا گیانی (بەرپرسێتی) بەرامبەر بە خۆراک و، کاروباری تری دونیاش، خۆی دەنوێنێ.

ئەو کەسەی دەربەستی دانە برنجێک بێ، بێگومان دەربەستی پاراستنی شتە پیرۆز و پێویستییەکانی دیکەی ژیانیش دەبێ.

ویژدانی ئازاد بەرپرسێتییە، سەربەستیی مرۆڤە، دابڕانە لە جیهان.. لە هەمان کاتیشدا خۆشویستنی گشت بوونەوەرێکی جیهانە.

لە داستانەکانی تری (.. ساتچیرا ئاناندا) دەربارەی (دابڕان) لە پێوەندی و خواستەکان.

وەزیرێکی دانا بە ناوی (سوامی) کە هەمیشە جێگەی رێزی پادشاکەی و خەڵکی وڵاتەکەی دەبێ، رۆژێک بەوە دەگات کە دەست لە پلەو پایە و هەموو

بەرژەوەندییەکانی هەڵدەگرێت و، دەڵێ: «ئیتر نامەوێ بە هیچ ماڵ و پلەو شتێکەوە خۆم ببەستمەوە. تەنیا دەمەوێ ئازاد ببم.»

هەموو شتێکی بەجێ هێشت و، لە پەرستگایەک پەنای گرت. ئیتر دادەنیشت و، هیچی تر... تەنیا خواپەرستی نەبێ.

لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی دانا و خۆشەویست بوو، پادشا یەکێکی نارد بەڵکو بیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەهاتەوە. ناچار پادشا بەخۆی رۆیشت، تا گەیشتە سەری لە پەرستگاکە. پادشا بەسەرپێوە لە وەزیری دانیشتووی پرسی:

– سوامی!

* بەڵێ!

– ئایا دەمناسیتەوە؟

* بەڵێ دەتناسم.

– تکایە بڵێ: لەو کاتەوە کە لە هەموو شتێک دەستت هەڵگرتووە و لێرە دانیشتووی، چیت بە دەست هێناوە؟

* وەزیر تەماشای پادشای کرد و گوتی:

– تا دوێنێ من رادەوەستام و تۆ دادەنیشتی. ئەمڕۆ من دانیشتووم و تۆ راوەستاوی. ئەمە یەکەمین شتە کە بە دەستم هێناوە!»

مرۆڤ کە توانستی خۆی لە داوی پێوەندییەکان رزگار بکات و، دەست لە هەموو شت هەڵبگرێت، بە ئازاد بوونی ویژدان دەگات و، دەبێت بە پادشای خۆی. ئازادانە دەدوێ.

# خۆت ناسنامەی

زۆر دوور مەڕۆ. ناسنامەت لەگەڵتا لەدایک دەبێ. لە مۆری پەنجە، تا دەنگ و ڕەنگ و، ئارەزوو و خولیاکانت، ئەمجا زمان و ئەدەبیات و بیرو داوونەریتی دەوروبەرت، بە گشتی دەبن بە «ناسنامە»ت.

کۆمەڵگەش وەکو تاکی کۆمەڵ، بە درێژایی مێژوو ناسنامەی خۆی دیاری دەکات، کە هەمان ناسنامەکەی تاکە و، لەمدا خۆی دەنوێنێ.

هەندێ کەس وێڵن بە «شوێنی ناسنامەدا» و، هەمیشە دەپرسن: کامەیە ناسنامەمان؟ ئەمانە لە«دەرەوەی خۆیان» و «دەرەوەی ژیان و مێژووی میللەتەکەیان» لە ناسنامە دەگەڕێن.. تارادەیەکیش وایان لێدێت لە خەڵکی تر داوای «ناسنامە»ی خۆیان بکەن، لە کاتێکدا هەمووی لە لای خۆیانە. ئەمە وەکو ئەو کەسەیە کە ناوی خۆی لەبیر چووبێتەوە، بە یەکێکی تر بڵێ: ئەرێ، ناوم چییە؟! من لە کوێم و چی دەکەم؟! بۆ کوێ دەڕۆم؟

مرۆڤ ناسنامەی خۆی دەزانێ.. گەر بەخۆیدا بچێتەوە، لە دەروونی خۆیدا بگەڕێ، وەکو دەریاوانێکی دلێر، ئەوە بێگومان مرواریی بەنرخی بە دەست دەکەوێ، خۆی دەناسێتەوە، کە گرینگترین ناوەرۆکی ناسنامەیە، جیهانی ویژدان پێکدێنێ.

کەس ناتوانێ، وەکو خۆت، خۆت پێ بناسێنێت.

واتە: لە جەوهەردا خۆناسین کردارێکی خودییە. گەر بەخۆت بە دەستی نەهێنی، ئەوە هیچ کەسی تر ناتوانێ لە جیاتیی تۆ بۆتی بدۆزێتەوە.

لە ژیانی کۆمەڵگەشدا ناسنامەی میللی، یا نەتەوەیی، دەبێ تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بە خۆیان بیدۆزنەوە (کە هەمیشە هەیە)، ناونیشانی لێ بنێن و بیپارێزن.

هەندێ شت هەیە دەتوانی، یا ناچار دەبی، لە دەرەوەی خۆت بیهێنی.. وەکو تەکنۆلۆجیا، زانست، گەنم، برنج و شتی دی.

بەڵام، بۆ نموونە، (زمان)ی زگماکت کە رەگەزێکی گرینگی ناسنامەیە، تەنیا هی خۆتە و، لەگەڵ خۆتە، ناتوانی لە جێگەیەکی تر بیدۆزیتەوە. ئەگەر بەخۆت نەیپارێزی و پێشی نەخەیت، ئەوە هیچ کەسێکی تر (واتە هیچ میللەتێکی تر) لە جیاتی تۆ خەمی مان و پەرەسەندنی زمانت ناخوا.

هەروەها رەگەزەکانی تری ناسنامە، کە گرینگترینیان: (جگە لە زمان)، نەژاد، ئاین، هەستی نەتەوەیی، کەلەپوور، دابونەریت و مۆرکی تایبەتیی ژیانن.

هەر میللەتێک قاڵبێک لەشێوەی ژیانی (خواردن، جلوبەرگ، پێوەندیی کۆمەڵایەتی... هتد!) وەردەگرێت، جوگرافیا و مێژوو، یا سروشت و زمان، رۆڵێکی بنچینەیی لە داڕشتنی گشت ئەوانەدا دەبینن.

زمانیش، نەک تەنیا وشە و دەنگ و شێوەی دەربڕینە.. بەڵکو ناوەرۆکیشە.

بۆ نموونە: لە زمان و ئەدەبیاتی ئێمەدا (فەرهەنگی چیا) ئاشکرا و بەرچاوە. هەزاران وشە و زاراوەو تەعبیری تایبەتیمان هەیە دەربارەی سروشتی چیا و شیو و دۆڵ و دەشت و، کەشوهەوای چیایی و وەرزەکانی، بە دارو دەوەن و پەلەوەرەوە.

بەڵام (فەرهەنگی دەریا)مان نییە.. ئەوەندەی لە لای دانیشتووانی لێو دەریاکان وشەو زاراوەمان دەربارەی ژیانی دەریا و گیانلەبەرانی و وەرزەکانی نییە... چونکە ئێمە لەسەر دەریا نەژیاوین.

جگە لە زمان و رەگەزەکانی تری ناسنامە کە باسمان کرد، زۆر شتی وردی تر لەگەڵ زەمەن تێکەڵاوی ئەو رەگەزانە دەبن و، بەشێکی ناسنامە پێک دەهێنن. سومبولی مێژوویی وەکو (سەلاحەدین ئەیووبی) و (بارزانی)، ناوی (پێشمەرگە) کە لە سەدەی بیستەمدا هاتە سەر فەرهەنگی میللیمان، قەڵای هەولێر و قەڵای کەرکووک و شوێنەوارە گرینگەکانی تر، بۆ نموونە.. لە رەگەزەکانی ناسنامەی خەڵکی کوردستان دەژمێردرێن. بێگومان هی

وردتریش هەن.

لێرەدا ناسنامە، ئامێتەی شارستانی دەبێ.

رۆشنبیری و شارستانیی نەتەوەیی لە ناسنامە جیا نابنەوە.

سەیرم لێ دێ کە هەندێ جار دەبیستم (وەکو جارێکیش وتارێکم لەم بارە خوێندەوە) کە گوایە نابێ خەڵکی کوردستان جەژنی نەورۆز بکەنەوە...بەڵکو بە رۆژێکی رەشی بزانن و ماتەمیی تێدا بگێڕن. بۆچی؟! بە بۆچوونی ئەو کەسانە: ئەژدیهاک، یا زوحاک، کورد بووە (گوایە دوایین پاشای میدییەکانە). ئەگەر نەورۆز بۆ نەمانی زوحاک بووە، ئەوە... یانی نەمانی دەوڵەتی (میدیا)یە، نەمانی یەکەمین دەوڵەتی کوردە!! کە بەدەستی «خەڵکی تر» رووخێنراوە..

ئەم کەسانە وای بۆ دەچن کە گوایە جەژنی نەورۆز...«ماتەمیی رووخانی دەوڵەتی میدیی کوردە!»..

لە تەک ئەم بۆچوونە سەیرەدا بۆچوونی ئاینیش هەیە.

بەڵام، ئایا داستانی زوحاک و رووخانی (بە ئەفسانەی دوو مارەکەی بناگوێیەوە) چەندی راستە؟!

لە رووی مێژووییەوە داستانی رووخانی دەوڵەتی میدیا و هۆیەکانی هێشتا ساغ نەبووەتەوە. بەستنەوەی ناوی (ئەستیاک)ی پاشای میدی بەناوی (ئەژدەها/ ئەژدیهاک/ زوحاکەوە) دروست نییە. ئەمە گەر (ئەستیاک) ناوێک هەبووبێت. جگە لەوەش هەمان ئەفسانەی (ئەژدیهاک/زوحاک) وەکو شوێنەوارناسان دەڵێن لە سەردەمی دەوڵەتی میدیاشدا هەبووە، کە لەو سەردەمەدا پەیکەری زێڕینی دۆزراوەتەوە لە شێوەی سەری مرۆڤێکە، لە دوو لاوە دوو مار بەرەو مێشکی سەریان بڵند کردووەتەوە. واتە ئەم ئەفسانەیە لە سەردەمی (میدیا) کۆنترە. هەروەها ئاهەنگگێڕان بە نەورۆز و هەڵگیرساندنی ئاگر لە بڵندایییەکان لەو سەردەمە زۆر کۆنترە.

لە روانگەی زانست و زانینی کەشوهەوا و وەرزەکانی ساڵەوە رۆژی نەورۆز (٢١ی ئادار) دروست سەربەهاری ژیانە لە چیاو شیوەکان، سەرەتای

گەرمابوونی زەوی و تەقینەوەی دارو درەختە.

واتە: رۆژی نەورۆز، وا پێدەچێ، زیاتر پێوەندیی بە وەرز و وەرچەرخانی کەشوهەواوە هەبێ، نەک ئەفسانەیەک یا داستانێکی مێژوویی، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ژێردەست بوونە و چەوسێنراونەتەوە، هەربۆیەش زیاتر خوویان بەلایەنە شۆڕشگێڕییەکەوە گرتووە و، نەورۆزیان بە رۆژی ئازادی زانیوە. ئەمەشیان مانایەکی گەش و پیرۆزە. با بەهەر بۆچوونێک بێ، نەورۆز رۆژی بەهار و ئازادیش ناوی بڕوا. بەستنەوەی ناوی کاوەی (ئاسنگەر)یش بە نەورۆز دوور نییە لە هێمای ئاگر و گەرمایی کوورەی ئاسنگەر، چەندین میللەتی تر نەورۆز دەکەنەوە، هەر هەموو بەلایەنی بەهارانە و شادییەوە گرتوویانە.

لە بنچینەدا دەبێ «نەورۆز» جەژنی بەهار و شادی بێ.

ئێمەی کورد، هەروەها، ناومان لێ ناوە «سەری ساڵی کوردی».

ئەوەندە بمێنێتەوە زۆرە، جگە لەوەش کە هەر بەخۆمان ناوی «جەژنی ئازادیمان» لێی ناوە. بە کورتی «نەورۆز» جەژنێکی میللی کوردە. واتە: هێمایەکی گرینگی ناسنامەی نەتەوەیی.

بۆ پێگەیشتنی ناسنامەی نەتەوەیی چەندین سومبولی تر پێویستە، کە هەموویان لە کەلەپووری کوردستانا جێگەی خۆیان گرتووە، وەکو: سروودی میللی کە هەمانە، هەروەها ئاڵاو رەنگەکانی، فۆلکلۆر بە گشت پۆپ و گەڵاکانیەوە: ئاهەنگ و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، جلوبەرگ و کەرەستەی ناوماڵ، جۆلایی و تەون و.. مەتەڵ و قسەی نەستەق و ئەفسانە.. تاد!

کورد خاوەنی ساڵنامە و کەلەپووری ئەدەبی و رووحیی خۆیەتی.

لە جیاتی ئەوەی ئەو رەگەزانە بپارێزین و دەوڵەمەند بکەین، تازە بەتازە بیروڕاگەلی نادروستی وا پەیدا دەبن کە گوایە نەورۆز جەژنی میللی کورد نییە... بەوەش ناسنامەی میللیمان لە رەگەزێکی گرینگ بێبەش دەبێ. ئێستا کورد لە جیهاندا بە «نەورۆز» و چەند سومبولی نەتەوەیی ترەوە ناسراوە.

# ئەوەی، کە هەمیشە هەیە..

فەلسەفە، بە مانای گەڕان بە شوێنی ڕاستی، یا دانانی (حکمە)دا یا.. بە مانای جیهانبینی و، ڕوانگەی (یا نوختە نەزەری) مرۆڤ بەرامبەری وجوود و ژیان..

بە هەر مانایەکی وەری بگرین.. بەوە دەگەین کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ و، بۆی هەیە، بە ڕاستی و دانایی بگات... هەروەها بۆی هەیە ببێت بە خاوەنی دیدی تایبەتی خۆی بەرامبەری جیهان.

بە واتایەکی تر هەر مرۆڤێک، ئەگەر فەیلەسووفیش نەبێت، بەڵام تا ڕادەیەک بیرو بۆچوونی فەلسەفیی خۆی هەیە، هەرچەندە سەرەتایی و ساکارانە بێت. خەت و نیگارە سادەکانی دیواری ئەشکەوتەکان، وەکو پیت و هیما و نیگارە جوانەکانی سۆمەری و فیرعەونی و شوێنەوارەکانی تر، تا بگاتە نووسین و دیالۆگە فیکرییە گەورەکانی مێژوویی فەلسەفە و مەعریفەتی کۆمەڵگەی بەشەر.. هەموو لە هەموو دیدی فەلسەفییانەی مرۆڤ دەردەبڕن.

بە واتەیەکی سادەتر، دەتوانین بڵێین بە ئەندازەی سەرژمێری مرۆڤ فەلسەفە و بیروڕای جیاجیا هەیە. هەر وەکو لە ناسنامەی وجوودا ئەبەد ناتوانین دوو کەس (با براو جمکیش بن) بدۆزینەوە کە هەمان مۆری پەنجە و هەمان دەنگیان هەبێت.. ئا وەهاش دوو کەس پەیدا نابن کە دەقاو دەق وەکو یەک بیربکەنەوە، یا یەک حەزو ئارەزوو، یەک هەست و خولیا، یەک خەون و خەیاڵیان هەبێت.

تۆ، تاکانەی... تاکانەی وجوود و ژیانی. وەکو تۆ نەخولقاوە و ناخولقێنرێتەوە! ئا ئەوەیە کە گرینگیی بە (ئازادیی تاک) دەدات.. بۆ ئەوەی تۆ

خـۆت بيت، بەڵام لـەگــەڵ مليــۆنـەها، بەڵكو مـليــاردها، بـوونەوەری تـردا. تۆ قـەترەیەکی تایبـەتمەندی لە ناو ئۆقـیـانۆسـێکی بێ پایاندا. بەڵام تیـایا ون نەبوویتە. بەو شێوەیە هەر کەسێک (فەلسەفە مرواری) خۆی هەیە.

دەیانگوت کە (مـەلای جزیری) فـەیلـەسووف نییـە، بەڵکو تەنیـا (شـاعیـرە). مەگەر شیعر چییە؟ شیعر چەخماخەی فەلسەفە نییە؟! ئەوەی ناوی (شیعری) لێ دەنێن، ئەگـەر بڵێسـەی (فـەلسـەفـە) نەدات، ئەوە تەنیـا کۆمـەڵە وشـەیەکی ریزکراو دەمێنێتەوە و هیچی تر!

پاشـان دەیانگوت: شـیـعـری جزیری بیـرو بۆچوونی فـەلســەفیش دەگـرێتـە خۆی. لێرەدا لە راستی نزیک دەبوونەوە.

ئەوەندەش باشە. ماڵیان ئاوا!

ئەمما (شـاعیر).. هـەر شـاعیـرێک (فەیلـەسووفە) ئـەگەر ناسنامـەی شیـعری پێ بێت، ئەگەر لە داهێنانـدا، وەکو لە حاڵەتی زاین و لـە دایکبوونـا، مـچوورکـە بە گیـان و جەسـتەیا بێت. رابچڵەکێت و... پەردەیەکی تر تاریکی لەبەر چاوی لابدرێت، پەنجەرەیەکی تر رۆشنایی بۆ بکرێتەوە.

هەر بۆیەش، فەیلەسووفەکان، زۆر جاران وەکو شاعیر، یا بە زمان و گیانی شیعر دەنووسن (هەرچەندە دەس بۆ هونەری شیعر نابەن.)

هـەست بە (تاکـانەیی) و (تاکـانە بوون) لە لای هـەمـوو کـەسێک وەکو یەکە، بەڵام هـەندێ کـەس، وەکو شـاعیـر و فـەیلەسـووف، بـە راشکاوی دەری دەبڕن. هەسـتی (تاکـانەیی/ تاکـانە بوون)، لـەگـەڵ هـەسـتی (تـەنیـایی) جـودایە. لە (تەنیـایی)دا تۆ هـەسـت دەکـەی بـە دابڕان لە جـیـهـان و دەوروبەر، هـەندێ جاریش تووشی سەرسامی و ترس دەبیت.

هەسـتی (تەنیـایی) نیگەتیڤـانەیە، سسـتی و لاوازییـە، هەست بە زەبوونی و بێـدەسـەڵاتیـیـە، بەڵام هـەسـتی (تاکانە بـوون) ئیـجـابیـیـانەیە، جـۆش و وزەو، هەست بـە خـۆبوون، بڕوا بـەخـۆ و، شـادمـانیـیـە.. گـەڕانەوەیە بـۆ گـەوهـەری وجوودی رەها، تێکەڵاوبوونەوە و یەکبوونەوەیە لەگەڵ گەردوون و ژیان.

هەستی گورِ و گەرمی (تاکانە بوون)، بۆ نموونە، لە شیعری باوە (بابا) تاهیری هەمەدانی (عوریان)دا، رەنگ دەداتەوە. دەڵێ:

منم ئەو بازە سپییەی هەمەدانی
کە هێلانەم لە کێوە بە نیهانی
بە باڵی خۆم ئەڕۆم لەم کەژ بۆ ئەو کەژ
بە دەستی خۆم ئەکەم نێچیرەوانی

(بازی سپی) هێمایەکی ئاینی کۆنە، سومبلی هێز و پاکی بێباکییە، لێرەدا هێنانەوەی بەو مانایەیە کە باوە تاهیر توانیویەتی (هیچ نەبێ لە جیهانی رەوانیی خۆیدا) چەندین حاڵەت وەربگرێت و، بگۆڕێت، لەوانەش قاڵبی (باز)ی نێچیرەوان (راوکەر) کە ئازاد و رەها و چاونەترسە، لەم کێوەوە بۆ ئەوی تر دەفڕێ.

ئەو چوارینەیەی باوە تاهیرو، چوارینەکانی تری کە لەم وتارەدا دێن، لە بابەتێکی شێخ محەمەدی خاڵم وەرگرتووە، (بڕوانە ژمارە (٥)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧)، ئەویش هەندێ چوارینەی لە دڵزارەوە وەرگرتووە، کە لە زاری هەمەدانییەوە بۆ سۆرانیی وەرگێڕاوە. چەند چوارینەش، دیارە لە لایەنی شێخ محەمەدی خاڵەوە کراون بە سۆرانی.

باوە تاهیر هەروەها دەڵێ:

من ئەو رەندەمە گوناهە پیشەم
بە دەستێ جام و بە دەستێ شیشەم
گەر تۆ بێ خەتای ببە فریشتە
من لەو حەواوە و ئادەمە ریشەم

لێرەدا تاکانە بوون و، گەڕانەوە بۆ (ریشە) دەردەکەوێ. لە جێگەیەکی تر هێز و توانایی، بێئەندازەی رووحی خۆی دەردەخات کە دەڵێ:

منم ئەو ئاگرین تەیرەی کە دەرحاڵ
ئەسووتێنم زەمین لێک دەدەم پەڕوباڵ

(مـصـور) گـەر بکا نەقـشم لە دیوار
ئەسووتێ خەڵق لەبەر تەئسیری تیمسال

لە جێگەیەکی تر مەست و سەرخۆشی هەستی (سەرگەردانییە) و بە شوێنی ڕەهادا، کە دەپرسێ:

نازانم دڵم دێوانەی کێیە؟
لە کوێ ئەگەڕێ و لە خانەی کێیە؟
نازانم دڵەی ئاوارەی من
دیلی نێرگسی مەستانەی کێیە؟

دیارە هەر خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە:

کوێیە جێگای تۆ ئەی یاری دڵخوا
هەتا ئەو جێیە بکەم بە ڕێگا
هەموو جێ جێتە، کوێری دەروونم
خەتام وت خەتا استغفرالله

لە جێگەیەکی تر لۆمەی خۆی دەکا و دان بە پەرێشانی خۆیدا دەنێ:

من بێ سەرو سامان دروست کراوم
پەرێشانانە من دروست کراوم
پەرێشانان هەموو بۆ ژێر خاک چوون
ئەمن لە خاکی ئەوان دروست کراوم

باوە تاهیر نە بەس خۆی بۆ ریشەی حەواو ئادەم و خاک دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو دوورتر و دوورتر دەڕوا و خۆی بە گەوهەری وجوود دەگەیەنێت، ئەو گەوهەرەی کە هەمیشە هەیە، دیاریی پەروەردگارە.

ڕەهایی بوونی بیرو فەلسەفەی باوە تاهیر بۆ ڕۆژی بەرین دەیباتەوە، بۆ ئەو سەردەمەی کە هێشتا گەردوون، بە ئەرزو ئاسمان و خۆر و کاکێشانەکانەوە نەبووە. هێشتا تەنیا (دوڕ) هەبووە، باوە تاهیر دەڵێ لەو دەمەشدا ئەو (لەوێ) بووە.

ئەم چوارینەیە بە زاری خۆی دەهێنێتەوە، کە دەڵێ:

یاگـــیم (دوڕ) دی هـەن دەریـە نەبـوو، یار
یاگیم خـوەردی گێـهـان پەیدا نەبوو، یار
من ئەز ئـان روو بە دامـان تە زەر دەست
د گــــــەردوونـت پـەرو پـایـی نـەبـوو، یـار

ئەم چـوارینەیـە لە لایەنـی سـدیق بۆرەکــەیی (سـەفـی زادە)وە لە کـتـێـبی «مێژووی وێژەی کوردی»، بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

«ئەی یار، لـەو جـێگەدا کـە (دوڕ)م دی دەریـا نـەبوو،
«لەو جــێگەدا کـــە خـــۆرم دی جـــیـــهـــان نـەبوو.
«مـن لـە ئـەو رۆژەوە دەســـــــتم گـــــرتـە داوێـنت،
« (کــە) لە گــەردوونت هـیچ نیــشـــانەیێک نـەبوو.»

ئەو، پێـشـووتر باسـی لـە «کوێرایی دەروونی» خـۆی دەکرد، دەبێ لێـرەدا لە (رۆشنایی دەروونی)یەوە دوابێت.. کە رەها بـووە، بێباکە، هیـچی ناوێ، وەکو دەڵێ:

مـن ئەو رەنـدەم کــــەوا ناومـــــە قـــەلـەنـدەر
نـە خـــوانم هـەس، نـە نـانم هـەس، نـە لـەنگەر
کــە رۆژ داهـات، لە دنـیـــادا ئـەخـــۆم خـــۆڵ
کـە شـەو داهات، لـەسـەر بەردێ ئـەکـەم سـەر

لێـرەدا، بە پێــچــەوانەی هـەنـدێ بۆچوون، باوە تـاهـیـر لـە هـەژاری و نەداری دونیایی خۆی گلەیی ناکات، بەڵکو لەو «جۆرە هـەژاری»یە دەدوێ کە بەخۆی بۆ خۆی هـەڵی بژاردووە، ئەویش دڵنەبەستنەوە بە هیچ شتێک، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ رەهـایی، بۆ گەوهـەر، بۆ ئەوەی کە هـەمیشـە هـەیە.

ئەوەی بەچاوی مرۆڤ دەبینرێت، هـەمیشـەیی نییە.

هەمـوو بینـراوەکـان لە گۆڕانکاریدان... لە نەمـان، یـا لە وەرگـەڕاندان... لەم شێوەیەوە بۆ ئەوی تر، لەم رەنگەوە بۆ رەنگێکی تر...

تەنانەت چیاو دەشت، دەریاو خۆرو ئەستێرەکان، هیچ کامەیان وەکو ئێستا هەنە، نامێنن.

ئەم (خۆرە) گەشەش (وەکو فیزیازانان دەڵێن) ڕۆژێک دێ کز وەردەگەڕێ و، دەکوژێتەوە.

ئەی کامەیە ئەوەی کە هەمیشە هەیە؟

گەر (هەوا) بگرین، کە هەر چەندە دیار نییە، بەڵام ئاکامی هاتوچۆی دەبینرێت... ئەویش ڕەنگە ڕێژەو پێکهاتەی بگۆڕێت.

وزەی (کارەبا) بە چاو نابینرێت مەگەر لە گلۆپ و ئامرازی کارەباییدا وەدەرکەوێت. هەیەو نییە.

گەر گلۆپێکی هەڵکراو بکوژێتەوە، ئەوە ڕەنگی وزەی کارەبا (کە تیشکە) و گەرمایییەکەی، نامێنێت. گلۆپەکە دەکوژێتەوەو، سەرد دەبێتەوە، بەڵام خودی وزەی کارەبا ماوە، لە جێگەیەک هەیە. هەر کە جارێکی تر پەنجە بە کلیلەکەدا بنێیت، یەکسەر تیشک و گەرمایی بە قاڵبی گلۆپەکەدا دێت.

کارەبا هێزێکی سەرەکیی گەردوون و سروشتە. ئەویش نازانرێت کە ئایا هەمیشە هەیە، یا ڕۆژێک، لەگەڵ تێکچوون و نەمانی گەردووندا، لەناو دەچێ؟

گەیشتن بە بێگومانی ئاسان نییە، بەڵام نموونەی وزەی کارەبامان بۆ ئەوە هێنایەوە تا بزانین کە زۆر شت، دوور لە چاو و دەرکی ئێمە، هەیە و دەمێنن. واتە، چوارچێوەی ئێجگار تەسکی زانینی ئێمە پێوار نییە بۆ دیاریکردنی وێنەو قەوارەو (گەوهەری) گەردوون، بەڵام مرۆڤ هەمیشە عەوداڵی گەیشتنە بە ڕاستیی ئەو گەوهەرە.

لە پرسیارو بیرکردنەوە نابێتەوە. هەمیشە دەپرسێت و، زۆرجاران یاسای تازە دەدۆزێتەوە، کە ڕووبەڕووی پرسیاری نوێی دەکاتەوە.

هێزی کێش، وەکو وزەی کارەبا، هەیەو دیار نییە. هێزێکی بنچینەیی ڕاگرتنی گەردوون و بەردەوامبوونی ژیانە.

دوو زانای کورد بە شوێنی ناسینەوەی دوو یاسای نادیارەوە بوون: ڕەگەزی

پێنجەم و، هێزی پێنجەم...

(مەلای جزیری) رەگەزێکی تری خستە سەر چوار رەگەزی پێکهاتەی وجوود.

بە بڕوای پێشبنییانی دانایی و فەلسەفە، وجوود لەم چوار رەگەزانە پێکهاتووە: خاک، ئاو، ئاگرو، هەوا.

(مەلای جزیری) دەڵێ: کە (عیشقی خودایی) رەگەزی پێنجەمی گەوهەری وجوودە، ئەو هێزەیە کە توانیویەتی ئەو چوار رەگەزە بەیەک بگەیەنێت. تا ئامێتەی یەکدی ببن. واتە: (عیشق) رەگەزی کاریگەرو هەڵسووڕێنەری چوار رەگەزەکەی ترە.

(جزیری) دبێژێ:

مە جەوهەر عونصرەک خامس نوما ئیرۆ د طالع دا دڤێ تەقویمێ ئنسانی ل طالع بوونە فال ئەبرو کو نصیب دا ژ (ازل) حق ژ مەرا عشق نویست. فەیدە ناکن لە مەئسم و نەطلسم و نەنڤشت، بڕوانە: (محەمەد برادۆسکی، فلسفة العشق الالهي في شعر الجزيري، دهوک، ٢٠٠٠ ز)

واتە: رەگەزی پێنجەمی گەوهەرمان، کە عیشقە، لە رۆژی ئەزەلەوە بۆمان نووسراوەو، هەر دەمێنێ... هیچ ناو و تەڵەسم و نوشتەیەک سوودی نییەو، ئەو عیشقە لە ناو نابات.

محەمەد ئەمین دۆسکی دەنووسێت کە تیۆری (جزیری) لە بارەی عیشقەوە، تایبەتمەندی فەلسەفییانەی خۆی هەیە، دۆسکی بە وردی ئەو تیۆرییە شی دەکاتەوە، کە وا پێ دەچێت، پێش (جزیری) کەسی تر ئەو بۆچوونەی نەبووبێت.

پرسیارێک دەربارەی بۆچوونێکی نزیک لە ئەوەوە، بە زمانی زانایەکی تری کورد هاتووە، ئەویش د.عەبدوڵڵا نەقشبەندییە (کە پێش ماوەیەک لە هەولێر رووی لە دەرگای پەروەردگار ناوە). لە کتێبی (مجمع الاشتات)یدا، بە زمانی عەرەبی، دەڵێت: کە (چوار) هێزی بنچینەیی سەروەری سروشتن.

د.عەبدوڵڵا مستەفا (نەقشبەندی) لە کتێبی (مجمع الاشتات، بەغدا، ١٩٨٩ ز) دەنووسێت، کە لە سروشتدا چوار هێز فەرمانڕەوان، لە زەڕەوە تا کا کێشان پێکەوە گرێ دەدەن: هێزی کێش (جاذبیە)، هێزی کارۆ موگناتیسی، هێزی توند (خورت)، هێزی لاواز (سست).

د. داود سەلمان ئەلسەعدی لە کتێبی (اسرار الکون في القرآن، بیروت، ١٩٩٩ ز) ئەو چوار هێزە بەم شێوەیە ناو دەبات:

چوار هێزی فەرمانڕەوای گەردوون، ئەوانەن کە لە هەموو جێگایەک هەن و، هەر وەکو خۆیان دەمێنن:

١- هێزی کێش: شتە گەورە بینراوەکانی گەردوون بەرەو لای یەکدی رادەکێشی، وەکو «چەسپی» گەردوونە، کە لاوازترین هێزە ناسراوەکانی گەردوونە.

٢- هێزی کارۆموگناتیسی: زەڕەی رەگەزەکان بەرەو لایەکدی رادەکێشی، بە«چەسپی» زەڕەکان دەژمێردرێت.

٣- هێزی توندی نەوەوی (ناوکی): پێکهاتووەکانی ناوکی زەڕە بە یەکەوە توند دەبەستێتەوە. بەهێزترین هێزەکانی سروشتە.

٤- هێزی لاوازی نەوەوی: ئەرکی مراندنی ماددە دەگێڕێت.

بەشەکانی زەڕە وەردەگەڕێنێت و لێکیان جیا دەکاتەوە. دەیانمرێنێت. ئەمما (عەبدوڵڵا نەقشبەندی) شتێکی تر دەڵێت کە: دەبێ (هێزی پێنجەم) هەبێت، هێزی هێزانە، گەورەترین هێزە کە سەرچاوەی چوار هێزەکەی ترە. (ئەلبەرت ئەنشتاین)ی فیزیازانی بەناوبانگ نزیکەی چل ساڵ هەوڵی داوە تا ئەوە بدۆزێتەوە کە ئەو چوار هێزە بەیەک دەگەیەنێت، یەکیان دەخات.

د. نەقشبەندی ئەمجا دەڵێ: کە ئەو هێزە سەرەکییە (کە من - نەک د. نەقشبەندی- بەناوی هێزی پێنجەم ناوی دەبەم) هێزی (زلهێزی) گەردوونە، سەرچاوەی هێزەکانی ترە، دەڵێ: کە ئەو زلهێزە، رۆژێک لە رۆژان دەدۆزرێتەوە. ئەگەر دۆزرایەوە، ئەوە رێگەی تر دەکرێتەوە بەرەو خواناسین.

(عیـشـقـی خـودایی)، لە لای جـزیری رەگـەزی پێنجـەمـە، ئەویش نەبینراوەیە، (زلهـێـزی گـەردوون)، لـەلای نەقـشـبـەندی، هـێـزی پێنجـەم و سـەرچاوەو سـەرەکـیـیـە، ئەویش نەبینراوەیە... بەڵام، (پیـری دانا) پێم دەڵێت: بەسـە! بگەڕێرەوە سـەر ئەرزی واقیع، ئا لەم سات و کات و جێگەیەدا لەنگەر بگرە. لەوە زیاتر مـەڕۆ. ئەوەی کـە هـەمـیـشـە هەیە... هەیە. ئەوەی هەیە، هەمـیـشـە هەیە. ئێستای تۆ هەمیشە هەبووە، هەمیشە هەیە، هەمیشە دەبێ.

## ئاهیمسا

زۆر بەکـارهێنان، زەبروزەنگ، توندوتیـژی... بەرامـبـەر بە وشـەی عـەرەبیی (عنف)... یا (خشونة) دێن، کە بە فارسی دەنووسن (خشونت).

پێچەوانەکەی لە عەرەبیدا (لاعنف) بەکارهاتووە واتە: زۆر بەکار نەهێنان، نازەبروزەنگ، ناتوندوتیـژی، بەڵام هیـچ یەک لەم وشـانە ناتوانن بە دروسـتی مـانای، فـەلسـەفـەی (لاعنف) بدەن.. تەنانەت ئەم وشـە عـەرەبییـەش مـانای دروستی ناوەرۆکی ئەو فەلسەفەیە نادات (کە فەلسەفەیەکە بە رەفتاری نەرم و ئاشتییانە و میهرەبانییەوە ناسراوە).

لە فارسی زاراوەی (عدم خشونت) بۆ (لاعنف) بەکاردێنن.

بەڵام بۆ ئەوەی لە گەوهەری فەلسـەفەکە نزیک ببینەوە، باشترە بگەڕێینەوە سەر زاراوە هیندییەکە، چونکە لە بنچینەوە، فەلسەفەی (زۆر بەکارنەهێنان)، بۆ (مەهاتما گاندی) دەگەڕێتەوە.

بە زمـانی هیندی وشـەی (ئاهیـمـسـا/ یا ئەهیـمـسـا) یان، بۆ (زۆر بەکـار نەهێنان) بەکارهێناوە.

فـەلسـەفە (و/ رەفتـاری) ئاهیـمسـایانە، هەزاران ساڵە، هەمیـشـە رەفتـاری هەندێ کەس بووە، بـەڵام رەفتـاری تاک (فـەرد) بووە، نەک رەفـتـاری کۆمـەڵ و کۆمەڵایەتی تەنیا لە سەردەمی گاندیدا نەبێ.

لە هـەر کـۆمـەڵگەو، هـەر جێگەیەک، هەمـیـشـە کەسـانێک پەیدا دەبن، کـە هەمیشە هەوڵ دەدەن لە زۆر و زەبروزەنگ و توندوتیژی دوور بکەونەوە..

ئەگـەریش تووشـی ببن، هـەوڵ دەدەن بە خـۆیان تـوندوتیـژ نەبن، ئەمـە خـوویەکی سـروشـتـیی هەندێ کـەسـە، لە بێـزارییـەوە دێ بەرامـبـەر هەر

توندوتیژی و زۆردارییەک... نەک لە ترس و لاوازییەوە.

بێگومان جیاوازی لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا ئاسان نییە، مەگەر ئەوە نەبێ مرۆڤی بەڕاستی بێزار لە توندوتیژی مرۆڤێکی بە بڕواو باوەڕە، چاونەترسە، خوا پەرستە.

(ئاهیمسا)ی مەهاتما گاندی لەم باوەڕەوە دێ. دەڵێ: ڕێگەی ڕاستی و خوا پەرستی، ڕێگەی دلێرو چاونەترسانە، نەک ڕێگەی بێ بڕواو ترسنۆکان.

وشەی (مەهاتما)، یانی: ڕۆحی مەزن. ئەم نازناوە، لە هیندوستان تەنیا بە باڵای گاندی بڕاوە. چونکە بە فەلسەفەی (ئاهیمسا)، گیانێکی تازەی بە جەستەی هیندوستانا هێنایەوە... هەرچەندە لە ساڵانی دواییدا دەسەڵاتی سیاسیی هیندوستان و، دامودەزگاکانی، ناو بەناو پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، کە پێچەوانەی ڕێبازی گاندییە.

گاندی، ڕێبازی (ئاهیمسا) وەکو بەرخۆدانی ئاشتییانەو، موقاوەمەتی بێ زەبروزەنگ، ناو دەبات.

پرسیارێک هەیە:

– ئایا چۆن دەتوانین بە دەستی پەتی، بەمانگرتن، بە بەرخۆدانی ئاشتییانەوە، ڕوو بەڕووی زەبروزەنگ و کوشتوکوشتار ببینەوە؟

تێگەیشتنی (ئاهیمسا) لێرەوە دەست پێدەکات.

گاندی بوو کە توانیی (ئاهیمسا) لە ڕەفتاری تاکەوە بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی وەرگەڕێنێت و بیکات بە ڕێبازێکی خەباتکارانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی.

دەڵێ: ئامادەم هەموو شتێکم، تەنانەت ژیانیشم، قوربانی نیشتمانم بکەم، تەنیا دوو شت نەبێت: ڕاستی (حەقیقەت) و ئاهیمسا.

واتە، لەلای گاندی. ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی (بە مانای عرفانی) و ئاهیمسا، لە سەرووی نیشتمانەوەن.

ئەو، گەیشتن بەڕاستی، بەمانای خواناسی، ناو دەبات.

گاندی لەگەڵ خۆیدا سەختگیر بووە. بە توندی رەخنەی لە خۆی گرتووە. خۆ بەخۆ بە بیرو گوتارو کرداری خۆیدا چووەتەوەو هەوڵی داوە هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە. وەکو (زەردەشت) بڕوای بەوە هەبووە کە مرۆڤی دروستکار، هەم لە بیر، هەم لە گوتارو، هەم لە کرداریدا راستگۆو خاوێن و لەخۆبووردوو، ژیان بەسەر دەبات. بیرو وتەو کردەوەی وەکو یەک راست و پاک بن.

دژی کینەو رق هەڵگرتن بووە. دەڵێ: «بە دیسپلینی بەردەوام، لەگەڵ پاڕانەوە، لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵدا توانیومە بەرامبەری هیچ کەسێک رق هەڵنەگرم.»

لەو روانگەیەوە، لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: کە (ئاهیمسا) بە مانای هەڵاتن نییە، بە مانای خۆ شاردنەوە لە زەبروزەنگ نییە... بەڵکو بە مانای رووبەڕووبوونەوەی ئاشتییانەیە لەگەڵ هەر توندوتیژییەک. «ئەگەر هاتن بتکوژن، بەڵان تۆ هەڵنەهاتی، بەڵکو کوژرای، بەبێ ئەوەی تۆ هیچ کەس بکوژیت، ئەوە تۆ پەیامی (ئاهیمسا)ت بەجێ هێناوە.»

بێگومان تێگەیشتنی ئەم جۆرە رەفتارە، بە عەقڵیەتی کۆمەڵگەی پڕ لە زەبروزەنگی ئێمە، ئاسان نییە.

گاندی ئەو رێبازەی لەسەر ژیانی خۆی تاقی کردووەتەوە.

بەبرادەرانی خۆی گوت:

«ئەگەر من لە ئەنجامی نەخۆشییەکی درێژخایەن، یا لەبەر برینێکی بچووکی جەستەم مردم: ئەوە ئێوە، (هەر چەندەش خەڵک لە ئێوە پەست بن)، دەبێ بە دونیای رابگەیەنن کە من وەکو، پێویستە و (وەکو ئیدیعام کردووە)، خواپەرست نەبوومە. ئەگەر وام لەگەڵدا بکەن ئەوە رۆحم ئارام دەگرێت.

هەروا لە یادتان بمێنێت کە ئەگەر کەسێک بە گوللەیەک منی کوشت و (مردم)... و منیش بەبێ ئۆف و ناڵە پێشوازیم لە گوللەکە کرد و، دوایین هەناسەم لەگەڵ هێنانی ناوی خوا هەڵکێشا، ئەوە تەنیا لەو کاتەدایە کە من لە

بۆچوونەکانما راستگۆ بوومە.»

نووسەرو توێژەرانی ژیانی گاندی دەنووسن کە پاش بیست کاتژمێر لە ئەو ئاخەفتنە، بە گوللە کوژرا و کۆتایی بە ژیانی هێنا (١٩٤٨/١٢/٢٩).

ڕێبازی گاندی لە (ئاهیمسا)دا بۆ ئەمڕۆی کوردستان گرینگە، بەڵام نەک بەشێوە هیندوستانییەکەی، بەڵکو دەتوانرێت شێوەیەکی کوردستانیی پێ بدرێت.

جێبەجێکردنی (ئاهیمسا) چەندین شێوەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانەش (هەندێ جار وەکو گاندی دەڵێ) ناچار دەبێت بە توندی وەڵام بدەیتەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی توند (ژیانیشی لەسەر دابنێی) شەرافەتمەندانەترە لە هەڵاتن لەبەردەم زۆرداری و دەستدرێژی.

واتە: گاندی هەمیشە لەگەڵ بەرخۆدان (موقاوەمەت) بووە، بەڵام دەڵێ: تا بتوانیت بەشێوەی (ئاهیمسا) بێت باشترە.

شێوەکانی تریش: مانگرتن، یاخیبوونی مەدەنی، خۆپیشاندانی ئاشتییانە، بێدەنگی (یا قسە نەکردن) لەگەڵ نەیارو دوژمن...

لە شێوەکانی یاخیبوونی مەدەنی: نەکڕینی کاڵاو شتومەکی نەیاران... تاد! قسە، قسە رادەکێشێت. جارێک تا ئێرەمان بەس بێ...

دەفتەری پێنجەم

# ڕۆشنایی

## ڕۆشنایی

نە دوێنێ... نەسبەینێ..

هەر ئێستا... ئێستای هەمیشەیی، هەتاهەتایی...

ئێستاش هەبم...

کــە ئەوەی دەگــوت، چاوی لە دوورێکی نادیار بڕیبــوو. برادەرەکــەی لێی پرسی:

– چی... هەبی؟! بەچییــەوە؟... ئەی ئەوە بۆ دڵۆپە فرمـێسکێکی ڕۆشن بە برژانگی چاوتا خۆی هەڵواسیوە، خەریکە گلۆر دەبێتەوە؟

– بۆ خۆم، لە دڵەوە کۆڵ دەخۆم.. (ئەو) کە ڕۆیشت، ئیتر کەسێکی تر شک نابەم بۆم بگری؟ دەمزانی بۆم دەگری!

– بۆچی ئەوەندە خۆپەرستی؟ تۆ کە ڕۆیشتی ئیتر چی کارێکت بە خەڵکەوە هەیە؟ ئایا دەتەوێ... هەتا هەتایە دەربەستی تۆ بن؟

– تۆ... واز، لەم وشەبانییە. بهێنە. تەماشاکە خۆڵ دەبارێ.

– خۆڵ دەبارێ؟ یا تەرزەیە؟

– هەر دووکیانە...

ئەو ڕۆژە زیادی لەســـەر چوون. بەوە گــەیشتن کــە ئەم خــۆڵ بارینە لە نەهامـەتەکانی گـۆڕانکاریی کـەشـوهـەوای گـۆی زەوییـە. بوومـەلەرزە، لافـاو، گەرداو، کەمبارانی، بەفرو زریان... میزاجی سروشتی ئەرز تێکچووە. دەڵێن: پلەی گەرما بەرەو باڵا دەڕوات ئاکامی دەبێتە بەرزبوونەوەی ئاستی زەریاکان و نقـومبـوونی بەشـێکی وشکانی، هەندێ وڵات تێدا دەچن، وشکسـاڵی لە هەندێ جــێگەو، بارانـی شــەست (واتە: خــەست و زیاد) و، لافــاوی پڕ لە

کارەسات، لە لایەکی ترەوە.

ئەو بە برادەرەکەی گوت:

–ئایا.. راستە، کە دەڵێن: زەوی، سروشت، دونیا (هەر چۆنێک ناوی دەبەی، ببە؟)، لەبەر رەفتاری ناپەسندی بەشەرو خراپەکانییەتی کە تووڕەو بێزار بووە؟... و بەو رووداوانە سزای دەدات و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە؟

ئەمی تر گوتی:

– وەهاش نەبێ... وەهایە. دەڵێن: سەبەبکار خودی ئینسانە. بە نادانی و نەفامی و زیادەڕەوی دەستی خستۆتە کاروباری سروشت و دەوروبەری.... پێکهاتەی زۆر شتی، بە نەزانی، گۆڕیوە. گازی گەرم هەڵدەکا، دارستانەکان قەلاچۆ دەکات.. زەوی دەڕووتێنێتەوە، گازی ئۆکسجین کەم دەبێتەوە، کە ئەم بەسەرهاتانەیان بە دواوەیە.

– کەوابێ راست دەکەن.. کە خراپەی بە شەرە؟

– وەها دەڵێن. شارەزای تر هەنە کە دەڵێن: گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا رووداوێکی سروشتییە، بەندە بە ئاڵوگۆڕی تیشکدانی خۆر... رەنگە هۆکاری نادیاری تریش هەبێ، وەکو گۆڕانکارییەکی گشتیی گەردوون، کە زەینی ئێمە بۆی ناچێ و، لە توانای دیدی ئێمە بەدەرە.

لەو کاتەدا چێشتیان بۆ هێنان. لە چێشتخانەی هەمیشەییان بۆ فراڤین دانیشتبوون، ئەم، بە برادەرەکەی گوت:

– فەرموو ئەم سفرەیە ببینە. بۆ هەر نەفەرێک چەندیان هێناوە؟

نابینی چەند زیادە؟ ئایا دەتوانین هەمووی بخۆین: گۆشت، برنج، تورشی، سەوزە، سووپ، و سارد... ئاو... تاد!؟

–هەمیشە زیاد دەهێنن.. مەبەستت چییە؟

– ئەمەش زیادەڕەویەکی ترە تەنیا لە چێشتخانەکانی کوردستان ئەم دیمەنە دەبینم. ئەوەندەت بۆ دێنن، کە هەمیشە (ئەگەر خواردەیەکی میانەڕەو بی) نیوەی یا سێیەکی دەمێنێتەوە چی لە زیادەکە دەکەن؟.. بەڕاستی هاتەوە

بیرم، کە ئەمە بپرسم. ئا... توخوا چێشتکەرەکە بانگ بکە.

– پیاوێکی مامناوەنجی هات، خاوەن چێشتخانەکە بوو، یا چێشتکەرەکە بوو، ئەمەی لێ نەپرسی. بەڵکو گوتی:

– ئا برا گیان، چەند جار گوتوومە ئەوەندەم بۆ مەهێنن. نەختێک کەمتر، بەتایبەتی گۆشت. چەند کەمتر بێ باشترە.

مامناوەنجی گوتی:

– چی دەڵێی کاکە؟ میوانی وەهامان هەیە کە ٧٥٠ گرام گۆشتم بۆی هێناوە، ئەمجا بۆڵە بۆڵی کردووەو... بەکەمی زانیوە.

– کەواتە، پرسیارێکی ترم هەیە... باشە، ئەو بەشە برنجە، یا گۆشت، یا سەوزە، یا زەلاتەو سووپ، کە لەبەردەم مێوان دەمێنێتەوە چی لێ دەکەن؟

– فڕێی دەدەین...

– یانی... مەسەلەن... نایخەنەوە ناو چێشتەکانەوە بۆ مێوانێکی تر؟!

– نە.. بەسەری هەموومان!.. فڕێی دەدەین.

مامناوەنجی، بەبیانووی کارەوە، بەپەلە بەجێی هێشتین.

ئەم، بە برادەرەکەی گوت:

– فەرموو ببینە. چەند میوانی هەیە؟ پڕی خەڵکە. هەمیشە مێوانی زۆرە. ئەگەر هەموو خواردنە بەجێماوەکان بخاتە ناو زبڵ، دەبێ ئێستا هەشت نۆ بەرمیلی زبڵ لە پێش چێشتخانەکەی ببێ. چەند بەرمیل دەبینی؟

– ئەی تۆ دەڵێی چی؟

خواردن کەمتر دابنێن. من دەڵێم: هەر ژەمێکی ئێستا ببێ بەنیوەش هێشتا بنیادەمێک تێر دەکات. (ئەگەر میانەڕەو بێ لە خواردن). با سێیەکی کەم بکاتەوە، هەر باشە.

– ئەی نرخی چۆن؟

– ئەوەش دابەزێ. دەزگا پێوەندارەکان و چێشتخانەکان لەسەر کێشانەی

ژەم و نرخەکەی ڕێک بکەون. خواردنی کەمتر، نرخی کەمتر... بۆ تەندروستیش باشە. ئایا نەتبیستووە کە «گەدە خانی نەخۆشییە؟» ئەم هەموو نەخۆشییە بە گەرووی خۆمانا دەکەین.

– کورد شتێکی تریش دەڵێ: کەم بخۆ، زۆر بخۆ. یا: کەم خۆر بە، دایم خۆر بە پێم بڵێ: ئایا ئەم پەندو قسە جوانانە کۆ دەکەیتەوە؟

– کۆکراونەتەوە. خەڵکی تر نووسیونی. فێربووینە چاومان لەدەستی خەڵکی تر بێ، کارەکانمان بۆ بکەن. شتی باشیان کردووە، بەهەر حاڵ.

– نووسراونەتەوە. ڕاست دەڵێی. لە جێگایەک بەرچاوم کەوتوون.

ئەرێ دەپرسم: کام نووسینت لەلا جوان و سەرکەوتووە؟

– ئەوەی کە خودی نووسەرەکەی بە چاکی لێی تێ بگات.

– ئەدی خەڵکی تر؟

گرینگ نووسەرە. بەخۆی تێبگات چی دەنووسێ و، بۆچی دەنووسێ.. لەلای ڕوون بێ... ڕۆشن و زوڵاڵ... وەکو ئاینی بوداییەکانی (تیبت)، کە کتێبێکیان هەیە دەربارەی پاش مردن.. وردو پڕ لە وانەی جوان و مانای قووڵ... لەگەڵ مردووەکانیان دەدوێن، تا ڕەوانیان ڕزگار دەبێ، ڕەهای ڕەها لە هەموو کۆت و بەربەست و تاریکییەک، تا بە (ڕۆشنایی ڕۆشن) دەگەن، پلەی پاکی و ڕاستی و بەمەنزڵ گەیشتن... مەنزڵی نەگەڕانەوە، مەنزڵی ئارامی لە پەنای بەزەیی پەروەردگار!

– لەم (ڕۆشنایی ڕۆشنە) تێنەگەیشتم.

– منیش ئەوەندە دەڵێم کە لێی تێگەییوم. برام... ئەم کتێبە بە ناو بۆ مردووانی (تێبتییە)، بەڵام لە گەوهەردا بۆ زیندووانە. واتە: بە ڕێنومایی کردنی ڕۆحی (ڕەوانی) مردوو، وردە وردە وانەی چۆنەتی ژیان و ڕێبازی خۆ دۆزینەوەو ڕزگاریی ڕۆحە دەڵێتەوە، کە مرۆڤ دەبێ «لەم» دونیایە بە پلەو پایەی شاد ببێتەوە.

– خەریکە لێم تێکدەچێ. ئایا باسی ژیانم بۆ دەکەی، یا مەرگ؟

– دەمـێنێـتـەوە سـەر خـۆت چۆنی تێـبگەیت. بەلای خـۆمـەوە، بـاسـی ژیان، ژیانی پاکتر، شادمانی و رزگاریی رەوان، دەکەم.

هـەمـــیـــشـــەش بۆ تێگەیشتن لـە شـــتـــێک، یـا بـاشـــتـــر تێگـەیشـتن، دەبێ پێـچـەوانەکەی بناسـین و ببـینین.. دەڵێن: زمـانـی خـەڵکی چـین لەسـەر نـاسـینـی هـاودژەکان دامـەزراوە. ئێستا ئەوەندەمـان بەسە لە چەمکی (رۆشنایی رۆشـن) بگەین.. کە ئاسان نییە. پێش هەموو شت، دەبێ بڕیار بدەیت.

## رازی پەندەکان، لەسەر شێوەی فاڵی حافز!

هەفتانە گۆشەیەکی تازەیە...

ڕەنگە کەم بڕ بکات، و زۆری لەسەر نەچم، بەڵام ناوونیشان، وەکو هەر وشە و دەربڕینێک، هەندێ جار لە ناخەوە ئامێتەی خەون و خولیا دەبێت و، بە شوێن دەرفەتێکدا دەگەڕێ تا (خۆی بنوێنێت). هەموو جارێکیش ئاشکرا و زانراو نییە.. بۆچی؟! و لە پێناوی چیدا؟ ئەویش روون نییە. (خۆنواندن) رەگەزێکی بنچینەیی بوونە.

هەر بوونەوەرێک، بەتایبەتی گیانلەبەران، هەمیشە لە (خۆنواندن) دان، چ بە رەنگ یا دەنگ، بە بزاوتن یا داکشان و هەڵکشان، تەنانەت بە قاو و قیژ و سنوور بەزاندن و، کردەوەی سەیر و سەمەرەیش. لەلای ئەو گرینگ ئەوەیە، خۆی بنوێنێت و، بە جیهان رابگەیەنێت کە ئەویش (هەیە).

لە ناو گیانلەبەراندا، خێڵی ئادەم، واتە: بەشەر، لە هەموویان زیاتر هونەری (خۆنواندنی) بۆ خۆی داهێناوە... هونەری نووسین، شێوەکاری، شانۆیی و.. مۆسیقا و گۆرانی... تاد!

ئەم گۆشەیە بە چ بابەتێک بکەمەوە کە (زۆرن، بەڵام هەڵبژاردنیان ئاسان نییە)؟

بۆ بەرایی، سەرەتا، یا پێشەکی.. بەچاکی دەزانم، مرۆڤێکی تر یەکەمین ژمارەی ئەم گۆشەیە بنووسێتەوە. چۆنی پەیدا بکەم؟

پاش لێکدانەوە بەوە دەگەم کە پرس بە نووسەرێکی پایەبەرز بکەم، ئەویش نەماوە، دەیان ساڵە بە رواڵەت، ئێمەی بە جێ هێشتووە. بەڵام بڕیارم داوە بیدوێنم و، لە جیاتی من شتێک بڵێ. ئەو نووسەرە، شاعیر و بیردۆزێکی

گەورەیە.. (پیرەمێرد).. کە لە بەرچاو ون بووە، بەڵام چۆنی بهێنمەوە زمان؟

ئاسانە و... ئاسان نییە.

ئاسانییەکەی، رەنگە لەوەدا بێت کە بەرهەمێکی دەوڵەمەندی بەجێ هێشتووە، بەڵام نامەوێ بەبێ پرس و ئاگاداری خۆی، وتە یا شیعرو نووسراوێکی بگێڕمەوە.

چی بکەم باشە؟!

دەست دەبەم یەکێک لەو بەرهەمانەی کە لەبەر دەستمە، دەخەمە سەر مێز.. ئەم بەرهەمەش کتێبی (پەندەکانی پێرەمێرد)ە، بەرگی دووەم/ کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی فایق هۆشیار و چوار نووسەری تر/ چاپی بەغدا ساڵی ١٩٩٥ز.

لە کتێبەکە ورد دەبمەوە، بڕیار دەدەم، بەبێ هەڵبژاردن (وەکو کردنەوەی دیوانی «حافظ») لاپەڕەیەکی بکەمەوە، لاپەڕەی دەستە راست دەخوێنمەوە، کە پەندەکانی بە شیعر هۆنیوەتەوە، چ پەندێکم بۆ دەرچووە؟ پەندی ژمارە (٦٩٤) ل ٤٦٢. دەڵێت:

«خوا زیندەوەری جوێ جوێی داناوە
هیچکەس لە وێنەی یەک نەخوڵقاوە
سروشتی ئادەم لە چوار عونسورە
زدی یەک، باو خاک، ئاو و ئاگرە
ئەمانە لەگەڵ یەک چۆن هەڵدەکەن؟
تا دەستیان بڕوا یەک لەناو دەبەن
بۆیە گەورەیان لەسەر دادەنێن
کە هەڵکردێکیان بکەوێتە بەین»

تا ئێرە (پیرەمێرد) وەڵامی منی بەچاکی دایەوە، لەسەرەتای بوون و نەبوونەوە دەستی پێکردووە.

فەلسەفەی کۆنی چینی، دوو سێ هەزار ساڵی پێش، لە باسی (زدی یەک)،

هاودژ و گۆڕانکارییەوە، مێژووی خۆی تۆمار کردووە. هەر شتێک (زدی خۆی) هەیەو، هەر شتێکیش لەناو خۆیدا هەڵگری (زدی خۆیەتی).

هەموو شتێک لە بزۆتن و گۆڕاندایە.. تەنیا (یاسای گۆڕانکاری)یە کە ناگۆڕێت...

واتە (پیرەمێرد) منی خستۆتە بەردەمی گرینگترین پرسیار:

- ئەم سروشتە بۆچی؟ کە هەر شتێک، ئەگەر دەستی بڕوات، ئەوی تر لە ناو دەبات؟

مەگەر پرسیارەکە بخەینەوە قالبی چوارینەکانی (عومەری خەیام).. گەرنا پرسیار، پرسیار رادەکێشێ.. تا هەتا هەتایە.

(پیرەمێرد) هەروەها، لە یەکەمین بەیتی ئەم پەندەوە، باسی لە (مافی جیاوازی) و (فرە وێنەیی/ بیرورا، دەنگ و رەنگ.. تاد!) دەکات، کە دەڵێت «هیچ کەس لە وێنەی یەک نەخوڵقاوە.»

ئێستا زانست، لەهەموو روییەکەوە، ئەو راستییە دەسەلمێنێت.

(پیرەمێرد) ئامۆژگاری و رێنومایش، بۆ مامەڵە لەگەڵ کردەوەکان، دادەڕێژێت، لە پاشماوەی پەندی (٦٩٤) دا دەڵێت:

بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەدخووە
لە بەهەشتەوە کوتەک هاتووە.
ئەگەر تەوژمی باگردێن نەبێ
دڵۆپەیش ئەبێ و خانوویش ئەتەپێ
گا بێ نەقیزە هۆ ناکاتەوە
فیل بە بێ چەکوش مل ناداتەوە
ئەسپی بێ لغاو سوار هەڵدەگرێ
سەگ نەیبەستییەوە میوانت ئەگرێ
هەندێکی وایش هەن بە دڵنەوایی
خزمەتت ئەکەن زۆر بە ئازایی

بـەڵام ئـەوانـە بـەدکــــــــار نـايـەوێ
تـوخن بـە گـــەورەی ديـوانـی کـــەوێ
خـوا فەرمـوويەتی: شـەيتانی ئينسـان
هـەر لـە ئينسـانـە بۆ درۆی نيـسـان»

ئەگەر بزانين پەندەکانی پيرەمێرد، هەڵقولاو و ئامێتەی پەندی پێشينانی کوردەوارييە، بۆمان دەردەکەوێت کە لێرەدا پيرەمێرد، بە زمانی خەڵکيشەوە، بيرو بۆچوونەکانيان دادەڕێژێتەوە.

لەو پەندانە پيرەمێرد ناوی «نەقيزە»، «کوتەک»، «لغاو» «بەستنەوە» دەبا، کە رەنگە بە دڵی پارێزەرانی مافی مرۆڤ نەبن.. بەڵام ئايا لە گەوهەردا، ياسا و داوونەريت، لە جێگەی خۆيان نابن بە «نەقيزە» و «کوتەک» و «لغاو» و بەستنەوە؟

تەنيا لە يەک جێگەدا دەڵێت کە هەندێ کەس هەيە بە «دڵنەوايی» و ميهرەبانی و رووخۆشی خزمەت ئەکەن. ئەمانە پێويستييان نييە نەقيزە بدرێن، يا کوتەک بخۆن، لغاو بکرێن يا ببەسترێنەوە. ئەمانەش وا پێدەچێ، کەم و دەگمەنن.

بيرو کرداری خراپەش «هەر لە خودی ئينساندايە» کە لێرەوە فەلسەفەی «ئازاديی هەڵبژاردنی» ئينسان، خۆی دەنوێنێت، واتە: ئينسان هەر خۆيەتی، ئەگەر بەلای خراپەدا دايبشکێنێت، يا بەلای چاکەدا.

پێش داخستنی ئەم بابەتە، پرسێکی تری (پيرەمێرد) دەکەم، جارێکی تر کتێبەکەی دەنوقێنم و هەڕەمەکی دەيکەمەوە، ئەمجا چی دەڵێت؟

پەندی ژمارە (٦٧٥) ل ٤٣٤– دەرچووە، کە ديارە وەڵامی رستەکانی پێشوومان دەداتەوە. (پيرەمێرد) شارەزايانە پەندەکانی داڕشتووەتەوە. لێرەدا دەڵێت:

ئەو کەسەی دڵی کەسێ خۆش ناکا
هەڵکردی نابێ لە تەک پياو چاکا

کــه ئـەیڕوانی بـه رووی گــرژو مــۆن
وەک منداڵی سیس ئەکەوێ بە بۆن
ئەوی خــزمــەتی خــەڵکی پێ ئـەکرێ
لـه نـاوا نـاوی بـه چاکـــــه ئـەبرێ
کـه تـووشی کـەسێ هات بە پێکەنین
قەدری ئەگیرێ وەک شای سەرزەمین
زاتـەن لـەزەتـی دنیـــــــاش ئـەوەیـه
بێ غــەمی لەلای پیـــاوی بێ وەیە
کـــاتێ دڵپـــاک بێ، دڵنیـــا ئەبێ
لەگـــــەڵ چاکـــــانا ئاشنا ئەبێ
ئەوەی کە لەگەڵ خۆیشیا دڵپیسە
هەر کردەی ئەوە و بردەی ئیبلیسە
ئـەوەی بـه هـەڕە و گـــوڕە دلێـــــرە
کـردەوەی نیـیـه، پووچە، بێ خـێـرە.
با وەجــوود ئێـســتــا ئەوانە پیـاون
بێ دەنگە ئازا، کـەمــتــریان مــاون
هـەر لە ئـەوەڵی دنیـــا تـا ئـەمـــــڕۆ
دەنی» لە پێــشــەو (دانا) رەنجــەڕۆ
زاتـەن دنیـــا خـــۆی نـاوی (دەنی)یـه
ئیـتـر ئەم تانە و توانجـه چییـه؟!»

## پرسیار، پرسیار رادەکێشێ.. پەند گێڕانەوە بۆچی؟!

ژیان هەر لەحزەیەک و، لە هەر جێگایەک، هەمیشە تەژی پەند و رازە. هەر ئینسانێک پەندی خۆی لە ژیانیدا هەیە.. کە تەنیا بۆ گێڕانەوەی فێری نابێ، بەڵکو بۆ روونکردنەوەی رێگەیەتی.

(پیرەمێرد) وەکو لە ژمارەی پێشوو پێی راگەیاندین بە وردی و هۆشیاری گرفتەکان شی دەکاتەوە.

پەنا بردنم بۆ (پەندەکانی پیرەمێرد) بە شێوەی «گرتنەوەی کتێبەکەی» تەنیا بۆ گاڵتەو گەپ بووە، جۆرێکی تەنزە، بەڵام رێزلێنانیشی تێدایە.

ژیان لە هەندێ کاتدا، یا لە زۆربەی کاتدا ئەگەر مرۆڤ بە چاوی پەند و رازەوە بڕوانێت، جۆرێکی تەنز دەنوێنێ.

(پۆست مۆدێرنیزمەکان) تەنزو گاڵتە و گەپ و هیچگەری و بێ ئەنجامی و بێ ئامانجی لە دەقەکانیانا، بە یەکێک لە خەسڵەتەکانی رێبازەکەیان دەزانن.. کە (رێبازێکی – نارێبازە)، واتە: پابەندی هیچ سیستەمێکی فیکری و فەلسەفیی چوارچێوەدراو نین. کە ئەمەش خەسڵەتێکی تریانە.. هەروەها نایانەوێ بڕیارێک بدەن، یا بابەتێک یەکلا بکەنەوە و قەزاوەتی لەسەر بدەن.

ئەمانە تەنیا چەند – نەگشت– خەسڵەتەکانی رێبازی– نارێبازی (پۆست مۆدێرنیزمە) کە لێرەدا نە مەبەستم ئەوەیە و، نەش لە حەوسەڵەی ئەم لاپەڕەیە دایە، تەواوی بۆچوون و خەسڵەت و شێوازەکانی ئەو بیرۆکەیە – وەکو هەیە... بگێڕمەوە.

گوتم: بیرۆکە.. نەمگوت فەلسەفە، چونکە گەوهەری بۆچوونەکە ئەوەیە کە خۆی لە هیچ چوارچێوەیەک نادۆزێتەوە، بەڵکو «چوارچێوەشکێنە»، هەمیشە

هەوڵ دەدات لە هەر قاڵب و خۆبەستنەوەیەک رزگاری ببێت.

هەندێ (پۆست مۆدێرنیست) دەڵێن کە تا سەخت و دژوارو بێ سەروبەر، بنووسن، چاکترە... وشەی داتاشراو و چەواشەش بەکار بهێنن، تا خوێنەر کەمتر و درەنگتر و بە زەحمەتتر لێی تێبگەن.

پرسیارێک، کە قەت نابڕێتەوە، ئەوەیە:

– نووسین و ئاخاوتن و داهێنان... بۆچی؟

لەوانە بێ، نووسین تەنیا بۆ (خۆ نواندنی خودیەتە). ئەوەتا ئێمەش گەڕاینەوە سەرەتای وتاری ژمارەی پێشوومان (ئەمە ئەگەر ناوی «وتار» لەم جۆرە گۆشانەدا ناوێکی گونجاو بێ).. ئەگەر بە زمانی پۆست مۆدێرنیست بدوێین بۆمان هەیە ناوی تر بۆ ئەو بابەتانە هەڵبدەینەوە: بۆ نموونە (بەندو باو) یا (رێچکەی مێرووله)، چونکە مێرووله، هەرکە رێچکەیەکی کردەوە، ئیتر بەوێدا، بە بێ لادان، دێت و دەڕوا.. یا هەر ناونیشانێکی تر. (رەنگە رۆژێک دەقێکی پۆست مۆدێرنیزمی بنووسم.)

تائێرە... و.. دەگەڕێمەوە سەرەتای ئەم ئاخاوتنە، کە «گرتنەوەی کتێبی پیرەمێرد» جیدی وەرمەگرن، هەرچەندە پەندەکانی جیدین... چونکە ئێمەی خستە سەر باس و خواسێکی (ئێجگار مۆدێرن)، کە رەنگە نازناوێکی گونجاوتر بێ. بۆ (پۆست مۆدێرنیزم)، کە لێرەدا نامەوێ، نە بە چاوی «رەخنە» بیدوێنم، نەش لەگەڵی تەبا بم، نە دژی.. بەڵکو تەنیا هەوڵ بدەم لێی تێبگەم.

مەتەڵێکی کوردی هەیە، دەڵێ ئەوە چییە؟

«ماڵێکم هەیە گەچ گەچینە»

«نە پای هەیە نە پارچینە»

منالانی ژیر زوو هەڵیدەدەنەوە، دەڵێن: (هێلکەیە).

ئەی ئەوە چییە؟

«هەموو شتێکەو هیچ نییە»

هەندێ لە نووسەرانی ئێجگار مۆدێرنیست (یا: پۆست....)، دەڵێن: ئەوە (دەقی) ئێمەیە. بە خۆیان دەڵێن: دژوارو، نەخوێنراوەو، دوور لە تێگەیشتن، بنووسن..

ئەمەش تەنیا ئاخاوتنی هەندێکیانە. تەنیا ئەمەیان بەسەرەوە نەکەنە ماڵ. چونکە هەندێکی تریان داهێنەری بەرز و دەست ڕەنگینن.

ئێجگار مۆدێرنیزم، یا دوای مۆدێرنیزم، تەنیا بواری نووسین ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ مۆسیقا، فیزیا، کیمیا، میعماری، داوونەرێت، رامیاری، سۆسیۆلۆجی و گشت بوارەکانی زانست و هونەریش پەل دەهاوێژێ..

دیارە، بێهوودە نەهاتووە.

بێگومان «پەیامێکی» هەیە.

بەڵام هەندێ پۆست مۆدێرنیست سوورن لەسەر ئەوەی کە هیچ پەیامێکیان نییە، پابەندی هیچ بیرۆکەیەک نین، چونکە بە خۆیان دەڵێن کە نایانەوێ شتێکی بنەبڕ، یەکلاکەرەوە و، نەگۆڕ دەرببڕن. بەڵام دەشچنەوە بۆ رابردوو، هەندێ جار رابردوویەکی زۆر دوور و، لە میراتی مێژوو بە ئارەزووی خۆیان و، بە شێوەی خۆیان شت دەهێننەوە و ئامێتەی ئێستای دەکەن... هەر وەکو ئێمە پەندەکان تێهەڵکێشی ئاخافتنی خۆمان بکەین. لەگەڵ جیاوازییەکی بنەڕەتی.. ئەوان دژی دەربڕینی سادە و روون و، تێگەیاندنن.

ئەگەریش خۆیان نەڵێن، بەڵام کەسانی تر هەن کە بەوە گەیشتوون: پۆست مۆدێرنیزم، لە خۆڕا و کوتوپڕ نەهاتووە و، بە بێ پەیام و بێهوودە نییە. (هوودە، یانی سوود و کەڵک)

یەکەمین پەیام یا مانای ئەم رێبازە- نارێبازە (نارێباز: چونکە خۆیان بەهیچ رێبازێکەوە نابەستن)، رەنگە ئەوەبێ، کە شێوەی ژیان و بیرو فەلسەفەی رۆژئاوا (ئەوروپا و ئەمەریکا) بە بنبەست گەیشتبێ، ئەم سەرهەڵدانەش وەڵامێک بێ بۆ شکاندنی بنبەستەکە.

ئەگەر وابێ.. خەڵکانێک هەن، بۆ بەزاندنی ئەو بنبەستە رێگەو وەڵامی

تریش هەن، نە بەس (پۆست مۆدێرنیزم).

تۆژینەوەی تریش هەن ئەم رێبازە بە رەنگدانەوەی دوا پلەی کاپیتالیزم و جەرەیانی جیهانگیریی دەزانن.

بە هەر حاڵ، پرسیار تەواو نابێت، ئەم چەند دێرەش بە لێکۆڵینەوە دەربارەی پۆست مۆدێرنیزم وەرمەگرن.. نە رەخنەیە، نەش وەڵامە، بەڵکو تەنیا چەند سەرەقەڵەمی خێرایە، منیش جارێ – هەروەکو پۆست مۆدێرنیستەکان هەوڵ دەدەن، بێلایەنی رادەگرم.. تا بزانین (کونەی ئاو لە کوێ دەکەوێت.)

(بێلایەنی) و (هیچ نەگوتن/ هیچ بڕیار نەدان/ قەزاوەت وەرنەگرتن) یەکێکە لە رێنومایییەکانیان، هەرچەندە هەندێکیان بەوەش رازی نین کە بە (رێ پیشاندەر) ناویان ببرێت. هەربۆیەش لە رووی ناچاری و کەم کەرەستەیی زمانەوە، ناونیشانی (رێبازی – نارێبازی)م داناوە... ( کە دیسانەوە پەنا بۆ پەند دەبەم)..

لە گوڵستانی سەعدی وەرگێڕاوی مستەفا سەفوەت، دەخوێنمەوە کە: «دزێ هاتە ماڵی خواپەرستێ. زۆر گەڕا هیچی چنگ نەکەوت، دڵتەنگ بوو، خواپەرست لە خەو بێدار بوو. کلیمێک کە لەسەری نووستبوو، لەسەر رێی دزەدا داینا، هەتا بێبەش نەبێ:

بیستم مەردانی خودایی دوژمنانیشیان کە ناکەن دڵتەنگ

کەی ئەم پایەیە بۆ تۆ سەر ئەگرێ لەگەڵ دۆستانیش کە تۆ هەتە جەنگ»

پاش خوێندنەوەی پەندەکە، (دز) و (دوژمن) و هەر مانایەکی تر لەو بابەتە لە بیری خۆت ببەرەوە.. تەنیا ئەو مانایە وەربگرە کە (مەردانی خودا) کەس پەشیمان ناکەنەوە، تەنانەت ناحەزانیش.. کەس نائومێد ناکەن.

ئەم پرسیارە نابڕێتەوە.

# دەفتەری بەرایی

ساماڵە، چەند پەڵە هەورێکی سپی نەبێ. هەندێکیان دەکەونە نێوانی خۆرو چیاکان، سنگیان خۆڵەمێش دەنوێنێ، سێبەریان بە ئەسپایی روومەتی قەدپاڵەکانی دەوروبەری قەندیل دەلاوێننەوە.

رووباری قەندیل ساف و زولاڵە، ماسیگرە سپییەکە چەند بەژن هەڵدەفڕێ، لەوێوە نێچیری خۆی، ماسی، دەدۆزێتەوە، لە پڕدا یەکسەر، خێرا، بەرەو ئاو شۆڕ دەبێتەوە، شڵپەی دێ، ماسی دەگرێ یا ناگرێ... دیسان، خێرا بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێتەوە.

بەرەو میهرەجانی (چیایێ شنگارێ/ یا شنگاڵێ) دەچم. دەڵێن شتێک بڵێ. دەڵێم: چاکە، لە شنگاڵ، چیاکەتان بە هیما داناوە... دەڵێم: یادی چیایێ شنگاڵێ، بەرەو یادی چیاکانی تر دەمبا... چیایێ پشتکۆ، هەورامان، حەمرین... و بە بڕبڕەی پشتی زاگرۆسا، تا قەندیل (هەردوو قەندیل)، سەفین، هەڵگورد، بارزان، شیرین، مەتین... تا ئارارات و دەرسیم.

پەیامبەران و ئەولیا و پیاو چاکانی ئەم خاکە، هەمیشە چیایان بە پەنا زانیوە، هەربۆیەش چیاکان تەژی مەرقەد و زیارەتگای پیرۆزن. دیسان دەڵێم: چیاکانمان، ئەگەریش نەیانناسین یا لە یادیان بکەین، ئەوان دەماننناسنەوە و، هەر ئێمە دەناسن!

هەروا دەڵێم: چیاکانمان دەیان پەرستگاو مەعبەدی پیرۆزیان لە سنگی فراوانی خۆ جێگە کردووەتەوە... چیاکانمان دەماننناسنەوە، هەمیشە خۆمان بە خۆمان وەیاد دەهێننەوە، ئەوان لە ئێمە چاکتر دەبینن، دەبیستن، دەخەون، هۆشیارن... بە چاوی زیندووی هۆشیار و بەفام لەگەڵیان بدوێن.

ڕەنگی خاک خاکییە... خاکی چیاو گرد و دۆڵەکان گشت ڕەنگەکانیش دەدەنەوە... ڕەنگی کانزای ئامێتە بوو... زەرد، شین، بۆر، سوور، مەیلەو قاوەیی، سەوزی کاڵ... ڕەش/ ڕەنگی خۆڵی لێواری بورکانە دێرینە خامۆشەکان...

پەلەوەر و باڵندەکان ڕەنگی خاک لە خۆیان دەدەن، ڕەنگاو ڕەنگ، خاکی وەکو خاک، سپی وەکو بەفری سەر چیا، ڕەش وەکو بەردی خەڵووز... درەخت و گیاو گوڵیش خۆیان لە ڕەنگی خاک دەڕێژن. هەر هەموو ڕەنگەکان دیاریی تیشک و گەرمایی هەتاون، بە ئێمەی دەبەخشێ. (گوڵە بەڕۆژە) ئەو نهێنییە دەزانێ، هەربۆیەش (ڕۆژ)ی بە پیر و قیبلەی خۆی داناوە، بەیانییان چاوەڕوانی هەڵاتنی یارەکەیەتی، چاوی لێ هەڵنابڕی، بە بێ چاو تروکان، ڕوو لە (ڕۆژ) دەمێنێ، لەگەڵ خولی گەردوونا، (گوڵەبەڕۆژەش) بە تکاو نزاو وێرد و پاڕانەوە، ملکەچ و لەخۆبوردوو، تا ئاوابوون ڕووی لەیار رادەگرێ.

پەندو قسەی نەستەقی کوردەواری غەدری دەرهەق (گوڵەبەڕۆژە) بینیوە، شوبهاندنی ئادەمیزادی دوو ڕوو و بێ بار، هەندێ جار، بە (گوڵەبەڕۆژە) بۆچوونێکی نادروستە.

لە هەندێ لایەنەوە، (ڕۆژ) بە سومبولی ڕاستی (حەقیقەت) و پاکی دانراوە. (فان کۆخ) ی هونەرمەندی شێوەکار تابلۆی (گوڵەبەڕۆژە)ی دەبێ هەر بەم ماناوە داهێنابێ، کە ئەم گوڵە هیمای ڕاستی پەرستییە. هەندێ ڕەخنەگر دەڵێن: دروست، مەبەستی (فان کۆخ) ئەوەبووە. بلیمەتیی داهێنانی هونەری لەوە دایە کە ماناو نیازی هونەرمەند بە خەڵک دەگات و کاری خۆی دەکات. دیارە هەر بۆیەش تابلۆی گوڵێکی سادە، وەکو (گوڵەبەڕۆژە)، کە مناڵی قوتابخانەش دەیکێشی، بە فلچەی (فان کۆخ) بە جاویدانی گەیشتووە، چونکە چرپەی سروەی ڕۆحی خۆی ئامێتەی ڕەنگ و ئاو کردووە.

سەمای (مەولەوی) وا پێدەچێ ڕەنگدانەوەی مانایەکی نزیک لەو ڕاستییەوە ببێ. تەریقەتی مەولانا جەلالەدینی ڕوومی، کە بە جیهانا بڵاوبووەتەوە، لەسەر داهێنانێکی هونەریی قووڵ، جوان و والا، سەقامگیر بووە. لە سەماکەیدا

لەگــەڵ ئاوازی دڵنشین، (پیــر) لە ناوەڕاست و دەروێشــەکــانی، زیاتر بە جلوبەرگی ســپی، لەهەمــان کــاتدا، دوو جــۆر دەخــولێنەوە: هـەم بە دەوری خـــۆیانا، هـەم وردە وردە بە دەوری (پیـــرا)، وەکـــو خـــولانـەوەی زەوی و ئەستێرەکانی تری کۆمەڵەی خۆر بە دەوری خۆیانا و بە دەوری رۆژا.

دیارە لەلای مــەولەوییـان، (پیـر) سـومــبـولی رۆژە، رەنگە بە مـانایـەکی تر هێمـای (شـەمس) بێ. واتە (شـەمسی تەبریزی) کە یارو پیری مـەولانا بووە و، مانای (رۆژ) دەدا.

(گوڵەبەڕۆژە) نیشـانەی رۆحی هۆشیـارە، کـە لە گیـاو گوڵ و درەختـان و، خـاک و گـیـانلـەبەرەکانی تردا، زیندووە و لە هـەر جـێگایەک بە رەنگێک خـۆی دەنوێنێ.

دەچمـە دهۆک بۆ میـهرەجانی (چیایێ شنگال) و دەگـەڕێمـەوە. چیاکـان لە ژێر ئاسمانی شینا، سنگ و پشتی خۆیان دەدەنە بەرهەتاو.

کیژان، بەیانییـان زوو، دەچنە قـەد پاڵی نیزیکی گوند، (قـەزوان)ی ناسکی سـەوز دەکـەنـەوە، لەسـەر جادە دەیفرۆشـن. لەولاتر، منداڵانی گوند، کیـژان و کوڕان، زوو دەچنە دەشت. (نەرگز)ی تازە پێگەیشتوو، ئێجگار تەڕ، هێشتاش نماوی، بە باقـەی بچـووک دەبەستن، لەسـەر جـادە بازاڕی بـۆ دادەنێن. وەکـو مناڵێکی ژیر لە نەنکییەوە مەتەڵ فێر بووبێ:

پەروەردگـار خـاکی دا. ئاو و هـەوا هـەوری دا. هـەوری بەسـەر خـاکـا باراند. خاک قەزوان و نەرگزی دا.

نەرگزی چیـا گوڵە زەردەکەی پەڕە پەڕەیە. لەولاتر، نزیکی قەسرۆک نەرگزی دەشت دەفـرۆشن. بچـووکـتـرە، پـەڕەی گـوڵـی کـەمـتـرە، رێکوپێک چووەتە ســەریـەک. هـەردووکـیــان نەرگـزن، بەڵام بـۆنیـان بڕێک جـیـاوازە، هـەریەک بە جۆرێک بۆنی خۆشە، بۆنی خاکەکەی.

لەلایەکەوە دەڵێم: بۆچی گوڵ لێدەکەنەوە؟... خـۆ گوڵە کـێوین. گـەر بمێنن، جـوانتـر نـییـە؟... ئەم مناڵە پارەیان پێـویستـە. دیوێکی تری گوڵچنین دیارە

نەداری و هەژارییە.. یا تەنیا نەریت و خووی منالانە، یا هەندێکیانە بەڕاستی پێویستی بەو کەمە پارەیە هەیە. ئەوانی تریش بۆ چاولێکەری یا یاری و بەزم دەچنە دەشت و، گەشت و گوڵچنین.

چەند مەنزڵ بەولاوە کیژان و کوڕان نۆبەرەی (کەنگری) سەدەی بیست و یەکیان لەسەر جادە داناوە، سەتڵی نایلۆنی بچووکی پڕ لە کەنگری تازە، تازەی تازە... هێشتا کۆرپەیە، نەمامە، دڕکەکەی فرێ بدەی، ساقێکی باریکی لاوازت بۆ دەمێنێتەوە.

ناتوانم (کەنگر) نەکڕم. بە چەندە رۆڵە؟... خاڵە! بە پێنج دینار. سێ چوار سەتڵیان لێ دەکڕم. تازە هەڵمگرت. وەختێک پارە دەدەم، دەڵێن: خاڵە بە دە دینار. لە بزەی چاو و، شەقاری دەست و، پێلاویان رادەمێنم. هەندێکیان چڵمنن. ناچار تەسلیم دەبم. چونکە کڕیبووم. هەر یەکە دە دیناریان وەرگرت. ئەوانی تر هاتن. خڕبوونەوە. هەموو دەیانویست (کالا)ی خۆیان بفرۆشن. ویستم بکەومە رێ، ئیتر دڵنیا بوون کە چیدی ناکڕم.

دوو سێ مێردمناڵ هاوار دەکەن: خاڵەمەڕۆ! بە پێنج دینار!

هەرزانی دەکەن. تەنیا لە یەکێکیان، کە لە هەموویان بچووکترە، دەکڕم... تا لە باری (کالا)کەی رزگاری ببێ. بەویش دە دینار دەدەم و، دەڕۆم.

لەبەرخۆم پێدەکەنم بە (بۆرسەی کەنگر). لە ماوەی یەک دوو دەقیقەدا نرخی سەدا پەنجا چووە سەرو، سەدا پەنجا دابەزی.

ئەگەر یەک دوو هەفتە نرخی نەوت، لەبازاڕی دونیا، بەم رێژەیە، خێرا، هەڵکشێ و دابەزی، ئەوە دەیان حکومەت دەڕووخێن، سەدان و هەزاران خاوەنی سامان و سەرمایەی نەوت خۆ دەکوژن.

نازانن چارەی بازاڕی نەوت بکەن!

دە با بیدەن بەدەستی منالانی کەنگر فرۆشی ئێمەوە، ئەوسا دەزانن چۆن تۆڵەی کوردستان لە نەوت و بازاڕی نەوت دەسێنرێتەوە! تەماشای چووزەرەیەکی کەنگر دەکەم. ئەگەر کەنگر نەکرێتەوە، چیی بەسەر دێ؟ لە

زەوییا پیر دەبێ و وشک دەبێتەوە. واتە: ئەم منالانە دەرهەقی ژینگە خەتابار نین! بۆ خواردنیش سوودبەخشە. کورد لە کەیەوە بە کەنگر و بەرهەمە خۆرسکەکانی تر، وەکو دۆمەلان، قارچک، ریواس، تۆلەکە، و خۆراکی تر ئاشنا بووە؟ چەند هەزار سال دەبێ؟

دەگوترێ: خەلکی ئەم خاکە، هەزاران سال پێش- ئەگەر یەکەمین کەس نەبووبن؟ بەلام لە پێشەنگەکان-. ئاشنای چاندن و وەبەرهەمهێنانی (جۆ، نۆک، نیسک، و گەنم) بوونە.. لەگەل راهێنانی بزن، مەر، ئەسپ، سەگ و ئاژەلی تر.

دەگەرێمەوە. دەگەمە سەر پردی قەندیل، ماسیگرەکە (هەر ئەوە یا یەکێکی ترە؟) جارێکی تر، توندوتیژ، خۆی بە ئاوەکەدا دەدا. ماسی دەگرێ یا ناگرێ.. هەلدەفرێتەوە.

# دێوانگۆڕن

وشـەیەکە، بە زۆری لە هـەندێ ناوچەی گەرمیان بەکار دێ.

ڕەنگە لە جێگەی دیکەش بە هـەمان مانا بەکاری بهێنن.

وشـەکە دوو بڕگـەیە: (دێوان)، کە کۆی «دێو»ە. ئەمجا (گۆڕن) واتە: گۆڕاو، گۆڕانکراو، گۆڕانبـوو. ئەم وشـەیە لە داسـتانە کۆنەکانی کوردەواری دووپات دەبێتەوە.

واتـە: (دێـو) گــۆڕیویەتـی.. لە حــاڵەتێکەوە بـۆ حــاڵەتێکی تر، زیـاتریـش بە مــانـای: «بەرەو خــراپـتـر گــۆڕینـە». بە یەکـێک دەڵێن کــە لە ڕووداوێک، یا بەسەرهـاتێک تێکچووبێ و ئاڵۆزی لە دەموچاوییا دیار بێ.

ئەگەر بە یـەک وشـەی زمـانێکی تـر مـانـای (دێوانگۆڕن) لێک بدەینەوە، ئەوە بە عەرەبی پێـی دەڵێن: (مسخ/مەسخ). لە داسـتـانەکـانـی (هـەزارو یەک شـەو)ی ســەردەمی خــۆی، هـەندێ جـار دەخــوێنینەوە کــە لاوێک یـا کـیــژێک تـووشـی (دێوانگۆڕن) بووەو، کراوە بە مەیموون، یا بە تەیرێک لە قەفەزدا.

بۆ ئەوەی ئەو مـرۆڤـە بگەڕێتــەوە دۆخـی سـروشـتـی، دەبێ ئەو تەلیسـمـە، یا هێمـای ئەو سیحـرە، کە بۆی دانراوە، بدۆزرێتەوەو، لەناو ببرێ... واتە: گرێکە بکرێتەوە.

هـەنـدێ بیــرو بـۆچوون و نـەرێت، لـە ڕەفــتــاری تـاک یا کــۆمــەڵدا، ڕۆڵی (دێوانگۆڕن) وەردەگرن، بـەڵام ڕەنگە نەشـزانن، یا هـەست نەکـەن بەوەی، کـە ڕەفتارێکی نائاساو ناسروشتییانەیان هەیە.

چاکسـازی کـۆمـەڵایەتی سـەرانسـەری ژیـانی تاک و کـۆمـەڵ دەگـرێتـەوە، بزووتنەوەی (چاکسازی) لە پلەو قۆناغـەکانی ژیاندا، هـەر جارەی بە شێوەیەک

سەرهەڵدەدا. لەوەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکهاتووە، چاکسازیش هەمیشە هەبووە.

چاکسازی، هەندێ جار لە گۆڕانکاری گەورەی رامیاری و لە سەرووی کۆمەڵگەوە، دەستی پێکردووە، هەندێ جاری تر لە خوارەوە (لە بنکەی کۆمەڵەوە) لە گۆڕانکاری بچووکەوە سەری هەڵداوە. سەرەتا نەبینراوە و دەرکی پێ نەکراوە، تا بەرینتر و گەورەتر بووەو، لە ریشەوە کۆمەڵگەی هەژاندووە.

بۆ پێشکەوتن یا (پەرە پێدان)، هەردوو شێوەی چاکسازی پێویستن. هەندێ شارەزا لەم سەردەمەدا، لە جیاتی شۆڕش و گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە و زاراوەی (پەرە پێدان) بە دروستتر دەزانن.. و دەڵێن کە پەرەپێدان (تطویر) و (پەرەسەندن/ تطور) لەو روانگەیەوە کە چاکترە هەوڵ نەدەین بۆ هەڵوەشانەوەی هەموو پێوەندی و حاڵەت و شتێکی تر کۆمەڵ، بەڵکو هەوڵ بدەین ئەو پێوەندی و حاڵەتانەی کە هەیە، بە بناغە بزانین بۆ پەرەپێدانیان، واتە: پەرەسەندنی ئەوەی کە هەبووە و دامەزراوە.

زانایەکی تر دەڵێ: دەرکەوتووە کە هەر شۆڕشێک هەرچی بێ- لە ئەنجامدا هەندێ ئاکامی سەلبی لێ دکەوێتەوە. جا بۆ نەهێشتنی ئەو نەرێتییە، پێویستی شۆڕشێکی تر دێتە کایەوە.. شۆڕش بۆ پاککردنەوەی نەرێتییەکانی شۆڕشی پێشوو. ئەمجا- پاش ماوەیەک- شۆڕشی سێهەم بۆ رزگاری لە ئاکامی شوومی شۆڕشی دووەم.. شۆڕشی چوارەمیش بۆ راستکردنەوەی باری شۆڕشی سێهەم.. تاد! بە بێ برانەوە.. بەڵام لە کوێ، ئەم خولە نەفریناوییە، رابگیرێ و، لە کوێوە بازنەی ئەم (گۆڕانگۆرن)ە بشکێنرێت؟

ئەمەی تا ئێستا، بە کورتی دەرمانخستووە، رەگەزێکی نادیاری دیاردەیەکی رامیاری- کۆمەڵایەتییە، کە خەریکە وردە وردە سەقامگیر بێت، کە لە جیاتی (شۆڕش) زیاتر باسی (پەرەسەندن) دەکرێت. هەر بۆیەش سیستەمی سیاسیی نوێ دەبینین، وەکو گواستنەوەی میراتگرانەی دەسەڵاتی سیاسی، لە کۆمارەکاندا. تا ئێستا ئەوەمان تەنیا لە پاشایەتییەکان دیوە.

له وڵاتێکی پاشایەتی، وەکو ئینگلستان، بناغەی دەسەڵات و هێمای پاشایەتی (واتە: گواستنەوەی میراتگرانەی دەسەڵات) لەوە بووە رووەو لاوازی دەچێ، لێکۆڵینەوە و باس دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی لە ئارادایە. لەم وڵاتانەدا، دەسەڵاتی بنچینەیی، نەک بە دەستی پاشایە، بەڵکو بە دەستی سەرەک وەزیرانە. ئەویش بە هەڵبژاردنی ئازاد دادەمەزرێت. لە وڵاتانی رۆژهەڵات (بەتایبەتی ناوەڕاستەکەی) تازە بۆ گواستنەوەی میراتگرانە دەڕۆن، ئەویش لە سیستەمی (کۆماریدا).

پێشکەوتن، لەسەر رێبازی «پەرەسەندن»، خەریکە جێگەی «شۆڕش» و کودەتا «شۆڕشاوییەکان» بگرێتەوە، کە هیچ کامەیان تا ئێستا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە.. لەمەودواش، دەبێ برێک پشوومان درێژ بێ، تا ببینین کار بە کوێ دەگات: ئایا پێشکەوتنێکی قووڵ و بەرچاو بەدی دێت، یا ئەم خولەش تەنیا بادانەوەیەکە بۆ چاوبەستکێ و درێژەدان بە دەسەڵات و هیچی تر؟

یا تەنیا حاڵەتێکی تری (دێوانگۆڕنە)، بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا دێ، بێ ئەوەی دەست و قاچی خەڵک لە کۆت وزنجیری هەژاری و دواکەوتن و نەزانین و ستەمی هەزارسەرە بکرێنەوە؟

ئەوەتا تەنانەت وشەو زاراوگەلی دڵپەسەند و بریقەداری فەرهەنگی رۆژانەی ژیانی رامیاری- کۆمەڵایەتی و، رۆشنبیریش، بەدەستی خۆمان تووشی پەتای (دێوانگۆڕن) دەبن..

دیوی تری مەسەلەکە.. رەخنەی توندوتیژی، بێ ئامان و بەربڵاوە، کە بە چوار دەوری خۆمانا دەیپەخشێنین، بێ ئەوەی نە چارەسەرێک بدۆزینەوە. نەش چاوەڕوانی وەڵام بین. ئەم وتارەش رەخنەیە.. بەڵام هەوڵدانێکی لەگەڵدایە بۆ نزیکبوونەوە لەو راستییە کە ئایا: بەڕاستی کۆمەڵگەکانمان بەو باوەڕە گەیشتوون کە لە جیاتی «شۆڕش» و «دابڕان لە رابردوو/ کە خاسیەتی شۆڕشە» دەبێ رێبازێکی میانەڕوو، ئارام، لەسەر بنچینەی «پەرەپێدانی» ئەوەی پێشوو و ئەوەی کە هەیە بگرینە بەر؟!

# سفره

سروشت سفرەی کردگارە بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر، داخراوە. (سفرە) دەشێت لە جیاتی زاراوەی (چێشتخانەش) بەکار بێت... هەروەها لە جیاتی (مێزی خواردن).

داوونەرێتی راخستنی سفرە هەبووە و هەیە. هەروەها لە هەندێ ئاین و ئاینزادا (دۆعا)ی سفرە هەیە... پێش نان خواردن، یا پاش ئەوە. ئەو دۆعایە بە مانای رێزنانە لە پیرۆزێتی نان و نانخواردن، کە هەر میللەتێک، رەسمی تایبەتیی خۆی بۆ هەیە. (مێژوو)، سفرەی داخراوی بیر ویادی مرۆڤە، تا رەچەڵەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و مینۆیی (مەعنەوی) خۆی بناسێتەوە.

سفرە، چێشت لێنانمان دێنێتەوە یاد.

نووسین، لە هەندێ لایەنەوە، وەکو چێشت لێنانە، هاوگۆرینی یەکن، سفرەی رەنگین و، دابونەریتی جوان و ئەتیکێتی ئەوتۆ، هاوکاتی ئەدەب و هونەری کلاسیکی بووە. لە سەردەمی هەمبەرگەرد، چیبەرگەرد ماکدۆناڵد و «پەلەبخۆ، پەلە برۆ» شێوەی نووسینی سادە و خێرا و «پشت سوریالیزم» پەیدا بووە، نووسینی وەها پەیدا بووە تەنیا بۆ نووسینە، وەکو هەواڵ و ریپۆرتاژی رۆژنامە، دەخوێنرێنەوە و فرێ دەدرێن.. «زوو بخوێنەرەوە» زوو لە یادی بکە، زوو فرێی بدە» وەکو قاب و قابلەمەی پلاستیکی خواردنی سەرەرێ.

جلوبەرگ و داوونەریتی تریش وەکو چێشت لێنان و خواردن پێکەوە دەگۆرێن، بەڵام لەلای ئێمە هێشتا گۆرانکاری لە بەکارهێنانی بەرهەمی زانست و تەکنولۆجیایە، نەک لە رێورەسمی خواردن و سفرە دانان.

تازەترین تەکنۆلۆجیای چاپ و تەلەڤزیۆن و گەیاندن و... ئۆتۆمبیل و کارەبا و، داهێنانی تر بەکار دێنین، بەڵام داوونەرێتی سفرەداریمان هێشتا وەکو خۆیەتی (مەبەستم نەک لە ماڵانە، بەڵکو زیاتر مەبەستم لە چێشتخانەکانە.)

هەندێ ڕێورەسمی کۆنی کوردەواری سفرەو خواردن، جوان و پەسەندن، بەڵام لە زۆربەی چێشتخانەکان زیادەڕەوی دەبینرێت.

دیارە چێشتخانەی بازاڕی کوردستان لاسایی چێشتخانەی عێراقی دەکاتەوە. عێراقییەکان، چ کورد یا عەرەب و خەڵکی تر ئەم وڵاتە، بە «پڕ خۆری زۆر خۆری» ناسراون. لە هەندەرانیش کە سفرە بۆ میوان دادەنێن، ئەو بیانییانە راهاتوون لەسەر خواردن و ناوی: چێشتی «بامیە»، «دۆڵمە» «کفتە» «مەحشی» و هەموو جۆرێکی شلە و برنج بە «قبووڵی» و «روبە هەنار» و.. تاد!

واتە: هەموو چێشتێکی چەور و قورس و گران، بەڵام – بێگومان– بەتام و بۆنخۆش!

لە وتاری پێشوو، بەناوی (ڕۆشنایی ڕۆشن)، پەراگرافێک هاتبوو دەربارەی خواردن و چێشتخانەکان، کە بۆ میوان (زەبوون/کڕیار/ مەعمیل) بۆ هەر ژەمێک، بەلای منەوە، مقدارێکی زیاد دادەنێن: برنجی زیاد، گۆشتی زیاد، سەوزە و نان و شتی تری زیاد.

لەو پەراگرافە، ڕەنگە هەندێ بەهەڵە بۆی چووبن و وایان لێ دابێتەوە کە گوایە ڕەخنەم لە چێشتخانە (خاوەن و کارگەر و چێشتکەر) گرتووە.

لە تێبینی خوێنەرێک وا تێگەیشتم کە وتارەکەم گازاندەی لە خاوەن چێشتخانەکان دەکات. لەکاتێکدا مەبەستم پێچەوانەیە. ئەگەریش وای بۆچوونە، دیارە من «چێشتی دروستم لێ نەناوە»، مەبەستم باش روون نەکردۆتەوە. ئەگەر وایە، ئەوە ڕەخنە لە خۆم دەگرم و لە خاوەن کارگەری چێشتخانەکان داوای لێبوردن دەکەم. ئەم کاسبکارە ڕەنجکێشانە برا و خۆشەویستی ئێمەن و، جێگەی دڵنیایی و متمانەن. بۆ بەڵگەش.. من خۆم هەر کاتێک لە هەر کوێ وەختی نانخواردن هاتبێ، لە چێشتخانەیەک لام

داوە، دڵنیام کە خواردنی پاک و خاوێن و تەندروستیم بۆ دێنن. سفرەیان بەردەوام بێ.

بەڵام رەخنەم لەوەیە کە زیاد دادەنێن و، بەلای منەوە، بەشێک لەو خواردنە دەمێنێتەوە، ئەمە زیانە.

گلەو گازندە لە کێ بکرێت؟

لە «گەدە»، لە داوونەریتی خواردن، لە بۆچوونی گشتیی کۆمەڵگە، کە لایان وایە، ئەگەر خواردنی کەم دابنرێت، یا ئەگەر کەم بخۆن، ئەوە «عەیبەیە»! بۆچی عەیبە؟ بۆچی ئەگەر تەنیا لە توانای دارایی و لە ئەندازەی «گەدە» بخۆی عەیبە؟

ئەم خاڵە بە سادە وەرمەگرن.

چاکسازی لە هەموو لایەکەوە، دروستە. لە دەستە باڵاوە، یا لە پایینەوە.. بەتایبەتیش لە داوونەریت و بۆچوونەکانەوە.

گرینگترین و بنچینەییترین چاکسازی و گۆڕانکاری ئەوەیە کە لە شێوەی بیرکردنەوە و داوونەریتەوە هەڵدەقوڵێت.. واتە: لەو شتانەوە کە راستەوخۆ پێوەندی بەخودی ژیان و وجوودی مرۆڤەوە هەیە.

خواردن کردارێکی هەرە بنچینەیی مرۆڤە. «گەدە» گرینگترین ئامرازی زیندووی مرۆڤە کە رۆژانە لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو شتانەی دەرخواردی دەدەین شێوەی کاری «گەدە» ماندووبوونی یا حەسانەوەی، راستەوخۆ کار دەکاتە توانا و شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان و ئەنجامدان و هەڵوێست.

سێ چوار کرداری بنچینەیی ژیانی فەسلەجیی مرۆڤن، لە دایکبوونەوە تا مردن، ئەگەر رێک نەخرێن ژیانی مرۆڤ لەنگ دەبێ، تێکدەچێ و تووشی دژواری و سەختی دەبێ، ئەوانەش:

- هەناسە و هەناسەدان.
- خواردنەوەو، خواردن.
- شێوەی بیرکردنەوە و، ئاخاوتن.

-شێوەی نووستن و حەسانەوە.

- ئەمجا شێوەی کار، وەرزش.. تاد!

لێرەشدا، مەبەستم ئامۆژگاری پزیشکی و سایکۆلۆجی نییە، چونکە من نە پزیشکم، نە زانای سایکۆلۆجی، تەنیا مەبەستم ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئابووری شێوەی نانخواردنە، کە وەکو لە وتاری پێشوو نووسیبووم ئەوەی لە چێشتخانەکان، لەسەر سفرەی دادەنێن زۆرە، بەلای منەوە، دامودەزگا پێوەندیدارەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و شارەوانی، لەگەڵ چێشتخانەکان دەتوانن لێی بکۆڵنەوە، سیستەمێک دابنێن تا ژەمی کەمترو هەرزانتر دیاری بکرێت. بێگومان لەم هەرزان بوونەدا، زیان بە چێشتخانە ناگات، چونکە لەم حاڵەتەدا، میوانی (کڕیاری) زیاتری بۆ دێت. بۆ نموونە: نەفەری کەباب بۆچی چوار شیش بێ؟ بۆ دوو نەبێ؟

دەزانم کێشەی «گەدە» لە کێشەی سیاسیی دژوارترە. وەرگرتنی ئەم پێشنیارە بە ئاسان نابینم، بەڵام بۆچوونێکە، ناتوانم دەری نەبڕم.

بێگومان، توێژێکی تری لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە تێر گەدەی خۆیان ناخۆن، نەدار و هەژار و بێبەشن. هەرکاتێک کە مرۆڤ لە توانای «گەدە»ی خۆی زیاتر بخوات، دەبێ بزانێت کە بەشی چەند کەسی تری خواردووە. یا بەرامبەر هەر پڕخۆرێک چەند برسی هەیە.

نا عەدالەتی لە کۆمەڵدا ریشەکەن نەبووە. چ کۆمەڵگەی ئێمە، یا وڵاتانی دی، هەمیشە توێژێکی برسی و کەمدەرامەت هەیە، کە هەژارن یا لە ژێر خەتی هەژاریدان. هەمیشەش ئەو ئەرکەمان لە ئەستۆ ماوە کە شتێک بکەین ئەو جیاوازییە نەهێڵین یا زۆر کەمی بکەینەوە.

هەندێ هۆکاری ناعەدالەتی مافی خواردن و تێر بوون بۆ سیستەمی بێعەدالەتی لە دابەشبوونی داهات و زیادەڕەوی و پەخشان و تەخشانی خۆراکە.. دەبا ئەم بوارەش، بواری سیستەمی سفرە و خواردن، بکەین بە تێکۆشان لە پێناوی رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

جارێکی تر هیچ گلەیی و گازەندەم لە چێشتخانەکان نییە، خاوەن کارگە و چێشتکەرەکان خۆشەویستی ئێمەن. ئەوانیش گێرۆدەی داوونەریتی کۆمەڵگەکەن، کە خەڵکی وەهایان دەوێ، دەبا هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین ئەم سیستەمە بگۆڕین.

من بەخۆم، هیچ لە هونەری چێشت لێنان نازانم... بەڵام دەزانم ژەمە خواردنی کەمتر، جوانترو باشتر لێ دەنرێت.

ئامانجمان لە سیستەمێکی تازەی خواردن ئەوەبێ: خواردن لێنانی پوختتر و رەنگاورەنگتر، بەڵام خواردنی کەمتر، هیچ نەبێ «میانەڕەوی» گەڕانەوە بۆ «میانەڕەوی» دەرمانی زۆر نەخۆشییە، چونکە ئەو نەخۆشییانە پەیدا نابن!

لەلایەکەوە رەنگە من مافی ئامۆژگاری کەسم نەبێ، چونکە بەخۆم درەنگ لە هەڵەبوونی ئەو داوونەریتانە تێگەیی بم.

ناشتوانم هیچ کەس فێری چێشتلێنان بکەم، چونکە لەم هونەرە نازانم... تەنیا ئەوە نەبێ، لەلاوێتی لە چاری ناچار–هەندێ جار «قبوولی سووری برنج و سادەم» لێ دەنا، یا «مریشک کوڵاندن»، «هێلکە و رۆن» «خورما و رۆن» پەتاتە (گرتۆپە) کوڵاندن، برژاندن، سوورەوە کردن... کە سادە و ئاسانن، هونەریان پێوە دیارنییە.. وەکو «قارچک برژاندن» کە لە چیا بووین، ئەویش ئاسانی ئاسانە.. قارچک بخەرە سەر ئاگری دار، هەرکە چزە چزی لێ هەستا دایبگرە و بیخەرە ناو نان و... نۆشی گیانتان بێ..

چاکسازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یا فیکری؟! کامەیان؟

پێشەکی، هەمیشە، چاکسازی فیکری بنچینەی چاکسازی کۆمەڵگەیە. رەنگە دەیان و سەدان ساڵ ببات، تا گۆڕانکاری فیکری ریشە لە مێشک و دەروونی خەڵکدا دادەکوتێ و، دەبێتە هێزێکی بزوێنەری چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

چاکسازی «بەناو سیاسی» لە مێشکی خەڵکانی سادە قاڵبی گرتووە و، ئاسان دێتە بەرچاو... کابینەیەک و چەند بەڕێوەبەر و کارمەند دەگۆڕێن، یا

دەگوێزرێنەوە بۆ کاروباری دی- هەندێ جار بەرزتر و باشتر-...! خەڵک ئەمە بە چاکسازی تێدەگا.

ئەمە چاکسازی نییە، بەڵکو جێگۆڕکێیە، یا جێگۆڕینە. بەڵام قووڵترین و دروستترین چاکسازی و گۆڕانکاری لە فیکر و بیرو بۆچوونی گشت کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت. بۆ نموونە گۆڕینی نەریت و سیستەمی ژیان، سیستەمی بیرکردنەوەو، شێوەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، لەوانەش نەریتی خواردن و ڕێکخستنەوەی ژیانی ڕۆژانە.

چاکسازی لەم بوارەدا، بە ڕۆژێک و دە ڕۆژو یا ساڵێک و دوو ساڵ، پیادە نابێت، بەڵکو پشوودرێژی و کاری هێمن و بەردەوامی دەوێ.

دڵ سفرەی عیشق و میهرەبانییە.

سفرە ئاوێنەی ڕاستگۆیی بیرو بۆچوونی تاک و کۆمەڵە.

خواردن یەکێکە لە پێوەرە سەرەکییەکانی ناسینی شێوەی ژیان و سیستەمی بیری کۆمەڵگە.

لەلایەکەوە بە باری تەندروستییەوە بەستراوە، لەلایەکی ترەوە بە بیری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمجا ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بەندە. فەرهەنگی سفرە، لەم ڕوانگەیەوە، پێوەندە بە ژینگە و ژینگە پەروەری. (ئاینی زەردەشت)، لە ڕێنومایییەکانیدا، بایەخی گرینگی بە ڕاگرتنی پاکی ئاو و خۆراک و دەوروبەر داوە. پاراستنی درەخت و گیا و دانەوێڵە و سەوزایی ڕاسپاردووە. ئەوەندەش لەمبوارەدا، ورد بۆتەوە، تەنانەت دەستووری ئاینی دەرهێناوە بۆ ئەوەی «میوەی کاڵی پێنەگەیشتوو لێ نەکەنەوە».

بۆ ڕاگرتنی پاکی ئاو، ڕایسپاردووە تا ئاو ئاڵۆدە نەکرێ، شتومەکی پیسی تێ فڕێ نەدەرێ.

لە بەندێکی تردا، (زەردەشت) دەستووری داوە ئازاری ئاژەڵ و تەیرو توارو، گیانلەبەرانی تر نەدرێت. پەیڕەوانی خۆی بەگیانی لە خۆبووردن، میهرەبانی، بەزەیی و بێ ئازاری، ڕاهێناوە. دوور لە دەمارگیری و بەرچاوتەنگی.

رەنگە لەبەر ئەو هۆكارە بێ كە لە نێوانی پەیڕەوانیدا (هەرچەندە ئێستا بەئامار كەمن) كەسانی توندڕەو، یا تەوژمی توندوتیژ، پەیدا نەبوونە، كەمی و زیادی ئامار گرینگ نییە، بەڵكو سیستەمی ژیان و رەفتاری گشتی ئەساسە.

چاكرەفتارییەكی ترو لە نێوانیاندا، ئەوەیە كە هاریكاری یەكن، (جۆرج ئەلیۆت) دەڵێ: ئەگەر ژیان بۆ یەكدی ئاسوودە نەكەین، ئەدی ئیتر بۆچی دەژین؟»

ئایا ناتوانین هاریكاری یەكدی ببین بۆ ژیانێكی چاكتر و ئاسوودەتر؟ بێگومان دەتوانین، بەڵام هێز و توانا و شارەزایی خۆمان ناخەینەگەڕ، كە لە (بیركردنەوە و رامان)ەوە دەست پێدەكات.

(نیلسۆن ماندێلا) دەڵێ:

«قووڵترین ترسی ئێمە لەوە نییە كە توانای رەهامان نییە.

«بەڵكو قووڵترین ترسی ئێمە ئەوەیە كە بێ ئەندازە وزە و توانامان هەیە.

«ئێمە نەك لەبەر نەزانی و نادانی هەراسانین،

بەڵكو سادەكاریی ئێمەیە كە هەراسانی كردووین.»

واتە: لە وزە و توانای خۆمان بە ئاگا نین.

ئەگەر تۆزقاڵێك لە وزە و توانا و هێزی بیركردنەوەمان بخەینە كار ئەوە بە ئاسانی لە هەر نەریتێكی پاشكەوتوو، یا شێوە تاریكێكی بیركردنەوە، رزگارمان دەبێت.

(بنیامین فراكلین) گوتوویەتی:

«خواوەند یارمەتیی ئەوانە دەدا، كە ئامادەن یارمەتی خۆیان بدەن.»

بۆ گۆڕینی سیستەمی خواردن و، نەریتی سفرە و نەریتەكانی تر، هەر كەس بەخۆی دەتوانێ یارمەتیی خۆی بدات و، هاریكاری دەوروبەری بكات.

مەرجی سەرەتایی و سەرەكی: دان بە خۆداگرتن و، زاڵبوونە بەسەر حەز و خولیای تایبەتیدا، یا زاڵبوون بەسەر نەفسدا، وەكو دانایانی عیرفان دەڵێن،

کە نەبەس لەسەر راگرتنی پاکی و تەندروستیی خواردن (ئەمما کەم) پێ دادەگرن، بەڵکو لەسەر (حەڵاڵ) بوونیشی سوورن.

(وەفایی)، شاعیری دانا و رۆشنبین، لە بیرەوەرییەکانیدا لە زمانی مووریدێکی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سڵاوی خوای لێ بێ، دەربارەی رۆشندڵیی شێخی نەهری، دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

«رۆژێکیان لەگەڵ دراوسێیەکمدا بۆ پرسە و سەرەخۆشی، بۆ گوندی سەراب دەچووین. لە رێگەدا ئەو زاتە (مەبەستی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییە) بە دەنگی بەرز فەرمووی: کە گەیشتنە ئەوێ، هێلکە و رۆنتان بۆ دادەنێن. هێلکەکە مەخۆ، حەرامە. منیش ئەم قسەیەم بۆ هاورێکەم گێڕایەوە و پێمگوت ئەو زاتە وا دەفەرموێ.

«کە گەیشتینە ئەوێ، دوای فاتیحە دادان، سفرەیان هێناو رایانخست. هێلکە و رۆنیان هێنایە سەر سفرە. هاورێکەم بە خانەخوێیەکەی گوت فلانی هێلکە و رۆن ناخوات. رۆنەکەمان بەنانەوە خوارد و هەستاین و گەڕاینەوە. خانەخوێکە بۆ خۆی (دانی پێدانا، کە هێلکە و رۆنەکە حەرام بووە)

(بڕوانە: ل ١٧٥– بیرەوەرییەکانی وەفایی– گردوکۆی مامۆستا قازی محەمەد خزر– وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی).

لە پەندی ژیانی دەیان دانای پایەبەرزی رۆشندڵی تەریقەتەکانی عیرفانیی ئیسلام و ئاینەکانی تر، چ لەم وڵاتانەدا یا لە هیندوستان و وڵاتانی تری رۆژهەڵات، سەدان و هەزاران داستانی لەو چەشنە دەگێڕنەوە، هەموو یەک بیرۆکەی قووڵ دەردەبڕن کە خواردن (شێوە و ئەندازە و رادەی پاکی و حەڵاڵی) تا چ رادەیەک کار دەکاتە سەر باری فیکری و رەوانی و رۆحی مرۆڤ. شێخی نەهری موریدەکەی خۆی خۆشویستووە و رێگەی نەداوە بە خواردنی حەرام پلەی کەمالی رۆحیی دابەزێت.

سفرەی پاک، بیری پاک دەبەخشێ.

# خۆڕاهێنان

وتاری پێشوومان (٢٠٠١/٣/١٥) بەوە کۆتایی پێ هێنا کە مرۆڤ خاوەنی وزە و توانای نوستوو و، فەرامۆش کراوە، کەم جار هەندێکی بەگەڕ خستووە. هەمیشە لە ڕێژەیەکی زۆر نزمی توانا و بەهرەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە.

وەکو کانێکی دەوڵەمەندە، هەر وەختێک مرۆڤ دۆزییەوەو، بە کاری هێنا، ژیانی خۆی و دەوروبەری دەگۆڕێت، چ بە داهێنانێکی سوودبەخش یا دۆزینەوەیەکی بە پیت.

کۆمەڵێک بیرو بۆچوونی نێگەتێڤ و، داوونەریت و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بێ سوود، دەست و قاچی ئینسان دەبەستنەوە، ڕێگەی پێ تەنگ دەکەن، ناهێڵن ڕێگەی لە ژیاندا بە ئازادی بکاتەوە.

گۆڕان لە ژیانی مرۆڤدا لە گۆڕانکاری ئەو بیرو نەریت و پێوەندییانەوە دەست پێدەکات. بەڵام بۆ هەر کەسێک ئاسان نییە سەرەداوی گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیدا بدۆزێتەوە. ئەمەش بە مانای نائومێدی و دەسەوەستان نییە، بەڵکو بنیادەم دەبێ بەشوێنی کلیلی کردنەوەی ئەم بازنە داخراوەیا بگەڕێت.

کلیل لە بیرو، بیرکردنەوەدایە.

سەربەستی مرۆڤ لەوێوە چووزەرە دەدا.. لە بیرو گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە، دید و ڕوانگەی تێڕوانین لە ژیان و، بوون و نەبوون، ئەم توانایە، توانای بیرکردنەوە، لەبەر دەستی هەر کەسێکدایە.

سەیر لەوێدایە، کە ئەو توانایە ئەوەندە لە مرۆڤەوە نزیکە، کە وەکو سێبەر و، هەناسەدان و، ئاوخواردنەوەیە.

بەڵام مرۆڤ، بە پەت و زنجیری پێوەندییەکان و، داوونەریتی ئەو

پێـوەندییـانە، شـەتەک دراوە، نەفـەسـی لێ بڕاوە، چاوی بەسـتـراوە، وێڵ و سـەرگەردان بووە... کە چەشنێکی ونبوون و، نامـۆییـیە. راچڵـەکانی ئەو، لەو بێهۆشـییە، پرسیارێکی ڕێک و راسـتی دەوێ، مرۆڤ رووبەڕووی خۆی بکاتەوە و بڵێ:

– ئایا هـەر ئەوەندەم لە دەست دێ و..بەس؟ ئایا شتێکی چاکتر و بەهێزترم لە توانادا نییە؟

ئایا شـێـوەی ژیانی رۆژانەم دروسـتـە؟ ئایا ناتـوانم بە شـێـوەی بیـر، کـار، رەفتـار و پێوەندی بە خـەڵکەوە (کە پێـوەندیی ئەوانە بە منەوە) چاو بگێڕمەوە؟ بڕیاردان لەسـەر چاوگێڕان بەسەراپای ژیـانی خۆتا سـەرەتای راچڵـەکانە، بۆ گەیشتن بە ژیانێکی چاکتر.

بۆ نموونە.. ئـەگـەر قـوتابییـەک لە هەندێ وانە، یـا لە گشت وانـەکـان، لاواز بوو، دەتوانێ بەم شێوەیە دەرمانی گرفتی خۆی بکات..

قـەڵـەم و کـاغـەز بـهـێنێت، بە ئارامـی و بێـدەنگ، دوور لـە خـەڵکی تر، چاو نەترسـانـە و بێباکـانـە رووبەڕووی خـۆی ببێتـەوە و چەندین پرسـیـار لە خـۆی بکات، یەکایەکی پرسیارەکان بنووسێتەوە، وەکو:

– ئایا لاواز بوونم لە خـوێندن، هۆی چییـە؟ هـۆی سـسـتـی و کەمـتـەرخـەمی خـۆمـە؟ رێکنەخسـتنی کات و شـوێنی خـوێندنە؟ وانەکە سـەختـە، یا بەخـۆم هەوڵم نەداوە بە چاکی بخوێنم؟ بۆچی وەکو قوتابییانی تر پێشنەکەوم؟ بۆچی لەم وانەیە، یا لـە ئەوی تر بێزارم؟ ئایا شـتێکی رەوانـی هەیە کـە وای کـردبێ؟ ئایا ناخـوێنم، یا دەخـوێنم و تێناگـەم؟ کـاتـی خـۆم چۆن دابەش کـردووە؟ ئایا زۆربەی وەخـتم بـۆچی داناوە؟ ئەگـەر کـاتژمـێـرێک زیـاتر بۆ خـوێندن دابـنێم، چاکتر پێش ناکەوم؟

ئەمەو دەیان پرسـیاری تر دێنە پێش، کە هـەر قوتابییـەک بەپێی هـەلومەرجی خـۆی و، ئەو دۆخـەی تێیدایە، دەتوانێت بۆخـۆی پرسـیار دابنێ و، بە هێـمنی و راستگۆیی لەگەڵ خۆی، بەشوێن وەڵامدا بگەڕێ.

پرسیارەکان هەرچی بن، گرینگ سێ مەرجە:

یەکەم: بە دروستی و، بێ بەزەیی، هەموو پرسیارێک ئاڕاستەی خۆی بکات، تەنانەت بپرسێت کە ئایا پێوەندیی لەگەڵ کەسوکاری دروست و ئاساییە؟

دووەم: لەگەڵ خۆی راستگۆ بێ هیچ لە خۆی نەشارێتەوە. ئەگەر هەندێ شت هەیە، شەرم دەکا بە نزیکترین کەسوکاری خۆی (باوک، دایک، برا، خوشک و ئەوانی تر) بیدرکێنێ، بەڵام دەبێ لەگەڵ خۆی راستگۆ و دڵسۆز بێ، دڵسۆزانە لە وەڵام بگەڕێ، هەر کاتێکیش بە پێویستی زانی کە لە باوک و دایک و کەسوکاری، یا مامۆستا و هاوالآنی، داوای یارمەتی و پشتگیری بکات... ئەوەش دڵسۆزانە، بگەیەنێت.

ئەگەر خۆی لەسەر (راستگۆیی لەگەڵ خۆیدا) راهێنا، ئەوە لەگەڵ کەسوکار و دەوروبەریشدا راستگۆ و دروستکار دەبێ.

ئەمە خەسڵەتێکی هەر مرۆڤێکی سەرکەوتووە، کە راستگۆیی پێ دەڵێن.

سێهەم: خەتا نەخاتە سەر خەڵکی تر، یا بارودۆخ. تا بتوانێت، لە سەرەتاوە، خۆی بە خەتابار و کەمتەرخەم، بزانێت، کەموکوڕی بداتە پاڵ خۆی، نەک خەڵکی تر، لە کۆمەڵگەدا نەریتێکی نادروست و نێگەتیڤ (نەرێ)و خراپ باوە، کە هەر یەکێک کەموکوڕی هەبوو یا لە کارێکدا سەرنەکەوت، یەکسەر ئۆباڵ و خەتا دەخاتە ئەستۆی یەکێک یا کۆمەڵە کەسێک، یا بارودۆخی دەوروبەری. ئەم بۆچوونە نە بەس هەڵەیە، بەڵکو زۆریش زیانبەخشە، چونکە ئۆباڵ خستنە سەر خەڵکی تر، راستیمان لێ دەشارێتەوە، ئەویش (راستی خودییە) واتە: خۆ تێنەگەیاندنە لە کەموکوڕی و هەڵەو خەتای خۆمان. تا هەڵەی خۆمانیش راست نەکەینەوە، ئەبەد بە ئەنجامی دروست ناگەین. (ئەم شێوەیە بۆ هەر حاڵەتێکی تری کۆمەڵایەتی و فیکری بەکار دێ.)

رەنگە ئەم راستییە دەربارەی میللەتانیش راست بێ. هەر میللەتێک دواکەوت، یا ژێرکەوت و داما، لە جیاتی ئەوەی گلەیی لە خەڵکی تر و لە گشت دونیا بکات، چاکتر و دروستتر ئەوەیە رووبەڕووی خۆی ببێتەوە، پرسیاری

هۆکـــاری دواکـــەوتن و ژێرکـــەوتنی خـــۆی بکات و، پێش هەمـــوو شت، لە بەرپرسێتی خۆی لە ئاستی ئەو دواکەوتنە بکۆڵێتەوە. کەموکوڕی خودی خۆی کامانەن؟ چی کردووە تا لە کۆت و کۆسپ و پەتی دواکەوتن رزگاری ببێ؟ بەم شێوەیە بپرسێ تا بەوە بگات: ئایا بە دروستی و راستی هەموو توانا و وزەی خۆی رێکخستووە و بەگەڕخستووە؟

واتە: پێشەکی دەبێ مێشکی خۆی رزگار بکات و، سەربەخۆیی فیکری بەدەست بهێنێ.

ئەوە، لە ژیانی تاکە کەسێکیشدا، دروستە..

بەدەستهێنانی سەربەستی بیرو بیرکردنەوە، راستگۆیی لە خۆپرسینەوە، دڵسۆزی لە دۆزینەوەی وەڵام، چاوپۆشین لە هیچ خاڵێکی تاریکی بیرو رەفتار و ژیان.. ئەمانەن هەندێ مەرج، چ بۆ سەرکەوتنی قوتابییەک، یا پێشکەوتنی میللەتێک.

دەگەڕێمەوە نموونەی ژیانی قوتابی، کە پاش دۆزینەوەی هەندێ وەڵام، دەبێ بڕیار بدا بۆ راستکردنەوەی کەموکوڕییەکانی. ئەمجا دێتەوە سەر خاڵی گرینگ، کە لە کوێوە دەست پێبکات و چۆن؟ واتە: شێوەی خوێندن.

لێرەوە دەچینە قۆناغی تر، کە بەندە بە (هونەری خوێندنەوە). «بە وانەداچوونەوەش» هونەرێکە، کە بابەتێکی تایبەت و گرینگە. لێرە نامەوێ جێگەی (مامۆستا) بگرمەوە. ئەوەندە دەڵێم، یەکێک لە رێگەکانی هونەری وانە خوێندنەوە و، فێربوون، بریتییە لە (نووسینەوە)، ئەوەش چەند شێوەی هەیە.

یابۆ دوو سێ جار، لەسەرخۆ، هەموو وانەکە بۆخۆی دەنووسێتەوە.

– یا کورتەی وانەکە، لەبەر خۆی (بەبێ کتێبەکە) دەنووسێت، واتە: پاش خوێندن، یەکسەر کتێبەکە دادەخا و، لەسەر کاغەزێک بە چەند دێڕ یا لاپەڕە، پوختەی وانەکە (وەکو تێی گەیشتووە) دەنووسێت، ئەمجا لەگەڵ دەقی کتێبەکە بەراوردی دەکات... چەندین جار ئەوە دووبارە دەکاتەوە.

– رێگەی تر گفتوگۆیە لەگەڵ هاوالانی دەربارەی وانەکە، لەم بارەیەوە

چاکتر وایە ڕێکبکەون، قوتابییەک (لە دەرەوەی قوتابخانە، یا لەکاتی زەنگ) بابەتەکە ئامادە بکات، پاشان بۆ ئەوانی تر بیگێڕێتەوە، ئەوانیش دەربارەی بدوێن، وەکو دەمەتەقێیەکی دۆستانە، تا هەموویان فێری دەبن.

– شێوەی تر زۆرن، هەروەها شێوەی (توند، یا خێرا، خوێندن) هەیە، کە ئەویش مەشقی خۆی هەیە کە فێر دەبن لە چەند دەقیقە دەیان لاپەڕە بخوێننەوە. ئەم هونەرە لە وڵاتانی پێشکەوتوو (بەتایبەتی ژاپۆن) باوە.

گرینگ گۆڕینی نەریتی خوێندنە بەرەو چاکتر، وەکو هەر نەریت و بۆچوونێکی تر بە (خۆڕاهێنان) لەسەر شێوەی تازە، بە ئەنجامی سوودبەخشتر دەگەین؟

## بەرەبەیانی رۆشنبیری

شەفەقی رۆشنبیری، تازە سەری هەڵداوە.

ئێستا لە بەرەبەیانی چاخی رۆشنبیریداین.

رۆشنبیری، لە سەر ئەرز، تەنیا خەسڵەت و کریاری ئینسانە، کە داهێنەری ئەم بەرهەمە رەنگاو ڕەنگە جوانەیە: لە فیکرو فەلسەفەوە بیگرە، تا هونەرە جوانەکان، میعماری، فۆلکلۆر، دۆزینەوەو داهێنانەکان و شاکارەکانی شارستانی و... زانست و چوونە دەرەوەی کێشی زەوی. رۆشنبیری، دەیان پێناسەی بۆ دانراوە، کە یەکێک لەوانە: بڕگەی پێشووە.لام سەیرە کە هەندێک دەڵێن بە «کۆتایی پێهاتنی رۆشنبیری» گەیشتووین، لە سەر چەشنی چەند چەمکی تری وەکو: «دوا پێهاتنی مێژوو» «دوا پێهاتنی شیعر و ئەدەب...» و...تاد!

ئەگەر بگوترێ قۆناغێک، یا قوتابخانەیەک و، حاڵەتێکی رۆشنبیری، «دوایی پێ هاتووە»، ئەوە رێگەی تێ دەچێ.

گۆڕانکاری لە بیرو بۆچوونی رۆشنبیراندا هەمیشە بەردەوامە.

یا بڵێین رۆڵێکی تایبەتیی رۆشنبیر هاتبێتە گۆڕان، دیسان دەچێتە عەقڵەوە. بۆ نموونە: بڵێین کە جێگەو رۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی «رۆشنبیر» لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر گوێزرابێتەوە، ئەمەش بڕێک پەسەندە، دەورو مەوقیعی کۆمەڵایەتی- سیاسی، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵ، دەگۆڕێت. بەڵام بگوترێت کە سەرجەمی رۆڵی « رۆشنبیری» و «رۆشنبیران» بە کۆتایی هاتبێ، ئەمە بۆچوونێکی دوور لە واقیعە.

«رۆشنبیری»، ئەوە نەبەس دەوری تەواو نەبووە، بەڵکو - تا مرۆڤ و

کـۆمــەڵگەکـەی مــابێ- ئەبەد کـۆتایی پـێ نایەت، چونکە تـەنیـا کـریارێکی مـرۆڤانەیـەو، هێـزێکی بزوێنەرو، دەرەنجـامێکیشــە، کە بـە درێژایی هـەزاران ســاڵی شــارســتــانی هاتـۆتە بەرهـەم و، تا دێ کــارلێکردنی گـرینگتــری لێ دەوەشێتەوە.

ئەمما، رەنگە قـوتابخـانەیـەکی فیکری، هونەری، بگۆڕێ و لاواز ببێـتـەوە، و هـی نوێ بێتەکایەوە، کە گەنجینەی رۆشنبیری دەوڵەمەندتر دەکات.

مـێژووی رۆشـنبیـری جـێگەی بۆشـایی (فـەراغ)ی تێدا نییـە. بە داڕووخـانی هـەر سیسـتـەمێکی فیـکری- فەلسـەفی، سیسـتـەم یا جـەرەیانێکی تر جـێگەی دەگرێتەوە.

بەڵام (رۆشنبـیـر)، وەکـو تـوێژێکی کـۆمــەڵایەتی، هـەمــیـشــە یەک حــاڵەتی راوەسـتـاوی نییـە، بەڵکو ئـەرک و پێگەو رۆڵی، لەگەڵ گۆڕانکاریی سیسـتـەمی کومەڵایەتی، دووچاری هەورازو نشێوی بووە.

بیرۆکەی «کۆتایی پێهاتنی رۆشنبیری و رۆشنبیران» لە کتێبێکی نووسـەری فـەرەنسـی (رێژی دۆبرێ)وە هـاتووە، کـە لە ژێر نـاوی ( رۆشـنبـیرانـی فەرەنسـا: پاشماوە و کۆتایی) دایە.

بیرۆکەی کتێبەکە لە رۆژنامـە عەرەبییەکان، بە هەڵە هـاتووەتە شـرۆڤەکردن نووسـەر باسـی «کـۆتایی پێـهـاتنی رۆشـنبـیـری» ناکـا، بەڵکو زیـاتر داکـۆکی دەکـاتـە سـەر رۆڵی (رۆشنبـیـران)، کـە وەکـو جـاران ناتوانـن راسـتـەوخـۆ کـار بکەنە سەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییـەکانی. واتە: دۆخی پێش ٧٠- ٨٠ ساڵی «رۆشنبیری مولتەزیم» بە شێوەی جاران نەماوە.

ئەوەش تاڕادەیـەک راسـتـە. لە سـەردەمی شـەڕی سـارد ملمـلانێی مـەزنی ئایدیۆلـۆژی و سـیـاسـی بارودۆخـێکی تر لـە ئارادا هـەبوو. دەنگی رۆشـنبـیـری «مولتەزیم» کاریگەریی خۆی هەبوو.

(دۆبرێ) هـەندێ باس لە هـەندێ لایەنی «رۆشـنبیری راسـتـەقینەی کتێب» و هـەندێ داوونـەریـتی مـاریـفی (مـەعـریفی) دەکـات، بەڵام ناڵـێ کـە رۆشـنبـیـری،

بەگشتی، کۆتایی پێ هاتووە.. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بپرسین: ئایا بیرو بۆچوونی (ریژی دۆبرێ) تەنیا سەرچاوەو، تەنیا پاڵپشتی فیکرییەو، هیچی تر و لەو زیاتر کەس نییە؟

(ریژێ) دەنگێکە، بیرو رایەکە، بۆچوونێکە، بێگومان ئەزموونداروشارەزایە، بەڵام ئەو تەنیا بیردۆزی فرەنسا و دونیا نییە. (ئەوەش بزانین.. ریژی دۆبرێ، لە دۆراوەکانەو، گومانی لێ دەکرێ ئەو بووە کە «ئەرینستۆ جیڤارا»ی بە کوشتن گەیاندووە. یەکێک لە هەڤاڵەکانی لە بەندیخانەی (بولیڤیا) یادداشتی هەیە، رەنگە باسی ئەو گومانە بکا، کە (ریژێ) جێگەی جیڤاراو پێشمەرگەکانی بە جۆرێک ئاشکرا کردبێ.

ئەوەتا لە خودی فەرەنسا نووسەرانی وەها هەن کە بیروڕای (ریژی دۆبرێ) رەت دەکەنەوە. بۆ نموونە (بیار هنری لیفی)ی نووسەرو، (جولیا کریستیفا)ی رەخنەگر وەڵامی (ریژێ) دەدەنەوەو دەڵێن کە بۆچوونەکانی «بێ بنچینەن».

تەنانەت (جولیا) دەڵێ کە کەسانێک وەکو (ریژێ)، «کۆتایی هاتنی خۆیان رادەگەیەنن کە فەشەلیان هێناوە»، نەک کۆتایی هاتنی رۆڵی رۆشنبیر. (بڕوانە رۆژنامەی « الشرق الاوسط -٢٠٠١/٢/٥) ئەمڕۆ، لە ئەمڕۆ، لە ئەمەریکا و ئەوروپا، گفتوگۆی گەرم لە ئارادایە بۆ گێڕانەوەی دەوری کتێب و خوێندنەوە (دانیاری)، چونکە لە ١٠-١٥ ساڵی دواییدا، بە هۆی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت و فراوانبوونی دەزگای گەیاندن، بایەخی کەمتر بە کڕین و خوێندنی کتێب دراوە.

واتە: قەیرانێکی رۆشنبیری، لەو لایەنەوە، هەیە. بەڵام ئەم تەنگوچەڵەمەیە بە مانای کۆتایی پێهاتنی رۆشنبیری نییە، بەڵکو ئەنجامی پێشکەوتنی دامودەزگای تەکنەلۆجیای رۆشنبیرییە، بۆ نموونە گرفتی کتێب لە نێوانی کاغەزو ئینتەرنێتدا، خەڵکی دونیا کوتوپڕ رووبەڕووی بوونەتەوە.

ئەگەر، تەماشای دیوەکەی تری ئەم کێشەیە بکەین، دەبینین کە تەکنەلۆجیا و گەیاندن، دەرفەتێکی ئێجگار فراوانیان بۆ هەموو کەسێک رەخساندووە، تا

خێراو ئاسان بگاتە سەرچاوەکانی مەعریفە (ماریفەت) و زانست و هونەر. (کتێبی ئەلکترۆنی)، واتە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، ئەگەر بە گشت دونیا بگات ( کە هێشتا زۆری ماوە)، ئەوە بۆ یەکەمین جار دەبێ کە داخوازیی «بە جەماوەری کردنی رۆشنبیری» بە ئاسانی و هەرزانی و ئازادی ( بە بێ هیچ مەرجێک)، بەدی دێ.

زاراوەی (شۆڕشی زانیاری)، بە خۆی ئەو مانایە دەبەخشێ.. کە تەقینەوەیەکی جیهانی هەیە، بۆ گەیاندنی زانست و هونەر و هەر زانیارییەک، بە چوار گۆشەی دونیادا. رۆڵی کتێبی «کاغەز»یش کەم نەبۆتەوەو، دیارە دەمێنێ. لە ئەمەریکا، شارەزایان هانی خەڵک دەدەن بۆ بایەخدان بە کتێب و دانیاری.

هەیکەلی کتێب وەک خۆی دەمێنێ. ئەگەر ببێ بە ئەلکترۆنیش، دیسان بە هەمان شێوە دادەنرێت. ئەگەریش دانیار پێویستی بە چاپکردنەوەی بێ (لە مێشکی کومپیوتەرەوە، بۆ سەر کاغەز)، ئەوە دیسان لە شێوەی جارانی کتێب، رەنگە جوانتر و رێکوپێکتر، دەربچێت.

رێکخراوی (یونسکۆ)، جەخت و کۆششی خۆی بۆ زیندووهێشتنەوەی کەلەپووری مرۆڤایەتی، داگرتووە. هەوڵیش دەدا رۆشنبیرییە بچووک و لەبیرکراوەکان لە فەوتان رزگار بکاو، فرە رۆشنبیریی جیهان بپارێزێ.

سەتەلایت و شۆڕشی راگەیاندن بچووکترین و نەناسراوترین داوونەریتی کولتووری میللەتانی بچووک و گەورە، رۆژانە بە سەراپای دونیا دەگەیەنن. بەو شێوەیە دەبووژێنەوەو، دەپارێزرێن.

جاران ئەگەر، لە هەر وڵاتێک تەنیا سەدان کەس خەریکی کاروباری رۆشنبیری بڵاوکردنەوە بووبان، ئێستا ملیۆنەها کەس شانسی بەشداربوون و چالاکیی- رۆشنبیریی بەرفرەیان هەیە. واتە: ئێستا لە بەرەبەیانی رۆشنبیریدایین.

## وانیار کێیە؟ چەند وانیارمان هەیە؟

(وانە) زاراوەیەکی جوانە، لە زمانی فێربوون و نووسین جێگەی خۆی کردۆتەوە، لەریشەی زاری گۆرانی (هەورامی) وەرگیراوە. لە (ماچۆ)و دیالکتەکانی هاوچەشن.

بەهەمان شێوە بەکاردێ. بۆنموونە دەڵێن:

- مەوانۆ، واتە دەخوێنێ.

واناش: خوێندی

بوانە: بخوێنە.

لەزاری (زازایی)ش بەو مانایە بەکاردێ.

دەڵێن :- (تۆ دەرسا خۆ وەند)، واتە: تۆ دەرزی خۆت خوێند؟

- (ئەزۆ بوانان): دەی خوێنم.

لێرەدا: (وەند) لە (وانا)وە نزیکە، واتە خوێندت.

(بوانان)، دیسان لە ریشەی (وانا)وە هاتووە.

وشەیەکی تر، لەو سەرچاوەوە، دێ ئەویش (وانیار)ە، واتە:

خوێنەوار، خوێندەوار.

هەروەکو (وانە) بۆ دەرز بووەتە باو، دەتوانین وشەی (وانیار)یش بەمانایەکی تری خوێندەواری بەکار ببەین. پێناسەیەکی تازەی پێ بدەین. لە نێوانی خوێندەوارو، رۆشنبیری و، نووسەرو، توێژەنەرو، دانەردا، کریارێکی دی هەیە تا ئێستا لە کوردی زاراوەمان بۆ دانەناوە. ئەو کریارە لە (رۆشنبیرەوە) نزیکە، بەڵام رۆشنبیر (بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی) نییە، واتە لەو

توێژە کۆمەڵایەتییە ناژمێردرێ.

(وانیار) خوێندەوارە، بەڵام تەنیا بەوەوە راناوەستێ کە فێری خوێندن و نووسین ببێ، بەڵکو هەمیشە دەخوێنێ (دەوانێ) و بەدووی زانست و مەعریفەدا دەگەڕێ، بێئەوەی بنووسێت، یا مەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ بێ.

ئەم پێناسەیە، نزیکە لەوەی دەمەوێ بە بەژن و باڵای وشەی (وانیار)دا بیبڕم.

بەواتایەکی تر: (خوێندەوار) هەیە. واتە ئەو کەسەی کە فێری خوێندن و نووسین بووە، یا لە قوتابخانەو کۆلیج دەرچووە. بەڵام لە رووی زانیارییەوە، لەو پلەدا راوەستاوە. بووە بەکارمەند، یا پیشەوەر، یا خاوەن هەر کارێکی تر، ئیتر لە خوێندنەوە راوەستاوە، هەوڵی نەداوە (بۆ خۆی، بۆ زانین و پێگەیشتنی خۆی) زیاتر بەدوای خوێندنی کتێب و گۆڤارو رۆژنامەدا بڕوات. ئەمما خوێندن بۆ فێربوونی کارو پیشەی پزیشکی ئەندازیاری، میکانیکی، کشتوکاڵ...تاد! لەجێگەی خۆی باشەو پێویستە، بەڵام بەس نییە. زۆرینەی خوێندەوارانمان لەو جۆرەن، کە لە عەرەبیدا (متعلم)یان پێ دەڵێن.

نووسەران، خوێنەوارو (وانیارن)، بەڵام زۆربەی ئەمانەش خوو دەدەنە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە کە لە بابەتی نووسینیانەوە نزیکە. ئەمانە، لە خوێنەوارانی دەستەی یەکەم، وانیارترن. هەندێکیان (وانیاری) تەواون.

دانەرو لێکۆڵەوەر، وەکو نووسەرانی داهێنەر، زۆر دەخوێنن، هەمیشە زانیاری خۆیان پەرە پێدەدەن، فراوانترو قووڵتر بیر دەکەنەوە، هەر بۆیەش بەناچاری دەبێ (وانیار)ی چاک بن... وەکو مامۆستایانی زانکۆ.

تا ئێرە... ئیتر بۆتان هەیە بپرسن: ئەدی (وانیار) کێیە؟

ئەگەر بڵێم کە بەمانای (موتالع «موطالع»)ی عەرەبی، یا ئەهلی موتالەعە/اهل المطالعة)ی بەکاری دێنم... لە تێگەیشتنی خوێنەرم نزیک خستووەتەوە؟!

ئەهلی موتالەعە، ئەو کەسانەن کە هەمیشە دەخوێنن، هەر شتێک بەدەستیان بکەوێ چاوی پیا دەخشێنن و زۆر جار لێی ورد دەبنەوە. بەردەوام دەخوێنن تەنیا بۆ زانین و، بۆ چێژ وەرگرتن لە خوێندن و زانین، لە ژیانی خۆیاندا لەو زانیارییانە کەڵک وەردەگرن، یان تەنیا بۆ گەشەپێدان بەتواناو ئاسۆی فیکری و دەوڵەمەندکردنی جیهانی رۆحیان...

بۆ ئەوەی مەبەستمان چاکتر روون ببێتەوە، نموونەی نووسەرێکی بەرازیلی دەهێنمەوە.

(پاولۆ کۆیلۆ Paulo coelho)، ساڵی ١٩٤٧، لە شاری ریۆدۆژانیرۆ، بەرازیل، لەدایک بووە، رۆژنامەنووس، دەرهێنەری شانۆو، گۆرانیبێژی میللی بووە، پاشان رۆمانی نووسیوە. ساڵی ١٩٨٨ بە رۆمانی (کیمیاگەر) ناوبانگی جیهانیی دەرهێناوە، کە بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە، لە (٢٩) وڵات فرۆشراوە، ئێستاش لە کتێبە فرۆشراوەکانی بازاڕی ئەم وڵاتانە دەژمێردرێ: ئەرژەنتین، ئوسترالیا، نەمسا، بەلژیک، بەرازیل، بولگارستان، کەنەدا، کۆلۆمبیا، کەرواسی، فرەنسا، ئەڵمانیا، ئێران، ئیتاڵیا، لاتڤیا، مەکزیک، نەرویژ، پۆلەندا، پورتەگال، پۆرتۆریکۆ، سلۆڤانیا، ئیسپانیا، سویسرە، تایوان، تورکیا، ئۆرۆگوا، یۆگوسلاویا، ڤەنزەویللاو، وڵاتانی تر.

رۆمانی (کیمیاگەر) لە زانکۆی شیکاگۆ، ئەمەریکا، هەروەها لە قوتابخانەکانی ئەرژەنتین، فرەنسا، ئیتالیا، پورتەگال، بەرازیل، تایوان، ئیسپانیاو وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا، بە (وانە) دانراوەو، وەکو کتێبێکی وانەوانی (دەرسی) دەخوێنرێتەوە.

(پاولۆ) جگە لەوە، چەند رۆمانی تری نووسیوە، بۆ نموونە:

«لە کەناری رووباری پێدرا دانشتم و گریام - ١٩٩٤»، «کێوی پێنجەم - ١٩٩٦»، «دیداری فریشتەکان-١٩٩٥»، «ڤەرۆنیکا بڕیار دەدا بمرێ»و چەندین کتێبی تر، کە سەرجەم لە نزیکەی (١٠) وڵات چاپ و فرۆشراون و، بە (٤٥)

زمـان وەرگـێـڕدراون، نووســەر بەزمــانێکی ســادەو ڕەوان دەنووسێ و، «دڵ و ڕۆح» دەدوێنێ نەک «مێشک»...وەکو دەربارەی نووسیویانە. ئەم نموونەیەم بۆ یەک مـەبـەست هێنایەوە، ئەویش ئەوەیە کـە کـۆی گـشـتی تیـراژی (ژمـارەی فـرۆشـراوی) ڕۆمـان و کـتـێـبـەکـانی تر تا سـاڵی ١٩٩٩بە (٢٦) ملیـۆن دانە گەیشتووە. ساڵی ١٩٩٨بە دووەمین نووسەری فرە فرۆشی جیهان ناسراوە.

پرسـیاری مـن دەربارەی (وانیـار) ئـەوەیە: ئایا ئەو (٢٦) ملیـۆن کـەسـە کـە بەرهـەمی (پـاو لۆ) دەکــڕن هـەمــوو نـووســەرو لێکـۆڵەوەرن، یا تـەنیــا لـەبەر خوێندنەوەو چێژ وەرگرتنە؟

ڕەنگە تـەنیا چـەند سـەد کەسـێک، لـەو (٢٦) ملیـۆنە، نووسـەر ڕەخنەگـری ئەدەبی، وەرگـێڕ، سـینەمـاکـەرو لێکۆڵـەوەر بن، بەڵام ملیـۆنەهـا کـەس تەنیـا بۆ خوێندنەوە کڕیویانە، بۆ چێژ وەرگرتن، کە خوێندنەوە بەشێکە لە ژیانیان وەکو ئاو و نان. ئەمەیە (وانیار).

بەرامـبـەر بە فـرۆشــتنی (٢٦) ملیـۆن دانەی بەرهـەمی نووسـەرێک، وەکـو (پاوڵو کۆیلۆ)، بێگومان نووسەری کورد بەزەیی بەخۆیا دێ...

بەلای منـەوە تیـراژی (٢٦) ملیــۆن، ژمـارەیەکی قـەبە نیـیـە؟ ئەگـەر بزانین ئاماری تەواوی دانیشـتوانی سـەر ئەرز (گشت مرۆڤانی ئەم ئەستێرەیە) بە زیاتر لە شەش ملیار (شەش هەزار ملیۆن) گەیشـتووە، ئەوە لە (١٠٠) وڵاتدا، (٢٦) ملیۆن (وانیار)ی بە زەوق و خاوەن سەلیقە پەیدا دەبن بەرهـەمی جوان و بەرز بخوێننەوە.

گـرفـتی وڵاتانی دواکـەوتوو، لە پەیدانەبوونی (وانیـار)ە، یا دروسـتتـر بڵـێین: پەروەردە نەبوونی وانیارە. گـەوهـەری گرفـتـەکە بە پەروەردەی فـیکری و مینۆیی (مەعنەوی) و ڕۆحی مرۆڤەوە بەندە. ئەم پەروەردەیە کۆمەڵایەتی- مرۆڤایەتییە، واتە: هـەم بە هـەلومـەرجی ڕەخساوی دەوروبەرو کـۆمـەڵ، هـەم بە بڕیارو تواناو تێکۆشـانی تاکـەوە، بەسـتـراوە... هـەردوو لایەنـی پەروەردەی (تاک و کـۆمـەڵ) یەکدی تەواو دەکەن.

لای ئێمـه، له کـوردسـتـان، هـەر دوو لایەن نەگـونجـاوەو، پێنەگـەیشـتـووە، نووسـەری ئێمـە ناهـەقی نیـیـە دڵی برەنجێ و بـەزەیی بەخـۆیا بێ، بـەڵام ئایا بەخۆیشی بەرپرس نییە؟

نووسـەری لای ئێمـە، وەکو بڵێی تەنیا بۆ نووسـەران دەنووسێ، ئەویش نەک هەمـوو نووسـەران، جـەماوەری خـوێنـەوار نەبوونە بە (وانیار)، مـەگـەر تاکوتەرا نەبێ.

خـوێنەوار (بە زۆربەی دەرچوانیـشـەوە) لایـان وایە نووسـەر هـەم دەبێ لە جیاتی ئەوان بنووسێ و، هەم لە جیاتی ئەوان بیخوێنێتەوە.

گیانی فێربوون، زانست و هـەوڵی تێگەیشتن، هێشتا کزە.

ئەمە دۆخێکی نائاسـاییـیـە، بەلای منەوە کاتییـە. رۆژێک دێ، هەندێ (نەک گـشت) بەرهـەمی ئەم سـەد سـاڵە، بە دەیان و سـەدان هەزار دانە لـە چاپ دەدرێنەوە، یا لە شـێوەی کتێبی ئەلەکترۆنی بەسـەدان هـەزار (وانیار)ی کورد زمان دەگەن.

نەک کورد بە تەنیـا، بەڵکو عـەرەبیش گیـرۆدەی ئەو گرفتـەیە. بەلایەنی کـەم (٢٥٠) ملیـۆن عـەرەب (جگە لە عـەرەبزانانی دونیـا) هـەنە. لەم (٢٥٠) ملیـۆنە هێـشـتـا (٥٠) هەزار وانیـار پـەیدا نەبوونە، هەرچەنـدە خـوێندەوارانـی عـەرەب (بەپێی ئاماری سەر کاغەز) لە (٤٥) ملیۆن کەمتر نین، بەڵام هیچ نووسـەرێکی عەرەب تیراژی فرۆشتنی کتێبی بە (٤٥) هـەزار نەگەیشتووە، بەدەگمەن نەبێ، ئەویش پاش چەندەمین چاپ، دوای ساڵانێکی دوور.

خـەڵکی کـوردسـتـان، بە ئامـار، هـەندێکمـان بە ٣٠-٤٠ ملیـۆن کـەسی دەگەیـەنین. هـەرچـەندە بارودۆخی بندەستی و ستەم و رێژەی نەخـوێندەواری و داپچڕان و چەندین هـۆکاری تر، کۆسپ و تەگـەرەی سـەختی بەر پێی کـتـێبی کـوردین، بەڵام خـۆ دەبێ لەم ٣٠-٤٠ ملیـۆنـە، ٣٠-٤٠ هـەزار خـوێندەواری (وانیار) پەروەردە بووبن، کە هێشتا دیار نین، نین یا دەرناکەون؟

کامانەن کۆسپ و کۆتەکان؟

– نەخوێندەواری؟! بەڵێ هۆیەکی دواکەوتنە. ڕێژەی نەخوێندەواری هێشتا بەرزەو، کۆسپێکی سەرەکییە، جگە لەوەش تازە (لەم پەنجا ساڵەدا) خوێندن بە زمانی زگماک پەرە دەستێنێ. ئەمجا گرفتی (پیت)، بە عەرەبی یا لاتین باری سەربارە.

– ئابووری؟! ئەویش هۆیەکە. گرانی خەرجی چاپ و، بەهای کتێب و، دەرامەتی کەم و، هەژاریی چینێکی فراوان... ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی خوو و نەریت و چێژی (وانیاری) دەگرن.

– ڕای گشتی؟! باوی کۆمەڵایەتی؟! ئەمەش هۆیەکی گرینگە. هەر (باو)ێک لە کۆمەڵدا زاڵ بوو، بەرهەمی دیار دەبێ. کولتووری (وانیاری)، وەکو هەر شتێکی تر، زەمینەی دەوێ و، خەباتیشی دەوێ. هەوڵی بۆ بدەین بڵاوی بکەینەوە.

– هونەری نووسەر؟! توانای زانستییانە؟ مەعریفە؟! کارلێکردنی ئەم هۆیە لەوانی تر کەمتر نییە. بەڵکو هەر دەبێ لێرەوە بۆ چارەسەری گرفتەکە بڕۆین. نووسەری کوردستان چەند ئەرکی کەڵەکەبووی لە ئەستۆیە: فێرکردن، بڵاوکردنەوەی کولتووری وانیاری، زەوق ڕاهێنان، ئەمجا داهێنان و جوانکاری.

هەندێ نووسەر هەر ئەوەندەیان لە باردایە کە دەیهێننە بەرهەم. ئەوەندەی لێ دەزانن.

هەندێکی تر شتیان پێیە، بەڵام پەلە دەکەن. بەرهەمی کرچ و کاڵ دەردێنن. ناهێڵن ئەو بەرهەمە پوخت و جوان پێبگات، بەڵکو زوو، بە کاڵی، دەیبڕن، وەکو جومبوتی نەپشکوتوو. واتە: وانیاری تێگەیشتوو و زانا لە خۆیان دەڕەنجێنن، دووریان دەخەنەوە.

نووسەر دەبێ، هەمیشە خوێندەوارو وانیاری تێگەیشتوو و بەزەوقی لەبەرچاو بێ و، بزانێت کە خەڵکانێک هەن تێدەگەن و شارەزاو ئەزموونداربن، بەبێ یەکودوو بەرهەمی جوان و بەرز لە بەرهەمی کرچ و کاڵ و پێنەگەیشتوو

جیا، دەکەنەوە. ژیرانە ئاستی زانستی و مەعریفیی نووسەر هەڵدەسەنگێنن.

واتە: ئەو کەمە وانیارانەش لە خۆیان دەتۆرێنن.

چەندین نووسەری شارەزاو قاڵبووی هونەری نووسین هەنە، کە دەزانن چی دەنووسن، بەڵام کەمن و، کەم بەرهەمن.

شێوەی دەربڕین و زمان و، هونەری نووسین، مەرجێکی تری گرینگە بۆ پەروەردەکردنی (وانیار)و، دڵڕاگرتنی.

رەنگە وردە هۆکاری تر هەبن، وەکو شێوەی تێگەیشتن لە ئازادی دەربڕین، ترس لە هەندێ دەربڕین، ترساندن، نائومێدی... تاد!

نووسەرێکی کورد، ئەگەر (١٠) هەزار وانیاری هەبێ، پێواری ئەمڕۆ، رەنگە تاڕادەیەک سەرکەوتوو بژمێردرێت.

دەمێنێتەوە بڵێین:

وانیاری، تەنیا خوێندنەوەی کتێب نییە، وانیار، گۆڤارو رۆژنامە و هەر چاپکراوێکی تر دەخوێنێتەوە، لێ ورد دەبێتەوە.

وانیار، کە فیلمی سینەماو تەلەڤزیۆن دەبینن، یا تەماشای شانۆیەک دەکەن، بە رووحیەتی وانیارییەوە، لێی دەنۆڕن.

کە بۆ سەیران و گەشت و سەفەر، دەچێ بە چاوی وانیارییەوە دەوروبەری خۆیان دەخوێننەوە.

هەموو ئەو شتانە لە مێشکی خۆیان، دەخەنە بەر تیشکی بەراوردو لێکۆڵینەوە، تا زیاتر تێی بگەن.

هەندێ نەخوێندەوار (نەخوێندەواری پەتی)، بەگیانی وانیاری دەنۆڕن، دەپرسن، لێکدەدەنەوە، لە زۆر شتا شارەزایی پەیدا دەکەن... کە دێنە گفت وەکو وانیارێکی پێگەیشتوو دەدوێن.

خوێندەواری وەهاش هەیە شت لەیەک جیا ناکەنەوە، ناتوانن دوو رستەی پوختە رێک بخەن، یا مەبەستێکی سادە بە چاکی بگەیەنن.

ئەگــەر ئەو کــۆسپ و پەت و تەگــەرانە لابدرێن و، مــرۆڤ ئازاد بێ (پێش هەموو شت مێشکی ئازاد بێ) ئەوە دیارە هەر کەسێک حەزو ئارەزووی زانین و فێربوون و پێگەیشتنی لە لا پەیدا دەبێ. واتە: دەکەوێتە خولیای وانیاری و تێگەیشتن. چونکە لە سروشتی ئینساندا ئارەزوویەکی قووڵ هەیە، پێی بزانێ یا نەزانێ، ئەویش ئارەزووی زانینە... لە دەروونەوە تینووی گــەیشــتنە بە مەعریفەو راستی و زانینی هەموو شتێک، بەڵام ئەم ئارەزووە دەمکوت کراوە، خنکێنراوە، رێگەی سەرهەڵدانی لێ گیراوە. مرۆڤ دەیەوێ بزانێ و تێبگات؛ بەوەش پەروەردە دەبێ.

ئەو زانین و پێگەیشتنە هەموو بۆ ئامانجێکی نادیاری بەرزترە: مرۆڤ دەبێ بە پیرۆزترین پلەی پەروەردەی روحی و فیکری بگات، بە رزگاری و عیشق و ئاوەدانیی دڵ و دەروون شاد ببێتەوە.

# سروشتی بەشەر

ئایا سروشتی بەشەر، تا چەند ئومێدی گۆڕینی هەیە؟ مەبەست لە «سروشتی بەشەر» چییە؟

لەجیاتی (مرۆڤ) و (ئینسان) راست و رەوان وشەی (بەشەر) بەکار دێنم، کە مەبەستم رەگەزی ئەم گیانلەبەرەیە کە (بەشەر)ی پێ دەڵێن...

ئایا بەشەر دەچێتەوە خانەی گۆڕانکاریی بنچینەیی، تا ئەو رادەیەی کە بەشەر، بەبێ هیچ چاودێری (سانسۆر) و ترس و پاڵەپەستۆیەک، بە خۆی، بە ئارەزوو و ئاگایی و هەڵبژاردنی ئازادی خۆی، لە خراپە (زیان گەیاندن بە کۆمەڵ و تاک و ئارامی و ئاسایشیان)، لابدات و، هەربەخۆی و بە هۆشیاری و هەڵبژاردنی ئازادانە، روو لە چاکە بکات و، ئەوەی چاکە نەبێ نەیکات کە بەمانای سوودبەخشینە بە دەوروبەر و کۆمەڵگە و ئەوانی تر؟

شتی وەها... ئایا دەتوانین لە چاوەڕوانیدا ببین و، بەهیوایەوە دڵخۆش بکەین؟

مەرجی ئەم گۆڕانکارییە گرەوی بنەڕەتیی ئەو ئامانجە بەرزەیە، کە گشت ئەگەرە یۆتۆبیاییەکان، عەودالْن بۆی.

تەوەرێکی (هەفتەی رۆشنبیری -دارولمەدای- دیمەشق) کە سەرەتای ئەم مانگە کۆتایی پێهات، لە قاڵبی پرسیارێک داڕێژرابوو، دەڵێ: «سۆسیالیزم، ئایا ئایندەی هەیە؟»

جەماوەرێکی زیاد ئامادەی کۆڕەکە بوون، بەتایبەتی لاوان و قوتابییانی زانکۆ، کە دیارە ئەم پرسیارە ختووکەی دابوون و، بە شوێنی وەلامێکدا بوون.

کۆڕەکە، د. رەفعەتولسەعید (زانای گەورەی میسر) دەیگێڕا، بە

ئامادەبوونی چەند رووناکبیری مارکسیزان وەکو: کەریم مروە (لوبنان)، د. قەدری جەمیل (سوریە) حوسێن عەبدولرازق (میسر) د. ئەحمەد بەرقاوی و، د. عیسام ولزەعیم.

کۆڕەکە گەرم بوو، پرسیار زیاد بوو.. چەند ئەپۆزسیۆنی تەوەرەکەش (لە ئیسلامی سیاسی) بەشداربوون.

بەڵام بەلای منەوە گرینگترین پرسیار، یا تیۆری، لە بارەی هۆی فەشەلهێنانی ئەزموونی سوسیالیستانەی یەکێتی سۆڤیەت، نەکەوتە بەرباس... نە بە پرسیار، نەش بە لێکۆڵینەوە.

پاشان لە دانیشتنێکدا لەگەڵ د. رەفعەتولسەعید، کە بیردۆزێکی گەورەی ئەزموونديدەيە، کەوتینە باس و گوتم:

بەلای منەوە گرینگترین باس، یا کێشەی سەرنەکەوتنی ئەزموونەکە لەم پرسیارەدا خۆی دەدۆزێتەوە: «ئایا سروشتی بەشەر دەگۆڕێت؟» ئایا ئەو ئەزموونە چەندی لە خوو و رەوشت و ئارەزوو حەزە کۆنەکانی بەشەری گۆڕیوە؟ ئایا گرینگترین گرەوی یەکسانی و پەروەردەی مرۆڤێکی تازە، ئەوە نەبووە کە دەبوا «سروشتی» بەشەر بگۆڕێت، تا لە خۆپەرستی و فەساد و چڵێسی و گیانی چەوساندنەوەی «موڵکدارێتیی تایبەتی» رزگاری بووبێت.

د. رەفعەت گوتی: ئەم پرسیارە گەوهەری کێشەکەیە بە ئەزموونی من.. فەساد و گەندەڵی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە تەشەنەی کرد. ئەگەر ئەمان وەها بووبن ئیدی خەڵکی خوارەوە و خەڵکی تری کۆمەڵگە چۆنن؟

د. موراد غالیب، وەزیری پێشووی دەرەوەی میسر، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە موسکۆ بووە، دانی بەوەدا نا، کە کۆمەڵگەی سۆڤیەت هێشتا زۆری مابوو بەوە بگات کە ئەو مرۆڤەی تێدا پێگەیشتبێت، سەربەخۆ و ئازادانە، بەبێ سانسۆری یاساو کۆمەڵ، چاکە و خراپە لێک جیا بکاتەوەو، خزمەتی کۆمەڵگە بکات.

له وەڵامی ئەوەی کە «ئەدی چی بکرێت؟ ئایا خەونی رزگاری و یەکسانی و ئاسوودەیی دەخرێتە چاڵ، یا هێشتا دەرفەت لە پێشە؟»

د. موراد دەڵێ: دەتوانرێت لەم بوارەدا پێشکەوتن بێتە دەس، ئەویش ئەگەر بەشێوەیەکی مرۆڤانەتر کۆمەڵگە بەڕێوە بچێت، لەگەڵ دابینکردنی هەلومەرجی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات.

د. رەفعەتولسەعید دەڵێ: (چارەسەر لە «نموونەگەرییە».) ئەم وشەیە بەخۆم دەیهێنمەوە تا بیرورای ئەو روونتر بکەمەوە.

د. رەفعەت دەڵێ: پاش دامەزراندنەوەی ئەزموونێکی تر، لەهەر کوێ بێت، پێشەکی و بنەڕەتی، دەبێ سەران و فەرمانڕەوایانی کۆمەڵگە «نموونەی» رەوشتی بەرزی عەدالەتخوازی و بەرژەوەندی گشتی بن.. پێشەنگ بن لە چاکە و خێرخوازی (بەمانای لەخۆبووردن و پاکی لە پێناوی کۆمەڵدا).

د. قەدری، لە دانیشتنێکی تایبەتی تردا، گوتی کە ئەو کەسانەی کۆمەڵگە پەروەردە دەکەن، دەبێ –پێشەکی– بەخۆیان پەروەردە کرابن، واتە: بازنەیەکی نیمچە داخراوەیە.. کە بۆ پەروەردەی بەشەر، دەبێ مامۆستایانی پەروەردەکراو پەیدا بن. ئەی ئەمانە کێ پەروەردە و ئامادەیان دەکات؟ ئەو، هەروەها گوتی: ئەزموونی سۆڤیەت بەو ئاستە نەگەیشتبوو.

من گوتم: چەندین ئەزموونی تریش، ئەگەر راست بکرێنەوە، دووچاری هەمان چارەنووسی سۆڤیەت دەبن، مەگەر کێشەی گۆڕینی سروشتی بەشەر، بە چارەسەرێکی دڵنیابەخش بگات.

ئەو، ئەمجا، گوتی: کاری زەحمەت، تەنیا گەیشتنە بە پلەی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییە... بەلای منەوە، ئەگەر هەلومەرجێکی چاکتر، لە کەشوهەوای دیموکراتی و ئازادیدا، بێتە کایەوە، رەنگە بەرەو ئەو قۆناغە بڕۆین.

هەروەها گوتی: نابێ نائومێد ببین، چونکە سروشتی مرۆڤ لەوەیە، بگۆڕێت. ئایا بەشەری ئەمڕۆ هەر هەمان خوو و رەوشتی یەک دوو هەزار ساڵی پێشییان هەیە؟ یا گۆڕاوە؟

هەر گۆڕانکارییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری لە سروشت و، شێوەی بیرکردنەوە و، خوو رەفتار و حەز و ئارەزووی، مرۆڤدا، بەدی هێناوە.

تەنیا، بۆ یەک جار، ئەگەر بەشەر پێی نایە ئەو پلە بەرزە، ئیتر پاشگەز بوونەوەی بۆ نییە، ئەو ژیانە تازەیە دەچەسپێنێ.

د. قەدری جەمیل (سوریا) خۆشبینە، تا رادەیەک...

لەو بارەوە کتێبێکی قەوارە بچووکی، بەڵام گرینگی، داناوە بە ناوی (شارستانی، رووبەڕووی دووڕێیان). پچێک دڵەڕاوکێشی پێوە دیارە. دۆگما نییە، بەڵام سوورە لەسەر بنەما بنەڕەتییەکانی بیری مارکسیزم. بەهەرحاڵ...

بەلای منەوە، هێشتا پرسیاری ئایندەی سوسیالیزم، یا هەر ناوێکی تر بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ئازاد و ئاسوودەی ئایدیال، لە وەڵامی پرسیارێکی تردایە، کە ئایا سروشتی بەشەر دێتە گۆڕین بەرەو چاکتر؟

ئایا مەبەست، لە گۆڕینی، بەرەو چاکتر و بەرزتری سروشتی بەشەری، چییە؟ لێرەدا، بێ پێچ و پەناو، سادە و روون، دەڵێم کە مەبەست لەوە، پەروەردەبوونی (یا: پەروەردەکردنی) جۆرێکی تازەی بەشەرە، خۆ بەخۆ، (ئۆتۆ- رەوشت) بن، واتە: بەبێ فەرمان و سانسۆرو، ترس لە یاساو داوونەریتی کۆمەڵ، چاکە و خراپەی ژیان لێک بدەنەوەو، بیکەنە سەرمەشقی رەفتاری خۆیان.. ببێتە (ویژدانیان).

بۆ نموونە: لە (هاتوچۆدا) نەک لەترسی سزای پۆلیس، بەڵکو لە بڕواوە بە رەچاوکردنی دابونەریتی هاتوچۆ، کە بە هەموو خەڵکەوە بەندە، یاسا شکێنی ناکەن، واتە لە (ویژدان)ی پاکی خۆیانەوە، رێنومایی وەردەگرن.

یا: هەر وەختێک ئەو کۆمەڵە دەوڵەمەندە، تێروتەسەلەو، دادپەروەر و ئازادە، پەیدا بوو.. ئیتر هەر مرۆڤێک، خۆبەخۆ تەنیا ئەوەندە دەبا و هەڵدەگرێ کە پێویستی پێ هەیە، نەک لەوە زیاتر بباو، بە ناهەق بۆ خۆی کۆی بکاتەوە و بیشارێتەوە، کە خەڵکی تر بێبەش دەمێنن. واتە: هەر وەختێک یەکێک لە رادەی خۆی دەوڵەمەندتر ببێ، ئەوە پشکی چەند کەسی تری بردووە.

یا: له خزمەتی شارو خەڵکدا، بەشەری ئازاد و پێگەیشتوو، نەک لە ترسی سزا، یا لەبەر عەیبە، یا بۆ پاداش، بەڵکو لە بڕواو ئاگاداریییەوە، پاکی و جوانی ماڵ و گەڕەک و شارەکەیان دەپارێزن، درەخت دەچێنن نەک دەیبڕن، کەموکوڕی کۆمەڵ چارەسەر دەکەن.. لە کاتی تەنگانە وەکو کارەساتی سروشت و کۆمەڵایەتی، بەبێ ئەوەی چاوەڕوان بێ تا بانگی بکەن، بەخۆی دەکەوێتە کارو، بە هانای لێقەومانەوە دەچێ... تاد! ئایا کۆمەڵگەیەکی وەها، لەوەیە پەیدا ببێ؟

ئایا ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییە بەرزە (کە هێشتا خەون و ئاواتە) شایانی خەبات و رەنج و... بیرکردنەوەیە؟ چونکە، وەکو لە سەرەتا گوتمان، لە دووڕێیانێن: یا کۆمەڵگەیەکی وەها خەیاڵ، مەحاڵە و، ئیتر دەستی لێ هەڵدەگیرێت، کە کەرتێکی خەڵکی رووی زەوی ئاوەهای بۆ دەچن؟

- یا هێشتا ماویەتی و، کۆمەڵگەی وەها رەنگە پەیدا ببێ، کە شایانی ماندووبوون و زەحمەت و خەباتە. خەڵکانێکیش هەن بڕوایان بەوە هەیە بیرۆکەی بنچینەیی ئەم پرسیارەش (بەتایبەتی لەلایەنی ئەوانەوە کە هێشتا لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگەیە بیردەکەنەوەو، هەوڵیشی بۆ دەدەن) لەوەوە دێ کە خەونی دێرینەی مرۆڤایەتی لە دادپەروەری و ئازادی و رزگاری لە ستەم و چەوسانەوە، هێشتا بەدی نەهاتووە.

ئەو کۆمەڵگەیە هەرچی ناوێکی لێ بنێین: سوسیالیزم، یا هەر ناوێکی تر (یەکسانی، ئاسوودەیی، رزگاری هەتا هەتایی، بەهەشتی رووی زەمین، یا هەر ناوونیشانێکی تر) پەیدابوونی، یا دامەزراندنی، خەونێکی بەشەرە. (ئاواتی دادپەروەری و رزگاری لە کەساسی و ترس و ستەم) ئاواتێکی دێرینەی کۆمەڵگەی بەشەریەتە، هەزاران ساڵ پێش بە رۆژێکەوە خەون بینراوە ستەم و زۆرداری و چەوسانەوە و هەژاری نەمێنێ و، جیهانێکی پڕ لە کامەرانی و ئاسوودەیی و ئاشتی و داد، جێگەی بگرێتەوە. ئەم ئاواتە تەنیا بە سوسیالیزمەوە بەند نییە.

لە دەقەکانی (زەردەشتا) ئاوات و «پێشبینی»ی وەها هاتووە، کە رۆژێک

دادێ، بە دەستی نەوەیەکی زەردەشت مەملەکەتی دادو ئاشتی و راستی و پاکی و بەختیاری دادەمەزرێ، تێدا «گورگ و مەڕ» پێکەوە، ئاشتییانە دەژین. لە بیرۆکەی مەهەدیگەریدا هەمان ئاوات دەبینین.

ئەم بیرۆکە بەرزە، لە ئاینە گەورەکانەو زۆربەی ئاینزاکان و، کتێبی فەیلەسووف و دانا رۆشنبینەکانا، رەنگ دەداتەوە.. مەرج نییە کوتومت لە زەردەشتیان وەرگرتبێ، بەڵام دیارە ئاواتێکی گشتیی مرۆڤایەتییە، لە هەر میللەت و هەر ئاین و توێژێک، بە شێوەیەک دەری دەبڕن.

گەوهەری بیرۆکەکە (یا ئاواتەکە) نەمانی ستەم و هەژاری و جیاوازی چینایەتی و نەتەوەیی و ئاینی و، هاتنی مەملەکەتی دادو خۆشی و سەرفرازی و ئاشتییە.

دیارە تا هەژاری و جیاوازی کۆمەڵایەتی و زۆرداریش بمێنێ، ئەو ئاواتە هەر دەمێنێ.. و بە شێوەی جۆربەجۆر خۆی دەنوێنێ، چ لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی (بەئەیدیۆلۆجیەت عیلمانی)، یا بزووتنەوەی ئاینی (بە هەمان ئەیدیۆلۆجیەتی رزگاریخوازانە) وەکو لە دەیان بزووتنەوەی پێش ئیسلام و، پاش ئیسلام، روویان داوە.

ناوەرۆکی سەرەکیی بزووتنەوەکە (جیا لە ئەیدیۆلۆجییەکەی، هەر یەکە، ئەویش عەدالەتخوازییە و، لە گەوهەردا سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بە بەرنامەیەکی ئابووری و، رێنومایییەکی فەلسەفی.

ئەم بازنەیە، هێشتا، وەک خۆی دەخولێتەوە و، دیارە هێشتاش داخراوەیە، تا رۆژێک دێ کە بشکێ.. یا دەستی لێ هەڵبگیرێ.

دەمێنێتەوە چۆنەتی و، خەسڵەتی، ئەو مرۆڤە بەرزە تازەیە کە خۆ رەفتارو، ئازادە لە هەڵبژاردنی کردەوەی چاک و دروست، بەبێ ئەوەی لە هیچ بترسێ، یا لە هیچ کەس پاداشی بوێ، بەخۆی مرۆڤێکی دروستکارە (لە نموونەی ئایدیالی زەردەشت)، و ئەبەد دەس بۆ ماڵ و ژیانی خەڵک نابا، ئەبەد ستەم رەوا نابینێ.. هەرچی بە خۆی هەق و رەوا ببینێ، بە گشت خەڵکی هەق و

ڕەوا دەبینێ.. (بەو شێوەیە خەڵکی خۆش دەوێ، کە خەڵک ئەویان خۆش بوێ)، یا (ئەوەی کە بۆ خۆت بە چاکەی دەزانی، بۆ خەڵکیشی بە چاکە بزانە) وەکو لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە.

ئەو مرۆڤە بەرزە، بەو مانایە، دەبێ ببێ بە خاوەن (ویژدان)ی پاک و بێگەرد. کردار و ڕەفتار و گوتاری لە (ویژدانەوە) دێ، نەک لەو چەشنە حەز و ئارەزوو و خووە پەشێو و تێکەڵ و پێکەڵەی خۆپەرستانە کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا باون.

جا ئەو مرۆڤە (بەویژدانە) چۆن پەروەردە دەبێ؟ لێرەدا بۆچوونی سیاسی- کۆمەڵایەتی ماددی لەگەڵ تێڕوانین و جیهانبینیی عیرفان و گەوهەری (دین) یەک دەگرنەوە. لە ڕووی ڕیشەی زمانەوانییەوە، وشەی (دین- دینا) لە دەقی ئاڤێستا، بە هەمان شێوەزار و ئاخاوتن، بە مانای (ویژدان) هاتووە. واتە وشەی (د.ی.ن= دین) وشەیەکی ئاڤیستایی پەتییە، کە هەم مانای ئەمڕۆی (دین) دەدا، هەم مانای (ویژدان) یا سادەتر بڵێین بەلای زەردەشتەوە (دین) بە مانای (ویژدان)ە، ویژدانی پاک، یانی ئاینپەروەریی دروستکار (بیهدین) ئەم ویژدانە پاک و جوانە، بۆ پەیدابوونی، هەم پێویستی بە پەروەردەیە، هەم دابینکردنی هەلومەرجی ماددیی کۆمەلایەتی- ئابووری- سیاسییە، کەس ئەوی تر نەچەوسێنێتەوە، لەگەڵی (درۆ) نەکا. زەردەشت زۆر دژی (درۆ و درۆزنانە) و لە دەیان جێگە نەفرەتیان لێ دەکا و، دەڵێ بە پەیڕەوانی تا لە درۆ دوور بکەونەوە.

عیرفان بە گشتی، لەوەش عیرفانی ئیسلامی، لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەو ئاواتە بەرزە یەک دەگرێتەوە، مرۆڤ، بە پەروەردەکردن دەگۆڕێ و دەبێت بە مرۆڤێکی بەرزتر، بەڵام هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دەوێ تا ئەو پەروەردەیە لە تاکە کەسەوە بۆ ڕەفتاری گشت کۆمەڵ، وەکو سیستەم، بگوێزرێتەوە. پەروەردەی ویژدانی ڕاست و پاک هەم کارێکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەیە، هەم ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و مەعنەوییە.

# ئارامگەی عەشق

١١/ نیسان

– شامی شەریفە

پەندە کوردییەکە، لە دیوی تری دونیاوە، بخوێنینەوە کە دڵی مرۆڤ ئارام بگرێ، ئەوە دونیا، بەڕاستی، دەبێتە شامی شەریف.

بۆ جارێک– هیچ نەبێ جارێک– شەوێکی ئارام و بێ غەم دەبەیتە سەر.

– شەفەقە... خۆر بەرەو لای تۆ دێ، یا –ڕاستەکەی– تۆ، بەسنگی زەوییەوە چەسپاو، بەرەو لای خۆر دەڕۆی.

ئۆقیانووسێکی تیشکی زەردی بەرەو نارنجی، وەکو جلی ڕەبەنەکانی (تیبت)، بەبێ دەنگ، دەڕژێتە سەر شارو باخەکان و دەشت و چیای (قاسیون).

دوێ شەو، لەو دیوی خەتی تەلەفۆن، لە مەسیفەوە، پێیان گوتی کە هێشتا بارانە. لیزمەی بارانی بەهار خوڕ خوڕ دەڕژێتە سەر پیرمام و دەشت و دەر.

لە هەولێر، شەتاوە

دوێنێ ئێوارە، چەندین دەستە مێوانت بەڕێ خست.

لاوێکی کوردی، دەرچووی فەلسەفە لە دیمەشق، لە جیهانبینی خۆی دەدوێ.
ئافرەتێکی نووسەری، تازەپێگەیشتوو، کە لە هیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندووە، بەڵام لە بیست و پێنج ساڵییەوە، لە ماڵەوە، لەگەڵ مناڵەکانی فێربووەو خۆی ڕاهێناوە، تا گەیشتووە بەوەی چەند کتێب دابنێ و لە چاپ بدا... هاتبوو پەیامێکی کوردی لوبنانی پێ بوو، لەگەڵ هەواڵی نووسەرێکی پیری دیمەشق ماموستا: (عبدالمعین الملوحي) کە تەمەنی (٨٥) ساڵە، و (٨٧) کتێبی

دەرهێناوە (بە دانان و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەوە)، کە چوویتە سەردانی چەند کتێبی، بەدیاری، پێ دای و، چەند بەیتی شیعری فەیلەسووفی (مەعەری)، واتە: ئەبولعەلائی مەعەریی، بۆ خوێندیەوە، تێدا ناوی قەومی (کوردی هێناوە لەمە بەدواوە، (تۆ) دەبێ بە (من)... منم دەدوێم وەکو مەولەوی روومی دەڵێ: نەمن منم، نەمنم من...)

چەند نووسەر، چاپکراوی خۆیان پێشکەش کردو. رۆژنامەنووسێک، وەکو چەند رووناکبیری دی، خەون بە سەردانی کوردستانەوە، دەبینن. گوتم:

– کوردستان ئەوەندە نزیک و.. خەونی پێوە دەبینن؟!

ئەمە زەمانە. سەردەمێک بوو، زۆر کەس لە ناوهێنانی کوردستان دەترسان، لە هەرچی «کوردستانییە» ئەوەندە دوور دەکەوتنەوە، وەکو بڵێی لە نەخۆشیی رشانەوە هەڵدێن!

ئێستا، یا پێراناگەین وەڵامی خوازیارانی سەردانی کوردستان بدەینەوە، یا بۆ ئەو دۆستانە نالوێ سەر بدەن، لەبەر هەرچی هۆیەک بێ!

چەند رۆژ پێش ئێستا مامۆستایەکی گەورەی خەڵکی تونس سەری لێ دام:

– دەمەوێ سەر لە کوردستان بدەم.

هەروەها گوتی:

– دەزانن؟! ئێمە لە تونس، لە سەتەلایتەکەتانەوە، دەتانبینین و، هەواڵەکانتان دەبیستین. بەرنامەی عەرەبیتان کورتە.

ئەم شەفەقە، تەنیاو... ئازاد، لە پەنجەرەوە، لە پێشوازیی شابانۆ (خۆر)دا، بێدەنگ و ئارام چاوەڕوانم.

ئەمشەو، لە شەوە دەگمەنەکانی ئارامی و بێ غەمگینی، بوو.

لەم لەحزەیەدا، ئازادم. کەس نایەت دڵم رابچەڵەکێنێ.

ئۆقیانووسی تیشک، بێ پەروا و، بێ بیرکردنەوەو مەبەست، وەکو هەمیشە ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ و هیچی دی. تەنیا ئێمەین، کە بە زۆرەملێ، مانای بەبەرا دەکەین.

تو بڵێی ئەو تیشکە لە هەست و بیری ئێمە بگات؟

یا ئێمەین کە نەفام و نەزانین و، لە هەست و مەبەستی بوون (وجوود) تێنەگەییوین و، هێشتا زۆرمان ماوە، لەم قوتابخانە سەرەتاییە، دەرچین؟

لە پڕدا وام بە دڵدا هات... نەخێر! تیشک و گشت بوونەوەرەکانی گەردوون، لە هەموو شتێک ئاگاو وریان... لە ئێمەی بەشەر هۆشیارترن. ئەوان پڕاو پڕن لە هۆشێکی بەرزتر، کە ئاوێتەی گەردوونە.

– لەم شەفەقەدا، زۆربەی خەڵک نووستوون.

بەشەر نووستوون (بەشی هەر نووستنە، ئیتر هۆشیاریی لە کوێ؟!).

– هەرچەندە خۆرم لێ نزیک دەبێتەوە تیشکی شەفەق، بەرەو سپی، لە ڕەنگی مردارییی سپی، وەردەگەڕێ. جیا لە بەشەر... بوونەورەکانی تر هۆشیارو بە ئاگان. ئاهەنگی شەفەق دەگێڕن.

پەڕەسێلکەکان. توندوتیژ بە یەکا دێن... لە ئۆقیانووسی ڕووناکی و تیشکا، ئازادانە دێن و دەچن.

جۆلانەیانە..

لەو دەمەدا بە باڵی تیژو، هەندێ جار، بریقە دەرەوەی بەر تیشک، مێروو و گیانلەبەری وردیلە دەگرنەوە. جریوەیانە.

سەما دەکەن؟ یا لە تیشکا مەلەوانن؟

بەشەر نووستوون. پەڕەسێلکە زوو ڕابوونە. یاسای خۆیان ناگۆڕن.

چرکەیەکی ژیان لەکیس نادەن. دەژین وەکو هەن و، وەکو ژیان هەیە.

لەو دەمەدا، گەر پەنجەرە بکەیتەوە، ژوورەکەت پڕ لە نوور دەبێ. ئەویش هەر (ئەو) نوورەیە.

ئەو لەحزە پیرۆزەیە لە دەس مەدە.

دیوی لای ئێمەی گۆی زەوی خۆی دەداتە بەرهەتاو. چیی لە ڕوویە...

گژو گیاو مێروو، گیانلەبەرەکانی گشت، لەبەر تیشک و گەرمایی خۆر،

رادەخا. فەرموون بنۆشن. بمژن...تیشک و گەرمایی و، و وزەی تازە، بمژن...

گۆی زەوی، بێباک، بێ ئاوڕدانەوە، وەک جاران، بە دەوری خۆیا دەگەڕێ و، هەزاران جار خۆی بە قوربانی خۆر دەکاو، بە ڕێگە نادیارەکەیدا، لە بۆشایی ئاسمانی، بەرەو خولێکی دی، بەدەوری خۆرا دەڕواو، دەگەڕێ.

لەم دەمەدا کە ڕوومەتی گەشی ئەو، لەلای ئێمەوە دەردەکەوێ، لەو دیو، لە لێواری ڕۆژهەڵاتی ئۆقیانووسی ئارام ئاوا دەبێ.

هەستە. چرکەیەکیش لە کیس مەدە...

دوێنێ، جارێکی دی، چوومە سەردانی گڵکۆی سەلاحەدینی ئەیووبی. جەنەراله فەرەنسییەکە، لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کە گەیشتە دیمەشق، چووە سەر مەزاری سەلاحەدین، بە ڕق و تووڕەو گیانی تۆڵەسەندنەوە (تۆڵەی پێش سەدان ساڵ کە سەلاحەدین بەزاندنی)... گوتی:

– سەلاحەدین! ئەوە هاتینەوە.

من کە چووم، بەخۆشەویستی و شانازی و سەر بڵندییەوە، گوتم:

– سەلاحەدین! ئەوە هاتمەوە.

ئەمڕۆ دیدارێکی ترم لەپێشە... جارێکی تر سەر لە گڵکۆی کوڕە (جاف)ی بلیمەت دەدەم، کە تیشکی بیرو بڕوای لە میسرو شام و کوردستان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، تا پاکستان و هیندستان و، چەندین وڵاتی تر، بڵاوبووەتەوە.

ئەو ڕێگەیەم لەپێشە... بە گەڕەکی کوردان، کە بە چیای قاسیۆنا هەڵکشاوە، بەرەو ئارامگەی عیشق دەڕۆم، عیشقێک لە شارەزوورەوە هەڵایساوە، چراکەی لەو بەرزاییە داناوە.. چەندین جارە بەرەو خۆی هەڵمدەکێشێ.

ئای کوردستان! تۆ کوانووی چەند کوورەی گەشی عەشقی؟!

خۆت ئارامگەی عیشق و میهرەبانیی.

کوانووی عیشق لە وجوودی خۆتدایە. بەڵام بە دوویا وێڵی... ئەگەر دونیا

بگەڕێ... سەرەنجام هەموو شت لەلای خۆت دەدۆزییەوە. ئەمڕۆ چی سەودایەکت لەسەردایە؟

چ مەیلێک، وا لە دەروونتا دەجۆشێ و، بەرەو ئیلهامبەخشی «خودیەت»ی عیشق، پەلەکێشت دەکات؟

وزەی کارەبا، تا ببێتە رۆشنایی، دەبێ بە سیم و گلۆپدا بڕوا.. قاڵبی دەوێ. ئینسان بۆ ئەوەی خۆی ببینێ و خۆی بدۆزێتەوە، تەماشای ئاوێنە دەکا. ئەو لەوێدایە، لەو دیوی ئاوێنە.. بەڵام لێرەشدایە.

هەر شتێک، بە پێوەندیی بە شتی ترەوە، خۆی دەناسێتەوە. (ئارامگەی ئەو...ئەو ئاوێنەیە، خۆت دەهێنێتەوە یادی خۆت. بە خۆت دەتناسێتەوە. هەر کەسێک خاوەنی ئەو بەهرەیە نییە، کە پاش یەک دوو سەد ساڵیش، وەکو رۆژی ئەوەڵ، کێش و وزەی بە هەمان تین و گەرمی مابێتەوە.

بەو دیالۆگە دەروونییەوە لەگەڵ خۆ، بەیانی بەرەو گەڕەکی کوردان لە قەدپاڵی چیای (قاسیون) لە شام، دەکەومە رێ، بۆ سەردانی ئارامگەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سڵاوی خوای لێ بێ.

جاری یەکەمم نییە کە بە پێ، یا بە سەیارە، کۆڵانە تەسک و پێچاوپێچەکانی ئەو گەڕەکە دەبڕم بەرەو هەوراز، تا بە گڵکۆی مەولانا دەگەم، کرێکاران حەوشە و دەوروبەر دەشۆنەوە، گوڵ و گیاکان ئاو دەدەن. نەمامی تازە دەچێنن.

شتێک هەیە، پێی دەڵێن: «رۆحی جێگا». هەندێ جێگا کێشی رۆحیی خۆی هەیە، جێگەی هەندێ کەسیش هەروەها. ئەمە چ نهێنییەکە کە جێگەیەک وەکو «قودس» لەسەردەمی پێش مەسیحییەتەوە تا پاش ئیسلام و، تا ئێستا، ئەو پیرۆزییەی پێوە بمێنێ؟!

ئەم سەردەمە، تەنیا سەردەمی هەوڵدانی پووچی مرۆڤ نییە، کە ناو بەناو، خۆی راپسکاندووە تا لە کێشی شتە پیرۆزەکان رزگاری ببێ، بەڵام ئەو جێگەیانەش شێوەی تازە دەکەنە بەرو، بەپێی سەردەم، پیرۆزبوونی خۆیان

دەهێڵنەوە. مەبەستم ئەوەیە، کە ئەگەر جێگەیەکی وەکو «قودس» پێش مەسحییەتیش پیرۆزبوونی خۆی دەربڕیبێت، ئەی چۆن توانیویەتی پاش هاتنی دوو ئاینی ئاسمانیی تریظش و تا ئێستا، پیرۆزیی خۆی بپارێزێ؟!

کە دەگەمە ئارامگەی مەولانا خالید.. چەندین بیرو لێکدانەوەی تر، لەو بابەتانە، لە مێشکما دەخولێنەوە.

مەولانا خالید (١١٩٣-١٢٤٢ کۆچی)، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمی زاینی، بەو پلەو پایە بەرزەی رۆحیی و زانستی گەیشتووە کە لە شارەزوورەوە تا دەیان وڵات، تیشکی عیرفان و زانینی داوەتەوە.

ئەو لە بنەماڵەیەکی (جاف) میکاییلی لە کوردستان لە دایک بووە. پاش خوێندنی فەقێیەتی لە قەرەداغ، بە مزگەوت و جێگە زانستییەکانی سەردەمی خۆی لە کوردستاندا گەڕاوە و، لەلای چەندین زانای گەورەی کورد وانەی خوێندووە لە رێگەی مووسڵ و حەڵەب و شامەوە دەچێتە حەج. پاش گەڕانەوە بۆ سلێمانی دەچێتە (جیهان ئاوای) هیندستان، بۆ سەردانی شا عەبدوڵڵای دەهلەوی، کە خوا ناسیی ئەم رایدەکێشێ و رچەی عیرفانی هەڵدەبژێرێ و، لەوێ دەمێنێ تا پلەوپایەی (قوتب) لە عیرفانی نەقشبەندیدا وەردەگرێ.

کە دەگەڕێتەوە سلێمانی و، رچەی عیرفانیی خۆی بڵاو دەکاتەوە، زوو بە زوو، پەیڕەوانێکی زۆر لە سەرانسەری کوردستان رووی لێ دەکەن، لەبەر هەندێ گرفت کوردستان بەجێ دێڵێ، دەچێتە بەغداو، پاش ماوەیەک، لەسەر داوای زانایانی شام دەچێتە ئەوێ، تا چەند کیلۆمەتر لە دەرەوەی شام (دیمەشق) زانایان و خەڵکانێکی زیادی ئەوێ، بە ئاهەنگی ئاینی، پێشوازیی لێ دەکەن، تا کۆچی دوایی، درووودی خوای لێ بێ، هەر لە شام دەمێنێتەوە. ئەوەتا گڵکۆکەی لەو بەرزاییەی گەڕەکی کوردان بە قەد پاڵی چیای قاسیونەوە ئارامی گرتووە.

مەولانا خالید، زیاتر لە بیست کتێب بە زمانی عەرەبی لەسەر ژیان و فەرموودەکانی دانراوە، و هەژدە کتێبی سەبارەت بە رچە و فیقهی ئیسلامی

بە زمانی عەرەبی و فارسی نووسیوە. جگە لەوەش هۆنراوەی بە زمانی کوردی (زاری هەورامی) و عــەرەبی و فــارسی داناوە. هەندێ لەو هۆنراوانە بە ناوی (دیوانی مەولانا) لە چاپ دراون.

هۆنراوە کوردییەکانی جوان و پاراو و رەوانن، لە شیعرێکی بەناوبانگیدا (بە هەورامی) دەڵێ:

یا فەرد ئەعزەم (اعظم)، یا فەرد ئەعزەم
یا حــەی یا قــەییــوم، یا فــەرد ئەعــزەم
یا شنەوەندەی نالّەی صـــــوبحـــــدەم
نیـــای بەندیان بەندیخـــانەی غـــەم

واتە: ئەی خـوای تاک و تەنیا و مـەزن، تۆ ناڵەی دەم بەیانییان دەبیستی، ئاگاداری خەم و پەژارەی خەڵکی...

هۆنراوەکە لەسەری دەڕوا و، سوێند بە پەیامبەران و پیاوچاکان دەخوا، و بە ناویانەوە دەپاڕێتەوە تا دەڵێ:

بە هەفت ئەبدالان خاصەی کوردستان
بە چوار دەروێش مـلّک هیندوســتـان

واتە: بە حـــەوت ئەودالّی تایبـــەتی کـــوردســـتـــان و بە چوار دەروێشی هیندوستان...

تا دەڵێ:

یا رەب جــە دەرگـــات ئێــدمــەن رجـــا
ببـــەخـــشی گـــونای بەندەی رووســـیـــا
من کــە ســەر حــەلقــەی شــەرمــەسارانم
ســـەر طەوق جــەرگـــەی گـــوناکـــارانم

واتە: خـــوایە، تکام لە دەرگـــات ئەوەیە، گـــوناهی ئەم بەندە رووڕەشـــە ببەخشی، من کە سەر ئەڵقەی شەرمەزارانم و گەورەی گوناکارانم،... (تا دەڵێ): نیازم ئەوەیە بێبەشم نەکەی.

ئەو بڕوای وابووە کە خـواوەند بـەندەی خـۆی خـۆشـدەوێ و، ئەوانەی کـە ژیانیـان لە ڕێگەی چاکە و میـهرەبانی و خـواناسیـدا بەخت دەکەن، لە بەزەیی خوا بێبەش نابن.

بەهەر پێوارێکی مێژوویی و زانستی بۆی بچین، مەولانا خـالید، بلیمـەتێکی مـەزنی کوردسـتـانە، ڕۆشنبـینێکی بەرزە، ئێسـتـاش تیشـک دەداتەوە، لە پاڵی چەنـدین پیـاوچاکی مـەزنـی تری (تەریقـەتـی نەقـشـبـەندی و قـادری و هەر ڕچەیەکی تر عـیـرفـانی)، کـوردسـتـانیـان بـە ڕووناکی و ئاوەدانیی ڕۆحی و ویژدانی پاراستووە.